زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# تیۆری چێوەڕێژەکان لە زمانی کوردیدا لە ژێر ڕۆشنایی بۆچوونەکانی"کینیس پایك"دا

تێزێکە
پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلیژی زمان لە زانکۆی سەڵاحەددین- هەولێر کراوە،
وەکو بەشێک لەپێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە زمانی کوردیدا

لەلایەن
**بێری یاسین حسین**
بەکالۆریۆس لە زمانی کوردی- زانکۆی سەڵاحەددین-هەولێر- 2007
ماستەر لە زمانی کوردی- زانکۆی سەڵاحەددین-هەولێر- 2012

بە سەرپەرشتی
**پ.د.صباح رشید قادر**
**پ.د.عاطف عبدالله فەرهادی**

هەولێر- کوردستان

ئاب 2024

**زمان دەمانچەمێنێتەوە، دەمانڕفێنێ، دەبێتە پاڵنەر و لە هەندێ باردا ڕێگریمان لێدەکات، لەخۆیمان بار دەکات و وابەستەی چێوەڕێژێکی دروستکراومان دەکات**

**"Kenneth L. Pike"**

**بەڵێننامە**

من بەڵێن دەدەم  ئەم تێزی دکتۆرایە کە ناونیشـــــانەکەی بریتییە لە (تیۆری چێوەڕێژەکان لە زمانی کوردیدا لە ژێر ڕۆشنایی بۆچوونەکانی "کینیس پایك"دا). هەموو کاری ڕەسەنی تاکە کەسی خۆمە، جگە لەو جێگایانەی بە ئاشـــکرا ئاماژەم پێکردووە، هەموو نووســـینەکان و ئەنجامەکان توێژینەوەی سـەربەخۆی خۆمە پێشتر لە هیچ شـوێنێک بڵاوم نەکردۆتەوە و پێشـکەشـی هیچ شـوێنێکم نەکردووە بۆئەوەی بڕوانامەیەکی پێ وەربگرم، بەڵێن دەدەم لە هەر جێگایەک شـــــتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بە سەرچاوەکە کردووە.

واژوو :

ناوی قوتابی : **بێری یاسین حسین**

ڕێککەوت :   /   /2024

**پشتگیریی و ڕەزامەندیی سەرپەرشتیار**

ئەم تێزە لەژێر سەرپەرشتی ئێمە ئامادەکراوە و نووسراوە و نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی دکتۆرا لەپسپۆڕی زمان، ئێمە پشتگیری دەکەین و ڕازین، کە بەم شێوەیەی ئێستا پێشکەش بە لێژنەی گفتوگۆ بکرێت.

| | |
|---|---|
| واژوو: | واژوو: |
| ناو: **پ.د. صباح ڕشید قادر** | **ناو: پ.د.عاطف عبدالله فەرهادی** |
| ڕێکەوت: / / 2024 | ڕێککەوت: / /2024 |

پشتگیریی دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێکراوە و هەروەها ئاماژە بە پشتگیریی و ڕەزامەندیی سەرپەرشتیار، من ئەم تێزە دەنێرم بۆ گفتوگۆ.

واژوو:

ناو: **د. سۆران مامند عبدالله**

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

ڕێکەوت: / / 2024

پشتگیریی دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێکراوە، بۆیە ڕازیم ئەم تێزی دکتۆرایە بنێردرێت بۆ گفتوگۆ.

واژوو:

ناو: **پ.ی.د. جیهاد شکری رشید**

بەرپرسی خوێندنی باڵا لە کۆلێژی زمان

ڕێکەوت: / / 2024

**بڕیاری لێژنەی گفتوگۆ**

ئێمە وەک لێژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن ئەو تێزی دکتۆرایەمان بەناونیشانی **(تیۆری چێوەڕێژەکان لە زمانی کوردیدا لە ژێر ڕۆشنایی بۆچوونەکانی "کینیس پایك")** خوێندەوە، کە لەلایەن قوتابی **(بێری یاسین حسین)** و بەسەرپەرشتی **(پ.د.صباح رشید قادر و پ.د.عاطف عبدالله فەرهادی)** ئامادەکراوە، لەگەڵ قوتابییەکە گفتوگۆ و هەڵسەنگاندنمان بۆ ناوەڕۆک و لایەنە جیاجیاکانی توێژینەوەکە کرد و بڕیارماندا شایانی ئەوەیە بە پلەی (           ) بڕوانامەی دکتۆرای لە پسپۆری (زمان) پێبدرێت.

| | |
|---|---|
| واژوو: | واژوو: |

ناو:
ئەندام
ڕێککەوت : / /2024

واژوو:
ناو:
ئەندام
ڕێککەوت : / /2024

واژوو:
ناو:
ئەندام و سەرپەرشتیار
ڕێککەوت: / /2024

واژوو:
ناو:
ئەندام و سەرپەرشتیار
ڕێککەوت: / /2024

ناو :
ئەندام
ڕێککەوت: / /2024

واژوو:
ناو :
ئەندام
ڕێککەوت: / /2024

واژوو:
ناو: **پ.د.**
سەرۆکی لێژنە
ڕێککەوت: / /2024

واژوو:
ناو : **پ.ی.د. سامان حسین عمر**
ڕاگری کۆلیژی زمان
ڕێککەوت: / /2024

## پێشکەشە

پێشکەشە بە:

- هاوسەر و منداڵەکانم (دەوەن) و (دارین).

**سوپاس و پێزانین:**

- سوپاسی بەردەوامم بۆ خودای باڵادەست و میهرەبان، کە توانای نووسینی ئەو تێزەی پێ بەخشیم.

- سوپاسی بێپایانم بۆ هەردوو سەرپەرشتیاری تێزەکەم، بەڕێزان: (پ.د.صباح رشید قادر) و (پ.د.عاطف عبدالله فەرهادی)، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەو تێزەیان گرتە ئەستۆ، و بە تێبینییە زانستیی و پربایەخەکانیان تێزەکەیان دەوڵەمەندتر کرد.

-سوپاس بۆ ڕاگرایەتی کۆلیژی زمانی زانکۆی سەڵاحەدیین و سەرۆکایەتی بەشی زمانی کوردی، کە دەرفەتی خوێندنی دکتۆرایان بۆ ڕەخساندین.

**پوختە:**

ئەو تێزە بە ناونیشانی ("تیۆری چێوەڕێژەکان" لە زمانی کوردیدا" لەژێر ڕۆشنایی بۆچوونەکانی "کینیس پایك"دا)یە، بنچینەی ئەو تیۆرە بۆ بۆچوونەکانی زمانەوانی ئەمەریکی"Kenneth Pike" دەگەڕێتەوە، کە لە چوارچێوەی تیۆرێکدا دایڕشتبوو، سیما هەڵکەوتووەکانی ئەو تیۆرە لەوە دایە، کەوا لە پاڵ شیکردنەوە، و لێکدانەوە بۆ یەکە ڕێزمانییەکان شیکردنەوە و لێکدانەوە بۆ پێکهاتەی دەقیش دەکات.

ئەو تیۆرە لە ڕەوتی لێکدانەوەکانیدا یەکەیەکی چێوەیی دەستەبەر دەکات بە ناوی "Tagmeme"ئەو یەکە کرۆکییە گەلێ زاراوەی جیا لەگەڵ خۆی دینێتە ئاراوە، و یەکێکە لەو گرفتانەی زمانەوانی کوردی دەبێ هەڵوەستەی لەسەر بکات. یەکەی "چێوە" لە ناو زنجیرەیەکدا دێت لە یەکێك لە ئاستە دیاریکراوەکانی ڕێزماندا.

"پایك" لە تیۆرەکەیدا چوار یەکەی چێوەیی دەکات بە بنەما، کە بریتیین لە: (چاڵ-Slot، پۆل-Class، ڕۆڵ-Role و دەقبەستی-Cohession)، دەکرێ چالاکییە زمانییەکانی هەموو زمانەکانی جیهان بەپێی ئەو یەکانە لێکبدرێتەوە، ئەو لایەنەش زیاتر زیندووکردنەوەی بۆچوونی ڕێزمانی سەراپایە، دوو ڕاستەهێڵی یەکتربڕی ئاسۆیی و ستوونی ئەو یەکە چێوەییانە بەسەر دوو لادا دابەشدەکات، و بەسەر سێ فەزای جیاوازدا چێوەڕێژیان دەکات، ئەوەش بەپێی کرۆکی و پەراوێزی کەرەستەکە لە ڕستە و دەقدا، یان دەرکەوتنی پێویست و ئارەزوومەندی، یان جێگیری و جوڵاوی ئەو کەرەستەیە لەو چاڵە ئەرکییەدا. لەو تێزەدا بەپێی لێکدانەوەیەکی وەسفی شیکاری هەوڵدراوە، میکانیزمی کارکردنی تیۆرەکە بخرێتە ڕوو، و بەسەر ڕستە و دەق لە زمانی کوردیدا جێبەجێ بکرێت.

لەو تێزەدا سەرەتا باس لە یەکەی چێوە و ڕۆڵی بنەما تایبەتەکانی چێوە، لە شیکردنەوە ڕێزمانییە جیاوازەکانی زماندا کراوە، دواتر باس لە جۆرەکانی چێوە و یاساکانی دەرکەوتنی یەکە پێکهێنەکانی چێوەیەکی دیاریکراو لە ڕۆنانە زمانییە جیاوازەکان لە سنووری ڕستەسازی زمانی کوردی بە نمونەوە خراوەتەڕوو، ڕۆڵی ئەو یەکانە لە چوارچێوەی پێڕەوێکی تایبەتی شیکردنەوەی ڕێزمانی زماندا لێکدانەوەی بۆ کراوە، و ئەوە خراوەتەڕوو، کە پەیوەندیی و پەیوەستبوونی ئەو چوار ڕەگەزە بوار بە زمانەوانان دەدات وەسفی ڕۆنانی ڕێزمانی زمان بکەن بە ڕێگەیەکی پێڕەودار، لە ڕێگەی دیاریکردنی تایبەتمەندییەکان و ڕۆڵیان لەپێگە جیاوازەکاندا، و کۆکردنەوەیان لە سنووری چێوەیەکدا، و چۆنییەتی یەکگرتنیان لە دەقێکی دیاریکراودا، کە لە ڕێگەیەوە زمانەوانان دەتوانن بۆچوونی قوڵتر دەربارەی بنەما سەرەکییەکانی پەیوەندییکردنی زمانی لە زمانێکی دیاریکراودا بەدەست بێنن، هەر لە هەمان چوارچێوەدا باس لە یەکەکانی سەرووی ڕستە لە هەرەمی ڕێزمانی

زماندا كراوە، بنەماكانی ئەم تیۆرە بەسەر چەند نمونەیەك لە جۆری (گفتوگۆ، دیالۆگ، مۆنۆلۆگ و دەقی گێڕانەوە) لە زمانی كوردیدا جێبەجێكراوە، و جۆرەكانی چێوەی تێدا دیاریكراوە، لە كۆتایی تێزەكەدا چەند ئەنجامێك بەدەستهاتوون، كە گرنگی "تیۆری چێوەڕێژەكان" لە شیكردنەوەی یەكە زمانییەكان بە گشتی، و زمانی كوردی بەتایبەتی پشتڕاست دەكاتەوە.

## فەرهەنگی زاراوەکان(کوردی-ئینگلیزی):

| ئینگلیزی | کوردی |
|---|---|
| Loop-back | بازنەی گەڕانەوە |
| Partial clause | بەشە پاڕستە |
| Interjections | بەیەکداچوون/ داکردن |
| Field | بوار/ کێڵگە |
| Relative clause | پاڕستەی وابەستەیی |
| Skips | پەڕینەوە |
| Causal relationship | پەیوەندیی هۆکاری |
| Framework Relations | پەیوەندییە چێوەییەکان |
| Telling Order | پێڕەوی گێڕانەوە |
| Construction | پێکهاتە |
| Coordinate Constructions | پێکهاتە بەیەکەوەبەستراوەکان |
| Constituent | پێکهێن |
| Ultimate constituent | پێکهێنی کۆتایی |
| Mediate constituent | پێکهێنی ناوەند |
| Grammatical Slot | پێگەی سینتاکسی |
| Composite Elements | توخمە پێکهێنەرەکان |
| Observer | چاودێر/ تێبینیکار |
| Observation | چاودێریکردن |
| Layering/Embedding | چینکردن/جێگیرکردن/ چینداری |
| Connector Tagmeme | چێوەی بەستنەوە |
| Referential Framework | چێوەی سەرچاوەیی/ئاماژەیی |
| Respective Frames | چێوەی وەرگر |
| Tagmemic Formulation | داڕشتنی چێوەیی |
| Decontextualization | داماڵینی سیاق |
| Grammatical prominence | دەرکەوتەی ڕێزمانی |
| Referential prominence | دەرکەوتەی سەرچاوەیی |
| Encyclopedia Entry | دەروازەی ئینسایکلۆپیدی |

| | |
|---|---|
| Binary cuts | دوانەی لقدار |
| Basic Sentence | ڕستەی بنج |
| Sequential Sentences | ڕستەی پاشکۆ |
| Marginal Sentences | ڕستەی پەراوێزی |
| Derived Sentence | ڕستەی داڕێژراو |
| Addition Sentences | ڕستەی زیادە |
| Exclamatory Sentences | ڕستەی سەرسوڕمان |
| Kernel Sentence | ڕستەی کرۆکی |
| Elliptical Sentences | ڕستەی کورتکراوە |
| Response Sentences | ڕستەی وەڵام |
| linear structure | ڕۆنانی هێلی |
| The Happening Order | زنجیرەی ڕووداو |
| Tagmemic system | سیستەمی چێوەڕێژکردن |
| Subordination | شوێنکەوتوویی |
| Relater-axis phrase/ Prepositional phrase | فرێزی بەند |
| Coordinate phrase | فرێزی بەیەکەوە بەستراو |
| Nonfinite verb | کرداری دیارینەکراو |
| Identifiable nucleon | کرۆکی ناسراو |
| Equational clause | کلۆزی حاڵەت/ پاڕستەی هاوسەنگی |
| Referential Restrictions | کۆتبەندی واتایی |
| Exchange | ئاڵوگۆڕ |
| Loopbacks | گەڕاندنەوە |
| Tagmemic Transformation | گواستنەوەی چێوەیی |
| Dictionary Entry | گوزەری فەرهەنگی/دەروازەی فەرهەنگی |
| Cross-Reference | نیشانەی پەڕینەوە/ کۆ |
| Equivalence | هاوتابوون |
| Correlative Role | هاوڕۆڵی/ هاوبەستەیی |
| Hierarchy | هەڕەم |

| | |
|---|---|
| Grammatical hierarchy | هەرەمی ڕێزمانی |
| Referential hierarchy | هەرەمی سەرچاوەیی |
| Phonological hierarchy | هەرەمی فۆنۆلۆجی |
| Semantic Hierarchy | هەرەمی واتایی |
| Lexical hierarchy | هەرەمی وشەیی/فەرهەنگی |
| Dynamic Vectors of Experience | هێزی ناوەکی ئاراستەکەر |
| Head Depended | وابەستەی سەرە |
| Tentative Pause | وەستانی کاتی |
| Level-skipping | ئاست تێپەڕاندن |
| Comprise | یەك ئاستی ئیمیکی |
| Referential Unit | یەکەی ئاماژەیی/ سەرچاوەیی |
| Referential Unit Emic | یەکەی ئیمیکیی سەرچاوەیی |

| زاراوە و کورتکراوەکانیان | | |
| --- | --- | --- |
| Abbreviation کورتکراوە/ | Term | زاراوە |
| A | Actor | کارا-کارکەر |
| AA | Associated Actor | کارای هاوبەش |
| Act | Action | کردە-چالاکی |
| Actv | Active | چالاك(بکەر دیار) |
| Ad | Adjunct | سەربار |
| Adj | Adjective | ئاوەڵناو |
| Adv | Adverb | ئاوەڵکردار |
| ag w | agrees with | رێککەوتنی هەیە |
| An | Animate | زیندوو |
| Ans | Answer | وەلام |
| Art | Article | ئامراز |
| Aux | Auxiliary | کرداری یاریدەدەر |
| Ax | Axis | ئامراز |
| BI | Bi-intransitive | دوانەی تێنەپەڕی |
| BR | Bireceptive | وەرگری دوولایەنی |
| BT | Bitransitive | تێپەڕی دوو بەرکاری |
| Beq | Bi-equative | دوانەی یەکسان |
| Circum | Circumstance | بارودۆخ |
| Cl | Clause | کلۆز |
| Clstr | Cluster | کۆتایی ئاڵوگۆڕ |
| Cmnt | Comment | کۆمینت/ سەرنج |
| Cn | Condition | مەرج |
| Cndl | Conditional | مەرجی/ مەرجدار |
| Co | Complement | تەواوکەر |
| Com | Command | فەرمان |
| Comp | Compound | لێکدراو |
| Compar | Comparative | بەراوردکاری |
| Conj | Conjunction | ئامرازی لێکدەر |
| Conver | Conversation | گفتوگۆ |
| Coor | Coordination | بەستنەوە |
| COS | Character of Subject | سروشتی بکەر |
| CR | Current Relevance | گونجانی ڕوون |
| Cs | Cause | هۆ |
| Ctncy | Contingency | ڕێکەوت |
| Cx/Cplx | Complex | ئاڵۆز |
| Decl | Declarative | هەواڵی |
| Dem | Demonstrative | ئاوەڵناوی نیشانە |
| Dep | Dependent | بەندی/ وابەستە |

| | | |
|---|---|---|
| Der | Derived | دارێژراو |
| Det | Determiner | دیارخەر / دیاریکەر |
| Devel | Development | پێشکەوتن |
| Dial | Dialog | دیالۆگ/ گفتوگۆ |
| E | Eventive | ڕووداوی |
| Ef | Effect | کاریگەری |
| Emph | Emphasis | جەختکردنەوە |
| Eq | Equative | یەکسان |
| Ex | Exchange | گفتوگۆ |
| Fam | Familiar | ئاشنا/ باو |
| Frag | Fragment | پارچەبوون |
| fut | Future | ئاینده |
| Gen | Gender | ڕەگەز |
| Gnrl | General | گشتی |
| Gvd | Governed | حوکومکراو |
| Gvs | Governs | حوکمکردن |
| HC | Hyperclass | چینی بەرز |
| Hypo | Hypothesis | گریمانە |
| I | Intransitive | تێنەپەڕ |
| Imp | Imperative | ئیلزامی/ فەرماندان |
| lnan | Inanimate | بێگیان |
| Ind | Independent | سەربەخۆ |
| lnfx | Infix | ناوگر |
| Ini | Initiating | دەستپێك |
| Inil | Initial | سەرەتایی |
| Ins | Instruction | ڕێنمایی |
| Inst | Instrument | ئامراز/ئامێر |
| Intr | Interrogative | پرسیاری |
| Interac | Interaction | کارلێك |
| IO | Indirect Object | بەرکاری ناراستەوخۆ |
| It | Item | یەکەی فەرهەنگی |
| Loc | Location | شوێن |
| Man | Manner | چۆنییەتی |
| Mar | Margin | پەراوێز |
| Masc | Masculine | ڕەگەزی نێر |
| Mdl | Modal | مەرجی |
| Mix | Mixed | تێکەڵ |
| Mkr | Marker | نیشانە |
| Mod | Mode | بار |
| Modif | Modification | هەموارکردن |
| Mono | Monolog | مۆنۆلۆگ |
| MnV | Main Verb | کرداری سەرەکی |

| | | |
|---|---|---|
| N | Noun | ناو |
| Neg | Negative | نەرێ |
| Neut | Neuter | نێوەندگیر |
| Nlzr | Nominalizer | بەبکەرکردن/بەناوکردن |
| Nmrl | Numeral | ژمارە |
| Nonrest | Nonrestriction | ناکۆتبەندی |
| Nuc | Nucleus | کرۆکی-ناوکی |
| Num | Number | ژمارە |
| 0 | Object | بەرکار |
| Out | Outcome | دەرکردە |
| ¶ | Paragraph | پەرەگراف/پارچەدەق |
| p | Predicate | گوزارە |
| P | Phrase | گرێ |
| Pass | Passive | بکەر دیار |
| Per | Person | کەس |
| Perfr | Performer | چالاکوان |
| Persl | Personal | کەسی |
| Pl | Plural | کۆ |
| Pr | Present | رانە بردوو |
| Pre | Prefix | پێشگر |
| Pred | Predication | گوزارەیی |
| Predent | Predicant | گوزارە |
| Prep | Preposition | ئامرازی پەیوەندیی/ پێشناو |
| Pro | Pronoun | جێناو |
| Prob | Problem | کێشە |
| Prop | Proposition | ڕستەی هەواڵ/گوزارە |
| Prpr | Proper | تایبەت |
| Psd | Possessed | خاوەندارێتی |
| Psn | Possession | خاوەنداری |
| Psr | Possessor | خاوەندار |
| Pst | Past | رابردوو |
| Ptc | Participle | بەشداربوو |
| Pur | Purpose | مەبەست |
| Q | Question | پرسیار |
| Oual | Ouality | چۆنییەتی |
| Quan | Quantity | چەندێتی |
| Quot | Quotation | وەرگرتن |
| R | Receptive | وەرگر |
| R | Repeatable | دووبارەبووەوە |
| RR | Relater-Related | پەیوەستدار |
| Rea | Reason | هۆکار |
| Rem | Remark | نیشانەکردن |

| | | |
|---|---|---|
| Repor | Reported | ئاماژەپێدان |
| Res | Resolved | چارەسەرکردنەوە |
| Resp | Response | وەڵامدانەوە/کاردانەوە |
| Rest | Restriction | کۆتبەندکردن |
| Rhet | Rhetorical | رەوانبێژی |
| Rltr | Relater | بەستێنەر |
| Rt | Root | رەگ |
| S | Subject | بکەر |
| Sc | Scope | مەودا/ چێوە/ سنوور |
| Sent | Sentence | ڕستە |
| Seq | Sequent | زنجیرەیی |
| Set | Setting | دامەزراندن/ئامادەکردن |
| Sg | Singular | تاك |
| Sp | Speech | ئاخاوتن-گوتن |
| Spcfr | Specifier | دیاریکار |
| Speci | Specification | دیاریکردن |
| SR | Semi receptive | نیمچە وەرگر |
| Sri | Serial | زنجیرەیی |
| ST | Semi transitive | نیمچە تێپەڕ |
| Sta | Statement | بار |
| Stm | Stem | قەد |
| Subjc | Subjunctive | مەرجی |
| Suf | Suffix | پاشگر |
| T | Transitive | تێپەڕ |
| Tm | Time | کات |
| Ts | Tense | تێنس |
| U | Undergoer | وەرگر-بەرکار |
| V | Verb | کردار |
| W | Word | وشە |
| Ls | First person singular | کەسی یەکەمی تاك |
| 2pl | Second person plural | کەسی دووەمی کۆ |

| Symbols/هێماکان | |
|---|---|
| + | obligatory occurrence |
| ± | optional occurrence |
| +I- | optional occurrence |
| - | used following a prefix, preceding a suffix, and both preceding and following an infix; if in the cohesion cell of a tagmeme, it indicates no specific cohesion features |
| << >> | class symbol enclosing the member of a one-member class |
| ¶ | Paragraph |
| cohesion symbol> | in cohesion cell showing that a specific class or class member governs the occurrence of a tagmeme on the same or different level , or the occurrence of some manifesting member of a tagmeme on some level agreeing class |
| > cohesion symbol | in the cohesion cell of the governed element |
| 1 | (rise)Intonatio |
| 2 | (higher rise)Intonation |
| 3 | (fall or neutral)Intonation |
| / | alternative, e.g., x/y |
| ↗ | rising intonation |
| ↘ | falling intonation |


| پێرستی وێنەکان: | | |
|---|---|---|
| ژمارە | وێنە | لاپەڕە |
| (1-1) | یەکەی" ئیمیك" و یەکەی" ئیتیك" | 19 |
| (2-1) | کاریگەری پێرەوی گێرانەوە لەسەر واتای سەرچاوەیی لە دەقدا | 35 |

| | | |
|---|---|---|
| (1-2) | بەشداربوونی (بەشی، گوێزانەوەیی و بەرانبەری) لە پێکهاتەی هەرەمیدا . | 129 |
| (2-3أ) | دەرکەوتنی یەکە زمانییەکان لە زنجیرەی هەرەمی زمانیدا | 152 |
| (2-3ج) | بەشداربوونی یەکە زمانییەکان بە هەرسێ تایبەتمەندیی(دەرکەوتن، دابەشبوون و جیاوازی دەرکەوتن)ەوە، لە دەوروبەری(فۆنۆلۆجی، ڕێزمانی و سەرچاوەیی)دا، لە هەرەمی زمانی لەژێر کاریگەری پرۆسەی( بەشداربوونی بەشیی/سیگمێنتال، بەرانبەری و گوێزانەوەیی)دا. | 154 |
| (3-3) | هاوبەشیکردنی زانیاری لە ژێر ڕۆشنایی بیرۆکەی ئامرازدا | 161 |
| (4-3) | کاریگەری هاوبەشیکردنی زانیاری لە ژێر ڕۆشنایی بیرۆکەی شەپۆلدا | 164 |
| (5-3) | پاشخانی(فیزیکی، ئاوەزی، کۆمەڵایەتی و زمانی)، کە لە ڕێگەیەوە زمان فێر دەبین، گۆڕانکاری لە واتای ناوکییدا دەسەپێنێت، کە بریتییە لە گۆڕینی واتای ناوکی بۆ واتایەکی پەراوێزی کەسی. | 165 |
| ( 6-3) | نەبوونی تاکە تایبەتمەندییەك یان جیانەکردنەوەی ئەو تایبەتمەندییە کاتێك لە دوو لقدا هاوبەش دەبێت. | 167 |
| (7-3) | هەر کاتێك چاودێریکەر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەو دەوروبەرە ئامادە نەبێت ئەوا دەبێتەهۆی تێگەیشتنی کوێرانە بۆ هەر ئامرازێك لەدەوروبەردا. | 168 |
| (8-3) | بریتییە لە سەرەتای گێڕانەوەی چیرۆکەکە، کە ڕووداوە لاوەکییەکان بۆ هەر بەشداربوویەك بە تایبەت مامەڵەیان لەگەڵ کراوە. | 178 |
| (9-3) | لە بەشی کۆتایی چیرۆکەکە دەست بە گێڕانەوەی چیرۆکەکە کراوە، لە ستوونی(4)ەوە بۆ هەمووو ڕووداوەکان دەستپێکراوە، دواتر لە خانەکانی A بۆ B بۆC، چووە. | 178 |
| (10-3) | هەوڵدراوە بە بەکارهێنانی نمونەی ڕێزمانی هاوکاتی لە ڕووداوەکان پیشانبدرێت، کە دەکرێ لە ڕێگەیەوە پێکهاتەی ڕووداوە لاوەکییەکان بە شێوەیەکی گونجاو کۆبکرێنەوە. | 180 |
| (11-3) | ڕیزبەندی و دووبارەبوونەوەی بەشەکی بۆ ڕەگەزێك/بەشداربوویەك، وەك پێشەکییەك بۆ ڕەگەزی دواتر. | 181 |
| (12-3) | پەرەسەندنی حاڵەت لە ڕێگەی زیادکردنی یەك لە دواییەکی ڕووداوەکان. | 182 |
| (13-3) | تیشك خستنە سەر ڕووداوی بەیەکتربینینی سێ هاوبەش بە ڕێککەوت لە(ستوونی 4)دا. | 183 |
| (14-3) | چۆنییەتی بەکارهێنانی هەریەك لە خانەکانی "ماتریکس"ەکە لە ریزبەندی چیرۆکێکدا | 184 |
| (15-3) | چاودێریکەرێکی دیاریکراو/گێرەرەوە(0)، چیرۆکێك دەگێڕێتەوە لە دیدگایەکی دیاریکراو و هەڵوێستێکی دیاریکراودا | 187 |

| | پێرستی هێلکارییەکان | |
|---|---|---|
| ژمارە | هێلکاری | لاپەڕە |
| (1-1) | چوار بنەماکەی چێوە | 17 |
| (2-1) | هەرەمی ڕێزمانی یەکە زمانییەکان لە ڕوانگەی "تیۆری چێوەڕێژەکان"ەوە | 23 |

| | | |
|---|---|---|
| (3-1) | چوار بنەماکەی چێوەی سەرچاوەیی | 30 |
| (4-1) | چوار بنەماکەی چێوەی واتایی لە ڕوانگەی "تیۆری چێوەڕێژەکان"ەوە | 32 |
| (5-1) | ڕونکردنەوەی پەیوەندیی بنەماکانی چێوەیەکی دیاریکراو | 57 |
| (6-1) | چوار بنەماکەی چێوەی فۆنۆلۆجی | 69 |
| (7-1) | ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی چێوەی سەرچاوەیی لە دەقدا | 69 |
| (8-1) | چوار بنەماکەی چێوەی سەرچاوەیی لە دەقیکی دیاریکراودا | 72 |
| (9-1) | هێلکاری درەختی چێوەی ڕێزمانی | 74 |
| (10-1) | چوار بنەماکەی چێوەی ڕێزمانی ڕستەیەکی دیاریکراو | 75 |
| (1-2) | هێلکاری درەختی ڕستەیەکی لێکدراوی ئاڵۆز بۆ نواندنی پەیوەندیی نێوان ئاستەکانی هەرەمی ڕێزمانی لەچوارچێوەی تیۆری چێوەڕێژەکاندا | 104 |
| (2-2) | شیکاری ڕستەیی لە ڕوانگەی دابەشکردنی دوانەی لقدار | 108 |
| (3-2) | شیکردنەوەی ڕستە بە هێلکاری درەختی لە ڕوانگەی "تیۆری چێوەڕێژکردن"ەوە | 109 |
| (4-2) | شیکاری ڕێزمانی کلۆز لە حاڵەتی بەشداربوونی بەشی | 139 |
| (5-2) | شیکاری ڕێزمانی  کلۆز لە حاڵەتی گوێزانەوەدا | 140 |
| (1-3) | رونکردنەوەی هەر چوار بنەماکەی چێوە لە دەوروبەردا | 147 |
| 2-3) | بریتییە لە هێلکاری شیکردنەوەی ڕۆنانی هەرەمی واتایی و ڕێزمانی یەك گفتوگۆ | 197 |
| (3-3) | شیکاری کلۆزێکی سادە بە ڕێگەی هێلکاری درەختی لە چوارچێوەی تیۆری چێوەڕێژەکاندا. | 200 |
| (4-3) | شیکاری کلۆزێکی پرسیاری بە ڕێگەی هێلکاری درەختی لە چوارچێوەی تیۆری چێوەڕێژەکاندا. | 201 |
| (5-3) | شیکاری کلۆزێکی ئاڵۆز بە ڕێگەی هێلکاری درەختی لە چوارچێوەی تیۆری چێوەڕێژەکاندا. | 202 |
| (6-3) | بریتییە لە هێلکاری شیکردنەوەی ڕۆنانی هەرەمی واتایی و ڕێزمانی دەقێکی گێڕانەوە. | 203 |

| | پێرستی خشتەکان | |
|---|---|---|
| ژمارە | خشتە | لاپەڕە |
| 1-(1) | یەکەکانی هەڕەمی ڕێزمانی | 28 |
| 2-(1) | یەکەکانی زمان لە ڕوانگەی (ڕۆنانی سێ مۆدەڵی) | 41 |
| 3-(1) | نواندنی خشتەیی ڕستەیەکی دیاریکراو لە چوارچێوەی "تیۆری چێوەڕێژەکان"ەوە. | 75 |
| 1-(2) | بریتییە لەوەسفکردنی زمان لە چوارچێوەی ئاستی ڕستەسازییەوە. | 79 |
| 2-(2) | وەسفکردنی هەریەك لە شێوە و ئەرکی ڕێزمانی بەیەکەوە بۆهەر یەکەیەك لە پێکهاتە زمانییەکان | 134 |
| 3-(1) | پێڕەوی نۆ خانەیی لە شیکردنەوەی هەڕەمیدا | 154 |
| 2-(3) | خشتەی ماتریکس بۆ نیشاندانی بونیادی سێ ڕووداو لە لایەن سێ کەسی جیاوازەوە | 176 |
| 3-(3) | وەسفکردنی هەریەك لە شێوە و ئەرکی ڕێزمانی بەیەکەوە بۆهەر یەکەیەك لە پێکهاتە زمانییەکان. | 144 |

پێرستی ناوەڕۆك:


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| بەڵێننامە | II |
| پشتگیریی و ڕەزامەندیی سەرپەرشتیار | III |
| بڕیاری لێژنەی گفتوگۆ | IV |
| پێشکەشە | V |
| سوپاس و پێزانین | VI |
| پوختە | VII |
| فەرهەنگی زاراوەکان(کوردی-ئینگلیزی) | IX |
| پێشەکی | 1 |
| بەشی یەکەم: | (75-8) |
| 1-1.سەرەتا | 8 |
| 1-2.زمان لە ڕوانگەی پەیڕەوکەرانی "تیۆری چێوەڕێژەکان"ەوە | 12 |
| 1-3.چالاکی زمانی بیرۆکەی وروژاندن و وەڵامدانەوە | 14 |
| 1-4.چەمکی یەکەی ئیمیك و یەکەی ئیتیك | 15 |
| 1-5.پەیوەندیی نێوان ئاستەکانی زمان(دەنگ و واتا و ڕێزمان) لە ڕوانگەی ئاستە ڕێزمانییەکەی "سیستەمی چێوەڕێژکردن"ەوە | 20 |
| 1-5-1.هەرەمی فۆنۆلۆجی | 23 |
| 1-5-2.هەرەمی ڕێزمانی | 25 |
| 1-5-3.هەرەمی سەرچاوەیی | 29 |
| 1-6.ڕۆنانی ڕێزمانی و پێڕەوی گێرانەوە | 33 |
| 1-7.دەروازەی فەرهەنگی و دەروازەی ئینسایکلۆپیدی | 35 |
| 1-8.کۆتبەندی واتایی لەڕیزبوونی یەکە زمانییەکاندا(دیاریکردنی یەکە زمانییەکان لە ڕوانگەی دەوروبەرەوە) | 37 |
| 1-9.چەمکی ئامراز(، شەپۆل و کێڵگە) لە ڕوانگەی "تیۆری چێوەڕێژەکان"ەوە | 39 |
| 1-10.چێوە و زاراوەی پەیوەست بەیەکە چێوەڕێژکراوەکانەوە: | 47 |
| 1-10-1.چێوە | 47 |
| 1-10-2.تاکسیم | 48 |
| 1-10-3.پێکهاتەی چێوەیی | 49 |
| 1-10-4. جۆرەکانی پێکهاتەی چێوەیی "سینتاگمیم" | 51 |
| 1-10-5.تاگما | 51 |
| 1-10-6.ئەلۆتاگما | 54 |
| 1-11.یەکە بنەڕەتییەکانی چێوەیەك | 56 |
| 1-11-1.چاڵ/پێگەی ئەرکی | 57 |
| 1-11-2. ڕۆل | 61 |

| | |
|---|---|
| 63 | 1-11-3. پۆل |
| 64 | 1-11-4. دەقبەستی |
| 68 | 1-12.ڕونکردنەوەی چەمکی "چێوە " لە هەر یەك لە زنجیرەی ئاستەکانی (فۆنۆلۆجی، ڕێزمان و واتا)دا |
| 68 | 1-12-1.چێوەی فۆنۆلۆجی |
| 69 | 1-12-2: چێوەی ئاماژەیی/سەرچاوەیی |
| 73 | 1-12-3:چێوەی ڕێزمانی |
| (142-76) | بەشی دووەم |
| | بەندی یەکەم<br>( جێبەجێکردنی بنەما ڕێزمانییەکانی تیۆری چێوەڕێژەکان لەشیکردنەوەی ڕستە لە زمانی کوردیدا) |
| 76 | 2-1-1.سەرەتا |
| 77 | 2-1-2.ئاستی ڕستە لە هەرەمی ڕێزمانی لە تیۆری چێوەڕێژەکاندا |
| 80 | 2-1-3.هەنگاوەکانی شیکارکردنی ڕستە لەچوارچێوەی تیۆری چێوەڕێژەکاندا |
| 81 | 2-1-4.چێوەکانی ئاستی ڕستە لەچوارچێوەی تیۆری چێوەڕێژەکاندا |
| 82 | 2-1-5.داڕشتەی چێوەیی بۆ ئاستی ڕستە لە چوارچێوەی تیۆری چێوەڕێژەکاندا |
| 81 | 2-1-5-1.ڕستەی لە ڕووی جۆری کلۆزەوە لە چوارچێوەی تیۆری چێوەڕێژەکاندا |
| 86 | 2-1-5-2. ڕستەی تەواو/گەورە و ڕستەی ناتەواو/بچووك لە چوارچێوەی تیۆری چێوەڕێژەکاندا |
| 87 | 2-1-5-3. ڕستە لە ڕووی وەڵامەوە لە چوارچێوەی تیۆری چێوەڕێژەکاندا |
| 91 | 2-1-5-4.جۆرە جیاوازەکانی ڕستەی بچووك لە چوارچێوەی تیۆری چێوەڕێژەکاندا |
| 92 | 2-1-5-6.جۆرە جیاوازەکانی ڕستەی ناتەواو لە ڕووی جیاوازی لە ڕۆنانی ڕستەکەدا |
| 94 | 2-1-5-7. جۆرە جیاوازەکانی ڕستەی ناتەواو لە ڕووی جیاوازی ئەرکی ڕستەکان: |
| 96 | 2-1-6.داڕشتنی چێوەیی |
| 101 | 2-1-7.پەیوەندیی ئاستەکانی هەرەمی ڕێزمانی لە ڕوانگەی چێوەڕێژکردندا |
| 105 | 2-1-8.پێرەوی ماتریکس لە تیۆری چێوەڕێژەکاندا |
| 106 | 2-1-9.تایبەتمەندیی ڕۆنانە چێوەییەکان |
| 110 | 2-1-10.یەکەی ناوەکی و یەکەی دەرەکی پێکهاتەکان |
| 112 | 2-1-11..جۆرەکانی ڕۆنانە چێوەییەکان |
| 116 | 2-1-12.جۆرەکانی چێوە |
| 117 | 2-1-12-1.چێوە پابەندییەکان/بەخورتییەکان و چێوە سەرپشکییەکان |
| 123 | 2-1-12-2.چێوە کرۆکییەکان و چێوە پەراوێزییەکان |
| 126 | 2-1-12-3.چێوە شوێن جێگیرەکان و چێوە جوڵاو و شوێنگۆڕەکان |
| 128 | 2-1-13. بەشداربوونی (بەشی، گوێزانەوەیی و بەرانبەری) لە پێکهاتەی هەرەمیدا. |
| | بەندی دووەم: |

| | |
|---|---|
| (ڕونکردنەوەی پەیوەندییی، تیۆری چێوەڕێژەکان بە تیۆرەکانیتری زمانەوانی سەردەمی خۆی لە ڕووی شیکردنەوە ڕێزمانییەکاندا) | |
| 2-2-1.پەیوەندیی تیۆری چێوەڕێژەکان بە تیۆرە نوێیەکانی زمانەوانی سەردەمی خۆی: | 132 |
| 2-2-1-1.کاریگەریی "بلومفیڵد" لەسەر تیۆری چێوەڕێژەکان: | 132 |
| 2-2-1-2.چێوەڕێژکردن و مۆدەڵی گوێزانەوە | 136 |
| 2-2-2.توانست و چالاکی زمانی لە ڕوانگەی تیۆری چێوەڕێژەکانەوە: | 142 |
| بەشی سێیەم | (208-143) |
| بەندی یەکەم:<br>(چەند بابەتیك دەربارەی تیۆری چێوەڕێژەکان پەیوەست بە سیما تایبەتەکانی شیکردنەوەی دەق ) | |
| 3-1-1. سەرەتا: | 143 |
| 3-1-2.گرنگی دەوروبەر لە تیۆری چێوەڕێژەکاندا: | 145 |
| 3-1-3.چوار بنەماکەی چێوە لە دەوروبەردا: | 146 |
| 3-1-4.گرنگی چێوەی سەرچاوەیی/واتایی بەرانبەر بە ڕۆنانی ڕێزمانی لە دەقدا: | 148 |
| 3-1-5.ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندیی یەکە زمانییەکان لە پێکهاتەی هەڕەمیدا | 150 |
| 3-1-6.پێوەرەکانی تایبەت بە دەق: | 154 |
| 3-1-7.هاوبەشیکردنی زانیاری وەك مەرجی پێشوەختەی گۆڕانکاری لەژێر ڕۆشنایی بیرۆکەی(ئامراز، شەپۆڵ و بوار)دا: | 160 |
| 3-1-7-1.هاوبەشیکردن لە ژێر ڕۆشنایی بیرۆکەی ئامرازدا: | 160 |
| 3-1-7-2.هاوبەشیکردن لە ژێر ڕۆشنایی بیرۆکەی شەپۆڵدا: | 162 |
| 3-1-7-3. هاوبەشیکردن لە ژێر ڕۆشنایی بیرۆکەی کێڵگە/بواردا: | 166 |
| بەندی دووەم:<br>(پراکتیککردنی بنەماکانی شیکردنەوەی ڕێزمانی تیۆری چێوەڕێژەکان بەسەر چەند نمونەیەك لە دەقە ڕۆژنامەوانییەکانی زمانی کوردیدا) | |
| 3-2-1.ڕێزمانی دەق: | 170 |
| 3-2-2. ڕۆنانی ڕێزمانی یەکە زمانییەکان لەچوارچێوەی "تیۆری چێوەڕێژەکان"ەوە : | 172 |
| 3-2-3.هەنگاوەکانی شیکردنەوەی هەڕەمی سەرچاوەیی لە دەقدا لە ڕوانگەی "تیۆری چێوەڕێژەکان"ەوە: | 172 |
| 3-2-4.ڕۆنانی ڕووداو بەرانبەر ڕۆنانی ئەو گوتارەی دەربارەی ڕووداو دەگوترێ: | 174 |
| 3-2-5.ڕۆنانی مۆنۆلۆگ: | 187 |
| 3-2-5-1.پەراوێز لە مۆنۆلۆگ: | 188 |
| 3-2-5-2.کرۆکی مۆنۆلۆگ | 188 |
| 3-2-5-3.ئاوتلاین: | 189 |
| 3-2-5-4.فلاش باك: | 189 |
| 3-2-5-5.بەسەریەکەوەیی/تێکرا(سوڕی گێرانەوە) | 190 |
| 3-2-6.گفتوگۆ | 190 |

| | |
|---|---|
| 3-2-7.ڕۆنانی گفتوگۆ: | 193 |
| 3-2-8.دیالۆگ | 195 |
| 3-2-9.نمونەی یەکەم: | 195 |
| 3-2-10.نمونەی دووەم: | 203 |
| 3-2-11.پارافرەیز لە تیۆری تاگمیمیکدا: | 206 |
| ئەنجام | 209 |
| سەرچاوەکان | R212 |
| پاشکۆ | A222-A221 |
| پاشکۆ1 | A221 |
| پاشکۆ2 | A222 |
| پوختە بە زمانی ئینگلیزی | A |

# پێشەکی و چوارچێوەی تێزەکە:

## پێشەکی و چوارچێوەی تێزەکە:

## پێشەکی و پێداچوونەوە بە کارەکانی پێشوودا:

یەکێك لە گریمانەکانی "پایك" لە "تیۆری چێوەڕێژەکان"، لە شیکردنەوەی یەکە پێکهێنەرەکانی زماندا بیرۆکەی (پەیوەندیی و پەیوەستبوونی چێوەییە-Tagmemic Correlation)، لەم تێزەدا باس لە بیرۆکەی(چێوە)و یەکە بنەڕەتییەکانی تایبەت بە چێوەیەکی دیاریکراو(پێگە، پۆل، ڕۆڵ و دەقبەستی) دەکرێت، و ڕۆڵی ئەو یەکانە لە چوارچێوەی پێڕەوێکی تایبەتی شیکردنەوەی ڕێزمانی زماندا لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، و ئەوە دەخرێتەڕوو، کە پەیوەندیی و پەیوەستبوونی ئەو چوار ڕەگەزە بوار بە زمانەوانان دەدات پەسنی ڕۆنانی ڕێزمانی زمان بکەن بە ڕێگەیەکی پێڕەودار، لە ڕێگەی دیاریکردنی تایبەتمەندییەکان و ڕۆڵیان لە پێگە جیاوازەکاندا، و کۆکردنەوەیان لە سنووری چێوەیەکدا و چۆنییەتی یەکگرتنیان لە دەقێکی دیاریکراودا، کە لە ڕێگەیەوە زمانەوانان دەتوانن بۆچوونی قوڵتر دەربارەی بنەما سەرەکییەکانی پەیوەندییکردنی زمانی لە زمانێکی دیاریکراودا بەدەست بێنن، هەر لە هەمان چوارچێوەدا باس لە (جۆرەکانی تاگمیم)کراوە، و بەسەر نمونەی زمانی کوردی جێبەجێکراوە و جۆرەکانی چێوەی تێدا دیاریکراوە.

تیۆری چێوەڕێژەکان بەپێی گریمانە و بنەمای تایبەت کاردەکات، گرنگترینیان ئەوەیە، کە زمان بەشێکە لە ڕەفتاری گشتیی مرۆڤ و لێی جیانابێتەوە، زمان لە دەوروبەر بەکاردێت و لەیەکە لەناو یەکەیتر پێکدێت، یەکە بچووکەکان دەبن بە بەشێك لە یەکە گەورەکان لە ئاستی هەرەمیدا، گریمانەی هەرەمی ڕێزمانیش وایکردووە تیۆری چێوەڕێژەکان بە شێوەیەکی تایبەت و بەرفراوان بۆ شیکردنەوەی دەق دەستبدات، لەسەردەمی ئێستادا شیکردنەوەی چێوەڕێژی بۆتە یەکێك لە سیستەمە شیکارییە گەورەکان لە زمانەوانی نوێدا.

گریمانەیەکیتری ئەو تیۆرە ئەوەیە، کە زمان بەشێوەیەکی سێ لایەنی ڕێکخراوە، و دەکرێ لە سێ بارودۆخدا وەسفی یەکەکانی زمان بکرێت کە بریتین لە: چەمکی (ئامراز، شەپۆڵ و کێڵگە/بوار)، بەوەی هەر یەکەیەك ئامرازێکە، و خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی و دەکرێ لە ڕێگەیەوە بە یەکەکانیتر بەراوردبکرێت، هەروەها دەکرێ یەکەکانی زمان لە ڕێگەی دابەشبوونیانەوە لە زنجیرەی پێکهاتەکان یان وەك یەکەیەك، کە ئەندامێکە لە پۆلێك یان پێڕەوێکی دیاریکراودا، وەسف بکرێن.

## 1-0.ناونیشانی تێزەکە:

ئەم تێزە بە ناونیشانی(تیۆری چێوەڕێژەکان لە زمانی کوردیدا لە ژێر ڕۆشنایی بۆچوونەکانی "کینیس پایك"دا)یە، تێزەکە کار لەسەر ڕێزمانی ڕستە و دەق لەچوارچێوەی "تیۆری چێوەڕێژەکان" دەکات لە ژێر ڕۆشنایی بۆچوونەکانی "کینیس پایك"دا، لە ڕێگەی خستنەڕووی بنەماکانی ئەم تیۆرە، و جێبەجێکردنی لەسەر ڕستە و دەق لە زمانی کوردیدا. "ئەو تیۆرە شیکارییەکی وردی ڕێزمانی پێشکەش دەکات لە چاو شیکاری ڕێزمانی کۆن. لە ڕێگەی ئەم تیۆرەدا زمانناسان دەتوانن شیکاری قوڵتر بۆ هەر زمانێک لە دەرەوەی پێکهاتە ڕووکەشەکەی ئەنجام بدەن. بەتایبەت بۆ ئەو زمانانەی کە لێکۆڵینەوەی زۆریان دەربارەی ڕێزمانی دەق لەسەر نەکراوە، لەم توێژینەوەیەدا نمونەی چەند ڕستە و دەقێك لە زمانی کوردیدا بە سەرکەوتوویی بە شیکاری چێوەڕێژەکان شیکراونەتەوە.

### 0-2.سنوور و کەرەستەی تێزەکە:

ئەم تێزە لە سنووری زمانی کوردی-دیالێکتی ناوەڕاستدایە-نمونەکانیش نمونەی بواری ڕۆژنامەگەری و زمانی ڕۆژانەی ئاخێوەری ڕەسەنی ئەو دیالێکتەیە. هەموو ئەو نمونانەش بەگوێرەی بنەماکانی "تیۆری چێوەڕێژەکان" شیکردنەوەیان بۆ کراوە، لەبەشی دووەم نمونەی هەریەك لە جۆرەکانی ڕستە بەگوێرەی(کلۆز و جۆری کلۆز، ڕۆنانی ناوەوەی کلۆزی سەرەکی، وەڵامی ڕستە و پەیوەندیی نێوان بکەر و ڕووداو، ...)، لە بەشی سێیەمیش نمونەی چەند دەقێکی ڕۆژنامەوانی لە جۆری (گێڕانەوە، مۆنۆلۆگ، دیالۆگ، گفتوگۆ...، ) لەچوارچێوەی ئەم تیۆرەدا ڕۆنانی ڕێزمانی و ڕۆنانی ئاماژەییان بۆ دیاریکراوە و شیکراونەتەوە.

### 0-3.ڕێبازی تێزەکە:

تێزەکە لە ئاستی زمانەوانی بەگشتی و ڕێزمانی ڕستە و دەق دایە، بەپێی ڕێبازی پەسنی و بنەماکانی شیکردنەوە لە "تیۆری چێوەڕێژەکان"دا، لەگەڵ خستنەڕووی (خشتە، هێلکاری و وێنەی جۆراوجۆر) بۆ ڕونکردنەوەی زیاتری بابەتەکان.

### 0-4.گریمانەی تێزەکە:

گریمانەی ئەم تێزە لە ناونیشانەکەی سەرچاوە دەگرێ، کە پەیوەستە بەوەی تیۆری چێوەڕێژەکان وەك تیۆرێکی شیکاری زمانەوانی دەتوانرێت بەسەر هەموو یەکەکانی هەرەمی ڕێزمانی لە زمانی کوردیدا جێبەجێبکرێت،

**0-5.گرنگی تیزەکە:**

گرنگی ئەم تێزە لە جێبەجێکردنی تیۆرێکی نوێی زمانەوانییە بەسەر زمانی کوردیدا، ئامانج لەم بابەتە جێبەجێکردنی بنەما چێوەییەکانی تیۆری چێوەڕێژەکانە بەسەر نمونەی یەکە ئاخاوتەییەکانی زمانی کوردیدا لە چوارچێوەی هەریەك لە ئاستەکانی (فۆنۆلۆجی، ڕێزمان و واتادا)، لەگەڵ هێنانەوەی نمونەی گونجاو بۆ جۆرە جیاوازەکانی چێوە لە زمانی کوردیدا.

**0-6.هۆی هەڵبژاردنی بابەتی تێزەکە:**

جگە لە گرنگی "تیۆری چێوەڕێژەکان" لە بواری شیکردنەوەی ڕێزمانیدا وەك تیۆرێکی نوێی زمانەوانی، سوود و گرنگی گریمانە و بنەماکانی ئەو تیۆرە وەك ڕێبازێکی شیکارکردن لە بواری ڕێزمانی ڕستە و دەقدا، و کەمی توێژینەوە لە زمانی کوردی دەربارەی "تیۆری چێوەڕێژەکان" ئارەزووی توێژەر بۆ کارکردن لە بواری زمانەوانی بە گشتی، و ڕێزمانی دەق بە تایبەتی هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکەن.

**0-7.ئامانجی تێزەکە:**

ئامانجی سەرەکی تیزەکە خستنەڕووی تایبەتمەندیی و ناساندنی "تیۆری چێوەڕێژەکان"ە، چونکە ئەم تیۆرە لە زمانی کوردیدا توێژینەوەی پێویستی لەبارەوە نەکراوە، لە کاتێکدا بنەماکانی ئەم تیۆرە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە شیکردنەوەی ڕێزمانی زمان بەگشتی و ڕستە و دەق بە تایبەتی، ئامانجێکیتری ئەم تێزەش جێبەجێکردنی بنەماکانی "تیۆری چێوەڕێژەکان"ە لە شیکردنەوەی ڕێزمانی یەکە زمانییەکان بەگشتی و ڕێزمانی دەق بە تایبەتی لە زمانی کوردیدا.

**0-8.ناوەرۆکی تێزەکە:**

ئەم تێزە جگە لە پێشەکی، ئەنجام و سەرچاوە، لە سێ بەش پێکهاتووە:

**بەشی یەکەم:**

بەشی یەکەمی ئەم تێزە لە چەند بابەتێکی تیۆری دەربارەی پەیدابوون و پەرەسەندن و چەمك و زاراوەی پەیوەست بە "تیۆری چێوەڕێژەکان" پێکهاتووە، کە باس لە چێوە و ڕۆڵی بنەما تایبەتەکانی چێوەیەك دەکات، لە شیکردنەوە ڕێزمانییە جیاوازەکانی هەر ڕۆنانێکی زمانیدا، لە چەند سەرە بابەتێك پێکدیت وەك: (-سەرەتای پەیدابوون و پەرەسەندنی "تیۆری چێوەڕێژەکان"، -زمان لە ڕوانگەی پەیڕەوکەرانی ئەو تیۆرە، -بیرۆکەی وروژاندن و کاردانەوە لای ئاخێوەر، -چەمکی یەکەی "ئیمیك"

و یەکەی "ئیتیك"، ...)، هەر لەم بەشەدا باس لە چێوە و زاراوەی پەیوەست بە یەکە چێوەڕێژکراوەکان ، لە سنووری هەریەك لە جۆرەکانی (چێوەی فۆنۆلۆجی، چێوەی ڕێزمانی و چێوەی ئاماژ)دا دەکرێت، کە بریتین لە چوار یەکەی چێوەڕێژی: (پێگە-slot)، (ڕۆڵ-role)، (پۆلەرەگەز-پۆل-Categories-class)، (دەقبەستی-cohesion)، هەروەها خستنەڕوو و شیکردنەوەی پەیوەندیی هەرسێ ئاستەکانی(دەنگ، واتا و ڕێزمان) لە سنووری هەرەمی ڕێزمانی زمان (لە ڕوانگەی پەیڕەوی تیۆری چێوەڕێژەکان)ەوە، و هێنانەوەی چەند نمونەیەکی چێوەیی لە ئاستی (فۆنۆلۆجی، واتا و ڕێزمان) لەزمانی کوردیدا، و شیکردنەوەی نمونەکان لە چوارچێوەی "تیۆری چێوەڕێژەکان"ەوە.

**بەشی دووەم:**

بەشی دووەمی ئەم تێزە لە دوو بەند پێکهاتووە بەندی یەکەم بۆ شیکردنەوەی ڕستە و داڕشتەی چێوەیی بۆ جۆرە جیاوازەکانی ڕستە لە زمانی کوردی، و پەیوەندیی و نواندنی یەکە زمانییەکان لە هەرەمی ڕێزمانی زمان لە ئاستی ڕستە و ئاستەکانی خوار ئاستی ڕستە تەرخانکراوە، کە لە چەند بابەتێکی وەك: (-هەنگاوەکانی شیکارکردنی ڕستە لەچوارچێوەی تیۆری چێوەڕێژەکاندا، داڕشتەی چێوەیی بۆ ئاستی ڕستە لە چوارچێوەی تیۆری چێوەڕێژەکاندا، ڕستەی لە ڕووی جۆری کلۆزەوە لە چوارچێوەی تیۆری چێوەڕێژەکاندا، جۆرەکانی ڕستە، ... ) پێکهاتووە، هەر لەم بەندەدا باس لە جۆرە جیاوازەکانی ڕۆنانە چێوەییەکان و پێکهێنە جیاوازەکانی ئاستی ڕستەیی لە چوارچێوەی تیۆری چێوەڕێژەکان کراوە، لەگەڵ جۆرە جیاوازەکانی چێوە وەك: (چێوەی بەخورتی و چێوەی سەرپشکی، چێوەی کرۆکی و چێوەی پەراوێزی، چێوەی سەرەکی و ناسەرەکی، ...).

لە بەندی دووەمی ئەو بەشەش بەکورتی باس لەپەیوەندیی تیۆری چێوەڕێژەکان بە بۆچوونەکانی "بلۆمفیلد" لە شیکردنەوەی ڕێزمانی یەکە زمانییەکان، و مۆدەلی ڕێزمانی "تیۆری چێوەڕێژەکان و گوێزانەوە" و توانست و چالاکی زمانی لە ڕوانگەی "تیۆری چێوەڕێژەکان" کراوە.

**بەشی سێیەم:**

بەشی سێیەمی ئەم تێزە لە دوو بەند پێکدێت، بەندی یەکەم چەند بابەتێك دەربارەی تیۆری چێوەڕێژەکان پەیوەست بە سیما تایبەتەکانی شیکردنەوەی دەق لەخۆدەگرێت، ئەو بەشە گرنگی بە چێوەڕێژی دەق دەدات و بەوەی تەرکیز دەکاتە سەر یەکە زمانییە گەورەکان ئەو یەکانەی ئاستی ڕستە تێدەپەڕێنن، لەبەندی یەکەمی ئەو بەشەدا هەوڵ دەدرێت باس لە بونیادی دەق بکرێت لەچوارچێوەی چەند بابەتێکی دیاریکراوی پەیوەست بە دەق لەژێر ڕۆشنایی بیرۆکەی "چێوەڕێژکردن" لە زمانی

کوردیدا، وەك: (ڕۆنانی دەق بەگشتی و ئەو ڕۆڵانەی ڕستەکان لە پێگە ئەرکییەکانیان لەنێو دەقدا دەیبینن، پەیوەندییەکانی نێو دەق و دەقبەستی).

ئەو بەشە چەند گریمانەیەك لەخۆ دەگرێ، کە هەندێکیان پەیوەستن بە چوارچێوەی کاری "چێوەڕێژکردن" لە ڕوانگەی یەکەی "تاگمیمی"دا، وەك ڕۆنانی سەرچاوەیی و هاوبەشیکردنی زانیاری نێوان بەشداربووان لە ڕوانگەی (ئامراز، شەپۆڵ و کێڵگە/بوار)دا، لە بەندی دووەمیش ڕۆنانی ئەو یەکە واتاییانە خراوەتەڕوو، کە"پایك" لە هەرەمی ڕێزمانی زماندا لە ئاستەکانی سەرووی ڕستە دایناون وەك (پەرەگراف، مۆنۆلۆج، دیالۆگ و گفتوگۆ)، و چەند نمونەیەك لەو یەکانە لە زمانی کوردیدا لە چوارچێوەی "تیۆری چێوەڕێژەکان"دا، شیکردنەوەیان بۆ کراوە.

**پێداچوونەوە بە کارەکانی پێشوو:**

لە چوارچێوەی پێداچوونەوە بە کارەکانی پێشوو دەربارەی "تیۆری چێوەڕێژەکان" لە زمانی کوردیدا، یەك توێژینەوەی زانستییە بە ناوی "تیۆری چێوەڕێژەکان" لەلایەن "پ.د.صباح ڕشید قادر"، لە ساڵی (2016)، لە گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین بڵاو کراوەتەوە، ئەو توێژینەوەیە بایەخێکی زانستی زۆری هەبووە لە نووسینی ئەو تێزەدا، توێژەر وەك ڕێبەرێك و بەرچاو ڕوونییەك لە نووسینی تێزەکەدا سوودی لێوەرگرتووە، ئەو توێژینەوەیە لە دوو بەش پێکدێت بەشی یەکەمی تەرخانکراوە بۆ ناساندنی تایبەتمەندیی "تیۆری چێوەڕێژەکان" و بنەما زانستییەکانی ئەو تیۆرە، و لە بەشی دووەم بەپێی ئەو بنەما ڕێزمانییانە شیکردنەوە بۆ چەند ڕستەیەك و دەقێکی شیعری لە زمانی کوردیدا کراوە، و بنەما چێوەییەکانی تیادا خراوەتە ڕوو.

# بەشی یەکەم

## سەرەتایەك دەربارەی تیۆری چێوەڕێژەکان:

## (پەیدابوون و پەرەسەندن و چەمك و زاراوەی پەیوەست بە تیۆرەکە)

## 1-1.سەرەتا:

تیۆری چێوەڕێژەکان یەکێکە لەو تیۆرە زمانەوانییانەی دوای سەردەمی "بلۆمفیلد" لەنێوان ساڵانی(Bloomfieldian Period1950-1930)[1] سەریانهەڵدا و بڵاوبوونەوە، هەندێك لەو بڕوایەدان سەرەتای بیرۆکەی ئەم تیۆرە بۆ زمانەوانان بنجامین ئیلسون Benjamin Elson و ڤیلما پیکیتVelma Pickett دەگەڕێتەوە[2]"، ئەو دوو زمانەوانە لە کتێبێکدا بەناوی( An introduction to morphology and syntax) باس لە یەکەیەکی شیکردنەوەی ڕێزمانی دەکەن و بە تاگمیم ناوی دەبەن، ئامانج لەو کتێبە پێدانی ڕێبەرێکی زانستییە بە قوتابییانی سەرەتایی دەربارەی شیکارکردنی ڕێزمانی زمان لەسەر بنەمای ئەو زانیارییانەی، کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە زانیاریدەرانی رەسەنەوە بەدەستهاتوون و دواتر پێشکەشکردنی ئەنجامی شیکارییەکە لە شێوەی وەسفێکی تاگمیمیدا"، بەڵام ئەو دوو زمانەوانە لە پێشەکی کتێبەکەیان ئاماژەیان بەوە کردووە، کە لە شیکردنەوە ڕێزمانییەکان سودیان لە بیروڕاکانی "پایك" بینیوە: ( The techniques of tagmemic descriptions rest on the ideas developed in Pike's Language (in Relation to a Unified Theory of the Structure of Human Behavior .((Elson: 1962:213

هەر لە ڕوانگەی ئەم بۆچوونەوە باس لەوە دەکەن، کە ئەو تیۆرە دواتر لە لایەن زمانەوانی ئەمەریکی "کینیس پایك "(Kenneth L.Pike) لەنێوان ساڵانی (1954-1960)پەرەی پێدراوە، وەك تیۆرێك لەبواری زمانەوانی بەگشتی و شیکردنەوەی دەق بە تایبەتی کاری لەسەر کراوە.

هەندێکیتر لەو بڕوایەدان "کینیس پایك-Kenneth-L Pike" بۆ یەکەمجار لە سەرەتای پەنجاکان لە کتێبی (Language in Relation to a unified theory of the structure of Human Behavior ، بیرۆکەی تاگمیمی خستۆتەڕوو و دواتر پەرەی بەم تیۆرە داوەو هەریەك لە زمانەوانان (روبێرت لۆنگاکر-Robert E Longakre) و (بینجامین ئێلسۆن- Benjamin

---

[1]- ئەو سەردەمە بۆیە ناونرابوو سەردەمی بلۆمفیلدی بەهۆی بڵابوونەوەی کتێبەکەی بەناوی (زمان- Language) و بایەخ و گرنگی بیروڕاکانی لەلایەن زمانەوانە ئەمەریکییەکان.

[2] - هەر دەربارەی ئەوەی ئەو دوو زمانەوانە یاخود "پایك" خاوەنی بیرۆکەی "تاگمیمیکس"ن دوو بیروڕا لە ئارادا هەن، هەندێك لەو بڕوایەدان سەرەتای بیرۆکەکە لای ئەو دوو زمانەوانە سەریهەڵداوە هەروەك لە پێشووتر ئاماژەی پێدرا، هەندێکیتر بە پێچەوانەوە، بڕوایان وایە ئەو دوو زمانەوانە سوودیان لە بیرۆکەکەی "پایك" وەرگرتبێت، بۆنمونە "کووك" لە کتێبەکەی بەناوی(An Introduction to Tagmemic Analysis)ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەو دوو زمانەوانە لە هەردوو کتێبەکەیان، کە وەك رێبەرێکی پەروەردەیی لە (پەیمانگای هاوینە)بۆ قوتابییانیان ئامادەیانکردبوو بە ناوی(An Introduction to the Study of Grammatical Structure)لە نووسینی ”Velma Pickett”و (An introduction to morphology and syntax)لە نووسینی هەردوو-زمانەوان (بنجامین ئیلسون و ڤیلما پیکیتVelma Pickett) سوودیان لە بیروراکانی "پایك" وەرگرتووە لە بواری (چێوەڕێژەکاندا)(Coock:1969:14).

Elson) و (ڤێلما پیکێت- Velma Pickett) و (واڵتر کووک-Walter A Cook)، لە دیارترین ئەو زمانەوانانەن، کە پشتیان بەم تیۆرە بەستووە لە توێژینەوە و بڵاوکراوە زمانەوانییەکان بەکاریان هێناوە، لەلایەن پەیمانگای (Summer Institute of Linguistics) بۆ زمان و زمانەوانی بەکارهاتووە، کە "پایك" ئەندامی سەرەکی بوو لەو پەیمانگایە و کاریان وەك موژدەبەر گەیاندنی پەیامی کتێبی پیرۆزی ئینجیل بوو.

لە دەوروبەری ساڵانی (1957)بەدواوە چەند تیۆرێکی نوێی زمانەوانی سەریانهەڵدا، زمانەوانان بە تیۆرەکانی دوای بلۆمفیلد Post Bloomfieldian Theories) ناویان دەبردن، تیۆری چێوەڕێژەکانیش یەکێك بوو لەو تیۆرانە، و لەسەردەمی ئێستادا شیکردنەوەی چێوەڕێژی بۆتە یەکێك لە سیستەمە شیکارییە گەورەکان لە زمانەوانی نوێدا (Robins:1989:27) .

ئەم تیۆرە وەك وەڵامدانەوەیەك بوو بۆ هەڵوێستی مژدەبەرەکان، کە لە بڵاوکردنەوەی پەیامەکەیان پەیڕەوی ڕێزمانی کۆنی گریکی و لاتینیان دەکرد، ئەمەش وایکردبوو زمانێکی نافەرمی و نەگونجاو دروست بکەن و زمانێکی وا وەکو ڕەگەز بۆ هیچ زمانێك نەگەڕێتەوە، لەلایەن خەڵکانێك هاتەکایەوە پەیوەستدار نەبوون بەو زمانە، ئەمەش وایکرد بۆ خۆ دەربازکردن لەو زمانە نەگونجاوە نافەرمییانە بەدوای زمانیکی زیندوو بگەڕێن، بەمەش شیکردنەوەی تاگمیمی هاتەکایەوە، کە ڕێگایەکی شیکردنەوەی خستەڕوو لەڕووی زمانییەوە ساکار و دەوڵەمەند بوو و هەندێ زمانی خستە بەر تیشکی ڕوانین، کە پێشتر وردبینی زمانەوانی بۆ نەکرابوو، وەك زمانی هیندییە سورەکان و زمانە ئەفریقاییەکان و هەندێ زمانی هەمەکی(عامی)ئوستوڕالی و لە لێکۆڵینەوەکاندا پەیڕەوی ڕێبازی (تاگمیمی)کرا.(صباح رشید2016:4).

ڕاستە بۆچوونەکانی پایك زیاتر لە خزمەتی ئەو زمانانەدا بوو، کە تۆمارنەکرابوون، بەڵام لەهەمانکاتدا بەهۆی گرنگی بیرۆکەکەی "پایك" لە بواری شیکردنەوەی زمانی بەگشتی و ڕێزمانی دەق بە تایبەتی بەجۆرێك گرنگی پێدرا، کە وەك تیۆرێکی گشتی ڕێزمان و زمان بۆ زۆر لە زمانەکانی دونیا بەکارهات، بەتایبەت لەلایەن زمانەوانە ئەمەریکییەکان و نازناوی (تیۆرێك بۆ هەموو شتێك/The Theory of everything)ی وەرگرت، وەك پێڕەوێکی شیکاری تەنیا بۆ زمان نییە، بەڵکو بۆ هەموو ڕەفتارەکانی مرۆڤە، کە تایبەتمەندیی بەچێوەکردنی تێدا پیشاندراوە، بەڵام ئەوەی لە زمانەوانی مەبەستە تەنیا شیکردنەوەی زمانییە لەچوارچێوەی ئەم تیۆرەدا.

"پایك" وای دەبینێت بیرۆکەکان درکپێکراو نابن و ناتوانرێت لێیان تێبگەین، تاوەکو نەخرێنە پێڕەوێکی باش و پێکهاتەیەك، کە بە ڕێزمان ناسراوە، ئەم پێڕەوەی تیۆری چێوەڕێژەکان جیا لە پێڕەوەکانیتری شیکردنەوەی ڕێزمان و زمان، (یەکەی بنەڕەتی ڕێزمانی وەك توخمە پێکهێنی سەرەکی

شیکارکردن ناساندووە، کە (تاگمیمەکان)ن، و وای دەبینێت شیکردنەوەی زمانی بەواتای دەستەیەك لە لێکۆڵینەوە دێت بۆ وەسفکردنی زمان، کە پشت بە یەکەیەکی ڕێزمانی بنەڕەتی دەبەستێت بە (تاگمیم) ناودەبرێت، ئەم یەکەیەش لە نێو پێکهاتەیەك دێت لەشێوەی زنجیرەدایە (Syntagmeme)، کە دەکەوێتە ئاستێکی دیاریکراو لە ئاستە سینتاکسییەکاندا (Cook: 1969:13).

سیستەمی شیکاری چێوەڕێژەکان ئێستا یەکێکە لە سیستەمە سەرەکییەکانی شیکاری لە زمانەوانی نوێدا، "پایك" لە زۆر لە توێژینەوە زانستییەکان و کتێبەکانی باس لە یەکەی(تاگمیم) دەکات و ئاماژە بە پێویستی ناساندنی ئەو یەکە لە شیکردنەوە زمانییەکان دەکات، بەتایبەت لە هەرسێ کتێبەکەی:

-شیکردنەوەی ڕێزمانی -Grammatical Analysis

-چەمکە زمانەوانییەکان "دەروازەیەك بۆ ناساندنی تیۆری چێوەڕێژەکان" -Linguistic Concepts "An Introduction to Tagmemics”

-چێوەڕێژکردن "ئاخاوتن و هونەری زارەکی" Tagmemics Discourse and Verbal Art–

"پایك" بنەماکانی ئەم تیۆرە و چۆنییەتی بەکارهێنانی لە شیکردنەوەی یەکە زمانییەکان لەو سێ کتێبە بە وردی باسکردووە و نمونەی شیکارکراوی بۆ بۆچوونەکانی هێناوەتەوە، "پایك" لەم تیۆرەدا شیکردنەوەی دەق و شیکردنەوەی ڕستە لێکنزیك دەکاتەوە، کە بە تیۆری یەکەی چێوەڕێژی ناسراوە، ئەو چوارچێوەیەش چێوەیەکی زەینی مەزەندەکراوە، ئەو یەکە چێوەڕێژانە لە دووتوێ تیۆرەکەدا بەسەر چوار یەکەدا دابەش دەبن ئەو چوار یەکەیەش بریتین لە: پێگە(چاڵ-slot)، (ڕۆڵ-role)، (پۆل-class)، (دەقبەستی-cohesion)، ئەمەش تاڕاددەیەك بەسەر گشت زمانەکانی دونیادا دابەش دەبن و جێبەجێ دەکرێ، ئەو یەکە چێوەڕێژانە بە(Tagmeme)ناودەبرێن، کە پەیوەندی ئەو چوار یەکەیە پەیوەندییەکی ئەرکییە و لەسەر بنەمای ئەو چاڵەی پڕی دەکەنەوە، حوکم لەسەر چۆنییەتی دەرکەوتنی یەکەکە دەدەن(صباح رشید8:2016).

**2-1.زمان لە ڕوانگەی پەیڕەوکەرانی "تیۆری چێوەڕێژەکان"ەوە:**

"بلۆمفیلد" لە کتێبی (زمان-Language )بەوجۆرە پێناسەی زمان دەکات(لە ئاخاوتنی مرۆڤدا دەنگە جیاوازەکان مانای جیاوازیان هەیە، لێکۆڵینەوە لەم هەماهەنگییەی ئەو دەنگانە لەگەڵ یەکتر بە مانای دیاریکراو بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە زمان)(Bloomfield:1938:4).

زمان لەڕوانگەی پەیڕەوکەرانی تیۆری چێوەڕێژەکان جۆرێکە لە چالاکی(Activity) "پایك" زمان وەك جۆرێك لە ڕەفتار-The Kind of Behaviorپێناسە دەکات و دەڵێت: (زمان ڕەفتارە و جۆرێکە لەجۆرەکانی چالاکی مرۆڤ، کە ناکرێت لە کرۆکدا بە دابڕاوی لە چالاکییە نازمانییەکانی مرۆڤایەتی مامەڵەی لەگەڵ بکرێ و هەر پەیڕەوێکی گەیاندن یاخود پەیوەندییکردن، دوو لایەن لە خۆ دەگرێ، لایەنێکی زمانی(زمانی گوتن) و لایەنێکی نازمانی(ئاماژە، هێما، وێنە و هێما نازمانییەکان)(pike:1967:25).

تیۆری چێوەڕێژەکان بەپێی گریمانەو بنەمای تایبەت کاردەکات، گرنگترینیان ئەوەیە، کە زمان بەشێکە لە ڕەفتاری مرۆڤ و لێی جیانابێتەوە، زمان لە دەوروبەر بەکاردێت و لەیەکە پێکدێت لەناو یەکەیتر، یەکە بچووکەکان دەبن بە بەشێك لە یەکە گەورەکان لە ئاستی هەرەمیدا، گریمانەی هەرەمی ڕێزمانیش وایکردووە تیۆری چێوەڕێژەکان بە شێوەیەکی تایبەت و بەرفراوان بۆ شیکردنەوەی دەق دەست بدات(Shehdeh:1988:33) .

"پایك" لە کتێبی (Language in Relation to a Unified Theory of the Structure of Human Behavior) باس لە زمان دەکات وەك ڕەوشتێك کە ناکرێت بە دابڕاوی لە ڕەفتارەکانیتری مرڤ لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکرێت و دەڵێت: (لە یارییەکی بەکۆمەڵدا بەشداربوان لەژێر دارێك دەست دەکەن بە گۆرانی وتن، دواتر هەمان پارچە مۆسیقای گۆرانییەکە دووبارە دەکرێتەوە، بەڵام وشەکان بە ئاماژەیەکی خێرا دەگۆڕدرێن، کە تیایدا دەستەکان بۆ دەرەوە درێژدەکرێن، لە بێدەنگییەکی دوور و درێژدا. ئەم چالاکییە بەردەوام دەبێت بە گۆڕینی ئاماژەیەك بەیەکێکیتر، وەك لێدانی سەر سینگ و دەستلێدان لەسەر، لەبری گۆکردنی وشەکان و دواتر دوای کۆمەڵێك ئاماژە و گۆڕینەوەی وشەکان بە ئاماژەی جیاواز، کە بە گونجاوی لەگەڵ کاتی سەرەکی گۆرانییەکە ئەنجامدەدرێ، ئامادەبوان وەك یەکەیەکی یەکگرتوو سەیری دەکەن، کە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی پێکدیت و بەهەموو بەشەکانییەوە یارییەکی یەکگرتوو پێکدێنن و ئەگەر تێبینی وردی ئەو یارییە بکەین بە وشە و ئاماژەکانییەوە یەکەیەکی بەیەکەوە لکاو لە ئەدهێزن دەردەکەون (Pike:1967:25)، ئەم ڕوانینەی" پایك" بۆ زمان چەند ڕاستییەکی تیۆری دەخاتەڕوو:

1- زمان وەك جۆرێك لە ڕەفتاری مرۆڤ سەیر دەکرێت.

2- زمان لە ڕوانگەی دەوروبەر و لە چوارچێوەی ڕەفتاری تاك بە گشتی سەیردەکرێت.

3- تیۆری گونجاو بۆ زمان ئەو تیۆرەیە، کە بۆ جۆرە جیاوازەکانی ڕەفتاری مرۆڤ و پەیوەندییکردنە زارەکی و نازارەکییەکان بەکاربێت، وەك تیۆرێکی گشتی زمان.
4- ڕەفتاری مرۆڤ یاسا بۆ دارێژراو و ڕۆنانییە، نەك هەڕەمەکی. (Waterhouse:1974:6)

"پایك" لەم ڕوانگەیەوە ئاماژە بەوە دەکات، کە زمانەوانان بۆ لێکۆڵینەوە لە زمان پێویستە هەریەك لە لایەنی زمانی و نازمانی بەیەکەوە وەك یەك پێکهاتە سەیربکەن و پێویستە تیۆرێکی یەکگرتوو و زاراوەی یەکگرتوو و پرۆگرامی یەکگرتوو بۆ ئەم مەبەستە ئامادەبکرێ، بەجۆرێك دەکرێ لەهەر چالاکییەکی ئاڵۆزی مرۆیی دەستپێبکات لەگەڵ جۆرە جیاوازەکانی چالاکییە پلەدارەکان. هەریەك لە چالاکی زمانی و چالاکی نازمانی هەندێکجار وەك لەبریتییەکی ڕۆنانی بۆیەکتر بەکاردێن لە ڕووی ئەرکەوە، بەڵام ئەوەی لەم توێژینەوەیە گرنگە لایەنی شیکردنەوەی یەکە زمانییەکانە لە پەیوەندییکردندا.

## 3-1.چالاکی زمانی بیرۆکەی وروژاندن و وەڵامدانەوە(Observer-Reaction):

"پایك" ئاخێوەر بە تێبینیکەر، یان چاودێریکەر ناودەبات و بەڕای ئەو هەر تێبینیکەرێك کاردانەوەی جیاواز لەوەیتری دەبێت، بەهۆی ئەو جیاوازییانەی لای هەر تاکێك هەیە، کە بە هێزی ناوەکی ئاراستەکەر لە ئەزموون -Dynamic Vectors of Experience ناوی دەبات و لەمانە پێکدیت:

1-ژیاننامەی کەسی Biography

2-پەیرەوی بیروباوەڕی Belief Systems

3-پەیڕەوی سۆزداری Emotional Systems

4-پەیڕەوی هەڵسەنگاندنی خودی Value Systems

(Pike1967:10).

لای زمانەوانە ڕەوشتکارەکان کاردانەوە-reaction لە ئەنجامی وروژێنەر-Stimulatorەوە دەبێت و بە هێمای(S ⟶ R)ئاماژەی پێدەکەن، بەڵام لای "پایك" وەڵامدانەوە

بەستراوەتەوە بە لایەنیتر جگە لە وروژێنەر و ئەو لایەنانە بەشدارن لە دروستبوونی هەر وەڵامدانەوەیەك، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو هێزە ئاراستەکەرەیە، کە چوارچێوەیەکی فکری ناوەکی پێکدێنێت و ئەو چوارچێوەیەش بەشدارە لە رێکخستنەکانی هەر وەڵامدانەوەیەك، "پایك" ئاخاوتن بە (statement)ناودەبات و بەمجۆرە وەسفی دەکات(هیچ ئاخاوتنێك یان لێدوانێك ناتوانرێت کاریگەربێت و بە راست وەربگیرێت، مەگەر پێش ئەو لە بیرکردنەوەکانی قسەکەردا کۆمەڵێک بیروباوەڕی بنەڕەتی هەبێت کە بە توندی هەڵیگرتووە و کاردەکاتە سەر ئەو لێدوانە، بەڵام ناتوانێت بیسەلمێنێت، ئەمەش بیروڕاکانی "پایك" لە زانایانی- Cognitive Semantic نزیك دەکاتەوە، وەك:(پیك peck و ئاریتیArieti و کیلیKelly)، بەهۆی ئەوەی لای هەریەك لە "پایك" و "ئاریتی" وەڵامدانەوە راستەوخۆ نییە، بەڵکو بەستراوەتەوە بە بیرۆکە تایبەتەکان(ارون بیك44:2007)، کە بەم شێوەیە گوزارشتی لێدەکەن:

ڕووداو(الحدث) ⟵ بیرۆکەی تایبەتەکان(الافکار الخاصة) ⟵ وەڵامدانەوە(الاستجابة)

### 4-1.چەمکی یەکەی ئیمیك و یەکەی ئیتیك:

"پایك" بیری لە ئەگەری بوونی یەکەیەك دەکردەوە لێکچووی دەنگ بێت لەڕێزماندا لە ئاستی وشەدا، "پایك" ئاماژە بەوە دەکات، کە هەریەك لە زاراوەی(Etic) و (Emic)ی لە وشەی(Phonemic)و (Phonetic)داڕشتووە، بەپێی بەکارهێنانی زمانی ئاسایی ئەم زاراوانەی دوایی. کورتە زاراوەکان بە شێوەیەکی هاوشێوە بەکاردەهێنرێن، بەڵام بۆ مەبەستی گشتگیر(Pike and Pike: 1982:87).

"پایك" لایەنی زمانی بە(Emic Unit) ناودەبات و بریتییە لەو پێکهاتەیەی لە ڕێگەی بەکارهێنانێکی لۆجیکی دەبینرێت یان لە ڕێگەی پێکهاتەیەك لەچوارچێوەی سیستەمێکی گشتیدا لەگەڵ شێوەی لێکچوون و جیاوازی و جۆراوجۆری لەدابەشبوون بۆ دەستە و زنجیرە و سیستەمی گشتی دەق ئەو یەکانە لای "پایك" لە سێ ئاستی سەرەکی باسیان لێوە دەکرێت (ئاستی فۆنۆلۆجی، ئاستی ڕێزمان و ئاستی واتا)، لای "پایك" ئەوانە زنجیرەی بچووکن و یەکەی گەورەتر پێکدەهێنن، کە بە زنجیرە (Hierarchy)ناویان دەبات.

هەرچی یەکەی ئیتیکە(Etic)، "پایك" ئەم زاراوەیەی لە (Phonetic)وەرگرتووە، کە بریتییە لەو پێکهاتە زمانییەی ئەندامێکە لە پۆلینکردنێکی گشتی، بێئەوەی پەیوەندیی بە هیچ سیستەمێك هەبێت، واتە بەر لە زانیاری تەواو دەربارەی سیستەمەکە بە گشتی، (یەکەی ئیتیك شێوەیەك یان فۆرمێکی فیزیکی بە یەکە ئەرکییەکان دەبەخشی، بە واتای ئەوەی ژینگەیەکی فۆنەتیکی بە ئیمیکەکان

دەبەخشێ. (صباح رشید3:2016)، چەمکی یەکەی (ئیمیك) و یەکەی (ئیتیك) پەیوەندیی راستەوخۆی بە قسەپێکەرانی ڕەسەنی زمانەکەوە هەیە، (بۆچوونی (ئیمیك) بۆچوونی ئاخێوەری ڕەسەنی زمانە دەربارەی یەکە زمانییەکان، و پەیوەستە بە سیستەمی ناوەکی زمانەوە، هەرچی بۆچوونی(ئیتیك)ە بریتییە لە دیوی دەرەوەی پێرەوە زمانییەکە(Muqit:2012:7) ، بۆنمونە ئەگەر لە ئاستی وشەدا هەریەك لە وشەکانی(Aid) و (Asssist) وەربگرین، ئەوا تێبینی ئەوە دەکەین ئەو دوو وشەیە هەرچەندە لە ڕووی بابەتییەوە لەیەکتر جیاوازن، بەڵام لە هەمان کاتدا دەکرێ لەهەمان دەوروبەر لەبری یەکتر بەکاربێن، ئەوەی ئەو دوو وشەیە لە ڕووی ڕێزمانەوە یەکسان دەکات ئەو دەوروبەرەیە، کە تیایدا دەردەکەون، ئەو دوو وشەیە لە ڕووی یەکەی (ئیتیکی)یەوە لەیەکتر جیاوازن، بەڵام لە ڕووی (ئیمیکییەوە) یەکن.

"پایك" بەشێوەیەکی سەرەکی بچووکترین یەکەی(ئیمیکی) بە (Grameme) ناودەبرد، بەڵام دواتر ئەو زاراوەیەی گۆڕی بە (Tagmeme)، کە ئاماژەیە بۆ یەکەیەکی گشتگیرتر، ئەویش ئەو یەکە زمانییەیە، کە لە زمان و زمانەوانیدا بە ئەرکی جیاواز بەراورد دەکرێن، بەوێنەی (فۆنیم و مۆرفیم)، کە هەریەکەیان بە ئاستی جیاواز و بە ئەرکی جیاواز لە زمانەوانیدا دەردەکەون. دەکرێ بوترێ کەوا زاراوەی(Emic)چەمکە نابەرجەستەکەی یەکە ئەرکییەکان دەگەیەنێ(صباح ڕشید3:2016)، "پایك" لە کتێبی (Grammatical analysis1982) کاتێك ئاماژە بە یەکەی(ئیمیك) و یەکەی (ئیتیك) دەدات، لە دەروازەی فەرهەنگییەوە بۆ یەکەکان چووە بە بێ گوێدانە لایەنی کۆمەڵایەتی زمان لە دیاریکردنی ئەو یەکانە، بەڵام دواتر لە کتێبی (Linguistic Concepts an Introduction to Tagmemics)، شیکردنەوە و تێڕوانینەکانی بۆ زمان بە گشتی و یەکە ڕێزمانییەکان(تاگمیمەکان) بە تایبەتی لە ڕوانگەیەکی کۆمەڵایەتییەوە پێشکەش دەکات، هەرچەندە ئەوە ئاشکرایە، کە تێڕوانینی گشتی "پایك" بۆ زمان هەر لە سەرەتاوە دیدگایەکی ڕەفتاری و کۆمەڵایەتی لەخۆ گرتووە بە لەبەرچاوگرتنی لایەنی مەعریفی زمان لە مێشکدا، ئەمەش بە ڕوونی لە کتێبی (Langauge in Relation to Unified Theory of The Structure of Human Behavior1967) دەردەکەوێت.

بە بۆچوونی "پایك" هەر یەکەیەکی زمانی بە (ئیتیك)دەژمێردرێ بەگوێرەی یەکەکانیتری هەمان ئاست (ڕستە لەگەڵ ڕستە)(وشە لەگەڵ وشە)...، هەر چێوەیەکیش یەکەیەکی (ئیمیکی)یە و هەر یەکەیەکی (ئیمیك)ی ئەم لایەنانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێ:

| شوێن/پێگە/<br>الموقع/Slot | پۆل<br>Class / فئة |
|---|---|
| دەقبەستی<br>التضام/ Cohesion | ئەرک/رۆڵ<br>وظيفة/ Role |

**1-1** چوار بنەماکەی چێوە

ئەو چوار یەکەیەی "تاگمیم" بریتین لە بنەماکان(ڕەگەزەکان)ی تاگمیم و هەر تاگمیمێك لە دوو لایەنی زمانی پێکهاتووە لایەنی نابەرجەستەیی، کە لایەنی (ئیمیکیی)ە لەگەڵ لایەنی فیزیکی(چالاکی)زمانی، کە پایك بە کێڵگە (Field)ناوی دەبات، هەر گۆڕانکارییەکیش لە یەکەی(ئیمیك) ڕوودات، واتە(چێوە)گۆڕاوە، بۆنمونە:

-خوشکەکەم بەیەکەم دەرچوو.

-سەیران بەیەکەم دەرچوو.

تەنیا کاتیگۆری گۆڕاوە واتە گۆڕانکاری لە یەکەی (ئیتیك)، بەڵام (ئیمیك) هەروەك خۆیەتی. ئەمە بەمەرجێك ئەگەر ئەو دوو یەکەیە وەك دوو یەکەی زمانی چالاکییەکی زیندووی کۆمەڵایەتیی (ئاخاوتن)ەوە باسییان لێوە بکرێت، کە "پایك" بە کیڵکە/بوار ناوی دەبات.

لەم نمونەیەی سەرەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە هەر گۆڕانکارییەکی(ئیمیکی) ڕوودات گۆڕانگارییە لە (چێوە)، گۆڕانکاری لە یەکەی (ئیمیکی) واتە گۆڕان لە یەکەیەکی(ئیمیکی) بۆ یەکەیەکیتری(ئیمیکی)، تەنانەت ئەگەر گۆڕانی وشەیەکی ئیتیکی بە دەستەواژەیەکی ئیتیکی بێت، چونکە هەمان ئاستی ئیمیکییان هەیە، کەواتە ئەو جیاوازییەی لەم دوو دەربڕینەی سەرەوە ڕوویداوە بەهۆی گۆڕینەوەی نێوان یەکە هاوبەشەکانی چێوەیەکی دیاریکراو(ئەلۆتاگماکان)ە.

ئەوەی لەم نمونەیەی سەرەوە و نمونەیتری لەم شێوەیە تێبینی دەکرێت کاریگەریی زانیاری هاوبەشی نێوان ئاخێوەرانە، بۆنمونە ئەگەر کەسی بەرانبەر زانیاری کۆمەڵایەتی دەربارەی خوشکەکەی نەبێت لەوانەیە نەزانێت، کە ئەو لە ناوی(سەیران) مەبەست لێی خوشکەکەیەتی، ئەمەش پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە دەروازەی ئینسایکلۆپیدی و دەروازەی فەرهەنگییەوە هەیە، دواتر لە بابەتی دەروازەی فەرهەنگی و دەروازەی ئینسایکلۆپیدی بە درێژی باسی لێوە دەکەین.

هەر لەم دوو ڕستەیەی سەرەوەدا بەگۆڕینی هەریەك لە وشەی(خوشکەکەم) و (سەیران)بە وشەی(براکەم) و (مامم):


-براکەم بەیەکەم دەرچوو.

-مامم بەیەکەم دەرچوو.

لەم دوو ڕستەیەدا هیچ جیاوازییەکی چێوەیی بوونی نییە، تەنیا دوو گوزارشتە هەمان ڕیزبوونی ڕێزمانیان هەیە، بەڵام لەلایەنی ئینسایکلۆپیدی جیاوازییان هەیە، واتای بازنەی زانیارییەکان (ئینسایکلۆپیدی) وشەی(براکەم) جیایە لەگەڵ واتای ئینسایکلۆپیدی وشەی (مامم)، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێ ئەو دوو ڕستەیە لە ڕووی واتاوە جیاوازن و ئەوەی ڕوویداوە گۆڕانکاریی(ئیمیکی)یە، کەواتە دەرککردن بە دەروازەی ئینسایکلۆپیدی لە ئاخاوتن بە دەروازەیەکی سەرەکی دادەنرێت لە دیاریکردنی چێوە پێکهێنەکانی ڕستە یان هەر پێکهاتەیەکیتری زمانی.

پایك" ئاماژە بەوە دەکات، کە هەر پێکهاتەیەکی زمانی چەند وێنەیەکی جیاوازی هەیە، هەر وێنەیەکیش یەکەی (ئیتیکی) تایبەت بەخۆی هەیە، کە ئەو وێنەیە دەنوێنێ و پێی جیادەکرێتەوە، هەرکاتێك ئەو یەکە ئیتیکییەی بەکاردێت هاوتا نەبێت لەگەڵ ئەو وێنەیەی دەینوێنێ ئەوا ئەو ڕەفتار(ئاخاوتن)ە هیچ واتایەکی نابێت(Pike:1967:26) .

"پایك" لە بارەی یەکەی "ئیتیك"ییەوە ئاماژە بەوە دەکات، کە هەر یەکەیەکی زمانی ئەگەر دەرکەوتنی فۆنۆلۆجی نەبێت، کە بە-Manifestation ناوی دەبات ئەوا ناتوانرێ هەستی پێبکرێت و یەکە ئیتیکییەکانیش بەشێکن لەو دەرکەوتەیە، هەر بۆیە دەکرێ بڵێین، (بە وێنەی فۆنیم و فۆن ئیمیك و ئیتیك دەکەونە نێوان نابەرجەستەیی و بەرجەستەیی لە فۆڕم و واتادا، هەندێجار بەوێنەی مۆرفیم و مۆرف فۆڕم گۆڕین دێتە کایە، وەك لەم وێنەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت، شێوە لاکێشەکەی ناو لاکێشە گەورەکە، دەکرێ وەکو فەرهەنگی ئاوەزی مێشکی مرۆڤ سەیر بکریت، ئەو بازنە بچووکانەی لەناو لاکێشە بچووکەکە دانە ئیمیکەکان دەگەیەنن و وەکو ئیتیکی دانەی بەرجەستە دەردەکەون، بازنە سورەکە ئیمیکێکی نابەرجەستە دەگەیەنێ لەوانەیە بەتەواوی فۆڕمەکەی بگۆڕێت، بەڵام بە هەمان ئەرك هەڵدەستێ، کاتێك وەك ئیتیك کارا دەکرێ بازنە بەتاڵەکان و پڕەکان لەناو لاکێشە بچووکەکەدا دانەی نابەرجەستەی زمانین و دەکرێ وەکو تاگمیم سەیر بکرێ، بەڵام ئەگەر بەو شێوەو ئەرکەی خۆی مایەوە ئەلۆتاگمای نابێت)(صباح رشيد2012:16).



**1-1** یەکەی" ئیمیك" و یەکەی" ئیتیك"

"لۆنگاکر" باس لە بوونی یەکەی "ئیمیك" و یەکەی "ئیتیك" دەکات لە ئاستە ڕێزمانییەکاندا و بەو جۆرە ئاماژەیان پێدەکات، وەك چۆن یەکەی ئیمیك و یەکەی ئیتیك لە هەریەك لە "تاگمیمەکان" و "تاگماکان"دا بوونی هەیە، بەهەمان شێوە لە ئاستە ڕێزمانییەکانیشدا یەکەی "ئیمیك" و یەکەی "ئیتیك" بوونیان هەیە و لەهەموو زمانێکیشدا دەکرێ ئاماژەیان پێبدرێ و پێوەری تایبەت بە ئاستەکان لە لایەن "پایك"ەوە دەخاتە ڕوو:

1-دەبێت پێکهاتەکان ئەو پێکهێنانە دیاری بکەن، کە لە خۆیان دەگرن لە ڕووی جۆری پێکهاتەکان و چۆنییەتی دەرکەوتن و ڕیزبوونیان لەو ڕۆنانەدا.(Longakre.1983:16)

2- هەر پێکهاتەیەك لە ڕۆنانێکدا پێویستە بە ڕوونی بەرانبەر هەر یەکەیەکیتر بوەستێت لە ڕۆنانی بەرزتر یان نزمتر لەخۆی.

ئەگەر سەیری هەریەك لە ئاستە ڕێزمانییەکانی(ڕستە، دەستەواژە، فریز و وشە)بکەین، لەچوارچێوەی ئەو ئاستانەدا هەریەك لە تایبەتمەندییەکانی، (پەیوەندیی، پەیوەستبوون، بەدواییەکداهاتن)دەبینرێن، کە بنەمایەکن بۆ پێناسەکردنی و ناساندی ئاستە بنەڕەتییەکانی ڕێزمان(لە بەشی دووەم لە بابەتی ڕەنگدانەوەی یەکە زمانییەکان لە هەرەمی ڕێزمانیدا بە درێژی باسییان لێوە دەکرێت).

### 5-1.پەیوەندیی نێوان ئاستەکانی زمان(دەنگ و واتا و ڕێزمان)لەڕوانگەی ئاستە ڕێزمانییەکەی "سیستەمی چێوەڕێژکردن"ەوە :

"پایك" سێ هەرەم لە زمان دیاریدەکات کە ئەوانیش هەرەمی فۆنۆلۆجی، هەرەمی سەرچاوەیی و هەرەمی ڕێزمانییە، هەرچەندە ئەو ئاستانە بەیەکەوە بەستراون ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئاستێك سەربەخۆ لەوانیتر خاوەنی زاراوە و یەکەی تایبەت بە خۆیەتی، ناکرێ بەوجۆرە سەیری

دەنگەکانی زمان و دانە فەرهەنگییەکان بکەین وەك ئەوەی پاشکۆی ڕێزمان بن، دەنگەکان یەکدەگرن و مۆرفیم و وشەکان پێکدەهێنن و ڕێزمانیش لەڕێگەی ڕیزبوونی یەکە زمانییەکانەوە باسی لێوەدەکرێت. پێڕەوی چێوەڕێژکردن مامەڵە لەگەڵ هەموو ئاستەکانی هەڕەمی ڕێزمانی دەکات، مەرج نییە هەموو یەکەکانی ئەو ئاستانەی زمان لەو هەڕەمە بەشداربن، "پایك" بەم جۆرە باس لە زنجیرەی یەکەکان دەکات: (زنجیرەی ئاستەکان بریتییە لە گوزارشتێك دەربارەی یەکگرتنی یەکە بچووکەکان بۆ دروستکردنی یەکەی گەورەتر و ئەو یەکە گەورانەش لەیەکەی گەورەتر لەخۆیان دەنوێنرێن، هەڕەمی ڕێزمانی لەسەر بنەمای پێکهاتەیی بنیاتنراوە واتە یەکەکانی ئاستێك یەکدەگرن بۆ دروستکردنی یەکەی ئاستێکی بەرزتر لە هەڕەمەکە، کە بەرزترین یەکەی ئەو ئاستە ڕستەیە و نزمترینی یان کۆتا یەکە لە ئاستی شیکردنەوەی هەڕەمەکە مۆرفیمە)( Pike and .(Pike1982:46).

"پایك" لە سەرەتای ئاماژەکردن بە بیرۆکەی "تاگمیم" لە توێژینەوەیەکی بە ناونیشانی ( on Tagmemes nee Gramemes)سەرەتا لە بری "هەڕەمی سەرچاوەیی" ( Referential Hierarchy) هەڕەمی واتایی/فەرهەنگی (Lexical Hierarchy) بەکارهێناوە، لەو توێژینەوەیەدا "پایك" باس لە "تاگمیم" دەکات وەك بچووکترین یەکە لە هەڕەمی ڕێزمانی و ڕستە بە گەورەترین یەکەی ئەو هەڕەمە دادەنێت(Pike:1958:275)، دواتر لە توێژینەوەکانی دوای ئەوە بەتایبەت لە کتێبەکەی بە ناونیشانی Linguistic concepts an introduction to (tagmemics:1982)، دوای جێبەجێکردنی بیرۆکەی "تاگمیم" لەسەر "دەق" و دانەی گەورەتر لە "ڕستە"، زاراوەی "هەڕەمی سەرچاوەیی/ئاماژەیی" لە بری "هەڕەمی واتایی" بەکارهێناوە بۆ ئاماژەکردن بە واتای سەرچاوەیی، کە لای " پایك" ئاماژەیەکی فراوانتر لە واتای فەرهەنگی لەخۆ دەگرێت.

هەر لەبارەی پەیوەندیی یەکەکانی زمان "لۆنگاکر" لە وتارێکیدا بە ناوی هەندێك بیرۆکەی سەرەکی دەربارەی "تاگمیمیکس "Some Fundamental Insight of Tagmemics"، بەم جۆرە باس لە یەکگرتنی یەکەکانی زمان لە پێکهاتە ڕێزمانییەکان دەکات(پەیوەندیی پێکهاتەیی لە نێوان یەکەکانی زمان لە هەر ئاستێکی هەڕەمی ڕێزمانی لەسەر بنەمای بەدواییەکداهاتنی ئەو یەکانەیە لەو ئاستەدا، نەوەك لەسەر بنەمای دوو لایەنی لە پەیوەندییدا)(Longakre:1965:78).

پێکهاتە چێوەییەکان لەشێوەی دەستەیەك لە ئاستە دیاریکراو و زانراوەکان ریزدەکرێن، باوترین ئاست لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییە هاوچەرخەکان بریتییە لە:


(مۆرفیم، وشە، فرەیز، پارستە/کلۆز و ڕستە)

فرێز: ئاستێكە لە ڕێزمان شیدەكرێتەوە بۆ كۆمەڵە وشەیەك، كە پێكهاتەیەكی دیاریكراویان هەیە جگە لە پاڕستە بۆ وشە.

كلۆز: ئەو ئاستەی ڕێزمانە، كە شیدەكرێتەوە بۆ بكەر و كردار و چەند وشەیەكیتر.

ڕستە: ئەو ئاستەی ڕێزمانە، كە بۆ پێكهاتەی سەربەخۆ و ناسەربەخۆ جیادەكرێتەوە.

ئاستە ڕێزمانییەكەی پێرەوی چێومرێژكردن مامەڵە لەگەڵ هەموو ئاستەكانی هەرەمی ڕێزمانی دەكات، ئەنجامی شیكردنەوەكانی تاگمیم لەوانەیە لە چێومرێژی ئاستی ڕستە، یان پاڕستە یان فرێز یان وشە یان مۆرفیم ڕەنگبداتەوە، ”Cook” ئاستە ڕێزمانییەكانی چێومرێژكردن بەو شێوەیەی خوارەوە چڕدەكاتەوە:




**2-1** هەرەمی ڕێزمانی یەكە زمانییەكان لە ڕوانگەی" تیۆری چێومرێژەكان"ەوە (صباح رشید2016:8).

## 1-5-1.هەرەمی فۆنۆلۆجیPhonological Hierarchy:

"پایك" یەكەكانی ئاستی فۆنۆلۆجی دیاریدەكات و پەیوەندییان بە یەكەی ئاستەكانیتر، و كاریگەریی دەوروبەر لە دابەشكردنی ئەو یەكە فۆنۆلۆجییانە لەسەر یەكە پێكهێنەرەكانی دەق ڕووندەكاتەوە، كە (بریتین لە دەنگە كۆنسانتەكان، دەنگە ڤاوڵەكان، بڕگە، كۆمەڵەی هێز، پەرەگرافی فۆنۆلۆجی، گوتن و وەڵامدانەوە و ئاوازە)(Pike:1982:89)، ئەگەر دەقێك یان ڕستەیەكی لەم شێوەیە وەربگرین:

- قوتابییە یەکەمەکانی پۆلی دوازدەی سەر ئاستی هەرێم دڵخۆشی خۆیان بەو ئەنجامە دەربڕی، کە بە دەستیان هێنابوو و لەلایەن بەڕێوەبەری قوتابخانەکانیانەوە خەڵاتیان پێبەخشرا.

ئەگەر لەم دەقەی سەرەوە یەکەکانی ئاستی فۆنۆلۆجی جیابکەینەوە، کە سەرەتا دیاریکردنی دەنگە کۆنسنانتەکان: (ق، د، ل، ر، س، ك، ن...)، دەنگە ڤاوڵەکان: (ە، ا، ۆ، ی، و،...)، بڕگەکان(قو، تا، بی، یە، یە، کە، مە.....)، کۆمەڵەی هێز، کە بریتییە لە هێزی سەر هەر یەك لە وشە سەرەکییەکانی ئەو ڕستەیەی سەرەوەیە[3]، دواتر پەرەگرافی فۆنۆلۆجی، بەمجۆرە یەکە دەنگییەکان دەردەکەون (چەقی پەرەگرافە فۆنۆلۆجییەکە دەکرێ بە هێواشی و ڕوون بە دەنگێگی بەرز دەرببڕدرێت، لەگەڵ ئاوازەیەکی هەندێك بەرز، هەرچی یەکە پەراوێزییەکانە بە خێرایی گۆ دەکرێ، لەگەڵ نزمی لە تۆنی دەنگەکە و ناڕوونتر لە چەقی ئاخاوتنەکە، گۆکردنی (قوتابییە یەکەمەکانی پۆلی دوازدەی سەر ئاستی هەرێم)دەربڕینێکی پەراوێزییە، لەبەرئەوەی ئەو زانیارییانە بیستراون، بۆیە بە تۆنێکی نزم دەردەبڕدرێن، (خەڵاتیان پێ درا) چەقی ئاخاوتنەکەیە، بۆیە بە دەنگێکی بەرز دەردەبڕدرێت، بەمجۆرە هەموو بەشەکانی ئاخاوتنەکە بە گوێرەی مەبەستی ئاخێوەرەکە بەر بەرزی و نزمی تۆن دەکەون لە ئاخاوتندا[4]، پەرەگرافی فۆنۆلۆجیش بەهەمان شێوەیە، لەبابەتی(چەمکی ئامراز و شەپۆڵ لە ڕوانگەی تیۆری چێوەڕێژەکاندا) چۆنییەتی دیاریکردنی چەقی هەر یەکەیەکی زمانی و بەشەکانیتر(پەراوێزی) لەژێر ڕۆشنایی چەمکی(شەپۆڵ) بەنمونەوە باسیان لێوەدەکرێت.

"پایك" لە بابەتی (پرسیار و وەڵامدانەوە)بەم جۆرە باس لە کاریگەری یەکە دەنگییەکان دەکات، بۆنمونە لەو گوتنانەی پرسیاریان تیایە بۆ دەسکەوتنی زانیاری لەوانەیە لە دەربڕینەکە هەست بە دڵەڕاوکێ و خێرایی لە دەربڕین بکرێ، وەك ئەوەی (باوکێك پرسیار لەچۆنییەتی حاڵی کوڕە نەخۆشەکەی لە دکتۆر بکات)، ئەم جۆرەی دەبڕین جۆرێك لە پێداگری و پەلەیی تێدا بەدی دەکرێت.(Headland:1990:15).

ئاوازە لای "پایك" سێ جۆرە(بەرز، ناوەند، نزم)، ئاوازە لەسەر ئاستی یەکەی فەرهەنگی کارناکات، بەڵکو مامەڵە لەگەڵ یەکەی بەرزتر دەکات بەجۆرێك کاریگەرییەکەی لەسەر هەریەك لە (وشە، ڕستە، فرێز و پاڕستەکان) بە گشتی دەردەکەوێ، بە جۆرێك کە هەڵوێستی قسەکەر لەو ئاخاوتنە

---

[3] - بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هێزی وشە لە ڕستەدا، بڕوانە:(Crystal:2003:70).

[4] -کۆمەڵەی ئاوازە چەند وشەیەکە بە پێی پێڕەوی ڕێزمانی لێکدراون، زنجیرەیەکی قسە دەنوێنن، کە ئەم قسەیەش بەشێوەیەکی ئاسایی هۆنراوەتە بەرهەم، بەهیچ جۆرە گۆڕان و وەستانێك نەشڵەژاوە. وشەی فرە بڕگەش کۆمەڵەی ئاوازەیەك پێك دەهێنێ و هەر کۆمەڵەیەکی ئاوازە بەلای کەمی بەیەك لوتکەی دەرکەوتن دەستنیشان دەکرێ، بەشێوەی جوڵانەوەی بڕگەی هێزدار(ڕەحمان ئیسماعیل1998:115).

دەردەخات، بۆنمونە ئەگەر بە هێواشی و بە تۆنێکی نزم بڵێین: (ئەو بیری سەرقاڵە)، بە هێز خستنە سەر وشەی (بیر)، ئەوا گوێگر چاوەڕوانی ئەوە دەکات شتێك دەربارەی (بیر)ی ئەو کەسە دەربېڕێت.

### 2-5-1.هەڕەمی ڕێزمانیGrammatical Hierarchy:

ڕێکخستنی زنجیرەیی لە تیۆری چێوەڕێژەکاندا بوار بە زمانەوانان دەدات بۆ شیکردنەوەی ڕۆنانی ڕستە و تێگەیشتن لە چۆنییەتی ڕیزبوون و پەیوەندیی یەکە زمانییەکان لەو ڕۆنانانەدا بۆ گەیاندنی واتا، (یەکە زمانییەکان/تاگمیمەکان) لە ڕێگەی (تاگماکان) لە ڕۆنانە ڕێزمانییەکاندا دەنوێنرێن، کە بریتییە لە بەکارهێنانی (یەکە فەرهەنگییەکان)بۆ پێکهێنانی یەکەی ڕێزمانی جۆراوجۆر، کە بە (هەڕەمی ڕێزمانی) ناودەبرێن و لە تیۆرە ڕێزمانییەکانیتری شیکردنەوەی زمان بەرزترین ئاست لە: زنجیرەی ڕێزمانی، بریتییە لە ئاستی سینتاکسی، کە مامەڵە لەگەڵ ڕیزبوونی وشەو مۆرفیمەکان دەکات بۆ پێکهێنانی فرێز و لاڕستە و ڕستەکان، "هالیدای" لە کتێبی (An Introduction to Functional Grammar) ئەم پێنج یەکەیە لە ڕێزمان دیاریدەکات(مۆرفیم، وشە، فرێز، کلۆز، ڕستە)(Halliday:2004:290)، لە شیکردنەوەی ڕێزمانی دەقدا جگە لەم پێنج یەکەیە یەکەیتریش دیاری کراون، "پایك" لە کتێبی(Grammatical Analysis)ئەم یەکانە لە زنجیرەی ڕێزمانی دیاری دەکات(Pike and Pike1982:25):

-گفتوگۆ:

بریتییە لە یەکە کارلێکە ئاخاوتەییەکانی نێوان دوو یان زیاتر لە دوو ئاخێوەر لە ڕووی درێژی ماوە و ژمارەی یەکە گۆڕکێیەکان(دیالۆگەکان)ی سنووردارنەکراوە.

-ئاڵوگۆڕ/Exchange:

بەکارهێنانی بچووکترین یەکە لە ئاخاوتنی کارلێکە کۆمەڵایەتییە زارەکییەکان(بەرکەوتە ئاخاوتەییەکان)، بریتی دەبێت لەیەك ئاخاوتن لەکەسێکەوە لەپاڵ دووبارەبوونەوەی بەرکەوتەکان لەلایەن کەسێکیترەوە.(لە بەشی سێیەم بەنمونەوە باس لە یەکەی ئاڵوگۆڕ دەکرێت).

-مۆنۆلۆگ:

پەرەپێدانی بابەتێك یان چەند بابەتێك لەلایەن تاکەکەسێکەوە.

-پەرەگراف یان ڕستەی ئاڵۆز

گوزارشتێکە دەربارەی کەمترین یەکە لە هەموو بابەتێکی گەشەسەندوودا.

-ڕستەی ئاڵۆز

زنجیرەی ڕستەکان بەهۆی چاڵ و ڕۆڵ و پۆل و ئامرازەکانی دەقبەستییەوە گرێدەدرێن ، هەر پەرەگرافێك یان هێڵێکی ناو پەرەگرافەکە وابەستەی کرۆك(ناوك)یان پەراوێزی پەرەگرافەکە دەبن.

-ڕستە:

پاڕستەی سەربەخۆ، یان هەر یەکەیەکی پێشنیارکراو، پاڕستەیەك بە پاڕستەیەکیتر دەبەستێتەوە، یان بریتی دەبێت لە کورتە وەڵامێك یان ئاماژەیەکی سەرسوڕمان، سڵاوکردنێك، یان هەر شتێکیتر.

-کلۆز:

لاڕستە پێکهاتەیەکی سەربەخۆیە وەکو دەستپێکی ئاخاوتن و هاوکات وەکو ڕستەیەکیش دەردەکەوێت.

-فرێز:

زاراوەیەکە گوزارشت لە زنجیرەیەك وشەی پێشبینی نەکراو، لەگەڵ وشەیەکی ناوکی دەکات.

-وشە:

یەکەیەکی بچووکی پێوانەییە لە پێگەی وەڵامدا لە هەر گفتوگۆیەکی ئاسایی ڕۆژانە، یان یەکەیەك ڕێککەوتنی هەبێ لەگەڵ یەکەیەکیتر لە پێگەی ئەرکی ڕێژەییدا، یان وشەی سەرسوڕمان و پێشوازی.

-هێشووە مۆرفیم:

بریتییە لە بچووکترین یەکەی ڕێزمانی (لە زیاتر لە مۆرفیمێك پێکدێت).

-مۆرفیم:

بچووکترین یەکەی فەرهەنگییە، نزمترین یەکەی پرکەرەوەی ڕێزمانییە، کە پارچەی ناڕێزمانی لەخۆ دەگرێت و لە چێوەڕێژکردندا وەك (تاگمیم)مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

"پایك" لەو بڕوایە دایە دەکرێ ئەو یەکە زمانییانەی یان ئەو ئاستانەی هەرەمی ڕێزمانی بنیات دەنێن، کە لە بچووکترین (مۆرفیم)ەوە دەستپێدەکات تا گەورەترین یەکە، کە (گفتوگۆ)یە، بە جووت گروپ بکرێن، کە هەردوانیان دەتوانن هەمان مانا دابینبکەن. بۆ نمونە دیالۆگ ئاماژەیە بۆ جۆرێک لە کارلێکی کۆمەڵایەتی و گفتوگۆکەش بە هەمان شێوە. بەو پێیەی هەردووکیان هەمان مانایان هەیە، کە 'کارلێکی کۆمەڵایەتی'یە و دەتوانرێت پێکەوە گروپ بکرێن و ئاستە ڕێزمانییە جووتەکان لەگەڵ ماناکانیان لە خشتەیەکدا دەخاتە ڕوو:

**خشتەی 1-1** یەکەکانی هەرەمی ڕێزمانی

| Meaning | Minimum Unit | Expanded Unit |
|---|---|---|
| Social Interaction | Exchange | Conversation |
| Theme–Development | Paragraph/ Sentence Cluster | Monolog |
| Proposition | Clause | Sentence |
| Term | Word | Phrase |
| Lexical Package | Morpheme | Morpheme Cluster |

(بڕوانە: Pike and Pike:1982:27)

Expanded Unit: یەکەی فراوانکراو

Conversation: گفتوگۆ

Monolog: مۆنۆلۆگ/گفتوگۆی تاك لایەنانە

Sentence: ڕستە

Phrase: فرێز

Morpheme Cluster: هێشووە مۆرفیم

بچووکترین یەکە

Exchange: دیالۆگ

Paragraph/ Sentence Cluster: پەرەگراف/هێشووە ڕستە

Clause: کلۆز

Word: وشە

Morpheme: مۆرفیم

واتا

Social Interaction: بەریەککەوتنی کۆمەڵایەتی

Theme-Development: بابەت-گەشەسەندن

Proposition: باس/ ڕەوش

Term: زاراوە

Lexical Package: پێچراوی فەرهەنگی

ئەو یەکانەی ئاستی ڕێزمانی بەیەکەوە بەشدار دەبن لە دروستکردنی پێکهاتە زمانییەکان، لە هەردوو ئاستی پێکهێن و ئاستی پێکهاتەدا لە بەشی دووەم، کە تایبەتە بە شیکاری(ڕستە) و جۆرەکانی ڕستە باسییان لێوە دەکرێت و نمونەی شیکاری بۆ هەریەکەیان دەهێنرێتەوە بە پشت بەستن بە نمونە شیکارییەکانی "پایك"، لە بەشی سێیەمیش باس لە بونیادی ڕێزمانی هەریەك لە (هێشووە ڕستە(پەرەگراف)، مۆنۆلۆگ، دیالۆگ و گفتوگۆ)دەکرێت و شیکردنەوە بۆ ڕۆنانی ڕێزمانی و سەرچاوەیی بۆ چەند نمونەیەك لەو یەکە زمانییانە دەکرێت لە چوارچێوەی تیۆری چێوەڕێژەکاندا.

## 1-5-3.هەڕەمی سەرچاوەیی/ئاماژەیی Referential Hierarchy:

تیۆری چێوەڕێژەکان جەخت لەسەر بوونی هەڕەمی ئاماژەیی لە ڕیزبوونی یەکە زمانییەکان دەکاتەوە بەتایبەت لە ڕستە و یەکەی گەورەتر لە ڕستە، هەر لە ڕوانگەی ئەو بۆچوونەوە پەیوەندییە واتاییەکانی نێوان یەکە زمانییەکان شیدەکاتەوە و ئەوە دەخاتەڕوو، کە چۆن یەکە پێکهێنەکانی ڕستەیەك پەیوەندییەکی پتەوی واتایی لەنێوانیاندا بوونی هەیە، بەجۆرێك دواتر ئەو ڕستەیە وەك یەکەیەکی یەکگرتوو لە ڕووی واتاوە بەشداردەبێت لەگەڵ یەکەکانیتری (هەڕەمی ڕێزمانی) یەکە زمانییەکاندا(Headland:1990:8)، تیۆری چێوەڕێژەکان بەجۆرێك گرنگی بە واتا دەدات، کە ڕێزمان دەکاتە هۆکارێك بۆ گەیشتن بە واتا، بۆنمونە ئەگەر سەیری ئەم ڕستەیەی خوارەوە بکەین:

-منداڵەکە لە باخچەکەدا یاری بە تۆپ دەکات.

دەبینین پەیوەندییەکی پتەو هەیە لە ڕووی واتاوە لەنێوان هەریەك لە (منداڵ) وەك بکەری ڕستەکە، کە کردەی (یاریکردن) ئەنجام دەدات، لەگەڵ (باخچە)وەك شوێنی یاریکردن و (تۆپ) وەك ئەو ئامرازەی یاری پێدەکات، کە ڕۆڵی هەریەك لەو پێکهاتە زمانییانە و پەیوەندیی و گونجانیان لەگەڵ یەکەکانیتری ناو ڕستەکە دیاری دەکات، ئەمە جگە لەو واتا زیادانەی پەیوەستن بەو دەوروبەرەی ڕیزبوونە واتاییەکە تیایدا دەردەکەوێت، (هەڕەمی واتایی، بەجۆرێك مامەڵە لەگەڵ ئەو گوتنانە دەکات، کە دەربارەی ڕووداوەکان دەگوترێن، بەوەی سەربەخۆترن لە ناوهێنانی ناوی شتێك، ناوهێنانی ناوی(سقرات) لە هەڕەمی واتاییدا لە ئاستێکی نزمتر مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ وەك لە کردەی(خواردنەوە) لە ڕستەیەکی وەك:

- (سوقرات) خواردنەوەکەی تاوەکو مردن خواردەوە.

وەك ئەوەی ڕوونە لە ئاستێکی بەرزتر مامەڵە لەگەڵ ڕووداو دەکرێت وەك لەو ڕەگەزانەی لە ڕووداوەکە بەشدارن و لە دەوروبەردا ئاماژەیان پێدەکرێت)( Pike:1982:98).

"پایك" بەستنەوەی ڕیزبوونە واتاییەکان بە تیۆری چێوەرێژەکان لە ڕێگەی هەر چوار یەکەی چێوەرێژی بەم شێوەیەی خوارەوە دەردەبڕێت:

| | |
|---|---|
| چی ڕوویداوە؟ | لە کوێ ڕوویداوە؟ |
| چۆن ڕوویداوە؟ | بۆچی ڕوویداوە؟ |

**3-1** چوار بنەماکەی چێوەی سەرچاوەیی

بە بڕوای "پایك" زنجیرەی واتایی ئاڵۆزترینە لە هەر سێ جۆرەکەی ڕیزبەندی و پەیوەستە بەوەی هەر ئاخاوتنێك ئاماژە بە چی دەکات؟ گرنگترین ئەو یەکانەی هەر ڕۆنانێکی واتایی لێی پێکدیت بریتییە لە:

1- کارلێك لە کردەی ئاخاوتەییدا

2-تۆڕێك لە ڕووداو، کە لە چیرۆکێك یان وەسفکردن یان ڕێنمایی دەبینرێت.

3-ئامانج یان ڕوونکردنەوەیەك، کە لە ئەزموونێکی داینامیکی یان وەسفکردنێکی جێگیردا دەبینرێت.

4-بەشداربوو، ڕەگەزەکان، ڕێکخستنەکان، یان تێکەڵەیەک لەوانە.

هەر یەکەیەکی واتایی لە تیۆری چێوەرێژەکاندا پەیوەستە بە چوار خانەی بەشداربوو لە پێکهاتە ڕێزمانییەکەدا، کە بنەماکانی چێوەی تاگمیمەکە پێی ناسراون و "پایك" بەمجۆرە دیاری کردوون:

**پۆل-Class:** بریتییە لە (چی) و (چۆن)، بەتایبەت، فۆرمی کردار، یان کەسێکی دیاریکراو، یان ئەو کارەی ئەنجامی دەدات؟

**پێگە-چاڵ-Slot:** بریتییە لە شوێنی ڕەگەزی تاگمیم لە ناو شەپۆڵەکە، مەبەست لێی ئایا ئەو یەکەیە یەکەیەکی کرۆکییە یان پەراوێزییە، واتە لە دەق و ڕستەدا چ چاڵێك پڕدەکاتەوە.

**ڕۆڵ-Role:** بۆچی و چۆن ئەو ڕووداوە ڕوویداوە مەبەست لە ڕوودانی چییە، ڕۆڵی بکەر چییە لەو کردارە.

**دەقبەستی-Cohesion:** چۆن ئەو بابەتە لەگەڵ ئەوانیتر پەیوەندیی دەبەستێ و چۆن کاریان تێدەکات و کاری تێدەکرێت:

| | |
|---|---|
| Slot: **Where** is item on the including Wave?<br><br>شوێن(پێگە): **شوێنی** ئایتمەکە لە ناو شەپۆڵەکەدا(ناوەکییە یان پەراوێزییە). | Class (es): **Who** or **What**, specifically, is the form of the action; or the specific individual or thing performing it?<br><br>پۆل(ەکان): **کێ و چی؟** بەتایبەت بریتییە لە شێوەی کردەیەک، یان کەسێکی تایبەت یان شتێک، کە ئەنجامی دەدات. |
| Role: **Why** is the action performed to do what, with what purpose? Or what is the **role identity** of the actor or item?<br><br>رۆڵ: بۆچی ئەو چالاکییە ئەنجامدرا، بۆ چ مەبەستێک؟ یان ناسنامەی رۆڵی ئەکتەر یان رەگەزەکە چییە؟ | Cohesion: **How** does this item **relate to** others within the system; how dose it govern or how is it governed by them?<br><br>دەقبەستی: پەیوەندی و پەیوەستبوونی ئەو ئایتمە بەوانیترەوە لە ناو سیستەمەکەدا، ئەو چۆن حوکمی ئەوانیتر دەکات و ئەوانیتر چۆن حوکمی دەکەن؟ |

**4-1** چوار بنەماکەی چێوەی سەرچاوەیی لە ڕوانگەی" تیۆری چێوەڕێژەکان"ەوە

خانەی پۆل وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە کە چی ڕوودەدات، و کێ یان چی بەشدارە لەو ڕووداوانەدا. بە واتایەکیتر خانەی پۆل لە ڕێگا و شێوازە جیاوازەکانی قسەکردن لەسەر چەمکێک پێکدێت؛ یان دەربڕینە جیاوازەکانی واتایی کە بۆ هەمان چەمك بەکاردەهێنرێن.

خانەی شوێن شوێنی ڕووداو یان دەستنیشانکردنی ئەم ڕووداوانە لە ڕووی کات و شوێنەوە دیاریدەکات و دیاربوونیان بە بەراورد بە پێکهاتە یان ڕووداوەکانی دیکە لە تەواوی پێکهاتەکەدا نیشاندەدات. تایبەتمەندی ڕۆڵ لە یەکەی تاگمیم ئەوە ڕووندەکاتەوە کە بۆچی ئەو ڕووداوانە یان کردارانە ڕوویانداوە. لە کۆتاییدا، تایبەتمەندی دەقبەستی ئەوە نیشاندەدات، کە چۆن دەتوانرێت لە تاگمیم تێبگەین؟ وەک بەشێک لە گشت، بەجۆرێك کە ناتوانرێت لە دەقی گشتی جیاببێتەوە، دەقبەستی دەکرێت لە ڕێگەی وێناکردنی جیهانێکی دیاریکراوی دەق بێتە دی. ( Pike and Pike:1982:233).

**6-1**.ڕۆنانی ڕێزمانی و پێرەوی گێرانەوە:

"پایك" وایدەبینێت ڕۆنانی ئاماژەیی/سەرچاوەیی[5] پێڕەوی ڕووداو دەخاتە ڕوو، کەچی ڕۆنانی ڕێزمانی پێڕەوی گێڕانەوەکە دەخاتە ڕوو و بەم جۆرە گوزارشتیان لێدەکات، "پایك" بەم جۆرە باس لە پێکهێنی واتایی دەکات: هەر ڕووداوێك دەکرێ لە ڕێگەی چەند گوزارشتێکی جیای زمانییەوە وێنابکرێت و دەربېردرێت، ئەو واتایەی دەربارەی ڕووداوەکان گوزارشتی لێدەکرێت بە چەمك ناودەبرێت، ڕێگا جیاوازەکانی گوزارشتکردن لەو چەمك بە دووبارە دارِشتنەوە/پارافرەیز ناو دەبرێت، هەر چەمکێکیش لەگەڵ دووبارە دارِشتنەوە بە بەیەکێك لە ڕیزبوونە واتاییەکان دادەنرێ و هەر یەکەیەکی فەرهەنگی چەند واتایەکی جیا لەخۆ دەگرێ، کە هەر یەکەیان ئەندامێك دەبێ لە دووبارە دارِشتنەوەی گوتنەکان، بۆنمونە (مۆرفیم) لەگەڵ هەر یەکەیەك لە و ڕیزبوونانە یەکەیەکی واتایی ئیمیکیی دەنوێنێ و هەمان مۆرفیم بەواتای جیاواز و دووبارە دارِشتنەوەی جیاواز بۆ یەکەیەکی واتایی جیاواز دەگەڕێتەوە (Pike:1982:96).

نمونەی یەکەم:

-دەریا گەڕایەوە ماڵەوە و دواتر نانی ئێوارەی خوارد.

-دەریا نانی ئێوارەی خوارد دوای ئەوەی گەڕایەوە ماڵەوە.

نمونەی دووەم:

- درەنگانی شەوی ڕابردوو تانکەرێکی سووتەمەنی وەرگەڕا، بەهۆی وەرگەڕانەکە ئاگری گرت و ئەو شوفێرەی، کە لەناو تانکەرەکەدابوو، سووتا و گیانی لەدەستدا.

- بەهۆی وەرگەڕانی تانکەرێك ئاگرێکی گەورە کەوتەوە و تانکەرەکە بە تەواوی سووتا و شوفێری تانکەرەکە گیانی لەدەست دا.

- شەوی ڕابردوو بەهۆی باران بارینەوە لە ڕێی جەدیدە تانکەرێك وەرگەڕا، کە سووتەمەنی بارکردبوو، ڕووداوەکە بووە هۆی سووتان و گیانلەدەستدانی شوفێرەکە.

لەهەردوو نمونەکەدا تێبینیی ئەوە دەکەین ڕۆنانی واتایی گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، ئەوەی گۆڕاوە پێڕەوی ڕێزمانی(پێڕەوی گێڕانەوە)کەیە، بەچەند جۆرێك دارِێژراوە.


لە پێڕەوی گێڕانەوەدا پێکهاتە ڕێزمانییەکان لە ڕۆنانێکی ئەندازەیی ڕیز دەبن بەجۆرێك ڕستەی سەرەکی پێش ڕستەی پاشکۆ دەکەوێت، بەڵام پێڕەوی ڕووداو، کە پەیوەستە بە زنجیرەی

---


12-"پایك"، بۆ ئاماژەکردن بە پێڕەوەی چەمك و ڕووداو و وێناکردنەکان زاراوەی(The Referential Structure)، بەکاردێنێت، ئەمەش یەکەیەکی فراوانترە لە یەکەی واتایی (Semantic Unit).

واتاییەوە، ئاماژە بە ڕیزبەندی کاتی لە ڕووداودا دەکات بە لەبەرچاوگرتنی پێڕەوی گێڕانەوەکە، جیاوازییەکیتر لە نێوان هەردوو پێڕەوەکەدا بریتییە لە پەیوەندییە واتاییەکانی نێوان یەکە پێکهێنەکانی هەریەك لە زنجیرەی ڕێزمانی و زنجیرەی واتایی، (پەیوەندیی یەکە ڕێزمانییەکان (پەیوەندیی گشتیی)یە، لە کاتێکدا پەیوەندیی یەکەکانی زنجیرەی واتایی پەیوەستە بەو دەوروبەرە نازمانییەی دەوری یەکەکان دەدات، بۆنمونە لە هاوکێشەیەکی بیرکاری وەك:

نۆ+چوار=یەك




$9+4=13$




$9+4=1$

**(2-1) کاریگەری پێڕەوی گێڕانەوە لەسەر واتای سەرچاوەیی لە دەقدا**

ئەو هاوکێشەیە لە ڕووی ڕێزمانییەوە قبوڵکراوە، بەڵام لە ڕووی واتاییەوە پەسەند نییە، چونکە لە یاسا بیرکارییەکان لایداوە، بەمەرجێك پەسەندکراو دەبێ، ئەگەر ئاخێوەر ئاماژە بۆ کاتژمێر بکات لەکاتی ئاخاوتنەکەیدا(Shehdeh1988:82) .(ئەم بابەتە لە بەشی سێیەم بە نمونەی زیاتر ڕونکردنەوەی لەبارەوە دەدرێت).

### 7-1.دەروازەی فەرهەنگی و دەروازەی ئینسایکلۆپیدی:

بە بڕوای "پایك" جیاوازییەکی گرنگ هەیە لەنێوان هەریەك لە یەکەی ئاماژەیی و یەکەی ڕێزمانیدا، بەم جۆرە باسییان لێوە دەکات، لە گوزەری دەروازە دەستەی یەکە واتاییە تایبەتەکان، کە

بریتیین لە (شت  یان ڕووداو یان کەس...) کاتێك بە دەروازەی فەرهەنگیدا تیدەپەڕن و گەنجینە دەکرێن لە دەروازەی ئینسایکلۆپیدیا بە ڕەگەزی تایبەت لە کات و شوێنی تایبەت یان ڕێککەوت یان بەشێك لە گێڕانەوە دادەنرێن(Harris: 1990:25).

ئەو یەکانە واتا فەرهەنگییەکەیان لەدەست دەدەن و دەبن بە بەشێك لە سیستەمە بەکارهاتووەکە ئەگەر هاتوو لەچوارچێوەی ئاخاوتندا مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، کە "پایك" بە پێڕەوی ئینسایکلۆپیدی ناوی دەبات و دەڵێت: (پێویستە یەکەی فەرهەنگی "سوقڕات" وەکو ناو هەمان ناو بمێنێتەوە لەهەموو حاڵەتەکان، بەڵام لەهەمان کاتدا لەبەرئەوەی یەکەیەکی واتایی دەنوێنێت، ئەوا لەتوانایدا هەیە دووبارە دابڕێژرێتەوە بە بێ لەدەستدانی ناسنامە فەرهەنگییەکەی، هەرچەندە ئەگەر وەك ناویش نەمێنیتەوە، هەر بەو جۆرە دەکرێ بوترێ، (ئەو پیاوەی، کە ئەفلاتون دەربارەی ئەو نووسیویەتی)، یان (ئەو مامۆستایەی ئەفلاتون، کە ناچاربوو ژەهر بخواتەوە)، یان (سوقراتی مەزن)، لەگەڵ ئەوەش گوێگر یان خوێنەر وەریناگرێت و پێی ڕازی نابێت، تەنیا ئەگەر دەوروبەرەکە وابخوازێت یان ڕێگە بە بەشداربوان(ئاخێوەر و گوێگر)بدرێت بە گفتوگۆکردن بەوەی ئەو کەسەی ئاخاوتنەکەی لەبارەوە ئەنجام دەدەن هەمان ئەو کەسەیە، کە مەبەستییانە.

ئەو بڕیارەی ئەوان دەبارەی ناوهێنانەکە دەیدەن بڕیارێکی (ئیمیکی)یە دەربارەی ناسنامەکە، نەوەکو بڕیاری کەسێکی دەرەوەی گفتوگۆکە بکرێت بە پێوەر بۆ پێناسەکردنی واتای یەکە فەرهەنگییەکە، کەواتە پێوەری گونجاو بۆ دیاریکردنی ڕاستترین ناوهێنان پەیوەستە بەو زانیارییە پێشینەو هاوبەشەی لەنێوان بەشداربوانی ئاخاوتنەکە بوونی هەیە(Pike:1982:99).

## 8-1.کۆتبەندی واتایی لەڕیزبوونی یەکە زمانییەکاندا(دیاریکردنی یەکە زمانییەکان لە ڕوانگەی دەوروبەرەوە):

هیچ یەکەیەکی سەرچاوەیی بەبێ دەرکەوتە فیزیکییەکەی هەستی پێناکرێت، و مەبەستەکەی ناپێکێت، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە واتا و فۆڕم بەیەکەوە بەستراون، "پایك" بەمجۆرە باس لە دەوروبەر دەکات لە ڕوانگەی فۆڕم و واتاوە(هەر یەکەیەکی زمانی خاوەنی فۆرم و واتایە. فۆرم

بریتییە لە دەرکەوتنی زمانەوانی یەکەکە و ڕێکخستن یان ڕوودانی یەک لە دوای یەک لە پێوەندی لەگەڵ یەکەکانیتری ناو زمانەکەدا. لە بەرامبەردا واتا کاریگەری ئەو فۆرمەیە لەسەر ڕەفتاری بیسەر یان...وەرگر. ئەم پەیوەندییەی نێوان فۆرم و واتا پێی دەوترێت "پێکهاتەی فۆرم-واتا .(Shedeh:1988:212)

دەوروبەر لە تاگمیمی چوار خانەیدا بە ڕوونی تێبینی دەکرێت. پێگە ئەرکییەکە باس لە ڕوودانی فۆرمەکە دەکەن لە پەیوەندی لەگەڵ فۆرمەکانیتردا، واتە دەوروبەری دەقەکە، خانەی (پۆل)یش ئەوە پیشان دەدات کە چ کاتیگۆرییەك دەتوانێت ئەو دەوروبەرە پڕ بکاتەوە، لە هەمان کاتدا واتای فۆرم یان واتای ڕۆنانی لە خانەی ڕۆڵدا نیشان دەدرێت. خانەکانی (پێگە و پۆل) تایبەتمەندییەکانی پێکهاتەکە دابیندەکەن لە کاتێکدا خانەکانی (ڕۆڵ و دەقبەستی)، واتا و شێوازی پەیوەندیکردنی بە بەشەکانی دیکەی تەواوی پێکهاتەکەوە دیاری دەکەن، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە، چەمکی جیهانی دەق پەیوەستە بە لێکدانەوەی چەمکی دەوروبەر لەبەرئەوەی ئاخاوتن لە بۆشایی کەلتوری ڕوونادات، بەڵکو بەستراوەتەوە بە کات و شوێن و هەڵوێستی دیاریکراوەوە (Pike and Pike:1982:461).

چەمکی دەوروبەر لە دوو بواردا خۆی دەبینێتەوە: (دەوروبەری زمانی و دەورووربەری نازمانی)، دەوروبەری زمانی پەیوەستە بە پەیوەندیی و پەیوەستبوونی یەکەکانی زمان، کاتێك بەشداردەبن لە پێڕەوێکی گەورەتر، لەسەر بنەمای پەیوەندیی یەکەیەك بە یەکەیەکیتر لەو ڕۆنانەدا. هەرچەندە پەیوەندییەکی بەتین لەنێوان هەردوو زنجیرەدا هەیە و زۆر لە تایبەتمەندیی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازن .

"پایك" ئاماژە بەوە دەکات، کە هەر یەکەیەکی فەرهەنگی لە ڕێگەی ڕێزمان و دەنگسازی و واتاوە لە چالاکی زمانیدا بەشداردەبێت، کە بە کێڵگە ناوی دەبات، ڕێزمان واتای ئەرکی یەکەکان دیاری دەکات، فۆنۆلۆجیش تایبەتە بە کاریگەری دەنگی لە ئاخاوتن و واتاش تایبەتە بە واتای فەرهەنگی یەکەکان، هەر سێ زنجیرەی ئاستەکان بەیەکەوە و بە یەکگرتوویی بەشداردەبن لە ئاخاوتندا، "پایك" نمونە بەوە دەهێنێتەوە، کە ئەگەر ڕستەیەکی وەك:

-سوقرات دوای ئەوەی ژەهری خواردەوە مرد.

ئەگەر ئەو ڕستەیە پارچە بکەین بۆ تاکە دەنگ و بڕگە و ئاوازە، چی دەمێنێتەوە؟ هیچ شتێك نامێنێتەوە، ئەگەر هەمان ڕستە پارچە بکەین بۆ پێکهاتەی سەربەخۆ و ناسەربەخۆ بەهەمان شێوە هیچ نامێنێتەوە، ئەگەر هەمان ڕستە کورت بکەینەوە بۆ ئەو ڕووداوەی ڕستەکە لەخۆی دەگرێ هەم دیسان

هیچ نامێنیتەوە، پەیوەندیی نێوان زنجیرەی ڕێزمانی و واتایی کاتێك ڕوون دەبێتەوە، کە هەموو دەرکەوتنێکی یەکەی واتایی لە فۆڕمی ڕێزمانیدا بنوێنرێت و هەر فۆڕمێکی ڕێزمانیش پەیوەستە بێت بە کۆتبەندی واتایی لە دەرکەوتنیدا، کە ئەویش (پەیوەستە بەو دەوروبەرەی دەوری یەکەکانی هەرسێ زنجیرەی فۆنۆلۆجی و ڕێزمانی و واتای داوە(Pike:1981:36)

هەر ڕستەیەك ڕۆنانێکی ڕێزمانی پەیوەست بە کۆتبەندی واتایی دەبێت و واتای مەبەستدار لەهەر یەکەیەکی زمانی، کە لە ئەنجامی یەکگرتنی هەرسێ ئاستی ڕێزمان و فۆنۆلۆجی و واتاوە هاتۆتەکایە، تەنیا لەڕێگەی ئەو دەوروبەرەوە دیاریدەکرێت، کە دەوری ئەو یەکانەی داوە (حازم کمال الدین2002:33)، بۆنمونە لە ڕستەیەکی وەك:

-خوشکەکەم دڵخۆشە.

ئەو ڕستەیەی سەرەوە دوو واتا دەدات:

-خوشکی ئەو دڵی خۆشە(ئاسودە)یە.

-خوشکی ئەو ناوی (دڵخۆش)ە.

بەهەمان شێوە بۆ هەموو ئەو وشە و دەستەواژانەی زیاتر لە واتایەك دەدەن بە دەستەوە، و واتایان ڕوون نابێتەوە تەنیا لە دەوروبەر نەبێت، لە بابەتی(سیاق و چێوە)دا لەبەشی سێیەم نمونەی زیاتر ڕوندەکرێتەوە.

## 1-9.چەمکی (ئامراز-Particle، شەپۆڵ-Wave و کێڵگە-Field) لە ڕوانگەی "تیۆری چێوەڕێژەکان"ەوە:

لە بابەتی هەرەمی یەکە زمانییەکاندا باس لە هەریەك لە(هەرەمی ڕێزمانی، هەرەمی فۆنۆلۆجی و هەرەمی سەرچاوەیی)کرا، ئەگەر هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی یەکە زمانییەکان، کە لە هەرەمی ڕێزمانیدان لە ژێر ڕۆشنایی بیرۆکەی (ئامراز، شەپۆڵ و کێڵگە)وە، لە خشتەیەکدا کۆبکەینەوە وەك لە خشتەی(1-2)دا دەردەکەوێت، ئەوا هەریەك لە (پێکهاتەی ڕێزمانی، پێکهاتەی سەرچاوەیی و پێکهاتەی فۆنۆلۆجی) سێ خانەی تایبەت بە یەکەکانی ئەو پێکهاتانە، و پێڕەوی دەرکەوتنیان بەم جۆرەی خوارەوە دەبێت:

1- ئامراز ئاماژە بە حاڵەتی جێگیریی زمان دەکات، کە بریتییە لە تایبەتمەندیی یەکەکانی زمان.

یەکەکان لە ڕوانگەی چەمکی ئامراز بەجۆرێك پێناسە دەکرێن، کە یەکەی زانراو و پێناسەکراوبن، واتە ئەو یەکانە زیاتر لە ڕوانگەی تایبەتمەندییەکانیانەوە دەناسرێن، باسکردنی ئەو یەکانە لە ڕوانگەی ئامرازەوە پشت بە ئەزموونی سروشتی ئاخێوەرەوە دەبەستێ .

2- شەپۆڵ ئاماژەیە بۆ یەکەکان لە حاڵەتی دەرکەوتنیاندا، شەپۆڵ ڕوانگەیەکی دینامیکییە بۆ زمان، کە تیایدا گۆڕاوەکان بەر سەریەککەوتن و بەیەکداچوون دەکەون، ئەو حاڵەتەی دەرکەوتنی یەکەکان بە گوێرەی ئەو دەوروبەرەی یەکەکەی تێدا دەردەکەوێت گۆڕانی بەسەردا دێت.

3- کێڵگە ئاماژە بە بوونی یەکەکانی زمان دەدات لە حاڵەتی دابەشبوونیاندا، ئەم تایبەتمەندییەی یەکەکانی زمان ڕوانگەیەکی پێڕەوی یان ئەرکی لەخۆ دەگرێت، کە تیایدا یەکەکان دەبن بە بەشێك لە کۆمەڵێکی بەرانبەری، و لە ڕوانگەی پەیوەندیی ستوونی بۆ یەکەکان لەگەڵ یەکەکانیتری هەمان پۆلدا لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت. (بڕوانە Cook: 1922:170).

## خشتەی 2-1 یەکەکانی زمان لە ڕوانگەی (ڕۆنانی سێ مۆدەڵی)

| وەسفی زمان<br>Language Description | | | |
|---|---|---|---|
| **SYSTEM**<br>Distribution Mode<br>Field-Systematic | **CONTRAST**<br>Feature Mode<br>Particle-Static | **VARIATION**<br>Manifestation Mode Wave-Dynamic | یەکەکانی زمان<br>ڕۆنانی سێ مۆدەڵی<br>Trimodally Structured |
| 3<br>**PHONEMIC SYSTEM**<br>Paradigmatic Matrix of Phonemes | 2<br>**PHONEME**<br>Emic units of sound<br>Differential function | 1<br>**ALLOPHONES**<br>Set of etic sounds<br>Phoneme variants | پێکهاتەی فۆنۆلۆجی<br>Phonological Component<br>(phonology) |
| 6<br>**MORPHEMIC SYSTEM**<br>Paradigmatic Matrix of Morphemes | 5<br>**MORPHEME**<br>Emic units of form<br>Referential function | 4<br>**ALLOMORPHS**<br>Set of etic forms<br>Morpheme variants | پێکهاتەی فەرهەنگی<br>Lexical Component<br>(Lexicon) |
| 9<br>**TAGMEMIC SYSTEM**<br>Paradigmatic Matrix of Tagmemes | 8<br>**TAGMEME**<br>Emic pattern units<br>Syntactic function | 7<br>**ALLOTAGMAS**<br>Set of etic patterns<br>Tagmeme variants | پێکهاتەی ڕێزمانی<br>Syntactic Component<br>(Grammar) |

ئەو سێ ڕوانگەیەی "پایك" بۆ یەکەکانی زمان بەرانبەر یەکتر ناوەستن، بەڵکو تایبەتمەندیی تەواوکەرییان هەیە، هەر یەکەیەك ئاماژەیە بۆ کۆبوونەوەی هەرسێ ڕوانگە لە یەك پێکهاتەدا، هیچ یەکەیەکیش بۆ سێ بەش دابەش نابێت، بەڵکو هەر یەکەیەك بەهۆی ئەو سێ تایبەتمەندییەوە یەکەیەکی تایبەت و بەشێك دەبێت لە کۆمەڵەیەکی بەرانبەری لە چوارچێوەی پۆلێنکردنێك یان بوارێکدا. لەناو ئەو بونیادە سێ لایەنییەی زماندا، هەریەك لە تایبەتمەندیی ئامراز و شەپۆل زیاتر بەیەکەوە بەستراون وەك لە بوار.

هەرچی تایبەتمەندیی (دەرکەوتن-Contrast و جیاوازی دەرکەوتن-Variation و دابەشبوون-Distribution)یشە لە ڕوانگەی(یەکەی ئیمیك، یەکەی ئیتیك و بیرۆکەی ماتریکس)، ئەوا بۆچوونی "پایك" بۆ یەکەکانی زمان بەم جۆرەیە:

**1-  ڕووکاری تایبەتمەندیی-Feature Mode:**

حاڵەتی تایبەتمەندیی بەوە پێناسە دەکرێت، کە لە هەمان کاتدا بریتییە لە (دەرکەوتن و بەرانبەری لە تایبەتمەندیی پێکهاتەکان)بەیەکەوە، ئەو تایبەتمەندییەی یەکە زمانییەکان لەگەڵ ڕوانگەی ئامراز یەکدەگرێتەوە بۆ یەکە ئیمیکییەکان لە چوارچێوەی تیۆری چێوەڕێژەکاندا.

2- **ڕووکاری دەرکەوتنی فیزیکی-Manifestation Mode**:

کە بریتییە لە جیاوازی دەرکەوتنی یەکە زمانییەکان و پەیوەندیی بە بیرۆکەی "ئیتیك" لە ڕوانگەی شەپۆلی لای "پایك"ەوە هەیە، ئەو جیاوازی دەرکەوتنە هەموو جۆرە دەرکەوتنێکی(مەرجدار و بێمەرج)ی یەکە زمانییەکان دەگرێتەوە، ئەم جۆرەی دەرکەوتنیش بریتییە لە جۆراوجۆری دەرکەوتە فیزیکییە نایەکسانەکان(Pike:1967:85).

3- **ڕووکاری دابەشکاری-Distribution Mode:**

بریتییە لە هاتنی یەکەیەك وەك ئەندامێك لە پۆلێکدا، بریتییە لە بەدوابیەکداهاتنی بەش و پارچەی ڕێکخراو بەشێوەی هەرەمی، یان ئەو خانانەی لە "ماتریکس"دان، کە لە ڕەهەندی یەکتربڕ پێکهاتوون، ئەو تایبەتمەندییەی یەکە زمانییەکان بەوە دەناسرێت، کە لە پێکهاتەی پەیوەستدار پێکدیت و دابەشبوون و بەدوابیەکداهاتنەکانی( پۆل، دەستە و ماتریکس) لەخۆ دەگرێت، لە خوارەوە، هەریەك لەو سێ چەمکە بە بەستنەوەیان بە بیرۆکەی(ئامراز، شەپۆڵ و بوار) بەنمونەوە باسیان لێوە دەکرێت:

**-چەمکی ئامراز:**

چەمکی ئامراز لە ڕوانگەی "پایك"ەوە بەمجۆرە ئاماژەی پێدراوە، هەر ئاخێوەرێك، کە "پایك" بە تێبینیکەر ناوی دەبات دەکرێ جیهان وا ببینێت، کە لە شت پێکهاتووە، ئەو شتانەش بە ئامراز دادەنرێن و یەکە زمانییەکانیش یەکێکن لەو ئامرازانە، هەموو وشە و مۆرفیم و دەستەواژە و ڕستەکان بریتین لە ئامراز و لە یەکەی بچووکتر لەخۆیان پێکهاتوون.

تێڕوانینی ئامرازی بۆ یەکە زمانییەکان، بۆچوونێکی ئیستاتیکی دەنوێنێت و ئەو بۆچوونەش ئامرازەکان لە خانەی ئاسۆیی و خانەی ستوونی دادەنێت، بۆ ڕونکردنەوەی تایبەتمەندیی هاوبەشی نێوان یەکەکان، بەگوێرەی ئەو تایبەتمەندییانەی یەکەکان پۆل دەکرێن، "پایك" نمونەی هەردوو دەنگی/پ/ و /ب/دێنێتەوە، تایبەتمەندیی هاوبەشی نێوانیان ئەوەیە لەکاتی درکاندنیان هەردوو لێوەکان بۆ یەکتردێنەوە و  دادەخرێن (Pike:1981:67)، ئەم پۆلکردنە بۆ وشەکانی زمانیش بەهەمان

شێوەیە، هەر کۆمەڵە وشەیەك، کە تایبەتمەندیی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە لەژێر ناونیشانێك پۆل دەکرێن.

**-بیرۆکەی شەپۆل:**

"پایك" بیرۆکەی شەپۆڵ لەسەر یەکەکانی زمان لە ڕێگەی بیرۆکەی بوونی چێوەیەکی ناوکی و چێوەیەك یان زیاتر لە چێوەیەکی پەراوێزی جێبەجێ دەکات، بۆنمونە لە ئاستی فۆنۆلۆجی هەر ڕستەیەك بە شەپۆڵێکی فۆنۆلۆجی دادەنرێت، کە پێکهاتەی سەرەتا و کۆتایی ڕستەکە بە پەراوێزی دادەنرێن و پێکهاتەی ناوەڕاست لە ڕۆنانی ڕستەکە بە چەقی شەپۆڵەکە دادەنرێت، وەك لە ڕستەی:

من نووسراوەکە دەبەم.

| | | |
|---|---|---|
| من | پەراوێزی بەرایی/ پێش پەراوێز | Premargin |
| دەبەم | پەراوێزی کۆتا/ پاش پەراوێز | Postmargin |
| نووسراوەکە | چەقی شەپۆڵەکە | Nucleus |

ئەوە سەبارەت بە ڕستەیەکی ئاسایی هەواڵ گەیاندنەوە. ئاواز لە ڕێزمان بەگشتی و تیۆری چێوەڕێژەکان بە تایبەتی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە دیاریکردنی چەقی شەپۆڵ لە پێکهاتە زمانییەکاندا، (بەتایبەتی بۆ هەندێ لە ئاوازەکانی (کەوت) و (هەڵس)، کە دەتوانرێ بگوترێ گرنگی ڕێزمانیان هەیە، چونکە ئاواز بەگشتی و ئەم دوو ئاوازەیە بە تایبەتی ئەرکی ناساندنی جۆرەکانی ئاخاوتن دەبینن، واتە دیاریکردنی ئەوەی، کە ئایا کردە قسەییەکە هەواڵە یان پرسیارە یان فەرمانە)(ڕەحمان ئیسماعیل133:1998)، ئەمەش نمونەیەکی باوی زۆربەی زمانەکانە، کە بە گۆڕینی ئاوازەی ڕستەیەك دەتوانرێ ڕستەیەك لە هەواڵ گەیاندنەوە بگۆڕدرێ بۆ پرسیاری لە ڕێگەی گۆڕینی ئاوازەکەی بۆ ئاوازەیەکی (بەرز-هەڵس)، کە ئەمەش ئەرکێکی ڕێزمانییە.

لە ئاستی ڕستەسازی دیاریکردنی چەقی شەپۆڵ و پێکهاتەی پەراوێزی پەیوەست نییە بەوەی کامە پێکهاتە سەرەکییە(بکەر، بەرکار، کردار)، و کامیان لاوەکییە(سەربارەکان)، بەڵکو پەیوەستە بەو پێکهاتەیەی بە تۆپیك دادەنرێت لە ڕستەکەدا، بۆنمونە لە ڕستەیەکی وەك:

**- پێشانگاکە بەیانی دەکرێتەوە.**

| | | |
|---|---|---|
| پێشانگاکە | پەراوێزی سەرەتا | Premargin |
| بەیانی | چەقی شەپۆڵەکە | Nucleus |

دەکرێتەوە	پەراوێزی کۆتا	Postmargin

لەو ڕستەی سەرەوە چەقی شەپۆڵ بریتییە لە وشەی(بەیانی)، بەڵام لە ڕستەیەکی وەك:

**-وێنەکیشی تابلۆکان لە پێشانگاکە ئامادەنەبوو.**

چەقی شەپۆڵ بریتییە لە (وێنەکێشی تابلۆکان)، هەریەك لە (لە پێشانگاکە) و (ئامادەنەبوو)، بریتیین لە چێوەی پەراوێزی ڕستەکە، ئەگەر هەر هەمان ڕستە بکرێت بە (لە پێشانگاکە وێنەکێشی تابلۆکان ئامادەنەبوو)ئەوا، پێکهاتەی شەپۆڵی ڕستەکە بەمجۆرە دەبێت:

لە پێشانگاکە	Postmargin

وێنەکێشی تابلۆکان	Nucleus

ئامادەنەبوو	Premargin

لەوانەیە لە پێکهاتەی شەپۆڵی ڕستەیەکدا تەنیا (چێوەی ناوکی) بوونی هەبێت بەتایبەت لەو جۆرانەی ڕستە کە کرتاندنیان تێدایە یان ئەو ڕستە کورتکراوانەی لە وەڵامی ڕستەیەکی پرسدا دێن، وەك :

**- کەی پێشانگاکە دەکرێتەوە؟**

**-وەڵام: بەیانی**

لە وەڵامی ڕستە پرسەکە (بەیانی) بە چەقی شەپۆڵەکە دادەنرێت، بەشە لادراوەکەی ڕستەکە(پێشانگاکە دەکرێتەوە) بە پەراوێزی شەپۆڵەکە دادەنرێت.

"پایك" لە دیاریکردنی چەقی شەپۆڵ و پەراوێزی بەرایی و پەراوێزی کۆتایی لە ڕستەدا پشت بە زانیاری هاوبەشی نێوان ئاخێوەران دەبەستێ نەك یاسای ڕیزبوونی ئەندازەیی ڕستە لەو زمانەدا، کەواتە کامە کەرەستە گرنگترە بەگوێرەی زانیاری ئاخێوەران و مەبەستی ئاخاوتنەکە ئەو دەبێتە چەقی شەپۆڵەکە، ئەمە جگە لەو دەوروبەرەی دەوری ئاخاوتنەکە دەدات(Shehdeh1988:98) ، بۆنمونە لە ڕستەیەکی وەك:

-براکەم بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی گەشتی دەرەوەی وڵات دەکات.

دیاریکردنی چەقی شەپۆڵ لەو ڕستەیەی سەرەوە بەم جۆرە دەبێت:

ئەگەر هەردوو ڕووداوەکە(بەشداریکردنی براکەی لە کۆنفرانسی نێو دەوڵەتی) و (گەشتی براکەی بۆ دەرەوەی وڵات) لەلایەن هەریەك لە ئاخێوەر و گوێگر یەکسان بوو ئەوا پێکهاتە

سەربەخۆکە/ڕستە سەرەکییەکە دەبێتە چەقی شەپۆڵەکە(براکەم گەشتی دەرەوەی وڵات دەکات)، بەڵام ئەگەر ڕووداوی گەشتکردنەکە زانراوبوو لەلایەن گوێگرەوە ئەوا هۆکاری گەشتکردنەکە(بەشداریکردن لە کۆنفرانس)، کە لاڕستەیەکە لە پێکهاتەی ڕستە ئاڵۆزەکە، دەبێت بە چەقی ڕستەکە، ئەوەی جێگای سەرنجە ئاراستەی دیاریکردنی چەقی ئاخاوتنەکە بەتەواوی دەگۆڕێت ئەگەر هاتوو ئەو ڕستەیە لەلایەن زانیاریدەری سەرەکییەوە نەگوترابێت یان ڕستەیەکی پرسیاری بێت:

پرسیار: براکەت بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتی گەشتی دەرەوەی وڵات دەکات؟

وەڵام1: براکەم گەشت ناکات. (لەوانەیە بەشداریکردنەکە ئۆنلاین بێت)

وەڵام2: نەخێر بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانس نییە.

کەواتە گەشتدە کات، بەڵام هۆکاری گەشتکردنەکە ئەوە نییە، ئەوکات چەقی ئاخاوتنەکە هۆکاری گەشتکردنەکەیە، کە"پایك" بە (چەقی دەرنەبڕاو/ شاراوە)ناوی دەبات، بڕوانە: (Pike:1981:89)، دەوروبەر ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە دیاریکردنی چەقی هەر شەپۆڵێکی واتایی و پەراوێزەکەی لە ئاخاوتندا، لە بابەتی (هاوبەشیکردن لە ژێر ڕۆشنایی بیرۆکەی شەپۆڵدا)، نمونەی زیاتر بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو بابەتە دەخرێتە ڕوو.

**10-1.چێوە و زاراوەی پەیوەست بەیەکە چێوەڕێژکراوەکان:**

**1-10-1.چێوە Tagmeme:**

زاراوەی چێوە، کە وەرگێردراوی وشەی(Tagmeme)ی ئینگلیزییە، لە وشەی یۆنانی(Tagma)ەوە هاتووە، کە بە واتای ڕیزکردنەوە (الترتيب-Reordering) دێت، لە زمانی عەرەبی هەریەك لە وشەکانی(قالب, اطار, الخانية, تاجميم)ی بۆ بەکاردێت، کە مەبەست لێی یەکە چێوەڕێژکراوەکەیە، "پایك" سەرەتا لە خستنەڕووی بیرۆکەی تیۆرەکەیدا وشەی (grameme)بەکارهێنا، بەڵام دواتر لە وتارەکەیدا بە ناوی ‘ On Tagmemes nee Gramemes’، چەمکی زاراوەی ‘tagmeme’ی خستەڕوو بە کارکردن لەسەر زمانەکانی دیکە. پاشان، ڕوونیکردەوە کە چۆن وشەی ‘تاگمیم’ بەکاربهێنرێت جیا لە بەکارهێنانەکانی ئەو زاراوەیە لەلایەن بلومفیڵدەوە(Nagham: 2017:4).

چێوە وەك زاراوە سەرەتا لە لایەن زمانەوانی ئەمریکی (لیۆنارد بلۆمفیلد Leonard Bloomfield)ەوە بەکارهێنرا، بەڵام بەو چەمکەی ئیستای نا، کە لە تیۆری چێوەڕێژەکاندا بەکارهاتووە، بەڵکو وەك بچووکترین یەکەی ئەرکی لە ڕۆنانی ڕێزمانی زماندا پێناسەکرا، "بلۆمفیلد" لێرەدا وەك بچووکترین یەکەی واتاداری فۆڕمی گراماتیکی سەیری تاگمیم دەکات، لەپێوانەکردنی ئەو یەکەیە بە مۆرفیم، وەکو بچووکترین یەکەی واتادار لەفۆڕمێکی فەرهەنگیدا دواتر بە مۆرفیم ناسرا (صباح رشید1:2016).

"تاگمیم" وەك ئەوەی لە لایەن "ئێلسۆن" و "پێکێت" ئاماژەی پێدراوە بریتییە لە (یەکەیەکی ڕێزمانی خاوەن پەیوەندییەکی گۆڕاو بە ئەرکی ڕێزمانی یان چاڵێك لەگەڵ دەستەیەك لە ئایتمی گۆڕاو، کە لەو چاڵەدا دێن، ئەو پەیوەندییە گۆڕاوەی نێوان چاڵە ئەرکییەکە و ئەو کاتیگۆرییانەی ئەو چاڵە پڕدەکەنەوە، کاریگەری هەیە لەسەر هەرەمی ڕێزمانی زمان (Elson and Pikket:1962:57).

چێوە بریتییە لە پەیوەندیی نێوان ئەرکێکی سینتاکسی یان چاڵێك Slot و دەستەیەك لە یەکە(Fillers)، کە ئەو چاڵە پڕ دەکەنەوە و دەکرێ، گۆڕینەوە لە نێوانیان بکرێ، بەوشێوەیە، چاڵ نە تەنیا شوێنێکی ئەرکییە و نە تەنیا دەستەیەك لە پڕکەرەوە، بەڵکو پەیوەندیی و پەیوەستبوونی نێوان هەریەك لە چاڵ و دەستەی پڕکەرەوەکانە، ئەو پەیوەستبوونەی نێوان چاڵە ئەرکییەکە و دەستەی پڕکەرەوەکان لە راستیدا پەیوەندیی نێوان ئەرك و شێوەیە. ئەو چاڵە ئەرکییە واتا بە چێوە دەدات، ئەو واتا و شێوەیەش دابەشبوونێك وەردەگرێت لە پێکهاتە زمانییەکاندا(رمضان عبدالتواب192-1997).

پێڕەوی شیکردنەوەی چێوەیی لە بەرزترین پلەی ڕوونی و ئاشکراییە لە پرۆسەی ناوناندا، کە هەریەك لە ئەرك و شێوە بە ناوەکانی (بکەر : ناو، گرێی ناوی ....)ناونراون و لە نمونە شیکارییەکاندا ئەرك و واتای ڕێزمانی لە لای راستی ئەوهێمایە(:) دەبن و ئەو پڕکەرەوانەی دەتوانن ئەو چاڵە پڕبکەنەوە دەخرێنە لای چەپەوە، (یەکەی سەرەکی لە پرۆسەی شیکردنەوەی چێوەیی چێوەیە ، کە گوزارشتێکە دەربارەی پەیوەندیی نێوان پێگەی ئەرکی و دەستەیەك لە یەکە کە ئەو چاڵە پڕ دەکەنەوە ئەو یەکەیە بە تەنیا یەکەی شێوە نییە وەك لە نمونە ڕستەسازییەکانیتردا دەبینرێ، بەڵکو دەکرێ بڵێین بریتییە لە پێکهاتەیەك لە ئەرك و شێوە (Cook:1969:13).

### 2-10-2.تاکسیمTaxeme:

تیۆری چێوەڕێژەکان جیاواز لە تیۆرەکانیتر لە پەیوەندییە گراماتیکییەکانی نێوان یەکەکانی ئەم تیۆرە شێوە یان پەیوەندیی ڕۆنانی بە تەنیا نابێتە پێوەر بۆ پێناسەکردنی یەکەکان، بۆنمونە ئەگەر

پەیوەندیی نیوان فۆنیم و مۆرفیم پەیوەندیی ڕۆنانی بێت و بەچەند فۆنیمێك مۆرفیمێك بنوێنن، ئەوا دەبینین پەیوەندیی نێوان تاگمیم و تاکسیم لەسەر بنەمای سیما جیاکەرەوەکانی تاگمیمێك بنیادنراوە(Akmajan1979:8)، کە بریتییە لەو تاگمیمەی، کە بە بەستنەوەی تاکسیم بە تاگمیمەوە واتا بەدەست دێنیت.

"پایك" تاکسیم بە جۆرێك لە زنجیرە دادەنێت، بەڵام بەشێك نییە لە گشت و بە تاکسۆنۆمیTaxonomyناوی دەبات، لەم جۆرەیان یەکەکان بەگروپ دەکرێن بە پشت بەستن بە سیمای ڕێزمانی هاوبەش بۆپۆلی(تایبەت-گشتی)ی، ئاستی بەرز(گشتی) لە پێکهێنەکان زۆر گشتگیرترن لە ئاستی نزم(تایبەت)ی پێکهاتەکانی تاگمیمێك، بۆنمونە بەرزترین ئاستی تاگمیمی پەراوێزی، کە ئەرکی پەرەپێدانی تاگمیمی ناوکی(کرۆك)ی هەیە لەوانەیە ئەرکێکی زۆر دیاریکراوتری هەبێت سەبارەت بە ئاستە نزمەکانی وەك ڕوونکردنەوە، بەراوردکاری و پیشاندان، ئەو سیمایانەی تاگمیم هەندیکجار دەقبەستی پێکهاتەکان دەستەبەر دەکەن(Shehdeh: 1988:83) .

بەپێی بۆچوونی "بلۆمفیلد" تاگمیم لە تاکسیمێ یان زیاتر پێکدێت، "تاکسیم"یش زۆرجار وەك سیمای ڕێزمانی ناودەبرێ، کە بریتییە لە سیمایەکی سەرەکی ڕێزمان، وەك چۆن فۆنیم بریتییە لە سیمایەکی فۆنۆلۆجی سەرەتایی، تاکسیم و فۆنیم هیچیان لە بنچینەدا وەك یاسا واتایان نییە، بەڵام بەبەستنەوەی تاکسیم بە تاگمیم و بەستنەوەی فۆنیم بە مۆرفیمەوە واتا بەدەست دێنن)(صباح رشید 1:2016).

## 3-10-3.پێکهاتەی چێوەیی[6]The Syntagmeme:

چێوە وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا بریتییە لە پەیوەندیی و بەستنەوەی نێوان پێگەی ئەرکی و دەستەیەك لە پڕکەرەوە، کە بە یەکەی سەرەکی دادەنرێت لە پرۆسەی شیکردنەوەی چێوەییدا، کاتێك ئەو یەکە سەرەکییانە ڕێکدەخرێن لەهەر چێوەیەکدا ئەو چوارچێوەیەی کۆیاندەکاتەوە بە (سینتاگمیم) ناو دەبرێت، سینتاگمیم، بە بیرۆکەیەکی سنووردار بەکاردێ، ئاماژە بە یەکەیەك دەدات لە هەرەمێکی گراماتیکیدا لە خاڵێکی ئاماژەپێکراوی توخمێکی تاگمیمیدا، بۆنمونە ڕستە دەبێتە سینتاگمیمی کلۆزەکان، دەکرێ سینتاگمیم وەکو ئاستێکی ئاسۆیی لەئامێزگری یەکەکانی خوارخۆی سەیر بکرێ (هەمان سەرچاوەی پێشوو3:2016).

---

[6] -"کووك" هەریەك لە زاراوەی زنجیرەی تاگمیم-syntagmem و پێکهاتە-Construction بۆ هەمان مەبەست بەکاردەهێنێت.

سینتاگمیم وەك چوارچێوەیەكی چێوەیی بە زنجیرەیەكی گریمانەیی دادەنرێت لەو چێوەیەی، كە ئەو یەكانەی گوزارشتی لێدەكەن بەشێوەیەكی بەدواییەكداهاتوون بەجۆرێك هەر پێكهاتەیەك لە چوارچێوەی ئەو ڕۆنانەدا پێگەیەكی سینتاكسی پڕدەكاتەوە و ئەو پێناسەیەی "سینتاگمیم" چەند بیرۆكەیەك لەخۆ دەگرێت(1-پێكهاتەكانی چێوەیەك 2-زنجیرەی گریمانەیی، 3-یەكەی دەرەكی و یەكەی ناوەكی ڕۆنانێك(Cook:1978:51) .

بەڕای "لۆنگاكر" پەیوەندیی "تاگمیم" بە "سینتاگمیم" لەو ڕوانگەیەوە لێكدەدرێتەوە، كە سینتاگمیم وەك زنجیرەیەكی ڕێزمانی لە تاگمیم سەیر دەكرێت، و چالێكی ئەركی لە پێكهاتە چێوەییەكان پڕدەكاتەوە بەجۆرێك، كە هەر پێكهاتەیەكی ڕێزمانی پەیوەستە بە سێ تایبەتمەندیی لەڕۆناندا:

1-ڕۆنانی ناوەوەی تاگمیمەكانی چێوەی پێكهاتەكە.

2-دابەشبوونی سینتاگمیمەكان(وەك دابەشبوونی تاگمیمەكان لە پێكهاتە بەرزەكانیتر"

سینتاگمیم.

3-ڕیزبوونی سینتاگمیمەكان لە پێڕەوی ڕۆنانە چێوەییەكاندا.(Longakre :1985:12) .

دەكرێ بڵێین ڕۆنانە چێوەییەكان بریتیین لەو پێكهاتانەی لە ڕێگەی ڕیزبوونی یەكە زمانییەكان لە هەریەك لە ئاستی ئاسۆیی و پەیوەندییان بە یەكەكانیتری ڕۆنانەكە دیاریدەكرێن و هەر پرۆسەیەكی شیكردنەوەی ڕۆنانی چێوەیەكی گریمانەیی بۆ زنجیرەیەكی چێوەیی(سینتاگمیم) پشت بە پارچەكردنی پێكهاتەكە دەبەستێت، بۆ هەموو پارچە پێكهێنە ئەركییەكان، كە ئەمیش لە چەند جۆرێك پێكهاتووە:

**4-10-1.جۆرەكانی پێكهاتەی چێوەیی :**

1- پێكهاتەی سەرەی دەرەكی و پێكهاتەی سەرەی ناوەكی.

2-كۆتایی كراوەو كۆتایی داخراو.

3-پێكهاتە دووبارەبووەكان و دووبارە نەبووەكان.(Muqit:2012:7) .

لەم حاڵەتەدا پێویستە لێكۆڵەر یان شیكەرەوە، ئاگاداری تەواوی ئەركە ڕێزمانییەكان بێت، (لە بەشی دووەمی ئەم تێزە بە درێژی باس لەو بابەتە دەكرێت).

**5-10-1.تاگما-Tagma:**

"تاگما" ئەو یەکە زمانییەیە بە بچووکترین یەکەی شیکاری دادەنرێ لە تیۆری چێوەڕێژەکاندا، کە خۆی لەیەکەی بچووکتر پێکهاتووە و لە هەمان کاتدا وەك یەکەیەکی ڕێزمانی یان واتایی یەکگرتوو مامەڵە دەکات لە پێکهاتە زمانییەکانی وەك ڕستە و یەکەی گەورەتر لە ڕستە تاگما وا پێناسە دەکرێ، کە بریتییە لە هاوپەیوەندیی نێوان فۆڕم و ئەرك، هەروەها پێی دەگوترێت Tentative Tagmemeواتە "تاگمیمی کاتی" وەکو وەستانی کاتیTentative Pauseبێگومان (تاگما)تەنیا وەکو هاوپەیوەندییی نێوان فۆڕم و ئەرك سەیر ناکرێ، بەڵکو لەپاڵ ئەوەدا وەکو پڕکەرەوەی سیمانتیکی، یان وەکو ڕۆڵ و دەقبەستی سەیردەکرێ، لەپاڵ ئەمانەدا (Supersegment)ەکان و کۆنتۆرەکان واتە سیستەمی فۆنیمە ناکەرتییەکان (وەستان و نێوان و ئاوازە....هیتر)بەشداری تێدا دەکەن. (صباح رشید8:2020).

"کووك" (تاگما)وەك یەکەی (ئیتیك) دەناسێنێ و بەو جۆرە باس لە شێوازی دیاریکردنی (تاگماکان) دەکات: (ئەو زانستەی (تاگماکان) جیا دەکاتەوە و پۆلیان دەکات بە زانستی تاگماکان-ناودەبرێت، کە ئەرکی سەرەکی پرۆسەی پۆلکردنی (تاگماکان)ە لە ڕێگەی جیاکردنەوەی پێگە ئەرکییەکان و پۆلکردنیانە، لە ڕۆنانەکان لە ڕێگەی پەیوەندییە هاوبەشەکانەوە، دواتر زنجیرەکە بۆ بەشە پێکهێنە ئەرکییەکانی جیادەکرێتەوە و لە ئاستێکی دیاریکراوی هەرەمی ڕێزمانیدا)(Cook:1992:19)، بۆنمونە ئەگەر شیکردنەوەیەکی ڕێزمانی بۆ پێکهێنە سەرەکییەکان(تاگمیمەکان)ی ئەم ڕستەیە(کچەکە نامەکەی نووسی.) بکەین لە چوارچێوەی شیکردنەوەی تیۆری چێوەڕێژەکانەوە ئەوا یەکە پێکهێنە سەرەکییەکان بەم جۆرە دەبێت:

هەنگاوی یەکەم: دیاریکردنی یەکە پێکهێنە سەرەکییەکانی ڕستەکە:

کچ: ناوە(بکەری ڕستەکەیە)

ەکە: مۆرفیمی ناساندنە(ئەرکی ناساندنی بکەری ڕستەکەیە)

نامە: ناوە(بەرکاری ڕستەکەیە کرداری نووسینی بەسەردا جێبەجێ کراوە)

ەکە: مۆرفیمی ناساندنە(بەرکاری ڕستەکەی ناساندووە)

ی: جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاك ڕێککەوتنە لە کەس و ژمارە لەگەڵ بکەری ڕستەکە)

نووسی: کاری ڕستەکەیە

هەنگاوی دووەم/ دیاریکردنی تاگماکان: (لەم هەنگاوە ئەو یەکە زمانییانە دیاری دەکەین، کە لە ڕستەکەدا وەك یەکەیەکی ڕێزمانی یان واتایی یەکگرتوو(تاگمیم) کاردەکەن):

تاگما1: کچەکە

تاگما2: نامەکەی

تاگما3: نووسی

هەنگاوی سێیەم شیکردنەوەی"تاگما"کان:

تاگما1: "کچەکە" لە دوو بەش پێکدیت"کچ" و "ەکە"

(وەك یەکەیەکی یەکگرتوو لەناو ڕستەکە "بکەر"ی ڕستەکە دەنوێنێت)

تاگما2: نامەکەی(لە سێ بەش پێکدیت: "نامە" و "ەکە" و "ی")

(وەك یەکەیەکی یەکگرتوو لە ڕووی واتاو ئەرکی ڕێزمانییەوە "بەرکاری" ڕستەکە دەنوێنێ و دەرخەری پەیوەندییی دەقبەستییە لە ڕێگەی "ی" جێناوی لکاوی کەسی سێیەم، کە ڕێککەوتنی هەیە لەگەڵ بکەر لە ڕووی کەس و ژمارەوە).

تاگما3: نووسی(کاری ڕستەکە دەنوێنێ)

هەنگاوی چوارەم: (تێگەیشتن و لێکدانەوەی پەیوەندیی نێوان تاگماکانی ڕستەکە)

لەم ڕستە سادەیەی سەرەوە سێ تاگمیم دیاری کرا، لە ڕێگەی ئەو تاگمایانەی دەیاننوێنێت، کە ڕۆنانێکی زمانی و ڕێزمانی یەکگرتوو پیشان دەدات بەجۆرێك یەکەکانی ئەم ڕستەیە یەکدەگرن بۆ گەیاندنی واتای ئەوەی (نامەیەك نووسراوە لە لایەن کچەکەوە)، شیکردنەوەی چێوەڕێژی یارمەتی دیاریکردنی یەکە زمانییەکان و ڕۆڵیان لە ڕۆنانی گشتی رستە دەدات بەمەبەستی گەیشتن بە واتای دەربڕاو.

ئەوەی جێگای سەرنجە تیۆری چێوەڕێژەکان چوارچێوەیەك بۆ شیکردنەوەی هەموو ڕۆنانە زمانییەکان بە سادە و ئاڵۆزەوە پێشکەشدەکات، ئەو ڕستەیە تەنیا نمونەیەکی سادەیە بۆ چۆنییەتی دیاریکردن و شیکردنەوەی"تاگما"کان لە ڕستەدا، ( پرۆسەی جیاکردنەوەی تاگما"کان و پۆلکردنیان بە زانستی پۆلکردنی تاگماکان ناودەبرێت، بە شێوەیەکی سەرەکی بریتییە لە پرۆسەی دابەشکردن، تیایدا هەر پێگەیەك و دەستەیەك لە پرکەرەوەکانی لە زنجیرەی ڕیزبووندا، لەسەر بنەمای هاوپەیوەندیی لە "تاگما"یەکیتر لەهەمان زنجیرەدا جیادەکرێتەوە بە پشت بەستن بە پەیوەندیی هاوبەش لەنێوان "تاگما"کاندا (Longakre:1982:19).

**6-10-1.ئەلۆتاگما:**

چێوە بە یەکەی سەرەکی دادەنرێت لە تیۆری چێوەڕێژەکاندا، بەڵام دەکرێ چێوەیەك لە زیاتر لە یەکەیەکی (ئیتیکی) بنوێنرێت، بەو جیاوازی نواندنەی یەکە بنجییەکان(تاگمیمەکان) لە ڕێگەی یەکە ئیتیکییەکانەوە دەگوترێت(ئەلۆتاگما)کان، و هاوپەیوەندیی نێوان تاگماکان و ئەلۆتاگماکان و تاگمیمەکان هاوچوونی ئەو پەیوەندییەیە، کە لەنێوان مۆرف و ئەلۆمۆرف و مۆرفیمدا هەن، هەروەها وێنەی هەمان پەیوەندیی نێوان فۆن و ئەلۆفۆن و فۆنیمن، لەڕیزبوونی وشەکاندا، دەتوانرێ ئەوە جێگیر بکرێت، کەوا تاگما فۆرمێکی سەرەتایی(ڕێخۆشکەری)تاگمیمە، کەچی لە ئەلۆتاگمادا ئەندامی هەمان تاگمیمە و تاگمیم بچووکترین یەکەی ڕێزمانییە (صباح رشید7:2016).

(تاگما) وەك یەکەیەکی (ئیتیکی) لە یەکەم هەنگاوی شیکردنەوەی ڕێزمانیدا وەك یەکەیەکی جێگیر و چێوەیەکی دیاریکراو مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، بەجۆرێك کە هەر (تاگمیمێك)یەك (تاگما)ی هەیە" کە لە ڕووی زانستییەوە لە هەنگاوی یەکەمی شیکردنەوەکاندا هەر (تاگما)یەك وەك یەکەیەکی جێگیر مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، بەڵام دواتر (هەموو ئەو (تاگما)یانەی هەمان ئەرکی ڕێزمانییان هەیە بەیەکەوە وەك (ئەلۆتاگا)ی تاگمیمێك دەناسرێن هەرچەندە ئەگەر جیاوازی لە پڕکەرەوەی پێگە ئەرکییەکانیش هەبێت، بۆنمونە پێگەی ئەرکیی بکەر لەوانەیە بە (ناو، فرێزی ناوی، جێناو...) پڕبکرێتەوە دوای هەنگاوەکانی پارچەکردن و شیکردنەوە ئەو تاگمایانەی وەکو یەکن وەك(ئەلۆتاگمای) یەك تاگمیم کۆدەکرێنەوە، بەڵام ئەوانەی جیاوازن وەك (تاگمیم) ی سەربەخۆ جیادەکرێنەوە، هەر هێمایەکی زمانیش لە ڕێگەی هەر سێ زاراوەی (واتا، فۆڕم، دابەشبوون) دەناسرێتەوە و ئەگەر (تاگماکان) بە تەواوی لە ڕووی واتا و فۆڕم و دابەشبوونەوە جیاوازبوون ئەوا بۆچێوەی جیاواز دەگەڕێنەوە، بەڵام ئەگەر لە یەکێك لەو لایەنانە جیاوازبوو ئەوا دەبن بە (ئەلۆتاگما)ی تاگمیمێك(Cook:1992:20). سێ یاسا هەیە کەوا بڕیار لەسەر ئەوە دەدات، ئایا (ئەلۆتاگماکان) هی یەك تاگمیمن یان نا، "کووك" لە ساڵی (1969)خستیە ڕوو:

أ-ئەو تاگمایانەی لە فۆڕمەوە جیاوازن، بەڵام هەمان واتای ئەرکی، یان هەمان ڕۆڵ و هەمان (شوێن)یان هەیە لە زنجیرەکەدا، واتە لە ڕیزبوونەکەدا، ئەوا وەکو(ئەلۆتاگما)ی هەمان تاگمیم پۆل دەکرێن، ئەمانە وەکو (نۆرەکار)، یان پڕکەرەوەی چاڵەکانی ئەو تاگمیمە سەیر دەکرێن:

سەیری ئەو نمونانەی خوارەوە بکە:

-زانا نامەکەی نووسی.

-کوڕەکە نامەکەی نووسی.

-ئەو نامەکەی نووسی.

لەو نمونانەی سەرەوەدا هەریەك لە (زانا، کورەکە و ئەو) فۆرمی دەنگی جیاوازیان هەیە، بەڵام هەمان شوێن و ڕۆڵیان هەیە، لەبەر ئەوە هەموویان بە(ئەلۆتاگما)ی یەك تاگمیم هەژمار دەکرێن، واتە (تاگمیمی بکەری)یە.

ب –ئەو تاگمایانەی کەوا تەنیا لە ڕۆڵ یان واتادا جیاوازن، بۆ هەمان تاگمیم دەگەڕێنەوە هەروەها واتای ڕۆنانی تاگمیمەکە سیماکە پێناسە دەکات، (مەبەست لە سیماکە ڕۆڵ و شوێن یان چاڵە) تاوەکو جیاوازی واتایی هاوپەیوەندیی بێ لەگەڵ جیاوازی پۆلی پڕکەرەوە، یان شوێن هاوتەریب بێ لە زنجیرەکەدا واتە لە ڕستەکە یان دەقەکەدا، ئەوا تاگماکان وەکو ئەلۆتاگما بۆ هەمان تاگمیم دەستەبەند دەکرێن، ئەو نمونانەی خوارەوە جوانتر ڕوونی دەکەنەوە:

-سەیران دیارییەکی جوان دەدا بە لاڤە.

-نازە دیارییەکی جوانی لەلایەن ڕۆشنەوە پێدرا.

-لانە پێدەچێ دڵخۆش بێ.

هەریەك لە (سەیران، نازە، لانە)، ڕۆڵەکانیان لەو ڕستەیەدا لەیەکتر جیاوازن، بەڵام هەمان (شوێن) پڕکەرەوەن بۆیە دەکرێ ئەمانە بە ئەلۆتاگمای هەمان تاگمیم دابنرێن، کەوا (تاگمیمی بکەر)ن.

پ – ئەو تاگمایانەی شوێنەکانیان جیاوازن دەکری بۆ هەمان تاگمیم بگەڕێنەوە، بەهۆی ئەوەی شوێنیان گۆڕاوە تاوەکو گۆڕانی شوێن هاوپەیوەندیی بێ لەگەڵ گۆڕانی فۆرم، تاگماکان وەك گۆڕاوی یەك تاگمیم سەیر دەکرێن بۆنمونە:

-تۆ هەفتەی داهاتوو دەست بە کارکردن دەکەیت.

-ئایا تۆ هەفتەی داهاتوو دەست بە کارکردن دەکەیت؟

(تۆ) لە پاڕستەی (یەکەم) و(دووەم)دا شوێنیان جیاوازە، بەڵام هەمان فۆرم و هەمان ڕۆڵیان هەیەو بۆیە دەکرێ وەکو ئەلۆتاگمای هەمان تاگمیم سەیر بکرێن.(بڕوانە:صباح رشید2016:9).

## 11-1.یەکە بنەڕەتییەکانی چێوەیەك:

هەر چێوەیەك یان هەر یەكەیەكی چێوەڕێژكراو وەك لەسەرەتادا ئاماژەی پێكراوە بەسەر چوار یەكەدا دابەش دەبێت یان چوار یەكەی چێوەڕێژی لە خۆدەگرێ، كە بریتین لە پێگە(شوێن-slot)، (ڕۆل-role)، (پۆلەڕەگەز-پۆلCategories-class)، (دەقبەستی-cohesion):

| | |
|---|---|
| Slot پێگە<br>Position -شوێن<br>-شوێنێکی دیاریکراو لە بەشەوە بۆ گشت<br>-پەیوەندی ئاسۆیی<br>Syntagmatic Relations | Class پۆل<br>-تایبەتە بە پڕکەرەوە گونجاوەکانی پێگەکە<br>-پەیوەندی ستوونی<br>Paradigmatic Relations |
| Cohesion دەقبەستی<br>-چۆنییەتی بەیەکەوەبەستنی یەکەکان لەگەڵ یەکتر<br>Systemic Structure -ڕۆنانی سیستەماتیکی<br>Framework Relations —پەیوەندییە چێوەییەکان | Role ڕۆڵ/ ئەرك<br>Behavioral Meaning -واتای ڕەفتاری<br>پەیوەندییە پراگماتیکییەکان<br>Pragmatic Relations |

**5-1 ڕونكردنەوەی پەیوەندیی بنەماكانی چێوەیەكی دیاركراو**

لەو هێلكارییەی سەرەوە بۆمان دەردەكەوێت، پەیوەندییە ڕۆنانییەكان هەریەك لە ئەركی چێوەكان و جۆری چێوەكان دیاری دەكەن و پەیوەندیی و پەیوەستبوونی ئەو چوار ڕەگەزە(شوێن، پۆل،ڕۆڵ، دەقبەستی) بوار بە زمانەوانان دەدەن وەسفی ڕۆنانی ڕێزمانی زمان بكەن بە ڕێگەیەكی پێڕەودار، لە ڕێگەی دیاریكردنی تایبەتمەندییەكان و ڕۆڵیان لەپێگە جیاوازەكاندا و كۆكردنەوەیان لەیەك پۆل و چۆنییەتی یەكگرتنیان لە دەقێكی دیاریكراودا، كە لە ڕێگەیەوە زمانەوانان دەتوانن بۆچوونی قوڵتر دەربارەی بنەما سەرەكییەكانی پەیوەندییكردنی زمانی لەزمانێكی دیاریكراودا بەدەست بێنن(لە بەشی سێیەم لە بابەتی چێوە و دەوروبەر بە درێژی باسی لێوەدەكرێت).

### 1-11-1.چاڵ/پێگەی ئەركی:

شوێنە ئەركییەكان (المواقع الوظیفیة-Functional Slot)، بریتین لە شوێن جێگە (المواقع-Position) لە سنووری ڕۆنانەكان، ئەو ڕۆڵە دیاریدەكات، كە یەكە زمانییەكان لەو ڕۆنانەدا دەیبینن بە پێوانی بە یەكەكانیتری هەمان پێكهاتە ئەركییەكان، ئەركەكانیش گوزارشتێكن دەربارەی ئەو پەیوەندییە ڕێزمانییانەی ڕۆڵی یەكەكانی ئەو ڕۆنانە دیاری دەكەن، وەك: بكەر و بەركار و كردار و

حاڵەت و جیاکاری..هیتر، وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە: (ئەو شێوەیە چ ڕۆڵێکی هەیە لەو پێکهاتەیە؟) (بەمەش هەر یەکەیەکی چێوەڕێژکراو(تاگمیم)، بریتی دەبێت لە هاوپەیوەندیی لەنێوان چاڵە ئەرکییەکان و ئەو پڕکەرەوانەی، ئەو چاڵە ئەرکییە پڕدەکەنەوە. دەکرێ پێگە ئەرکییەکان وەك ئەوەی "پایك" دیاریکردووە، بەم تایبەتمەندییانە بناسرێنەوە:

چاڵ: هەر پێگەیەکی ئەرکیی لەڕێگەی شوێنی لە چێوەی پێکهاتەیەکدا پێناسە دەکرێت، هەرچۆنێك بێت ئەرك ڕۆنانیە زیاتر لەوەی پەیوەندییەکی ستوونی بێت.

گونجان: مەبەست لە گونجان ئەو رێککەوتنەیە، کە لە ئەنجامی زیادکردنی واتای ڕۆنانی بۆ ئەو یەکە فەرهەنگییانە دێتە کایەوە، کە چاڵەکان پڕدەکەنەوە، سەرەڕای واتای فەرهەنگی وەك ئەوەی لە فەرهەنگ دەردەکەوێت، واتای ڕۆنانی هەر پێگەیەکی ئەرکیش لە ڕێگەی ناونانی شوێنەکەیەوە دەبێت، وەك: بکەر، گوزارە، لەبەرانبەردا واتای ڕۆنانی پەیوەندییی گونجان لەنێوان یەکە پڕکەرەوەکان پێشکەش دەکات" بۆ شوێنە جیاوازەکانی پێکهاتەیەك، ئەو پەیوەندییەی لەنێوان بکەر و کرداری هەر پێکهاتەیەك هەیە، هەمان پەیوەندییە لەنێوان هەر بکەر و کردارێکیتر لەهەمان پێکهاتەدا، واتە ئەوەی گۆڕانکاری بەسەردا دێت کاتیگۆری پێکهاتەکانە و پەیوەندییی گونجان بە جێگیری دەمێنیتەوە.

واتا: هەر چاڵێك لەڕێگەی واتا ڕۆنانییەکەیەوە دەناسرێتەوە، واتە ئەو واتایەی بۆ ئەو یەکە فەرهەنگییانە زیاد دەبێت، کە ئەو چاڵە پڕ دەکەنەوە، سەرەڕای ئەو واتا فەرهەنگییەی لە فەرهەنگدا هەیەتی، زۆرجار ئاماژە بە واتای ڕۆنانی دەکرێ بە هەڵبژاردنی پێگەی ئەرکی وەك: بکەر، بەرکار، کار، گوزارە.... .(Pike:1967:218 )

وەك ئەوەی "پایك" ئاماژەی پێکردووە هەر پێگەیەکی ئەرکی بەو چاڵە دەناسرێتەوە، کە پڕی دەکاتەوە لەچێوەی ئەو ڕۆنانەدا، لە کاتێکدا ئەرك سروشتێکی ڕۆنانی هەیە زیاتر لەوەی چێوەیەك بێت، یان شێوەیەکی نمونەیی جێگیر بێت، سەرەڕای ئەوەی پێگە ئەرکییەکان زۆربەی جار لە پێگەی جێگیر دێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ رێگرییەك نییە لەوەی لەهەموو زمانێکدا یەکەیەك بوونی هەبێ، کە توانای جێگۆڕکێی هەبێ بەجۆریك لەزیاتر لە پێگەیەك بێت، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت، کە ریزبوونی نمونەیی جێگیر بۆ شوێنە ئەرکییەکان نابێت بەو واتایە لێی تێبگەین، کە بەهیچ شێوەیەك ئەو ڕیزبوونە گۆڕانی بەسەردا نایەت (محمد جواد123:2020)، بۆنمونە لە ڕستەیەکی وەك:

-دایکەکە منداڵەکەی بینی.

-منداڵەکە لەلایەن دایکییەوە بینرا.

کەواتە ئەو ڕستەیەی سەرەوە زیاتر لە ڕیزبوونێکی دەبێ، ئەم گۆڕانکارییە بەواتای گۆڕان لەو پێگە ئەرکبیە نییە، کە ڕۆڵی یەکە زمانییە جیاوازەکان لەو پێکهاتەیەدا دیاریدەکات، بەڵکو تەنیا بریتییە لە گۆڕانکاری لە شوێنی یەکە ئەرکییەکە. ئەو پەیوەستبوونەی نێوان پێگەی ئەرکی و دەستەی پرکەرەوەکان لەراستیدا پەیوەندیی نێوان شێوە و ئەرکەکەیە، ئەمەش لە تیۆری چێوەڕێژەکان بە ڕوونی خراوەتەڕوو، کە هەر پێگەیەکی ئەرکی و ئەو پرکەرەوەیەی ئەو پێگە ئەرکییە پڕدەکاتەوە پەیوەندییەکی توند لە سە ر بنەمای ئەرکی بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە، ئەو پەیوەستبوونەی نێوان پێگە ئەرکییەکان و ئەو پرکەرەوانەی ئەو پێگەیە پڕدەکەنەوە، لە راستیدا پەیوەندیی نێوان شێوە و ئەرکە ڕێزمانییەکەیە.

ئەوەی جێگەی ئاماژەپێکردنە ئەوەیە، کە هەریەك لە پێگە جیاوازن لەگەڵ شوێن(الموظع-Position)، (هەرچەندە ئەو دوو زاراوەیە تاڕاددەیەك لە ڕووی واتاوە لەیەکتر نزیکن و زۆرجار لە شوێنی یەکتر بەکاردێن، بەڵام ئەم دوو زاراوەیە لە شیکردنەوە ڕێزمانییەکاندا ئاماژە بە دوو شتی جیاواز دەکەن، پێگە مەبەست لێی بەشێکە لە پەیوەندییە ڕێزمانییەکە، هەرچی شوێنە، بریتییە لەو شوێنە گونجاوەی ئەو بەشەی لێدادەنرێت، کە بە چاڵ/پێگە ناسراوە (عبدالرحمن ایوب1966:235).

لەزمانی عەرەبیدا ئەو شوینگۆڕینەی پێکهاتە ڕێزمانییەکان(پێگە ئەرکییەکان) زۆر ڕوودەدات بەهۆی بوونی (نیشانە شیکارییەکان- العلامات الإعرابیة)، بەتایبەت گۆڕینەوەی شوێن لەنێوان بکەر و کاری ڕستەدا، وەك لەم نمونەیەی خوارەوە تیبینی دەکرێت:

**ـضَرَبَ مُحمدٌ زیدًا.**

**ـ مُحمدٌ ضَرَبَ زیدًا.**

ئەگەر سەیری هەریەك لە وشەکانی(ضَرَبَ)، کە (کردار)ی ڕستەکەیە و لە شیکردنەوە ڕێزمانییەکانی زمانی عەرەبی بە (المسند الیه) ناودەبرێت و(مُحمدٌ)، کە (بکەر)ی ڕستەکەیە و بە (المسند) ناودەبرێت و (زیدًا)، (بەرکار)ی ڕستەکەیە، هەرچەندە شوێنیان لە ڕۆنانی ڕستەکە گۆڕانکاری بەسەردا هات، بەڵام پێگە ئەرکییەکەیان و ڕۆڵیان لە لە ڕۆنانەکەدا پاراستووە .

ئەوەی دەربارەی خاڵی دووەم، کە پەیوەندیی گونجانە لەسنووری پێگەیەك ئەوا واتای ڕۆنانی ڕۆڵ دەبینێ لە پەیوەندیی گونجان لەنێوان ئەو یەکانەی چاڵە جیاوازەکان پڕدەکەنەوە. ئەگەر یەکە پرکەرەوەکان بگۆڕێ ئەوە گونجانەکە دەبێ جێگیر بێت، کە ئەمەش زیاتر پەیوەستە بە کەرەستە

سەرەکییەکانی ڕستە و شوێن و جێگەی ئەو کەرەستانەی لەو ڕۆنانە زمانییەدا دێن(محمد جواد2020:124)، لە بابەتی جوڵە و جێگیری قاڵبە ڕێزمانییەکان بە درێژی باسی لێوە دەکرێت.

دەربارەی خاڵی سێیەم، کە باس لە واتای ڕۆنانەکە و مەبەستی ئاخێوەرەکەیە لەو گوتنە، (واتا و مەبەستی ئاخێوەر ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەبینێ لە پاش و پێشکردنی پێگەی یەکەیەکی ئەرکی لە ڕۆنانەکە بەگشتی)(سمیر شریف2008:193)، بۆنموونە ئەگەر بڵێی:(ئایا شیرەکە تۆ خواردووەتەوە ؟) مەبەست لێی پرسیارکردنە لەوەی (ئەو) شیرەکەی خواردۆتەوە یان کەسێکیتر، بەڵام کاتێك دەڵێی: (ئایا تۆ شیرەکەت خواردووەتەوە؟) مەبەست ئەوەیە (شیرەکە)ی خواردۆتەوە یان شتێکیتر، بێگومان لە هەموو ئەو دەربڕینانەی کردەی بە لوتکەکردنی تێدا دەکرێت و شێوازی پرسیارکردن لە خۆ دەگرێت، جگە لە شوێنگۆڕکێی یەکە ڕێزمانییەکان هێز خستنە سەر یەکەکانی ڕۆنانەکە و ئاوازەی گشتی ڕستەکە ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەبینن لە دیاریکردنی واتا و مەبەستی ئاخێوەر لە گوتنەکەدا.

چاڵ یەکێکە لە چوار توخمە پێکهێنی تاگمیمەکان لە شێوەی پێگەیەک لە چوارچێوەی پێکهاتە ڕێزمانییەکاندا، کە دەبێت بە توخمێکی تاگمیمی ئەرکی پڕبکرێتەوە. بۆ نموونە لە بنیاتنانی بڕگەدا، توخمە ئەرکییەکان پێکدێن لە نیهاد، گوزارە، بەرکار و سەربارەکان. لە ئاستەکانیتری خوارووی هەرەمی ڕێزمانیدا، بەزۆری تاگمیمی ئەرکی لە ناوک/کرۆك و پەراوێز پێکدێت. کەواتە چاڵ وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە، کە "یەکەی زمانی لە چوارچێوەی ڕۆنانە ڕێزمانییەکاندا بەرەو کوێ دەڕوات؟(Muhartoyo:2012:72 ) لە بەشی دووەم لە بابەتی پارافرەیز لە تیۆری تاگمیمیکدا زیاتر تیشکی دەخەینە سەر.

**2-11-1.ڕۆڵ:**

ڕۆڵ یەکێکە لە چوار تایبەتمەندییەکەی تاگمیم، بریتییە لەو ئەرکە ڕێزمانییەی هەر یەکەیەکی ڕێزمانی لە چاڵێکی تایبەت بە چێوەی تاگمیمێك هەیەتی، هەر تاگمیمێك پەیوەستە بەو ڕۆڵەی لە ڕۆنانە گشتییەکەی چێوەیەك دەیبینی، جا ڕۆڵێکی ڕێزمانی یان واتایی بێت لەو ڕۆنانەدا، (هەر یەکەیەکی ئەرکیش ڕۆڵێکی تایبەت بە خۆی هەیە و جیاواز لەیەکەکانیتری هەرەمی ڕێزمانی، بەگوێرەی کاریگەرییەکەی لە واتا و شێوازی گوتنەکە لە دەوروبەری جیاوازدا، "پایك بەم جۆرە پێناسەی (ڕۆڵ) دەکات: (ڕۆڵ تایبەتمەندیی چێوەییە، کە ئەرکی ڕێزمانی یان واتایی لە ڕۆنانێکدا دەبینێت)(سمیر شریف2008:194).

ڕۆڵ لە شیکردنەوەی تاگمیمیکدا چەمکێکی سەرەکییە لە دیاریکردنی ئەرکی ڕێزمانی تاگمیمێکی دیاریکراو لەچاڵێکی دیاریکراودا، ڕۆڵی تاگمیم بەشداریکردنی تاگمیم لە واتا و ڕۆنانی

گشتی ڕستە یان دەستەواژە دیاری دەکات و ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەبینێ لە دیاریکردنی پەیوەندیییە ڕێزمانی و واتاییەکانی نێوان یەکە جیاوازەکانی هەر زمانێك.

هەر چاڵێك شوێنێکی ڕێزمانی یان یەکەیەکی ڕێزمانی لەناو ڕستە دەنوێنێت بەجۆرێك، کە تاگمیمێکی دیاریکراو تیایدا دەردەکەوێت، ڕۆڵی تاگمیم لەو چاڵەی پڕی دەکاتەوە دیاریکراوە، ئەو ئەرکە ڕێزمانییەش دیاری دەکات کە پێی هەڵدەستێت لەو شوێنە تایبەتە، دەکرێ بڵێین (ڕۆڵ ئەو تایبەتمەندیییەی تاگمیمە، کە ئەرکی یەکەکە دیاریدەکات بە پەیوەندیی بە یەکەکانیتری هەمان ڕۆنانە گشتییەکە، خانەی ڕۆڵ وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە ، بۆچی ئەو یەکەیە بەکاردێت؟ بە پێچەوانەی خانەی چاڵ، کە لە سێ بەش پێکهاتووە پەراوێزی بەرایی و کرۆك و پەراوێزی کۆتایی، دەکرێ ڕۆڵ لە چەند دەستەیەکی جیاواز پێك بێت و هەموویان لە خزمەتی بابەتی سەرەکی بن بۆنمونە بەشی کرۆك ڕۆڵی هەیە لە پێشکەشکردنی بابەتی سەرەکی و بەشی پەراوێز بە هەردوو جۆری (پەراوێزی کۆتایی و پەراوێزی بەرایی) ڕۆڵیان هەیە لە پەرەپێدانی زیاتری بابەتە سەرەکییەکە لە ڕێگەی رونکردنەوە یان فراوانکردن یان پێشکەشکردنی هۆکارو چارەسەر وەك لاڕستەکان و سەربارەکان لەڕۆنانە ڕێزمانییەکاندا)(Shehdeh:1988:63) .

دەکرێ ڕۆڵ واتایی یان ڕێزمانی بێت ڕۆڵی واتایی پەیوەستە بە واتاوە یان بە بەشداریکردنی واتایی تاگمیم لەناو ڕستەیەك، یان لە دەقێك بەگشتی، بۆنمونە ئەگەر ڕستەیەك وەك دەقێکی یەکگرتوو بە هەموو بەشەکانییەوە ڕۆڵی هەواڵ گەیاندن بێت ئەوا بەشە جیاجیاکانی ئەو ڕستەیە، کە هەر یەکەیان تاگمیمێك دەنوێنن ڕۆڵێکی ڕێزمانی تایبەت بەخۆیان هەیە(بکەر(کارکەر)" بەرکار، کردار..)، لەهەمان کاتدا لەوانەیە پەرەگرافێکی تەواو ڕۆڵێکی دیاریکراوی هەبێت لە خستنەڕووی ڕووداوێك، دیاریکردنی ڕۆڵی ڕێزمانی و ڕۆڵی واتاییش پەیوەستە بەو یەکە زمانییەی بنەماکان (ڕەگەزەکان)ی تاگمیمی بۆ دیاریدەکرێت.

### 3-11-1.پۆل:

مەبەست لێی ئەو یەکانەیە، کە دەکرێ چاڵە ئەرکییەکان پڕبکەنەوە بە پڕکەرەوەکان ناودەبرێن "پایك" بەم جۆرە وەسفی ئەو یەکانە دەکات، (هاوپەیوەندیی نێوان ئەرکی ڕێزمانی یان چاڵی ئەرکی لەگەڵ پۆلێك لەو یەکانەی توانای گۆڕینەوەیان هەیە لەو چاڵەدا (Pike:1982:19). هەریەك لەو ئایتمانەش بەدابڕاوی لە پێکهاتەی گشتی (سینتاگمیم)دا، واتە بەر لەوەی شوێن پێگەی خۆی لە پێکهاتەکەدا پڕبکاتەوە بریتییە لە پڕکەرەوە، بەڵام تەنیا بە ڕێکخستنی ئەو یەکەیە لە شوێنە

گونجاوەکەی لە ڕۆنانەکەدا دەبێتە(تاگمیم)، کە لە (شوێن و پڕکەرەوە) بەیەکەوە پێکدێت و دوو واتا لەخۆ دەگرێت واتایەکی فەرهەنگی و دەوروبەر لەگەڵ واتایەکی ڕۆنانی، کەواتە هەر تاکە پێگەیەکی ئەرکی دەکرێ یەکێك لە دەستەی پڕکەرەوەکان پڕی بکاتەوە و ئەو دەستەی پڕکەرەوانە بەشێوەیەکی دیاریکراو دەستەیەکی دابەشکارین و ئەو یەکانەش توانای گۆڕینەوەیان هەیە لەنێوان خۆیاندا لە نێو ئەو پێگەیە، پێویستە ئەو پڕکەرەوانە بکرێن بە چەند پۆلێکی شێوەیی لە لیستی چێوە ( تاگمیم)، هەر پۆلێکی شێوە جیاواز ناوێکی بۆ دابنرێ و ئەو ناوەش بەشێك بێت لە لیستی چێوەکان، بۆنمونە شوێنی (کارا) دەکرێ جێناوێك بێت یان ناوێکی تایبەتی یان فرێزێکی ناوی یان دەستەواژەیەك بێت. لەوانەیە یەکێك لەو پڕکەرەوانە یەکەیەکی نمونەیی بێت لەنێو دەستەی ئەو پڕکەرەوانەی ئەو شوێنە پڕدەکەنەوە (رمضان عبدالتواب193:1997).

هەر پڕکەرەوەیەك وەك توخمی کەتیگۆری یان پۆلی کەتیگۆری (ئایتمیکە زانیاری بەخشە سەبارەت بە چاڵەکانەوە، کە لە فۆڕمێکی زمانەوانی وەکو(مۆرفیم، وشە، فرەیز، ڕستە، پەرەگراف، مەنەلۆج، گفتوگۆ، گوتن) دەردەکەون، فرەیزەکان دەکرێ وەك فرەیزی ناوی و فرەیزی کاری دابەش ببن، کلۆزەکان وەك کلۆزی تیپەڕ و تێنەپەڕ و کلۆزی یەکسان پۆل بکرێن)(صباح رشید5:2000).

## 4-11-1.دەقبەستی:

گرنگیدانی تیۆری چێوەڕێژەکان بە دەقبەستی، لە ڕوانگەی گرنگیدانی تیۆرەکەیە بەشیکردنەوەی دەق[7] بە گشتی، کە ئەمەش گرنگترین ئامانجی تیۆرەکەیە، هیچ دەقێك ناتوانرێت شیبکرێتەوە بەبێ لەبەرچاوگرتنی یەکگرتوویی بەشەکانی، (هەماهەنگی ڕیزبوونی یەکەکان لە ئاستە نزمەکانی هەرەمی ڕێزمانی، پەیوەست بە پێگە و ڕۆڵ دەبێتە هۆی یەکگرتوویی و هەماهەنگی زیاتر لە ئاستە بەرزەکانی وەك ڕستە و دەستەواژەکان، هەر ئەمەشە بۆتە هۆی هاتنی پێکهاتەی سادە و پێکهاتەی ئاڵۆز، لە هەمان چاڵی ئەرکییدا لە هەرەمی ڕێزمانی زمانییدا و مەرجی هەر پێکهاتەیەکی ئاڵۆز لە ئاستە بەرزەکانی هەرەمی ڕێزمانیدا بوونی یەکگرتوویی پارچە پێکهێنەرەکانی ئەو یەکەیەیە، وردەکاری پێکهاتەی هەر ڕستەیەك بریتییە لە کۆی پێکهاتەی بەشە پێکهێنەرەکانی ئەو ڕستەیە لە وشە و مۆرفیم و فرێز و دەستەواژەکان، کە هۆکاری کاریگەر دەنوێنن لە شیکردنەوەی یەکەکانی ئاستی

[7] -بەپێی تێڕوانینی "هالیدای" دەق تەنیا یەکەیەکی سیمانتیکییە زمان لە گەیاندن دەینوێنێ، کە وشەیەك یان ڕستەیەك یان کۆمەڵە ڕستەیەك، یان چیرۆکێکە، "هالیدای" دەق بە یەکەیەك دادەنێ لە پرۆسەی کارلێککردن یان پەیوەندییکردن لە واقیعی کۆمەڵایەتیدا، کە لە ڕێگەیەوە بیرۆکە و واتاکان ئاڵوگۆڕ دەکرێن و جۆرێکە لەگفتوگۆ لەنێوان ئاخێوەرانی زمانێك، کە ئەمەش بەستنەوەی دەق بە سیاق لەلایەن"هالیدای" دەردەخات)(نعمان بوقره18:2008).

بەرز لە هەرەمی ڕێزمانی وەك كۆمەڵە ڕستە و پەرەگراف و وتار و گفتوگۆ... Evelyn (Pike1974:29).

بنەماكانی دەقبەستی بە پێوەری جیاكردنەوەی دەق لە نادەق دادەنرێت و هەموو دەقێك تەونە دەقێك یان جۆرە هۆنینەوەیەك بەرهەمدێنێ بە پشت بەستن بە پەیوەندیی دەقبەستی لەنێوان ڕستەكاندا، كە بە هۆی بنەماكانی دەقبەستی دێتەكایەوە و دەق لە نادەق جیادەكاتەوە، پەیوەندیی دەقبەستی ئەوكاتە دێتە كایە، كاتێك لێكدانەوەی هەندێ كەرەستە لەناو گوتنەكە یان دەقەكە پشت بە هەندێكیتر دەبەستێ یان یەكیان پێشگریمانەی ئەوەیتر دەكات، بەو بیرۆكەیەی كەوا بەبێ پەنابردنە بەر ئەو ناتوانرێ كۆدەكان هەڵوەشێنرێتەوە (صباح رشيد6:2016).

بۆچوونە زمانەوانییەكان دەربارەی یەكبەستی دەق جیاوازن هەندێكیان گرنگی بە دەقبەستی دەدەن لە چوارچێوەی شیكردنەوەی دەق و لێكۆڵینەوە لەدەقدا، هەندێكیتریان گرنگی زیاتر بە لایەنی ڕستە و شیكردنەوەی ڕستە دەدەن وەك ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە.

"هالیدای" لەم ڕوانگەیەوە بەرهەمێكی ناوازەی لە دەقبەستی لە زمانی ئینگلیزی نووسیوە، لە كتێبەكەی بە ناوی (Cohesion in English)، هەرچی تیۆری چێوەرێژەكانە گرنگی بە دەقبەستی دەدات لە هەردوو بواری ڕستە و دەقدا لەو ڕوانگەیەی، كە یەكگرتوویی نێوان یەكە پێكهێنەكانی ڕستەیەك لایەنێكی بەهێزی ئەو ڕستەیە و هیچ ڕستەیەك بەبێ بوونی دەقبەستی بەرهەم نایەت و هەر دەقێكیش دەقبەستی تێدانەبێت ناكرێت بە دەق ناو ببرێت.

دەقبەستی بەو چەمكە فراوانەی، كە بە پێوەرەكانی دەق ناسراوە، پێگەیەكی سەرەكی لە توێژینەوەكانی پەیوەست بە دەق داگیركردووە، لە هەریەك لە بوارەكانی(زمانەوانی دەق، شیكردنەوەی دەق / گوتار ، ڕێزمانی دەق، زانستی زمانی دەق)، بە پێوەرەكانی پەیوەست بە دەق، كە بریتین لە:

1- -دەقبەستی پەیوەست بە پێوەری دەق(Cohesion and Coherence).
2- دەقبەستی پەیوەست بە نێرەر(ئاخێوەر/ نووسەر) و وەرگر(گوێگر/خوێنەر)، (Intentionality and acceptability).
3- دەقبەستی و ئەو پێوارانەی دەق، كە پەیوەستن بە بارودۆخی بەرهەمهێنانی دەق و وەرگرتنی دەق ئەویش(Context and Intertextuality)یە.

دەقبەستی مەبەست لێی (ئەو یەكگرتنە بەتینەیە لەنێوان بەشە پێكهێنەرەكانی دەقێكدا بوونی هەیە و گرنگی بەو ئامرازە زمانییانە دەدات، كە پارچەكانی دەقێك بەیەكەوە دەبەستێتەوە، ئەو بنەمایەیە كە یەكگرتنێكی شاراوە و بەیەكەوەبەستوو بۆ زمان لە دەق و ئاخاوتن دەستەبەر دەكات، دەقبەستی مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕێگایە دەكات، كە ڕەگەزەكانی زمان بەیەكەوە دەبەستێتەوە، بۆ پاراستنی ڕوونی و

بەردەوامی لە پەیوەندییکردندا)(سمیر شریف198:2008)، لە شیکردنەوەی چێوەڕێژەکاندا، دەقبەستی بە بابەتێکی سەرەکی دادەنرێ بۆ تێگەیشتن لە چۆنییەتی کارلێککردنی تاگمیمەکان لەگەڵ یەکتر بۆ دارشتنی یەکەیەکی زمانی یەکگرتوو، (دەقبەستی هەردەم مامەڵە لەگەڵ (لایەنی تێپەڕی کردارەکان، نیشانەکانی دۆخ، بکەرەکان، ڕێککەوتنی کردار)دەکات، هەروەها دەرکەوتنی (بەخورتی یان سەرپشکی)دەخاتە روو، وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە چۆن ئەو یەکە زمانییە بە یەکەکانیترەوە گرێدەدات و چۆن بە سیاقی گەورەترەوە دەیانبەستیتەوە)(صباح رشید5:2016).

دەقبەستی لە تیۆری چێوەڕێژەکان بەهەموو تایبەتمەندییەکانی خانە چێوەڕێژکراوەکە گونجاوی دەق بە یەکەکانیتری ناو پێکهاتە زمانییەکە نیشان دەدات بەو پێیەی تاگمیم یەکەیەکە لە دەوروبەردا و دەقبەستی لە خانەکانیتری وەك(پۆل و پێگە و ڕۆڵ ) جیانابێتەوە، کارلێکی نێوان هەردوو خانەی (پێگە، ڕۆڵ) لەسەر بنەمای دەقبەستییەوەیە، بۆنمونە خانەی (پێگە) پەیوەندیی تاگمیم بە یەکەکانیتری تەواوی ڕۆنانەکە پیشان دەدات، بەجۆرێك شوێن یاخود پێگەی تاگمیمی ناوەکی(کرۆك) شوێنی تاگمیمەکانیتر لە ڕۆنانەکەدا دیاری دەکات، پەراوێزی دوایی بۆیە بەوجۆرە ناونراوە دوای تاگمیمی ناوکی دێت، بەهەمان شێوە لە خانەی (ڕۆڵ)دا، تاگمیمێك ڕۆڵی (تاگمیمی رونکردنەوە)ی پێنەدەدرا ئەگەر بابەتێکی سەرەکی نەبێت، کە پەرەی پێبدرێت و رونبکرێتەوە، کەواتە یەکەیەکی زمانی کاتێك ماناکەی بەدەست دەهێنێت، کە بە پەیوەندیی بە یەکەکانیتری ڕۆنانەکەدا وەسف دەکرێت، جۆرێکیتر لە دەقبەستی بریتییە لەو دەقبەستییەی، کە لەسەر بنەمای ڕۆڵی ڕستەکان و پەیوەندی نێوان ئەم ڕۆڵانە دامەزراوە.

رونکردنەوەی ڕۆڵی واتایی لە دەقبەستیدا، ئەوە نیشان دەدات، کە چۆن دەتوانرێت دەقبەستی دەقێك بپارێزرێت لە ڕێگەی ئەو ڕۆڵانەی، ڕستەکانی دەقێك یان پەرەگرافێك هەیانە. ڕستەیەك دەتوانێت لەبریتی بێت، یان وێناکردن یان هۆکاری یان زیادە، یان ڕونکەرەوە، یان پەیوەندی هۆکاری هەبێت لەگەڵ ڕستەی پێشوودا. ئەم پەیوەندییە واتاییانە دەقبەستی بۆ دەقێک دابیندەکەن. دەتوانرێت دەقبەستی بە ئاشکرا بە دەربڕینێکی ئەنافۆریکی نیشان بدرێت یان پەیوەندییەکی واتایی شاراوەی نێوان بەشە جیاوازەکانی دەقێك بێت (Shehdeh: 1988:65).

لە تیۆری چێوەڕێژەکاندا دەقبەستی لەچوارچێوەی دوو بنەماوە باسی لێوە کراوە:

**<u>پێکهاتەی ڕاستەوخۆ(IC):</u>**

بنەمای پێکهاتەی راستەوخۆ جەخت دەکاتە سەر چۆنییەتی یەکگرتن و بەیەکەوەهاتنی یەکە بچووکەکان لە چوارچێوەی ڕستە و دەقدا بۆ پێکهینانی یەکەی گەورەتر، بەو یەکە بچووکانە دەوترێت

پێکهاته راستەوخۆکان، دەقبەستی لەو چوارچێوەیەدا ئاماژەیە بۆ پەیوەندیی ئەو پێکهاتانە و چۆنییەتی یەکگرتنیان لە پێکهاتەی گەورەتردا.

**هەرەمی ڕێزمانی:**

وەك لە پێشوتر لە بابەتی هەرەمی ڕێزمانیدا ئاماژەی پێدرا، تیۆری چێوەڕێژەکان گرنگی بە بیرۆکەی هەرەمی دەدا لە چوارچێوەی شیکردنەوە ڕێزمانییەکانیدا، بە تایبەت لە بابەتی دەقبەستیدا، بەجۆرێك کە یەکە زمانییەکان بەجۆرێك ریزدەبن، کە ڕێگە بە بوونی چەند ئاستیکی ڕۆنانی دەدرێت لە یەك پێکهاتەی زمانیدا، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێ، کە یەکە زمانییەکان دەکرێ واتا و دەقبەستی تایبەت بەخۆی هەبێت و لەهەمان کاتدا بەشێکیش بێت لە پێکهاتەی گشتی یەکەی گەورەتر بەبێ لە دەستدانی واتا سەربەخۆکەی لە دەرەوەی ئەو پێکهاتەیەدا.(Muhartoyo. 2012:32)

**1-12.ڕونکردنەوەی چەمکی "چێوە لە هەر یەك لە زنجیرەی ئاستەکانی (فۆنۆلۆجی، ڕێزمان و واتا)دا:**

**1-12-1.چێوەی فۆنۆلۆجی:**

سەرەتا بەچێوەی فۆنۆلۆجی دەست پێدەکەین، هەر چێوەیەك یان هەر یەکەیەکی چێوەڕێژکراو وەك لە سەرەتادا ئاماژەی پێکراوە بەسەر چوار یەکەدا دابەش دەبێت یان چوار یەکەی چێوەڕێژی لەخۆ دەگرێ، کە بریتین لە (چاڵ/پێگە، پۆل، ڕۆڵ و دەقبەستی)، پرکەرەوەکانی هەر چێوەیەکی فۆنۆلۆجی جیایە لە چێوەی ڕێزمان و واتا، یەکەکانی ئاستی فۆنۆلۆجی زۆرن، بەڵام تەنیا ئەو یەکانە دەتوانن چێوەڕێژ بکرێن، کە لە سنووری ڕستە و دەقدا ڕۆڵ دەبینن لەگەیاندنی واتا و مەبەستی نێرەر لە پرۆسەی پەیوەندییکردندا، وەك چۆن "پایك" لە هەرەمی ڕێزمانیدا ئاماژەی پێکردووە، " پایك" لە ئاستی فۆنۆلۆجی نمونە بە(سەروا) دێنێتەوە، کە هەندێك جار دەنگێك یان چەند دەنگێك یان وشەیەك.... دەبێتە سەروای شیعرێك و چێوە فۆنۆلۆجییەکەی بەم جۆرە دیاریدەکرێت، بۆنمونە لەو دەقە شیعرییەی شاعیر(مەحوی)دا:

کە هەڵگیرسا لەنوری بادە شەمعی نووری جانانە

نەچێتەسەر طەریقەی حەزرەتی پەروانە، دڵ چیبکا؟

بە ئاهم گەر رەقیبانت بسووتێن ئەی گوڵی رەعنا

مەڕەنجە، توخودا شوعلە لە ئاقاری چقڵ چیبکا؟ (دیوانی مەحوی1981:54)

کۆمەڵە دەنگی وشەی (چیبکا) پاش سەرەوای شیعرەکەن، کە دەکرێ بەمجۆرە بنەماکانی چێوەی بۆ دیاری بکەین:

| | |
|---|---|
| Class/پۆل<br>ڕستەیەکە لەشێوەی وشەیەکی دوو بڕگەیی دەربڕاوە | Slot/پێگە<br>کۆتایی نیوەدێری دووەم لە هەموو دێرەکانی دەقە شیعرییەکەدا |
| Role/ڕۆڵ<br>راکێشانی سەرنجی خوێنەر یان بیسەر بۆ واتای شاراوە و جوانیناسی لە دەقە شیعرییەکەدا | Cohesion/دەقبەستی<br>سەرەوای دێری یەکەم کۆنترۆلی سەرەوای هەموو دێرەکانیتری دوای خۆی کردووە لەو دەقە شیعرییەدا |

**6-1 چوار بنەماکەی چێوەی فۆنۆلۆجی**

## 2-12-1: چێوەی سەرچاوەیی:

"پایك" ڕەگەزە بنچینەییەکانی چێوەیەکی سەرچاوەیی بەمجۆرە دیاری دەکات:

| | |
|---|---|
| پۆل:<br>بریتییە لەو پرکەرەوەیەی کە شوێنی ئەرکیی رووداوەکە لە چوارچێوەی چێوە واتاییەکە پڕ دەکاتەوە، کە ئەویش بریتییە لەهەموو ئەو دەقانەی بەکارهاتوون بۆ گوزارشتکردن لە رووداوی ئاخاوتنەکە، هەندێجار ئەو کاتیگۆرییەی چاڵە ئەرکییەکە پڕدەکاتەوە لەوانەیە(کەسێک) بێت. | شوێن/پێگە:<br>دیاریکردنی شوێنی ئەو رووداوەی چەقی شەپۆڵە واتاییەکە دەنوێنێ، کە رووداوە سەرەکییەکەیە و رووداوەکانیتر دەبنە پەراوێز بۆ رووداوە سەرەکییەکە. |
| ڕۆڵ:<br>بریتییە لە ئەرکی رووداو بە هەموو بەشەکانییەوە. | دەقبەستی:<br>دەقبەستی چۆنییەتی بەیەکەوەبەستنی رەگەزەکانی رووداوەکە دەردەخات لە سیستەمی گشتی دەقدا. |

**7-1 ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی چێوەیەکی سەرچاوەیی لەدەقدا**

شیکردنەوەی هەر یەکەیەکی واتایی بۆ چێوە پێکهێنەکانی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:

-سەرەتا دیاریکردنی یەکە زمانییەکە لە ڕووی دەرکەوتە فیزیکییەکەیەوە، دەقی هونەری، دەقی ئاخاوتن، دەقی گفتوگۆ، دەقی گوتار،...).

-دیاریکردنی واتای سەرەکی دەقەکە، کە بریتییە لە کۆی گشتی ئەو یەکە واتاییانەی بەشدارن لەو دەقەدا، لە خزمەت گەیاندنی واتای سەرەکی دەقەکە.

-ڕووداوە سەرەکی و لاوەکییەکانی نێو دەقەکە(مەبەست لە ڕووداو ئەو بیرۆکەیە لای ئاخێوەر هەیە دەیەوێ بیگەیەنێتە بەرانبەر).

-ئاماژەکردن بەو هێزە ناوەکییەی هەوێنی دەربڕینی دەقەکەیە.

لەخوارەوە بەنمونەیەك ئەم هەنگاوانەی دیاریکردنی چێوەی واتایی دەخەینەڕوو:

(گفتوگۆی نێوان دوو هاوڕێ دەربارەی نزمی ئاستی فێرخوازان لە بابەتی (ئینگلیزیی)دا):

بارین: کەژاڵ چۆنی؟

کەژاڵ: سوپاس من باشم تۆ چۆنی؟ نیگەران دیاریت؟

بارین: من باشم نیگەران نیم، بەڵام بیر لە سەرنەکەوتنی ژمارەیەکی زۆری قوتابییان دەکەمەوە لە بابەتی ئینگلیزی، دەبێ هۆکار چی بێ؟

کەژاڵ: ئەوە بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە، وەك کەمی ژمارەی مامۆستایانی شارەزا و لێهاتوو بۆ وتنەوەی بابەتەکە .

بارین: تۆ ڕاست دەکەی، ئێمە زمانی ئینگلیزی ڕۆژانە فێردەبین، کە زمانی پەیوەندییکردنە، کەچی مامۆستاکان ڕێگای وانەوتنەوەی کۆن بەکاردێنن ئەوە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانە.

کەژاڵ: فێرخوازانیش بەرپرسیارییەتی کەمییان نییە لەو سەرنەکەوتنە، لەبری ئەوەی لەگەڵ مامۆستاکانیان بەردەوام بن لەبابەتەکە، ئامادەنەبوونیان زۆرە.

بارین: تۆ ڕاست دەکەی، بەڵام زمانی ئینگلیزی زمانێکی جیهانییە، بۆیە دەبێت بە باشی ئەو زمانە بزانین، ئەگەر بمانەوێت پەرە بە خودی خۆمان بدەین، بەڵام ئەوە چۆن ڕوودەدات؟

کەژاڵ: لە ڕاستیدا فێربوونی زمانی ئینگلیزی ئەوەندەش ئەستەم نییە، بۆ ئەوەی زمانی ئینگلیزی بە باشی فێربیت، پێویستە فێرخواز پەرە بە تواناکانی بدات لەبواری نووسین و خوێندنەوە و گوێگرتن و ئاخاوتندا.

بارین: هاوڕاتم، بەڵام بەهەمان شێوە دەبێ پرۆگرامی فێرکردن گۆڕانکاری تێدا بکرێت ڕاهێنان بە مامۆستایانیش بکرێت بۆ ئەوەی بتوانن شێوازی وانەوتنەوەی کاریگەر پەیڕەو بکەن.

کەژاڵ: بەدڵنیاییەوە، لەگەڵ ئەوەش دەبێ فیرخوازان نەریتییان بگۆڕن لە خوێندن و بەڕێکی بخوێنن.

بارین: بێگومان، بەهەمان شێوە دەبێ مامۆستاکانیش وابکەن فێربوونی زمانی ئینگلیزی زیاتر چێژبەخش بێت.

کەژاڵ: ڕاست دەکەی، ئێستا کاتی ئەوەیە ڕێوشوێنی جدی بگیرێتە بەر، بۆئەوەی فێرخوازان گرنگی بە فێربوونی زمانی ئینگلیزی بدەن.

بارین: بێگومان ئەگەر هەریەك لە فێرخواز و فێرکەران بەیەکەوە هەوڵبدەن، لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەو گرفتە چارەسەر دەبێت.

کەژاڵ: بەهیوای هاتنە دی ئەو ڕۆژە.

بارین: سوپاس بۆ ئەو گفتوگۆیە، خوات لەگەڵ.

کەژاڵ: دەتبینمەوە خوات لەگەڵ.

ئەگەر ئەو گفتوگۆیە چێوەڕێژ بکەین بنەماکانی ئەم یەکە واتاییە بەمجۆرە دەبێت:

| | |
|---|---|
| Class/پۆل<br>دەقی گفتوگۆی نیوان دوو هاوڕێ | شوێن/ پیگەSlot<br>بەشیکە لە گفتووگۆیەکی درێژی یەکتربینینی نێوان دوو هاورێ لە شوێنێکی دیاریکراو |
| Role/رۆل<br>باسکردنی بابەتێک، کە بۆتە هۆکاری نیگەرانی لای یەکێک لە ئاخێوەران و هەوڵی دۆزینەوەی رێگە چارەیەک بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکە | دەقبەستی/<br>-سەرەتای گفتوگۆکە بۆ هێزێکی ناوەکی لای یەکێک لە دوو ئاخێوەرەکە لە دەرئەنجامی هەستی نیگەرانییەوە دەبێتە دەستپێکی گفتوگۆکە.<br>Cohesion<br>بەیەکەوەبەستووی و بەردەوامی گفتوگۆکە بۆ کارلێکی ئاخێوەرەکان لەگەڵ یەکتر دەگەڕێتەوە، کە هەر گوزارشتێکی یەکێکیان وەڵامێک لای ئەوەیتریان دروست دەکات.<br>Coherence:<br>دروستبوونی هێزی ناوەکییە لەلای بەرانبەر(کەژاڵ)، کە هۆکارێکە بۆ ئەوەی شێوازی بیرکردنەوەی خۆی دەربارەی ئەو بابەتە بخاتە روو. |

**9-1 چوار بنەماکەی چێوەی سەرچاوەیی لە دەقێکی دیاریکراودا**

سەرەتای ئەم گفتوگۆیە بە دەربڕینی هەستی نیگەرانی لای یەکێك لەو دوو هاوڕێیە دەست پێدەکات، "پایك" هۆکاری ئەم دەربڕینە بۆ هێزێکی ناوەکی ئاراستەکەر دەگەڕێنێتەوە، کە پاڵ بە ئاخێوەرەوە دەنێت بۆ دەربڕینی ئەوەی بیری لێدەکاتەوە و هەستی پێدەکات لەژێر کاریگەریی (ناسنامەی کەسی و بیروباوەڕی تاك و لایەنی سۆزداری و هەڵسەنگاندنی خودی) بۆ بابەتەکە، ئەوەی لەو گفتوگۆیە هەستی پێدەکرێت نیگەرانی(بارین) دەربارەی دەرنەچوونی فێرخوازانە، کە هۆکارەکەی بە پلەی یەکەم بۆ مامۆستا و پرۆگرامی خوێندن دەگەڕێنێتەوە، لەکاتێکدا هاوڕێکەی هۆکاری دەرنەچوون لەهەمان بابەت بە پلەی یەکەم بۆ خودی فێرخوازەکە دەگەڕێنێتەوە، ئەوەی جێگای سەرنجە لە سەرەتا تاکۆتایی گفتوگۆکە هەست بە لێکتێگەیشتن و گفتوگۆی ئاشتییانە دەکرێ لەنێوان هەردوو ئاخێوەر لەگەڵ قبوڵکردنی بیرۆکەی بەرانبەر، کە ئەمەش پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە لایەنی ناسنامەی کەسەکان و هەڵسەنگاندنیان بۆ خودی بابەتەکە و پەیوەندیی بەتینی بەشداربوانی ئاخاوتنەکە دەگەڕێتەوە، ئەوەی بەردەوامیش بە گفتوگۆکە دەدات دروستبوونی هێزی ناوەکییە لەلای بەرانبەر(کەژاڵ)، کە هۆکارێکە بۆ ئەوەی شێوازی بیرکردنەوەی خۆی دەربارەی ئەو بابەتە بخاتە ڕوو، کە هەر پرسیارێك لەلایەن یەکێکیانەوە وەڵامێکی لای ئەوەیتریان بەدواوە دێت، ئەمەش بەڵگەی پتەوی و پەیوەندیی بەشەکانی گفتوگۆکە و بوونی پەیوەندیی دەقبەستییە لەنێوانیاندا، کە هەرچەندە هەست بە بوونی جیاوازی لە بیرکردنەوەی هەردوو بەشداربوو تێبینیدەکرێت، لەگەڵ ئەوەش ئاخاوتنەکە بە لێکتێگەیشتنی هەردوولا کۆتایی پێ دەهێنرێت.

ئەوەی جێگای سەرنجە بنەماکانی هەر چێوەیەکی واتایی بەگوێرەی شیکردنەوەی پێکهاتەی واتایی دەقەکە دیاری دەکرێت، ئەمەش ئەوە دەخاتەڕوو، کە شیکردنەوەی ڕۆنانی واتایی هەر چێوەیەك دەروازەیەکە بۆ گەیشتن بە بنەماکانی چێوە واتاییەکە بۆ هەموو یەکەیەکی واتایی.

### 1-12-3:چێوەی ڕێزمانی:

چێوەی ڕێزمانیش وەك چێوەی فۆنۆلۆجی و چێوەی سەرچاوەیی لەچوار بنەمای سەرەکی پێکدیت، کە بە ڕەگەزەکانی چێوە ناسراون، بۆ ڕونکردنەوەی چێوەی ڕێزمانی، بە چێوەکردن بۆ ڕستەیەکی سادە دەکەین:

**-بڕیار کتیبێکی بە پێزی نووسیبوو.**


"پایك" لە شیکردنەوەی ڕێزمانی ڕستەدا پەیڕەوی سێ ڕێگای سەرەکی کردووە، وەك:

یەکەم/ ڕێگای نووسینەوەی پێکهاتەکانی ڕستە:

S= +S:N+O:N(H:n±Det:adj)+Pre:V[8]

ئەو ڕستەیەی سەرەوە لە پێگەی ئەرکی بکەر پێکهاتووە، کە بە ناوێك پڕکراوەتەوە، لەگەڵ پێگەی ئەرکی بەرکار، کە بە فرێزێکی ناوی پڕکراوەتەوە لە (سەرەیەك و دیارخەرێك پێکدیت

دووەم/ هێلکاری درەختی :




**10-1 هێلکاری درەختی چێوەی ڕێزمانی**

سێیەم/ پێڕەوی دوو ڕاستەهێلی یەکتربڕ، بریتییە لەشێوەی نیشانەی(+) بۆ نواندنی شیکردنەوە ڕێزمانییەکانی سیستەمی چێوەڕێژکردن، کە هەر چوار بنەمای چێوەڕێژی قاڵبە ڕێزمانییەکانی یەکە زمانییەکانی هەڕەمی ڕێزمانی لەخۆگرتووە:

[8] 1- "پایك" لە شیکردنەوەکانیدا بۆ هەر پێگەیەکی ئەرکی پیتی کاپیتاڵ دادەنێت بۆ ئاماژەکردن بەوەی ئەو پێگەیە لەوانەیە بە (وشە) یان بە (فرێزێك) پڕکرابێتەوە، دواتر لە دوای هێمای(:) پڕکەرەوەکان دێت، کە بە پیتی بچووك دەنووسرێن، بۆنمونە لەو ڕستەیەی سەرەوە پێگەی ئەرکی بەرکار بە فرێزێکی ناوی پڕکراوەتەوە، "پایك" بۆ ئەو پێگەیە(N)دادەنێت بە پیتی گەورە بۆ ئاماژەکردن بەوەی ئەو پێگەیە بە (فرێزێك) پڕکراوەتەوە، دواتر بۆ ئاماژەکردن بە پڕکەرەوەکانی ئەو پێگەیە پیتی بچووك بەکاردێنێ، لەبەشی دووەم لە بابەتی (داڕشتەی چێوەیی)دا بە درێژی باسیان لێوە دەکرێت.

| | |
|---|---|
| Class/پۆل<br>ناو<br>بریار | پێگە/شوێنSlot<br>پابەندییە بەخورتییە<br>Obligatory<br>Nuclear- کرۆکییە |
| Role/ڕۆڵ<br>بکەر | Cohesion<br>دەقبەستی/<br>ڕێککەوتن لە کەس و<br>ژمارە لەگەڵ بەرکار<br>و کرداری ڕستەکە |

| | |
|---|---|
| Class/پۆل<br>فرێزی ناوی<br>کتێبی بەپێز | پێگە/شوێنSlot<br>پابەندییە بەخورتییە<br>Obligatory<br>Nuclear- کرۆکییە |
| Role/ڕۆڵ<br>بەرکار | Cohesion<br>دەقبەستی/<br>ڕێککەوتن لە کەس و<br>ژمارە لەگەڵ بکەری<br>ڕستەکە |

| | |
|---|---|
| Class/پۆل<br>گوزارە<br>نووسیبوو | پێگە/شوێنSlot<br>پابەندییە بەخورتییە<br>Obligatory<br>Nuclear- کرۆکییە |
| Role/ڕۆڵ<br>کردار | Cohesion<br>دەقبەستی/<br>ڕێککەوتن لە کەس و<br>ژمارە لەگەڵ بکەری<br>ڕستەکە |

**11-1 چوار بنەماکەی چێوەی ڕێزمانی ڕستەیەکی دیاریکراو**

چوارەم/ نواندنی خشتەیی: "پایك"جۆرێکیتر لە نواندنی چێوەیی بۆ تاگمیمەکان لە ڕستەدا پێشکەش کردووە، ئەویش نواندنی خشتەییە، کە تیایدا جگە لە چوار بنەماکانی تاگمیم، ئاماژە بە پڕکەرەوەکان دەکات و ئەو پڕکەرەوە لەبریتییانەش دەخاتەڕوو، کە هەمان پۆلیان هەیە لەگەڵ پڕکەرەوەی ڕستەکە و دەشێ لەبری ئەو پڕکەرەوەیە دابنرێن:

**خشتەی 3-1 نواندنی خشتەیی ڕستەیەکی دیاریکراو لە چوارچێوەی "تیۆری چێوەڕێژەکان"ەوە**

| شوێن/پێگە-Slot | بکەر-Subject | بەرکار-Adjunct | سەربار-Adjunct | گوزارە-Predicate |
|---|---|---|---|---|
| Role/ڕۆڵ | Actor-کارا | Undergoer-وەرگر | Scope-بوار | Statement<br>خستنەرووی ڕووداو |
| نمونە<br>١-<br>٢-<br>٣- | <br>بریار<br>ئەو<br>کورەکە | <br>کتێبێکی بەپێزی<br>چیرۆکی<br>نووسینێکی بەپێزی | <br>بۆمن<br>ژیانی خۆی<br>لەسەر دیوارەکە | <br>نووسیبوو<br>نووسیبوو<br>نووسیبوو |
| Class/پۆل | ناو<br>جێناو<br>فرێزی ناوی | فرێزی ناوی<br>ناو<br>فرێزی ناوی | فرێزی بەند<br>فرێزی ناوی<br>ئاوەڵگوزارەی شوێنی | فرێزی کاری<br>فرێزی کاری<br>فرێزی کاری |
| دەقبەستی/<br>Cohesion | < s<br>بکەری حوکمکەر | ڕێککەوتن لەگەڵ بکەر | ———— | ڕێککەوتن لە کەس و<br>ژمارە لەگەڵ بکەر و<br>بەرکاری ڕستەکە |

# بەشی دووەم/ بەندی یەکەم

## ( جێبەجێکردنی بنەما ڕێزمانییەکانی تیۆری چێوەڕێژەکان لەشیکردنەوەی ڕستە لە زمانی کوردیدا)

## 1-2.بەندی یەکەم:

### 1-1-2.سەرەتا:

شیکردنەوەی ڕێزمانی لایەنێکی سەرەکییە لە شیکردنەوەی زمان بەگشتی، کە بریتییە لە وەسفکردنی پێکهاتە و ڕۆنان و یاساکانی زمان، شیکردنەوەی ڕێزمانی زمان هۆکاری یەکلاکەرەوەیە لە تێگەیشتن لە چۆنییەتی دروستبوونی ڕستە و کارکردنی وشەکان لە سنووری ڕستە و گواستنەوەی واتا لە ڕێگەی پێکهاتە زمانییە جیاجیاکاندا، ئاستی ڕستەش لە ڕێزماندا ئەو ئاستەیە، کە تیایدا کلۆزەکان یەکدەگرن بۆ دروستکردنی یەکەی گەورەتر لە سنووری ڕستەدا، (ڕستە یەکەیەکی ڕێزمانییە و پێکهاتەیەکە، کە خاوەنی ئاوازەیەکی کۆتاییە، پێکهێنەکانیشی بریتین لە کلۆزەکان و ئامرازەکانی بەستنەوە و ئاوازەی ڕستەکە) (Cook:1969:36).

لە ڕێزمانی دێریندا "ڕستە" چەقی گرنگپێدانی کارە ڕێزمانییەکان بوو، کە ئەو کات پێناسەی ڕستە پشتی بە واتا دەبەست، بەوە ناسرابوو، کە(واتایەکی تەواو لە خودی خۆیدا هەڵدەگرێ و لە نیهاد و گوزارە پێکدێت)، ئەم بیرۆکەیەش بۆ "ئەرستۆ" و لۆجیکناسە گریکییەکان دەگەڕێتەوە، کە لە ڕێگەی ڕێزمانی لاتینییەوە هاتۆتە ناو زمانی ئینگلیزیی، لە سەردەمی "بلۆمفیڵد"دا، لە ڕووی فۆرمەوە پێناسەی ڕستە دەکرا، نەوەك لە ڕووی واتاوە، بەوەی فۆڕمێکی سەربەخۆی هەیە "بلۆمفیلد" ڕستە بەوە پێناسە دەکات، کە: (فۆرمێکی زمانی سەربەخۆیە، بەگوێرەی پێویستی هیچ پێکهاتەیەکی ڕێزمانی یان یەکەیەکی ڕێزمانی گەورەتر نەهاتووە)(Bloomfield:1933:170).

پەیڕەوکەرانی "تیۆری چێوەڕێژەکان"، ڕەهەندێکیتریان بۆ ڕوانین لە ڕستە زیادکرد، ئەویش ڕەهەندی دابەشبوون بوو، بەوەی ڕستە تاکە ئاستی هەرەمی ڕێزمانیی نییە، بەڵکو ئاستی ڕستە لە هەرەمی ڕێزمانیدا بریتییە لەو ئاستەی، کە تیایدا کلۆزەکان یەکدەگرن و کۆتایی بە ئاوازەیەك دێت، کە لەهەموو ڕستەیەکدا شوێنی لە کۆتایی پێکهاتەی ڕستەکەدایە، پێکهاتەکانی ڕستەش بریتین لە یەکگرتنی پێکهێنەکان و جۆرە جیاوازەکانی ئاوازەی ڕستە، هەر ڕستەیەکیش لە یەکەی گەورەتر لە ڕستە دێت و بەستراوەتەوە بە دەوروبەری ڕەفتارییەوە.(Pike:1982:46)

ئەوەی جێگەی باسە هەریەك لە "ئەلسن" و "پیکیت" زۆر بە کورتی باسی ئاستەکانی سەرووی ڕستەیان کردووە، هەرچی "لۆنگاکر"یشە بەکەمی ئاماژەی بەو ئاستانە داوە و گرنگی و بایەخی شیکردنەوەکانی لە ڕستە چڕکردۆتەوە، بەڵام "پایك" گرنگی تەواوی بە ئاستەکانی سەرووی ڕستە

داوە و نمونەی شیکاری بۆ یەکەکانی سەرووی ڕستە لە هەڕەمی ڕێزمانی هێناوەتەوە، و لەڕوانگەی تیۆری "چیومڕێژەکان"ەوە لێکدانەوە و شیکردنەوەی بۆ ئەو یەکانە کردووە.[9]

## 2-1-2.ئاستی ڕستە لە هەڕەمی ڕێزمانی تیۆری چێوەڕێژەکاندا:

"کووك" لە خشتەیەکدا جۆرەکانی ڕستە بەگوێرەی چەند تایبەتمەندییەك دەخاتەڕوو:

ڕستە بەگوێرەی ژمارەی کلۆزەکان و جۆری کلۆزەکان لە ڕستەدا، کە ئەویش پۆلکردنی ڕستە بۆ(سادە، لێکدراو و ئاڵۆز)دەگرێتەوە، "پایك" و "لۆنگاکر"یش ڕستەیان بۆ(فرە کلۆز، کلۆزێکی سادە و ڕستەی بێ کلۆز)بەشکردووە[10]، بەگوێرەی ڕۆنانی ناوەوەی کلۆزی سەرەکیش: ڕستە بۆ ڕستەی تەواو و ڕستەی ناتەواو دابەش دەبێت، و بەو جۆرە ڕستانەش دەگوترێ ڕستەی گەورە یان تەواو بەرانبەر ڕستەی بچووك دەوەستن، هەروەها بەگوێرەی جۆری وەڵامی ڕستەش ڕستەی دابەشی سەر (هەواڵ گەیاندن، فەرماندان و سەرسوڕمان)کردووە، ڕستەی (بکەر دیار و بکەر نادیار)یش جۆرێکیتری پۆلێنکرنە، کە پشت بە پەیوەندیی نێوان ڕوودا و بکەری ڕووداو بەستووە، ئەو جۆرەی پۆلکردنیش پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە ئاستی کلۆزەوە هەیە، هەرچی بوونی ئامرازی نەرێکردنیشە لە فرێزی سەرەکی ڕستەدا، ڕستە بۆ هەردوو جۆری(نەری و ئەری)دابەش دەکات، کە ئەمەش پەیوەستە بە ئاستی فرێز لە شیکردنەوەی ڕێزمانی ڕستەدا.

ئەمە بەشێوەیەکی گشتی دەربارەی ئەو ڕستانەیە، کە بە ڕستەی تەواو/ڕستەی گەورە دادەنرێت، جۆرێکیتری ڕستە لە خشتەکەی "کووك" ئاماژەی پێدراوە، کە بە ڕستەی ناتەواو/ ڕستەی بچووك ناسراوە، ئەو جۆرەی ڕستە هەموو ئەو ڕستانە دەگرێتەوە، کە ئاوازەی کۆتایی ڕستەیان هەیە، بەڵام خاوەنی (بنج)ی تەواو نین، هەندێك جۆری ئەو ڕستانە خاوەنی ڕۆنانی ناوەوەن و دەکرێن بە سێ جۆری سەرەکی(لە بابەتی ڕستەی ناتەواو باسییان لێوە دەکرێت)، هەندێکیتریان ڕۆنانی ناوەوەیان نییە وەك ئەو دەربڕینانەی بۆ (بانگکردن، سڵاوکردن و گوزارشتە هەڵچوونییەکان... )بەکاردێت، ئەو دەربڕینانە

[9] -بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی یەکەکانی شیکردنەوە لای پەیڕەوکەرانی "تیۆری چێوەڕێژەکان" بڕوانە:
1-Elson, B and Pickett, V, (1962). An Introduction to Morphology and Syntax. Pp.127-128.
2-Longakre, R, E. (1964), (Grammar Discovery Procedures 17, 125-126.
3-Pike, K, L, Tagmemic and Matrix Linguistics Applied to Select African Language. 1967, P372.

[10] -"پایك" لە جۆرەکانی ڕستە لە ڕووی پێکهاتنەوە باس لە ڕستەی (سادە، لێکدراو و ئاڵۆز)دەکات، بەڵام لە دیاریکردنی یەکەکانی هەڕەمی ڕێزمانیدا، چەمکی ڕستە تەنیا بۆ ڕستەی سادە بەکاردەهێنێت و لە شیکردنەوە ڕێزمانییەکانی تیۆری چێوەڕێژەکاندا ڕستە لێکدراو و ئاڵۆزەکان وەك دەق لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت.

زۆربەیان پێویستیان بە دارشتنێکی ڕێزمانی نییە، بەڵکو وەك دانەی لێکسیکی لە هەڵوێستی تایبەت و سیاقی دیاریکراودا بەکاردێن.

بۆ رونکردنەوەی زیاتر دەربارەی شیکردنەوە لە ئاستی ڕستەدا، لە خوارەوە ئەو خشتەیە دەخەینەڕوو، کە "کووك" بۆ جیاکردنەوەی جۆرە جیاوازەکانی ڕستە و پێکهاتەکان لە ئاستی ڕستەسازی خستویەتیەڕوو، وەك لە خشتەکەدا دیارە یەکەکانی ئاستی ڕستە بەهەموو جۆرەکانیانەوە پەیوەندییەکی پێکهاتەیی و بەیەکداچوونی لە نێوانیاندا هەیە، بەتایبەت ئەو جۆرانەی ڕستە، کە بە ڕستەی کورتکراوە یان ناسەرەکی ناسراون، وەك لە خشتەکەش ئاماژەی پێدراوە زۆربەی ئەو جۆرانەی ڕستە لە ناو پێکهاتەی ڕستەی لێکدراو و ئاڵۆزدا دەبینرێن:

**خشتەی 1-2** بریتییە لەوەسفکردنی زمان لە چوارچێوەی ئاستی ڕستەسازییەوە، بە خستنەڕووی جۆرە جیاوازەکانی ڕستە لەڕووی هەریەك لە (جۆری هەڵوێست، جۆری کلۆز، جۆری بنج و ئاوازەی ڕستە)، کە هەریەك لەو بەشانەش دابەشی چەند جۆرێکیتری ڕستە بوون وەك: (ڕستەی وەڵام، ڕستەی زیادە، ڕستەی پاشکۆ و ڕستەی سەرسوڕمان، ...).(Cook:1969:38)

| شیکردنەوەی ئاستی ڕستە | | | |
|---|---|---|---|
| **بەگوێرەی جۆری هەڵوێست** | **بەگوێرەی جۆری کلۆز** | **بەگوێرەی جۆری بنج لە ڕستە** | **بەگوێرەی جۆری ئاوازەی ڕستە** |
| 1-هەواڵدان: گواستنەوەی زانیاری.<br>2-پرسیاری: پێکهاتووە بۆ وەرگرتنی وەڵام. .<br>3-فەرماندان: بۆ دەستخستنی وەڵامی کردار پێکهاتووە | 1-ڕستەی: دوو (پێکهاتە/کلۆز)ی سەربەخۆ لەگەڵ ئامرازێکی لێکدەر<br>2-ڕستەی ئاڵۆز:<br>پێکهاتەیەکی سەربەخۆ و پێکهاتەیەکی وابەستە لەگەڵ گرتنەخۆ.<br>3-ڕستەی سادە:<br>(پێکهاتە/کلۆزێك)ی سەربەخۆ بەبێ هیچ کلۆزێکی وابەستە. | پێکهاتەی گەورە لەگەڵ بنجی تەواو | ڕستەی خاوەن ئاوازەی کۆتایی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 1-زیادە/ خستنەسەر: بەدوای ڕستەی هەواڵدان دێت.<br>2-وەڵام:بەدوای پرسیارەوە دێت.<br>3-سەرسوڕمان: لەهەر دەوروبەرێك بێت | 1- ڕستەی پاشکۆ(لە ڕستەی لێکدراو)<br>2-ڕستەی پەراوێزی(لە ڕستەی ئاڵۆز)<br>ڕستەی کورتکراوە | پێکهاتەی بچووك لەگەڵ بنجی ناتەواو | |

**3-1-2.هەنگاوەکانی شیکارکردنی ڕستە لەچوارچێوەی تیۆری چێوەڕێژەکاندا:**

لە چوارچێوەی "تیۆری چێوەڕێژەکاندا" زمانەوان دەتوانێت لە هەر ئاستێك لە ئاستەکانی هەرەمی ڕێزمانیدا، شیکردنەوە بۆ یەکەکانی ئاستێکی دیاریکراو بکات، لەو بەشەدا سەرەتا لە ئاستی ڕستەوە دەست بە شیکردنەوە دەکرێت، واتە ئاراستەی شیکردنەوە لە ئاستی گەورە بۆ ئاستی بچووك دەبێت(لە ڕستەوە بۆ مۆرفیم)، کەواتە لەم بەشەدا لە ڕووی زانستییەوە ئاستی ڕستە وەك خاڵی دەستپێکی شیکردنەوەیە، بۆیە پێویستە لە هەنگاوی یەکەمی شیکردنەوە هەر دەقێك شیبکرێتەوە بۆ کۆمەڵە ڕستە و جیاکردنەوەی جۆری ڕستە تیایاندا.

دیاریکردنی ئەو جۆرە جیاوازانەی ڕستە و کارکردن لەسەر هەر جۆرێکیان بە تەنیا و بەدابڕاوی لەوەیتر ئەستەم دەبێت، بەوەی "تیۆری چێوەڕێژەکان" مەبەستی سەرەکی شیکردنەوەکانی لە ئاستی سەرووی ڕستە چڕکردۆتەوە، بۆیە "پایك" چەند بنەمایەك پەیڕەودەکات، کە پشت بە سێ هەنگاوی سەرەکی دەبەستێت لە شیکردنەوەی ڕستەدا.

1-جیاکردنەوەی جۆری ڕستەی ناوکی لە ڕستەی داڕێژراو.

2- کورتکردنەوەی ڕستە فرە کلۆزەکان بۆ ڕستەی سادە.

3-جیاکردنەوەی بنجی ڕستە لە ئاوازەی کۆتایی ڕستە.(Pike:1976:40)

لە ڕێزمانی کۆندا سەرەتا بەر لە شیکردنەوەی هەر ڕستەیەك هەوڵی جیاکردنەوەی ڕستەی ناوکی دەدرا لەو ڕستانەی، کە لێی وەرگیراون، جیاکردنەوەی لە ڕستەی وەرگیراو/داڕێژراو، بۆنمونە لە چوارچێوەی هەر زمانێکدا دەبینین ڕستەیەکی دیاریکراو لە ڕۆنانێکی بنجی پێکدێت، دەکرێ هەموو ڕۆنانەکانیتر لەو بنجە سەرەکییە وەرگیرابن، بەو بنجە سەرەکییانە دەگوترێت ڕستەی ناوکی، سەرەتا دەبێ تایبەتمەندییەکانی ئەو ڕستە ناوکییانە دیاری بکرێت، دواتر گرنگی بە چۆنییەتی وەرگرتنی ڕستە وەرگیراوەکان/داڕێژراوەکان لە ڕستە ناوکییەکان بدرێت.

ڕستەی ناوکی ، کە بە ڕستەی بنجیش ناودەبرێت، "چۆمسکی" چەند تایبەتمەندییەك بۆ ئەو جۆرەی ڕستە دیاری دەکات، وەك:

1)سادە 2 )تەواو 3)هەواڵی 4)بکەردیار 5)ئەرێ

هەر ڕستەیەك ئەو پێنج تایبەتمەندییەی هەبێت بە ڕستەی بنج دادەنرێت، بە نەبوونی یەك لەو تایبەتمەندییانە ڕستە لە ناوکییەوە دەبێت بە ڕستەی داڕێژراو/وەرگیراو، ئەو کاتە بیرۆکەی تەواوی

ڕستەی بنج/ناوکی دەردەکەوێ، کاتێك بە جۆرە جیاوازەکانی ڕستەی وەرگیراو بەراورد دەکرێ[11]: بڕوانە:(Chomsky:1967:80).

### 2-1-4.چێوەکانی ئاستی ڕستە لەچوارچێوەی تیۆری چێوەڕێژەکاندا:

پێکهاتەکانی ئاستی ڕستە، لە چوارچێوەی تیۆری چێوەڕێژەکاندا، بریتین لەو پێکهاتانەی، کە پێکهێن تیایاندا گۆکراو و دابڕاون، ئەو کلۆزانەن، کە (بنج)ی ڕستە پێکدەهێنن، لەگەڵ هەریەك لە:(ئامرازەکانی بەستنەوە، تایبەتمەندییە پەیوەستدارەکان و ئاوازەی ڕستە).

چێوە سەرەکییەکان لە شیکردنەوەی هەر ڕستەیەك بریتین لە :

**چێوەی بنج(Base Tagmeme):** پێگەی بنج بە کلۆزیکی سەربەخۆ(IndCl) پڕدەکرێتەوە، پێگەی فرە بنج دەکرێ بە نووسینی ژمارە لە ژێرەوەی هێمای بنجەکە ئاماژەی پێبدرێت، وەك: $Base_1$, $Base_2$.

**چێوەی پەراوێزی:** چێوەی پەراوێزی بە کلۆزی وابەستە/ناسەربەخۆ(DepCl) پڕدەکرێنەوە، چێوەی وابەستە تەنیا لە ڕستەی ئاڵۆز و ڕستەی ناسەرەکیدا دێت.

**چێوەی بەستنەوە:** ئەو چێوەیە، کە بە (C)هێما دەکرێت، بە ئامرازەکانی بەستنەوە پڕدەکرێتەوە، ئەو جۆرەی چێوە لە ئاستی فرێز دێن.

**چێوەی ئاوازە:** چێوەی ئاوازە(Into) بەو هێمایانە پڕدەکرێتەوە، کە ئاماژەن بۆ ئاوازەی کۆتایی یان ناکۆتایی ڕستە(123↓)، هەموو کات چێوەی سەرەکی و ئاوازە لە ڕۆنانی ڕستەدا لە جۆری چێوەی (ناوکی)ن، بەڵام چێوەی ناسەرەکی، بە شێوەیەکی گشتی لە جۆری بژاردەیی یان ناوەندی دەبن(کە بە چێوەی پەراوێزیش ناودەبرێن)، بەڵام چێوەی بەستنەوە دەکرێ سەرەکی بێت ئەگەر هاتوو بە خورتی بوو لە پێکهاتەکەدا. (Cook:1969:45).

### 2-1-5.داڕشتەی چێوەیی بۆ ئاستی ڕستە لە چوارچێوەی تیۆری چێوەڕێژەکاندا:

---

[11] - **رستەی ناوکی**

| رستەی ناوکی | رستەی داڕێژراو | |
|---|---|---|
| سادە | لێکدراو | داڕێژراو |
| تەواو | ناتەواو | کورتکراوە |
| هەواڵی | پرسیاری | فەرماندان |
| بکەر دیار | بکەر نادیار | ڕستەی نێوەند |
| ئەرێ | نەرێ | |

لەهەر پرۆسەیەکی شیکردنەوە لە ئاستی ڕستەدا، سەرەتا زمانەوان دەبێ زانیاری تەواوی دەربارەی ئاستەکانی هەڕەمی ڕێزمانی یەکەکانی ئەو زمانە هەبێت، کە شیکردنەوەی بۆ دەکات، زانیاری دەربارەی جۆری ڕستە لە ڕووی پێکهاتنەوە یارمەتیدەر دەبێت وەك هەنگاوی یەکەم بۆ گەیشتن بە ئاستی کلۆز لە شیکردنەوەی ڕستەدا، دواتر شیکردنەوەی کلۆزەکان بۆ یەکە پێکهێنەکانیان لە جۆرە جیاوازەکانی فرێز و شیکردنەوەی فرێز بۆ وشە و گەیشتن بە کۆتا ئاستی شیکردنەوەی ڕێزمانی، کە ئاستی مۆرفیمەکانە لە زماندا:

**1-5-1-2.ڕستەی لە ڕووی جۆری کلۆزەوە لە چوارچێوەی تیۆری چێوەڕێژەکاندا:**

شیکردنەوە لە ئاستی ڕستە و ئاستەکانی خوار ڕستە لە تیۆری چێوەڕێژەکاندا بەجۆرێکە، کە ئاستی ڕستە ڕۆڵی قۆناغی ئامادەکاری بۆ شیکردنەوە لە ئاستی کلۆز دەبینێ، لەو ئاستەی شیکردنەوەدا، ڕستە بۆ پێکهاتەی کلۆزی سادە و فرە کلۆز جیادەکرێتەوە، لەگەڵ ئاوازەی ڕستەکە، دواتر ئاستی خوار ڕستە لە ئاستی کلۆزدا شیکردنەوەی بۆ دەکرێت.

هەنگاوی یەکەم لەم ئاستەی شیکردنەوەدا، بریتییە لە جیاکردنەوەی ڕستە بنجییەکەیە لە ئاوازەی کۆتایی ڕستەکە، ئاوازە هێمای(-) بۆ دادەنرێت، بۆ ئاماژەکردن بە چێوەیەکی بەخورتی، بەڵام لە هێلی دەرکەوتندا بوونی نییە، کە بە چێوەی(Suprasegmentals) ناودەبرێت(لە بابەتی چێوەی بەخورتی و چێوەی بژاردەیی باسی لێوەدەکرێت)، ئەگەر چێوەی ئاوازەکە نەزانراو بوو بە هێمای(ICF)ئاماژەی پێدەکرێت، کە کورتکراوەی (Final Intonation Contour)ە، ئەگەر ئاوازەکە ئاوازەیەکی کۆتایی نەبوو بە(ICN)ئاماژەی پێدەکرێت، بەڵام ئەگەر ئاوازەکە زانراو بوو ئەوا بە 231) هێما دەکرێت.(Bolinger1986:305)

وەك لە بابەتی (**ئاستی ڕستە لە هەڕەمی ڕێزمانی تیۆری چێوەڕێژەکاندا**) ئاماژەی پێدرا، ڕستە بەگوێرەی ژمارەی کلۆزەکان و جۆری کلۆزەکان لە ڕستەدا، دەبێتە ڕستەی(سادە، لێکدراو و ئاڵۆز)، دارشتەی هەریەك لەو جۆرانەی ڕستە لە چوارچێوەی تیۆری چێوەڕێژەکاندا بەمجۆرە دەبێت: (بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی یاساکانی نووسینەوەی ڕستە لە چوارچێوەی تیۆری چێوەڕێژەکاندا بڕوانە: (Cook:1969:44).

**1)ڕستەی سادە= +بنج : کلۆزێکی سەربەخۆ -ئاوازە : ئاوازەی کۆتایی ڕستە**

**(Simple)Sent= +Base:Ind.Cl-Into:ICF**

بەوجۆرە دەخوێندرێتەوە:

ڕستەی سادە لە پێگەیەکی سەرەکی(بنج) پێکدێت، کە کلۆزێکی سەربەخۆ پڕی دەکاتەوە، لەگەڵ پێگەی ئاوازە، کە ئاوازەی کۆتایی ڕستەکە پڕی دەکاتەوە، وەك:

- **کەشوهەوایەکی ناسەقامگیر بەرەو کوردستان بەڕێوەیە.**

هێمای(+)لە داڕشتەی ڕستەی سادەدا ئاماژەیە بۆ ئەوەی(بنج)ی ڕستەکە چێوەیەکی بەخورتییە، بەهەمان شێوە ئەو هێمایە(-)ئاماژەیە بۆ چێوەیەکی بەخورتی، بەڵام لەسەرووی هێڵی دەرکەوتنەوەیە، لە هەنگاوی یەکەمی شیکردنەوەدا، پڕکەرەوەکانی پێگەی سەرەکی/ناوکی و پێگەی ناسەرەکی، بە ناوی کلۆزی سەربەخۆ و کلۆزی وابەستە ناودەبرێت، بەڵام هەر لەگەڵ زانینی جۆری کلۆزەکە ئەو جۆرە هێما کاتییانە دەگۆڕێن بە جۆرە کلۆزێك، کە بە ڕوونی ناونراون.

**2)ڕستەی ئاڵۆز = +بنج : کلۆزی سەربەخۆ ±پەراوێزی : کلۆزی وابەستە -ئاوازە : ئاوازەی کۆتایی ڕستە**

**(Complex) Sent= +Base:Ind.Cl ±Marg:Dep.Cl -Into:ICF**

ڕستەی ئاڵۆز لە پێگەیەکی سەرەکی(بنج) پێکدێت، کە کلۆزێکی سەربەخۆ پڕی دەکاتەوە، لەگەڵ پێگەیەکی ناسەرەکی/پەراوێزی بژاردەیی(هەریەك لە چێوەی ناسەرەکی/پەراوێزی و چێوەی بژاردەیی لەم بەشە لە بابەتی جۆرەکانی چێوە باسکراون)، کە کلۆزێکی ناسەربەخۆ پڕی دەکاتەوە، لەگەڵ پێگەی ئاوازە، کە ئاوازەی کۆتایی ڕستە پڕی دەکاتەوە، وەك لە ڕستەی:

**-ئۆرکیسترای زانکۆی سەلاحەددین، کە لە مامۆستایان و قوتابییان و دەرچووانی کۆلیژی هونەرەجوانەکان پێکدیت، ڕۆڵێکی سەرەکی لە بەڕێوەبردنی خەڵاتەکانی ڕوانگە گێڕا.**

**3-ڕستەی لێکدراو= +بنج$_1$:کلۆزێکی سەربەخۆ ±بەستنەوە:ئامرازی بەستنەوە +بنج$_2$:کلۆزێکی سەربەخۆ -ئاوازە:ئاوازەی کۆتایی ڕستە**

**(Compound)Sent= Base$_1$:Ind.Cl±C:c +Base$_2$:Ind.Cl -Into:ICF**

ئەو یاسایەی سەرەوە بۆ ڕستەی لێکدراو بەمجۆرە دەخوێندرێتەوە:

ڕستەی لێکدراو لە پێگەیەکی سەربەخۆ پێکدیت، کە کلۆزێکی سەربەخۆ پڕی دەکاتەوە، و پێگەی چێوەیەکی بژاردەیی، کە ئامرازی بەستنەوەکە پڕی دەکاتەوە، لەگەڵ پێگەیەکی سەرەکی، کلۆزێکی سەربەخۆ پڕی دەکاتەوە، و پێگەی ئاوازە، کە ئاوازەی کۆتایی ڕستەکە پڕی دەکاتەوە.

ڕستەی لێکدراو بەلایەنی کەمەوە لە دوو کلۆزی سەربەخۆ پێکدیت، دەکرێ کلۆزی وابەستەش لەخۆ بگرێ، ئەو جۆرەی بونیادی ڕستە بەلایەنی کەمەوە لە دوو چێوەی بنجی پێکهاتووە، زۆربەیجار چێوەی بەستنەوەی کلۆزەکانیشی لەگەڵ دایە، وەك:

**-بەهۆی وەرگەڕانی تانکەرێك ئاگرێکی گەورە کەوتەوە و شوفێری تانکەرەکە گیانی لەدەستدا.**

**- شەوی رابردوو بەهۆی باران بارینەوە تانکەرێك، کە سووتەمەنی بارکردبوو وەرگەڕا و شوفێری تانکەرەکە گیانی لەدەستدا.**

لە ڕستەی لێکدراو و ئاڵۆزدا دەکرێ زیاتر لە ئاوازەیەك بوونی هەبێ، ئەگەر زیاتر لە ئاوازەیەك بوونی هەبێت لە ڕستەیەکدا، ئەوا پێگەی ئاوازەی کۆتایی کلۆزەکان، دەکرێ لە کۆتایی هەر کلۆزێك بێ و زۆربەیجار بە ئاوازەی نا کۆتایی پڕدەکرێتەوە:

**ڕستە= +بنج:کلۆزی سەربەخۆ -ئاوازە:ئاوازەی ناکۆتایی +پەراوێزی:کلۆزێکی ناسەربەخۆ ئاوازە:ئاوازەی کۆتایی ڕستە.**

**(Complex)Sent= +Base:Ind.Cl -Into:ICN +Marg:Dep.Cl -Into:ICF.**

**(Compound)Sent= +Base$_1$:Ind.Cl -±C:c +Base2Ind.Cl -Into:ICF Into:ICN**

### 2-1-5-2. ڕستەی تەواو/گەورە و ڕستەی ناتەواو/بچووك لە چوارچێوەی تیۆری چێوەڕێژەکاندا:

دەربارەی جۆرەکانیتری ڕستە لە ڕووی تەواوی و ناتەواوی و هەروەها لە ڕووی وەڵامی ڕستە(ڕستەی هەواڵی، ڕستەی پرسیاری و سەرسوڕمان)، " پایك" دیاریکردن و شیکردنەوەی ئەو جۆرانەی ڕستە پەیوەست دەکات بە ڕستەی ناوکی و ڕستەی داڕێژراوەوە، لە ڕێگەی پێڕەوی ماتریکسەوە خشتەی پەیوەندیی ئەو جۆرانەی ڕستە بە ڕستەی ناوکییەوە دەخاتەڕوو :Pike) (1976:40

وەك لە بابەتی ڕستەی ناوکی و ڕستەی داڕێژراوەوە ئاماژەی پێدرا، ڕستەی ناوکی ئەو جۆرانەی ڕستەن، کە ڕستەی (سادە، تەواو، هەواڵدان، بکەر دیار و ئەرێن)ە، هەرچی ڕستەی

تەواوە ئەوا پەیوەستە بە جۆری کلۆزی ڕستەکەوە، جیاکردنەوەی ڕستەی تەواو و ڕستەی ناتەواو لەسەر بنەمای کلۆزی ڕستەکە دیاری دەکرێت، ئەگەر (بنج)ی ڕستەکە کلۆزێکی سەربەخۆ بوو، ئەوا ئەوکاتە ڕستەکە ڕستەیەکی تەواو دەبێ، بەڵام ئەگەر (بنج)ی ڕستەکە کلۆزێکی ناسەربەخۆ بوو، یان تەنانەت بونیادی کلۆزی نەبوو، ئەوا ئەوکات ڕستەکە ڕستەیەکی ناتەواو دەبێت، ڕستەی تەواو ئەو ڕستەیە، کە بەلایەنی کەمەوە لە کلۆزێکی سەربەخۆ پێکهاتووە.

"بلۆمفیلد" ئەو دوو جۆرەی ڕستە بە چەمکی گەورە و بچووك بەراورد دەکات، بەوەی ڕستەی گەورە ئەو جۆرەی ڕستەن، کە ڕستەی تەواون[12]، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێ، کە گوزارشتی نوێ و تەواو دەنوێنێ، لێرەدا جەخت لەسەر وشەی "تەواو" کراوەتەوە، کە بەرانبەر جۆری ڕستەی بچووك/ناتەواو دەوەستێ(Bloomfield:1970:57).

### 3-5-1-2. ڕستە لە ڕووی وەڵامەوە لە چوارچێوەی تیۆری چێوەڕێژەکاندا:

لە ڕۆنانی ڕستەی سادەدا، ئاستی ڕستە ئەو ئاستەیە، کە تیایدا (بنج)ی کلۆزە سادەکان و جۆرە جیاوازەکانی ئاوازەی ڕستەی تێدا دەردەکەوێت، لە داڕشتنی ئەو جۆرە ڕۆنانەدا، تەنیا چێوەی سەرەکی و ئاوازەی ڕستە پێویستە، ڕستەی تەواوی سادە لە جۆری ڕستەی(هەواڵدان، پرسیاری و فەرماندان)ن، ئەو کلۆزانەی پێگە ئەرکییەکان پڕدەکەنەوە، لە جۆری (کلۆزی تێپەڕ، و کلۆزی حاڵەت)دان، لە هەنگاوی یەکەمی جیاکردنەوەدا ئەو تایبەتمەندییانە لەبەرچاو دەگیرێت، هەرچی نیشانەی نەرێکردن و شێوازی داڕشتنی ئەو جۆرانەی کلۆزە، ئەوە لە ئاستی کلۆزدا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت:

**1-ڕستەی هەواڵدان:**

**ڕستە= +بنج:کلۆزی تیپەڕ/کلۆزی تێنەپەڕ/کلۆزی حاڵەت -ئاوازەی کۆتایی ڕستە.**

**Sent= +Base:tC/iCl/eqCl -Into:ICF**

---

[12] -بەهۆی ئەوەی ڕستەی تەواو و ڕستەی ناتەواو پشت بە بوونی کلۆزی سەربەخۆ دەبەستێ، کلۆزی سەربەخۆش ڕۆڵی ڕستە دەگێڕێ، ئەوا ئەو پێناسەیە شێوەیەکی بازنەیی لەخۆ دەگرێت، ڕۆڵ بینینی کلۆز بەتەنیا وەك رستە، پەیوەستە بە بونیادی ئەو زمانەی ڕستەکەی تێدا شیدەکرێتەوە، بۆنمونە لە هەندێك زمان وەك زمانی کوردی، گوزارەی ڕستەکە بە تەنیا دەتوانێ وەك ڕستە ڕۆڵ بگێڕێ، وەك:
-هاتم.
ڕستەی تەواو دەکرێ سادە یان لێکدراو یان ئاڵۆز بێت، لەبەر ئەوەی هەموو ئەو جۆرانەی ڕستە بەلایەنی کەمەوە کلۆزێکی سەربەخۆ لەخۆ دەگرن، بۆیە لەیەکەم هەنگاوی شیکردنەوەدا ئاخێوەری ڕەسەنی زمان درك بە سەربەخۆیی کلۆزەکانی ڕستەکە دەکات، لە کۆتایی هەنگاوەکانی شیکردنەوەش، زمانەوان ئەوەی بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە ئایا کلۆزەکانی ئەو ڕۆنانەی شیکردنەوەیان بۆ دەکات دەتوانن بە تەنیا بێن یاخود نا.

ڕستەی هەواڵدان لە پێگەیەکی سەرەکی پێکدیت، کە کلۆزێکی تێپەڕ/کلۆزێکی تێنەپەڕ/کلۆزێکی حاڵەت، پڕی دەکاتەوە، لەگەڵ پێگەی ئاوازەی ڕستە، کە بە ئاوازەی کۆتایی ڕستەکە پڕدەکرێتەوە، وەك:

- **پێنجەمین کۆنفرانسی زانستی توێژینەوەی خوێندکاران لەزانکۆی ڕاپەڕین ڕێکدەخرێت.**

**Sent= +Base:tC -Into:ICF**

- **بەهۆی خراپی کەشوهەواوە فرۆکەیەك کۆنتڕۆلی لەدەستدا و کەوتە خوارەوە.**

**Sent= +Base:iCI -Into:ICF**

- **تۆماری ئەلیکترۆنی زانکۆی سەڵاحەددین تۆماری گشتی سەرجەم قوتابییانە.**

**Sent= +Base:eqCI -Into:ICF -**

**2-ڕستەی فەرماندان:**

**ڕستەی فەرماندان= +بنج:کلۆزی تێنەپەڕ/کلۆزی تێپەڕ -ئاوازە:ئاوازەی کۆتایی ڕستەی فەرماندان**

**C-Sent= +Base:C -iCI/C -tCI -Into:C -ICF**

ڕستەی فەرماندان لە پێگەیەکی بنجی پێکدیت، کە کلۆزێکی تێپەڕ یان تێنەپەڕی فەرماندان پڕیدەکاتەوە، لەگەڵ پێگەی ئاوازەی کۆتایی، کە بە ئاوازەیەکی کۆتایی فەرماندان پڕدەکرێتەوە، وەك:

**-تۆ بۆ نانخواردنی بەیانی لەگەڵ ئێمە وەرە.**

**C-Sent= +Base:C -iC -Into:C -ICF**

**-ئێوە هەمووتان بۆ بەشداریکردن لە خولەکە ناسنامەی کەسی لەگەڵ خۆتان بێنن.**

**C-Sent= +Base:C -tCI -Into:C -ICF**

**3-ڕستەی پرسیاری:**

ڕستەی پرسیاری لەوانەیە بەهۆی ئاوازەکەیەوە لەڕستەی هەواڵدان جیابکریتەوە، لە ڕێگەی بەکارهێنانی پێگەی نیشانەی پرسیاری، یان لە ڕێگەی ڕۆنانی ناوەکی کلۆزی جیاوازەوە لە پێگەی (بنج)دا، لە زۆربەی زمانەکان وشەی پرس بەکاردێت.

**ڕستەی پرس= +بنج:کلۆزی تێپەڕ/کلۆزی تێنەپەڕ/کلۆزی حاڵەت -ئاوازە:332 .↑**

**Q-Sent= +Base:iCl/tCl/eqCl -Into:233↑**

**Q-Sent= +Base:iCl -Into:233↑**

**-بەیانی دادگای فیدراڵی بۆ سکاڵای سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کۆ دەبێتەوە؟**

**Q-Sent= +Base:tCl -Into:233↑**

**-لە هەرێمی کوردستان پێشانگای نێودەوڵەتی تەلارسازی دەکرێتەوە؟**

**Q-Sent= +Base:eqCl -Into:233↑**

**-ئەو کۆپتەرەی سەرۆککۆماری ئێرانی هەڵگرتبوو دروستکراوی وڵاتی ئەمەریکایە؟**

ڕستەی پرسیاری لە پێگەی سەرەکی(بنج) پێکهاتووە، کە کلۆزێکی تێپەڕ، یان کلۆزێکی تێنەپەڕ یان کلۆزێکی حاڵەت پڕی دەکاتەوە، لەگەڵ پێگەی ئاوازەی ڕستە، کە بە ئاوازەی کۆتایی ڕستە332↑ پڕدەکرێتەوە.

ئاوازەی ڕستەی پرس ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە گۆڕانکاری لە ڕستەی پرسدا، دەکرێ هەندێك گۆڕانکاری تەنیا لە ڕێگەی گۆڕینی جۆری ئاوازەکەوە لە 132 بۆ 332 بکرێت.

هەندێکجار هەرچەندە ئاوازەی ڕستەی هەواڵدان و ڕستەی پرسیاری وەك یەك بن، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕۆنانی کلۆزی سەرەکی(بنج)ی ڕستەکە ڕۆنانێکی پرسیارییە، بەمەش ڕۆنانی کلۆزی بنجی ڕستەکە لە کلۆزی بنجی هەواڵدان جیاواز دەبێت، و ڕستەی پرسیاری لە هەواڵدان جیادەبێتەوە، وەك:

**ڕستەی پرس= +بنج:کلۆزی پرسیاری تێنەپەڕ/کلۆزی پرسیاری تێپەڕ/کلۆزی پرسیاری حاڵەت - ئاوازە:132↓**

**Q-Sent= +Base:Q -iCl/Q -tCl/Q-eqCl -into:231↓**

**Q-Sent= +Base:Q -iCl/Q -into:231↓**

**- ڕۆڵی ئەمەریکا لە کەوتنە خوارەوەی کۆپتەرەکەی ڕەئیسیدا چی بوو؟**

**Q-Sent= +Base:Q-tCl -into:231**

**- وەزارەتی پەروەردە ناوی یەکەمەکانی پۆلی نۆی بنەڕەتی لە کێ ڕادەگەیەنێت؟**

**Q-Sent= +Base:Q -eqCl -into:231**

**- سەرۆککۆماری ئێران لەناو فڕۆکە تێکشکاوەکەدا بوو؟**

ڕستەی پرسیاری لە پێگەیەکی سەرەکی(بنج)پێکدیت، کە کلۆزێکی تێنەپەڕی پرسیاری یان کلۆزێکی تێپەڕی پرسیاری یان کلۆزێکی حاڵەتی پرسیاری پڕی دەکاتەوە، لەگەڵ پێگەی ئاوازە، کە بە ئاوازەی کۆتایی ڕستەی پرس پڕدەکرێتەوە.

دەکرێ لە ڕێگەی نیشانەی پرسیارییەوە ئاماژە بە ڕستەی پرسیاری بکرێت، کە بەکاردێت بۆ گۆڕینی هەر ڕستەیەکی هەواڵدان بۆ پرسیاری، بۆنمونە لە زمانی کوردی وشەی پرسی(چ) ئەو ڕۆڵە دەبینێ وەك یەکێك لە ڕێگاکان بۆ ئاماژەکردن بە پرس.

**ڕستەی پرس= ±نیشانەی پرس:وشەی پرس +کلۆزی تێنەپەڕ/کلۆزی تێپەڕ/کلۆزی حاڵەت ئاوازە:332**

**Q-Sent = ±QM:qw +Base: iCl/tCl/eqCl -Into:233**

**- چ؟ نەخۆشخانەیەك لە هەولێر تووشبوانی نەخۆشی شێرپەنجە چارەسەر دەکات؟**

ڕستەی پرس لە پێگەی بژاردەیی نیشانەی پرس و پێگەی سەرەکی(بنج)، کە کلۆزێکی تێنەپەڕ یان کلۆزێکی تێپەڕ یان کلۆزێکی حاڵەت پڕی دەکاتەوە، لەگەڵ پێگەی ئاوازەی ڕستە، کە ئاوازەی کۆتایی ڕستەی پرس پڕی دەکاتەوە.

### 4-5-1-2.جۆرە جیاوازەکانی ڕستەی بچووك لە چوارچێوەی تیۆری چێوەڕێژەکاندا :

لەوانەیە هەر گوتنێك ئاوازەیەکی کۆتایی هەبێت یان بە بێ ئاوازەی کۆتایی بێت، ئەو گوتنانەی ئاوازەی کۆتاییان هەیە بە ڕستە ناودەبرێن، بەڵام ئەوانەی ئاوازەی کۆتاییان نییە بە Fragments ناودەبرێن. ئەو گوتنانەی ئاوازەی کۆتاییان هەیە، بەڵام ڕستەی تەواو نین، بەو پێناسەیەی ڕستە ئەوا چاوەڕوانی زۆر جۆری جیاوازی ڕستە دەکرێ، کە بونیادێکی تەواو(کلۆزی سەرەکی(بنج)ی ڕستەکە)یان نییە، ئەوانە بە جۆری ڕستەی بچووك ناودەبرێن لە زماند(Cook: 1969:54).

ڕستەی بچووك ئەو ڕستانەن، کە ڕۆنانی ڕستەی تەواویان نییە، بەڵام ئاوازەی کۆتایی ڕستەیان هەیە، لەبەر ئەوەی خاوەنی ئاوازەی کۆتایین بە ڕستە ناودەبرێن، هەندێك لەو جۆرانەی ڕستە ڕۆنانی کلۆزیان هەیە، لە کاتێکدا هەندێکیتریان خاوەنی ڕۆنانی ناوەوە یان ڕۆنانی کلۆز نین، ئەو جۆرانەی ڕستەی بچووك، کە خاوەنی ڕۆنانی ناوەوەن، بە شێوەیەکی سەرەکی دوو جۆر پۆلینکردنیان هەیە، لە ڕووی ڕۆنانی ڕستەکەوە، کە بریتین لە (ڕستەی پاشکۆ، ڕستەی پەراوێزی و ڕستەی کورتکراوە)، لە ڕووی ئەرکەوەش دەکرێن بە (ڕستەی زیادە ، ڕستەی وەڵام و ڕستەی سەرسوڕمان).

**5-5-1-2.جۆرە جیاوازەکانی ڕستەی ناتەواو لە ڕووی جیاوازی لە ڕۆنانی ڕستەکەدا:**

**1-ڕستەی پاشکۆ:**

ئەو جۆرەی ڕستەن، کە لە کلۆزیکی سەربەخۆی تەواو پێك دێن، لەگەڵ چێوەی بەخورتی نیشانەی بەستنەوە، ئەو جۆرەی ڕستە لە دەستپێکی گوتن نایەن، بەڵکو شوێنیان لەناو پێکهاتەی ڕستەی لێکدراوەوەیە، و لە دوای ئامرازی بەستنەوە دێن، وەك: (هەروەها، دواتر، لەگەڵ، بەهەرحاڵ، لەگەڵ ئەوە،... ).(Fries:1952:250)

ڕستەی پاشکۆ لە پێگەیەکی بەستنەوە پێکدیت، کە ئامرازی بەستنەوە پڕی دەکاتەوە، لەگەڵ پێگەیەکی سەرەکی، کە کلۆزێکی سەربەخۆ پڕی دەکاتەوە، و پێگەی ئاوازە، کە ئاوازەی کۆتایی ڕستەکە پڕی دەکاتەوە:

**ڕستەی پاشکۆ= +بەستنەوە:ئامرازی بەستنەوە:+بنج:کلۆزی سەربەخۆ-ئاوازە:ئاوازەی کۆتایی ڕستە**

**Seq-Sent= +C:c +Base:Ind.Cl -Into:ICF**

**- موچەی موچەخۆران دابەشکرا، دوای ئەوەی پارەکەی بەغدا گەیشت.**

ئەو جۆرەی ڕستە پەیوەستە بە ڕستەی لێکدراوەوە، کە هاوتای بەشی دووەمی ڕستە لێکدراوەکەیە، جگە لە ئاوازەی کۆتایی ڕستەکە ئەو جۆرەی ڕستە دەتوانێ بە ڕستەی سادەی پێشوو بگەیەنرێ بۆ پێکهێنانی ڕستەیەکی لێکدراوی تاك، ئەگەر چێوەی ئامرازی بەدواییەکداهاتووی (دوای ئەوەی) نەبوایە ئەوا بە تەنیا بەکاردەهات، و بە ڕستەیەکی سادە دادەنرا لە زماندا.

**2-ڕستەی پەراوێزی(ناسەرەکی):**

ئەو جۆرەی ڕستە بە ڕستەی پەراوێزی/ڕستەی لاوەکی/ڕستەی ناسەرەکی ناودەبرێن، ئەو جۆرەی ڕستە لە پێگەیەکی ناسەرەکی پیکدێت، کە کلۆزێکی وابەستە پڕی دەکاتەوە، لەگەڵ ئاوازەی کۆتایی ڕستەکە، ئەو جۆرەی ڕستە لە ڕستەی ئاڵۆزەوە دادەڕێژرێن، بە ڕستەی سادەی پێشووتر دەلکێ بۆ دروستکردنی ڕستەی ئاڵۆز.

**ڕستەی ناسەرەکی= +پەراوێزی:کلۆزیکی وابەستە -ئاوازە:ئاوازەی کۆتایی ڕستە.**

**Marg-Sent= +Marg:depCl -Into:ICF**

ڕستەی ناسەرەکی لە پێگەیەکی پەراوێزی پێکدێت، کە بە کلۆزێکی وابەستە پڕ دەکرێتەوە، لەگەڵ پێگەی ئاوازە، کە ئاوازەی کۆتایی رستە پڕی دەکاتەوە، وەك:

**- گروپێک لە شاخەوانانی کوردستان، <u>کە لە 150 شاخەوان پێکهاتبوون</u>، بە بەشداری پارێزگاری سلێمانی هەڵمەتێکی پاککردنەوەی پارکی ئازادییان ئەنجامدا.**

**3-ڕستەی کورتکراوە:**

ئەو جۆرەی ڕستە بەوە ناسراوە، کە ڕۆنانی کلۆزی ڕستەکە تەواو نییە، ئەمەش بۆ سڕینەوە و لابردنی هەندێك لە ڕەگەزەکانی ئەو ڕستەیە دەگەڕێتەوە. ئەو جۆرەی ڕستە ڕاستەوخۆ لە ڕستەی سادەوە دادەڕێژرێت، ئەو جۆرەی ڕستە لە ڕێزمانی کۆندا بە جۆری کرداری دیارینەکراو ناسراوە.

ڕۆنانی ئەم جۆرەی ڕستە وەك ڕۆنانی هەریەك لە ڕستەی پاشکۆ و ڕستەی پەراوێزی وایە، تاکە جیاوازی ئەوجۆرەی ڕستە ئەوەیە، کە هیچ یەك لە کلۆزی سەربەخۆی تەواو و کلۆزی وابەستەی تەواوی نییە، بەڵکو ڕۆنانی ئەو جۆرە ڕستەیە ڕۆنانێکی بەشیە یان ڕۆنانێکی دیارینەکراوی هەیە.

سڕینەوەی یان لابردنی(کارا)لەم جۆرەی ڕستەدا باوە، کە لە دوای چێوەی بەدواییەکداهاتن دێن، و بەرکار و سەربارەکان لە ڕستەدا لە پێگەی (کارا) دەردەکەون، لەهەردوو حاڵەتیش(کارا) هەمان کاتیگۆرییە، بۆنمونە لە ڕستەیەکی وەك:

**-وەزارەتی دارایی عێراق وردبینی لە لیستی موچەی فەرمانبەرانی هەرێم کرد و دواتر وادەی دابەشکردنی موچەی راگەیاند.**

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا(وەزارەتی دارایی عێراق)، کە (کارا)ی هەردوو ڕستەی سەرەکی و ڕستە کورتکراوەکەیە، لە ڕستەی دووەم پێگەی (کارا) لەدوای چێوەی بەدواییەکداهاتنەکەیە (و دواتر)، بەڵام سڕاوەتەوە و دەرنەکەوتووە، بۆیە(وادەی دابەشکردنی موچەی راگەیاند) بە ڕستەیەکی کورتکراوە دادەنرێت، کە خۆی ڕستە بنەڕەتییەکە(وەزارەتی دارایی عێراق وادەی دابەشکردنی موچەی راگەیاند)ە.

## 2-1-5-7. جۆرە جیاوازەکانی ڕستەی ناتەواو لە ڕووی جیاوازی ئەرکی ڕستەکان:

هەرچەندە ڕۆنانی چێوەیی هەر ڕستەیەك ڕۆڵی گرنگی هەیە لە دیاریکردنی ڕستە لە ڕووی شێوە و پێکهاتنەوە، لەگەڵ ئەوەش ناونانی هەر پێکهاتەیەك پێویستە بە گوێرەی ئەو ئەرکەی ئەو پێکهاتەیە لە زماندا دەیبینێ دیاری بکرێت، ڕستەی بچووك جگە لەوەی لە ڕووی ڕۆنانەوە دەکرێن بە هەریەك لە (ڕستەی پاشکۆ، ڕستەی پەراوێزی و ڕستەی کورتکراوە)، لە ڕووی ئەرکیشیانەوە لە هەڵوێستی ئاخاوتندا بۆ سێ جۆری جیاواز جیادەکرێنەوە، کە ئەوانیش:

**1-ڕستەی زیادە:**

ئەو جۆرە ڕستە بچووکانەن، کە لە ئاخاوتندا وەك زیادەیەك بۆ ڕستە هەواڵییەکەی پێش خۆیان بەکاردێن، ئەو جۆرەی ڕستە ئاوازەی کۆتایی ڕستەیان هەیە، بەڵام خاوەن ڕۆنانی تەواو نین، بۆیە بە ڕستەی بچووك دادەنرێن، لە ڕووی شێوە و ڕۆنانەوە لە وانەیە ڕستەیەکی پاشکۆ یان ڕستەیەکی پەراوێزی یاخود ڕستەیەکی کورتکراوە بن، یان تەنیا ڕۆنانی وشەیەك یان فرێزێکی هەبێت(Bloomfield:1938:76)، دارشتنی ئەم جۆرەی ڕستە بەم شێوەیە دەبێت:

**ڕستەی زیادە= +بنج:کلۆزی وابەستە/فرێز/وشە -ئاوازە:ئاوازەی کۆتایی ڕستە.**

**A-Sent= +Base:depCl/phrase/word -Into:ICF**

ڕستەی زیادە لە پێگەیەکی سەرەکی پێکدیت، کە کلۆزێکی وابەستە یان فرێزێك یان وشەیەك پڕی دەکاتەوە، لە پێگەی ئاوازە، کە ئاوازەی کۆتایی ڕستە پڕی دەکاتەوە.

ئەو جۆرە ڕستە زیادانە پێویستیان بە ڕونکردنەوە نییە، لەبەر ئەوەی لە هەڵوێستی بەکارهێنانیان چەمکیان ڕوون دەبێتەوە، بەوەی وەك زیادەیەك بەکاردێن بۆ ڕستەی پێش خۆیان، وەك:

**- شاندێکی زانکۆی سەڵاحەددین لە هۆڵەندا بەشدارییان لە وۆرکشۆپێکی زانستی کرد.  (ڕستەی سادە).**

**-پارنا پێرار                                                                      (ڕستەی زیادە)**

**- پارنا پێرار شاندێکی زانکۆی سەڵاحەددین لە هۆڵەندا بەشدارییان لە وۆرکشۆپێکی زانستی کرد.**

**2-ڕستەی وەڵام:**

ڕستەی وەڵام لە جۆری ڕستەی بچووکن، کە بریتین لە وەڵامی پرسیار، ئەو جۆرەی ڕستە ئاوازەی کۆتایی ڕستەی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕستەی بچووکن، کە ڕۆنانی(ڕستەی پەراوێزی، ڕستەی کورتکراوە، فرێز و وشە)یان هەیە(Bloomfield:1938: 76)، و بەم جۆرە دادەڕێژرێن:

**ڕستەی وەڵام= بنج:کلۆزی وابەستە/فرێز/وشە -ئاوازە:ئاوازەی کۆتایی ڕستە**

**R-Sentence= +Base:depCl/phrase/word/ -Into:ICF**

ڕستەی وەڵام لە پێگەیەکی سەرەکی پێکدیت، کە کلۆزێکی وابەستە، فرێزێك یان وشەیەك پڕی دەکاتەوە، لەگەڵ پێگەی ئاوازەی ڕستە، کە بە ئاوازەی کۆتایی ڕستە پڕدەکرێتەوە.

مەرج نییە وەڵامی پرسیار ڕستەی تەواو بێت، چونکە وەرگر لە ڕێگەی پرسیاری ئاراستەکراوەوە لە وەڵام تێدەگات، دەکرێ دوبارە ڕۆنانی ڕستەی وەڵام دابڕێژرێتەوە لە ڕێگەی پرسیاری ئاراستەکراوەوە بە جۆرێك بکرێت بە ڕستەی تەواوی گەورە، وەك:

- **کەی فڕۆکەخانەی هەولێر گەشتیارانی ئاگادارکردەوە، کە گەشتەکانی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر(هاتن-چوون)بەردەوامە؟**
- **ئەمڕۆ**
- **ئەمڕۆ فرۆکەخانەی هەولێر گەشتیارانی ئاگادارکردەوە، کە گەشتەکانی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر(هاتن-چوون)بەردەوامە.**

**3-ڕستەی سەرسوڕمان:**

وەك لە بابەتەکانی پێشوتر ئاماژەی پێدرا هەریەك لە ڕستەی زیادە و ڕستەی وەڵام لە جۆری ڕستەی بچووکن و ڕستەی هەواڵی و ڕستەی پرسیاری تەواو دەکەن، بەڵام ڕستەی سەرسوڕمان لە ڕووی ڕێزمانییەوە بە ڕستەی سەربەخۆ دادەنرێن، ئەو جۆرەی ڕستەی بچووك دەتوانێت وەك

چێوەیەکی پەراوێزی سەرسوڕمان بە هەر ڕستەیەکیتر بلکێت، یان بە تەنیا بەکاربێت لەگەڵ ئاوازەی کۆتایی وەك ڕستەیەکی بچووك، وەك:

**-ئای ئەم ئەم خانووە چەند گەورەیە!**

**-ئای چەند گەورەیە!**

بەشێوەیەکی گشتی ئەو دەربڕینانەی بۆ بانگکردن بەکاردێن دەچنە چوارچێوەی ناوی کەسی یان ئەو ناونیشانانەی گوزارشت لە ناوی کەسەکان دەکەن، هەرچی گوزارشتەکانی سڵاوکردنیشە لە زۆربەی زمانەکان بە مەبەستی دەستپێکی ئاخاوتن و کۆتایی هێنان بە ئاخاوتن و گوزارشتەکانیماڵئاوایی دەگرێتەوە، زۆربەیجار ئەو وشە و دەستەواژانەی بۆ ئەو مەبەستە بەکاردێن واتا بنەڕەتییەکەی خۆیان لە دەستداوە، وەك : (سڵاو، چۆنی، خوات لەگەڵ.....)، دەستەواژە هەڵچوونییەکانیش کورت و گوزارشتین، بەبێ چاوەڕوانکردنی وەڵامێکی تایبەت، ئەو جۆرەی دەربڕین زیاتر بۆ گوزارشتکردنە لە ئازار و سەرسورمان، پەرۆشی، بەڵام تەنیا بۆ ئەو مەبەستانە سنووردارنەکراوە، نمونەی ئەم جۆرەی دەربڕین، وەك : ئۆی، ئاخ، ئەی خودایە، وای....

ئەم دەربڕینانە زۆربەیان پێویستیان بە داڕشتنێکی ڕێزمانی نییە، بەڵکو وەك دانەی لێکسیکی لە هەڵوێستی تایبەت و سیاقی دیاریکراودا بەکاردێن. زۆر شێوەیتری گوزارشتی زمانی هەن وەك پەند و قسەی نەستەق و ئەو گوزارشتە زمانییانەی لە بواری تایبەت وەك: (وەرزش، کەش و هەوا و زانستە جۆراوجۆرەکان)بەکاردێن، "چۆمسکی" ئەو جۆرە دەبڕینانە بەوە پێناسە دەکات، کە کەمتر ڕێزمانین لەچاو رستە، و بە ناویان دەبات.[13](Chomsky:1957:78)

**6-1-2.داڕشتەی چێوەیی:**

دوای ئەوەی باسی هەریەك لە ئاستەکانی هەڕەمی ڕێزمانی لە چوارچێوەی بیرۆکەی چێوەڕێژکرندا کرا، و بەپێی پێویست نمونەی شیکاری بۆ هەریەك لەو ئاستانە بە جیا خرایە ڕوو، لەم

---

[13] لەم بەشەی ئەو تێزەدا هەوڵدرا بەپێی پێویستی بابەتەکە باس لە ئاستی ڕستە و چەند لایەنێکی ئاستی کلۆز لە هەڕەمی ڕێزمانی زماندا بکرێت، بەڵام بەهۆی فراوانی بابەتەکان و سنوورداربوونیان لەم توێژینەوەیەدا، هەریەك لە ئاستەکانی (کلۆز، فرێز، وشە، مۆرفیم) وەك بەشێك لە شیکردنەوەکانی ڕستە و دەق لە نمونەکان رونکردنەوەیان لەبارەوە دراوە، بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی هەریەك لە ئاستەکانی(کلۆز، فرێز، وشە، مۆرفیم) لە هەڕەمی ڕێزمانی تیۆری چێوەڕێژەکاندا بڕوانە: ئەو سەرچاوانەی خوارەوە:

-Pike, K, L, (1963), “a Syntactic paradigm” Language 39:216-230.

-Longakre, R, E. (1964), Grammar Discovery Procedures. The Hague, Mouton & Co.

نمونەیەی خوارەوە بەشێوەیەکی گشتی دارِشتنی چێوەیی بۆ یەکەکانی هەرِەمی رِێزمانی(لە رِستە و یەکەی بچووکتر لە رِستە)، لەژێر رِۆشنایی بیرۆکەی "چێوەرِێژکردن"دا بە نمونەیەك دەخرێتەرِوو:

**-دوێنێ چەند چەکدارێکی غەززە لە باکوری شارەکە لە دووریی چەند مەترێکەوە تەقەیان لە زرێپۆش و سەربازانی ئیسرایلی کرد .**

**-ئاستی رِستە:**

Sent= +Base:tCl-Into:ICF

رِستە= +رِستەی بنج: کلۆزێکی تێپەرِ-ئاوازە: ئاوازەی کۆتایی رِستە

رِستەکە لە چاڵێکی سەرەکی پێکدیت، کە کلۆزێکی تێپەرِ پرِی کردۆتەوە، لەگەڵ پێگەیەکی ئەرکی کۆتایی، کە ئاوازەی رِستەکەیە.

**ئاستی کلۆز:**

ئەو کلۆزەی، کە رِستە بنجییەکە پێکدەهێنێت، بەوجۆرە شیدەکرێتەوە: زنجیرەیەکە لە (بکەر و گوزارەی رِستەکەو بەرکار وئاوەڵکرداری کاتی و شوێنی رِستەکە)پێکهاتووە، (پێگە-Slot)بە کاپیتەڵ دەنوسرێت و (پرِکەرەوەکان-Fillers)بە پیتی کاپیتەڵ و وشە و کۆمەڵە وشەکان بە پیتی بچووك دەنوسرێن.

**tCl= ±T:TW +S:NP ±Loc(Av):pP ±Loc(Av):pP +O:NP +P:tv**

کلۆزێکی تێپەرِ=±ئاوەڵکرداری کاتی:وشەی کات+بکەر:فرێزی ناوی±ئاوەڵکرداری شوێنی:فرێزی بەند ±ئاوەڵکرداری شوێنی:فرێزی بەند+بەرکار:فرێزێکی بەند+گوزارە:کردارێکی تێپەرِ

ئەو کلۆزەی سەرەوە لەپێگەی ئەرکی هاوەڵکردارێکی کاتی پێکهاتووە، کە بە وشەی کات(دوێنێ) پرِکراوەتەوە، پێگەی بکەر/کارا بە فرێزێکی ناوی پرِکراوەتەوە، لەگەڵ پێگەی بەرکار، کە فرێزێکی بەند پرِی کردۆتەوە، لەگەڵ گوزارەی رِستەکە، کە بریتییە لە کردارێکی تێپەرِ و دوو هاوەڵکرداری شوێنی، کە پێگەکەیان بە فرێزی بەند پرِکراوەتەوە.

**ئاستی فرێز:**

ئەو کۆمەڵە وشانەی لە ئاستی کلۆز پێگە ئەرکییەکانیان پڕکردۆتەوە، بۆ وشە پێکهێنەکانیان شیدەکرێنەوە ناوی پێگە ئەرکییەکان و پڕکەرەوەکانیان بە پیتی گەورە دەنوسرێ، وشەکانیش بە پیتی بچووک.

پێکهێن لە ئاستی فرێزدا:

**-چەند چەکدارێکی غەززە**

Np= +Speci:Count +H:n +speci:suff +Art:art ±Modi:n

پێگەی ئەرکی(کارا) بە (فرێزێکی ناوی) پڕکراوەتەوە، کە لە سەرەیەك پێکهاتووە، (ناو)ێك پڕی کردۆتەوە، لەگەڵ پێگەی دیارخەری پێش سەرە، بە (ڕاددە) پڕکراوەتەوە، پێگەی دیارخەری دوای سەرەش بە هەریەك لە مۆرفیمی نەناسراوی (ێك) و ناوێك(غەززە) پڕکراوەتەوە.

**-لە باکوری شارەکەدا** Loc= ±Av:(Pp:(+Art:art+H:av +Art:art ±Modi:n)

Loc= ±Av:art +Np(+H:n +Art:art ±Modi:n)

پێگەی ئاوەڵکرداری شوێنییە بە فرێزێکی بەند پڕکراوەتەوە، کە لە ئامرازی بەندی (لە....دا) لەگەڵ فرێزێکی ناوی(باکوری شارەکە)پێکهاتووە.

**-لە دووریی چەند مەترێکەوە**

Loc= ±Av:(Pp:(+Art:art+Np(+H:n+Modi:np(speci:count+H:n))

پێگەی ئاوەڵکرداری شوێنییە بە فرێزێکی بەند پڕکراوەتەوە، کە لە ئامرازی بەندی (لە....ەوە) لەگەڵ فرێزێکی ناوی(دووریی چەند مەترێك)پێکهاتووە.

**-تەقەیان لە زرێپۆش و سەربازانی ئیسرایلی کرد**

پێگەی ئەرکی گوزارەی ڕستەکە بە فرێزێکی کاری پڕکراوەتەوە، کە لە کارێکی تێپەڕ و تەواوکەرێك پێکهاتووە

**Pre= +H:tv +comp:Pp(+Art:art +Np:($H_{1:}$n+$H_2$:n) +Modi:n)**

**Pre= +Tv:tv +Np:($H_{1:}$n+$H_2$:n) +Modi:n**

**ئاستی وشە:**

(دوینێ، چەند، چەكدار، غەززە، باكور، ی، شار، لە، دووری، چەند، مەتر، زرێپوش، و، سەرباز، ئیسرایل)

**ئاستی مۆرفیم:** (ێك، ان، مكە...)

تێبینی/ " پایك" لە دیاریكردنی یەكەكانی ئاستی مۆڕفیم تەنیا ئەو مۆرفیمە بەندانەی دیاریكردووە، كە لە ئاستی مۆرفۆسینتاكسی دەركەوتوون، واتە تەنیا گیرەكەكانی بە مۆرفیم داناوە.

## 2-1-7.پەیوەندیی ئاستەكانی هەرەمی ڕێزمانی لە ڕوانگەی چێوەڕێژكردندا:

ئاستە ڕێزمانییەكانی هەر زمانێك پێرەوێكی بەیەكداچوو لە خودی خۆیاندا پێك دەهێنن، لە ڕێزماندا پێكهاتەی ئاستە نزمەكان بە شێوەیەكی نمونەیی لە پێكهاتەی ئاستی بەرزتردا دێن، لە تیۆری چێوەڕێژەكاندا ئاستەكانی سەرووی ڕستە بایەخێكی زیاتریان پێدەدرێت بەوەی، كە ڕستە لە دەوروبەری گەورەتردا دەردەكەوێت و دەبێت بە بەشێك لە یەكەی گەورەتری وەك: (پەرەگراف، زنجیرەی ڕستە، مۆنۆلۆگ، دیالۆگ و گفتوگۆ...، ).

ئەو یەكانەی لە ئاستی ڕستە گەورەترن زۆرن، "پایك" گرنگی بە هەریەك لە (مۆنۆلۆگ، دیالۆگ، پەرەگراف و گفتوگۆ)داوە و شیكردنەوەی ڕێزمانی بۆ كردوون، (لە بەشی سێیەم بەدرێژی باسییان لێوەدەكرێت)، لەو بەشە تەنیا باس لە ئاستی ڕستە و ئاستەكانی ژێر ئاستی ڕستە لە هەرەمی ڕێزمانیدا دەكرێت و ڕستە بەگەورەترین ئاستی ئەو هەرەمە دادەنرێت، و پەیوەندیی ئەو ئاستە بە ئاستەكانی نزمتر لە خۆی دەخرێتەڕوو، ئەو پەیوەندییەش بەچەند جۆرێك لە دەركەوتن لەنێوان یەكەكانی ئەو ئاستانە لێكدەدرێتەوە، وەك:

1-پێنج ئاستە نمونەییەكەی ڕێزمان.

2-دەركەوتنی نانمونەیی ئاستەكان.

3- ڕێكخستنێكی پێرەوی ئاستەكان لە بواری ڕۆنانی هەرەمیدا.

پێنج ئاستە نمونەییەكەی ڕێزمان، كە بریتین لە ئاستی (ڕستە، كلۆز، فرێز، وشە و مۆرفیم)، چوار ئاستەكەی یەكەم ئەو ئاستانەن، كە پێكهاتەیان هەیە، بەڵام كۆتا ئاست، كە ئاستی مۆرفیمە، ئاستی پێكهاتەیی نییە، بەڵكو كۆتا خاڵی شیكردنەوەی ڕێزمانییە.

ئەو پێنج ئاستەی ڕێزمان لە بەشی یەکەم لە بابەتی(یەکەکانی هەڕەمی ڕێزمانی)دا، بە درێژی باسیان لێوەکراوە[14]، ئەوەی جێگەی سەرنجە خالی دووەمی ئاستەکانە(دەرکەوتنی نانمونەیی ئاستەکان)، وەك ئەوەی باوە پەیوەندیی ئاستەکانی ڕێزمان بریتییە لە هاتنی پێکهاتەی ئاستە نزمەکان لە ئاستە بەرزەکاندا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حاڵەتی نانمونەیی وا هەیە، کە هەریەك لە (پەڕینەوە، چینکردن و گەڕاندنەوە) لە ڕۆنانی ڕێزمانی لەخۆ دەگرێت.

**پەڕینەوەی ئاستەکان:**

بریتییە لە سڕینەوەی ئاستێك لە کاتی گوێزانەوە لە ئاستی بەرز بۆ ئاستی نزم، کاتێك پەڕینەوەی ئاستێك ڕوودەدات، ئەوا پڕکەرەوەیەکی پێکهاتەی ئاستی نزم لە پێکهاتەی ئاستی بەرز دەردەکەوێت، بەکارهێنانی فرێزی کلیتیك[15]-Phrase Cliticبۆ پڕکردنەوەی پێگەی فرێز، جۆرێکە لە نمونەی پەڕینەوەی ئاست.

**چینکردن:**

چینکردن برتییە لە کۆنترۆڵکردنی پۆلیی، کە لەخۆگرتنی پێکهاتەیەك لەلایەن پێکهاتەیەکیتر لەهەمان ئاستدا دەگرێتەوە، وەك هاتنی کلۆز لەناو کلۆز و فرێز لەناو فرێزدا، ئەوجۆرە لەخۆگرتنەی پۆلی دەکرێ بە دووبارەبوونەوە یان بەبێ دووبارەبوونەوە ڕوودات. Elson and .Picket:1962:59)

**-گەڕاندنەوە:**

ئاراستە پێچەوانەییەکان بریتیین لە هاتنی پێکهاتەی ئاستی بەرز لە پێگەی پێکهاتەی ئاستی نزمدا، بۆنمونە لاڕستەیەك پێگەی یەکێك لە پێکهاتەی فرێز پڕبکاتەوە.(Longakre:1967:56).

بۆنمونە ئەگەر سەیری یەکە پێکهێنەکانی ئەو ڕستەیەی خوارەوە بکەین:


**-نازدار تێچووی ئاهەنگی دەرچوونی براکەی دا، کاتێك یەکەم موچەی وەرگرت، و خێزانەکەی بەم کارە زۆر دڵخۆش بوون.**

---

[14] - بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی پێنج ئاستەکەی هەڕەمی ڕێزمانیی زمان بڕوانە:
1-Pike, K, L.(1962), Dimention of grammatical Structure, Language38:221-244.
3-Elson, B and picket, V, (1964), An Introduction to Morphology and Syntax, Santa ana, Summer Institute of Linguistics p59.

[15] - کلیتیکەکان وەك لە زمانی ئینگلیزی?what's happening" لەو ڕستەیە"s" ی "what's" کلیتیکە.

ئەگەر سەیری یەکە پێکهێنەکانی ئەو ڕستەیە بکەین، کە ڕستەیەکی لێکدراوی ئاڵوزە، هەرسێ حاڵەتی دەرکەوتنی نانمونەیی ئاستەکانی تێدا بەدی دەکرێت، بۆنمونە لاڕستەی(کاتێك یەکەم موچەی وەرگرت)دەبێت لە ئاستی (ڕستە بێت)، بەڵام لە ئاستی (فرێز) دەرکەوتووە بووە بە بەشێك لە (فرێزی ئاوەڵکاری)، کە ئەمەش جۆری سێیەمی دەرکەوتنی نانمونەیی ئاستەکانە، کە بە(گەڕانەوەی ئاست) ناسراوە، دەرکەوتنی وشەی (نازدار) لە پێگەی فرێزی ناویدا، کە پێگەی ئەرکی بکەری ڕستەکەی پڕکردۆتەوە، جۆری یەکەمی دەرکەوتنی نانمونەیی ئاستەکانە، کە بە (پەڕینەوەی ئاست) ناسراوە، هاتنی فرێزی ناوی(ئاهەنگی دەرچوونی براکەی) وەك دیارخەری سەرەی (تێچوو) لەناو فرێزی ناوی(تێچووی ئاهەنگی دەرچوونی براکەی) بریتییە لە جۆری سێیەمی دەرکەوتنی نانمونەیی ئاستەکان، کە بە (چینکردن) ناسراوە، ئەمە جگە لە هەموو ئەو فرێزە ناوییانەی وەك بەرکار یان سەرباری ڕستەکە بوونەتە بەشێك لە فرێزی کاری ڕستەکە.




1-2 هێلکاری درەختی ڕستەیەکی لێکدراوی ئاڵۆز بۆ نواندنی پەیوەندیی نێوان ئاستەکانی هەرەمی ڕێزمانی لەچوارچێوەی تیۆری چێوەڕێژەکاندا

### 8-1-2.پێرەوی ماتریکس(Matrix) لە تیۆری چێوەڕێژەکاندا:

"پایك" دوای ئەوەی باس لە هەریەك لە یەکەی تیۆری چێوەڕێژەکان و ڕۆنانی پێکهاتەکانی کردووە، (پەرەی بە پرۆگرامی The Grammatical Matrixداوە لە شیکردنەوەی ڕستە بۆ پێکهاتە ڕۆنانییەکان و "نەخشەی ماتریکسی" وەك پرۆگرامێکی مەیدانی بەکارهێناوە لە هەردوو توێژینەوەکەی بە ناوی (A Syntactic Paradigm) و (Dimensions of Grammatical

Structure), لەم دوو توێژینەوەیەدا تیۆری "ماتریکس"ی جێبەجێ کردووە و ئاماژەی بە پێکهاتەکانی ڕستەو و ڕۆڵ و پێگەی ئەو پێکهاتانە کردووە لە خشتەیەکدا[16].

زاراوەی "ماتریکس" بەکاردێت بۆ ئاماژەکردن بە ڕۆنانی ڕێزمانی یان چوارچێوەیەکی ڕێزمانی کە لەناویدا توخمە زمانییە جۆراوجۆرەکان (تاگمیم)ەکان ڕێکخراون بۆ بەرهەمهێنانی یەکەیەکی زمانی واتادار، "ماتریکس" وەک جۆرێک لە قاڵب یان نەخشە کاردەکات، بۆ بنیاتنانی ڕستە لە زمانێکدا. چەمکی ماتریکس لە تیۆری چێوەڕێژەکاندا، بنەمایەکی سەرەکییە بۆ تێگەیشتن لە چۆنییەتی کارکردنی زمان. ڕێگایەکە بۆ شیکردنەوەی پێکهاتەی بنەڕەتی ڕستەیەک یان گوتنێک بە دەستنیشانکردنی ئەو پێگە ئەرکییە جیاجیایانەی، کە دەتوانرێت بە پرکەرەوە زمانییەکان پڕبکرێنەوە، بۆ دروستکردنی دەربڕینێکی ڕێزمانی و پەسەند لە ڕووی واتاوە، (هەر شوێنێک لە "ماتریکس"ەکەدا هاوتایە لەگەڵ ڕۆڵێکی ڕێزمانیی یان ئەرکێکی ڕێزمانی، وەک: (بکەر، کردار، بەرکار..هیتر).

لە بنەڕەتدا ماتریکس لە تیۆری چێوەڕێژەکاندا ڕێگایەکە بۆ شیکردنەوە و وەسفکردنی پێکهاتەی ڕێزمانی و ڕستەسازی زمانێک بە دابەشکردنی بۆ بەشە پێکهێنەرەکان و پیشاندانی پەیوەندیی یەکە پێکهینەرەکانی ڕۆنانێك. ئەم ڕێگایە بۆ لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی زمان و چۆنییەتی گەیاندنی مانا لە ڕێگەی ڕیزبوونی یەکە زمانییەکان لەتیۆری چێوەڕێژەکاندا بەکاردەهێنرێت(Waterhouse:1974:6).

**2-1-9.تایبەتمەندیی ڕۆنانە چێوەییەکان :**

وەك لەبەشی یەکەمی ئەو توێژینەوەیە لە بابەتی(3-6-1.پێکهاتەی چێوەیی ئاماژەی پێدراوە، ڕۆنانە چێوەییەکان بریتیین لەو پێکهاتانەی لە ڕێگەی ڕیزبوونی یەکە زمانییەکان لە هەریەك لە ئاستی ئاسۆیی و پەیوەندییان بە یەکەکانیتری ڕۆنانەکە دیاری دەکرێن و (هەر چێوەیەك، کە بریتییە لە پەیوەستبوونی پێگەی ئەرکی لەگەڵ دەستەیەك لەو پرکەرەوانەی ئەو پێگەیە پردەکەنەوە بە یەکەی سەرەکی دادەنرێت لە شیکردنەوەی چێوەییدا، ئەو یەکانەش بەیەکەوە لە پێکهاتە چێوەییەکان/سینتاگمیمەکان دێن، دوای ئەوەی هەر چێوەیەك لەو چێوانەی ڕۆنانەکە دەناسێنرێن،

---

2-"پایك" لەم دوو توێژینەوەیەدا باس لە پرۆگرامی"ماتریکس" دەکات بەوەی ڕیزکردنێکی هاوشێوەی ئەو پرۆگرامی ڕیزکردنە پەیڕەودارانەیە، کە لە نمونەی پارادایمی وشەو خشتەی فۆنیمەکاندا هەیە:

-Pike, Kenneth,L., “Dimensions of Grammatical Structure” Language 38:221-244.
- Pike, Kenneth ,L, “A Syntactic Paradigm” Language 39:216-230.
"

هەنگاوی دووەم بریتی دەبێت لە چۆنییەتی پێکەوەهاتنی ئەو یەکانە لە ڕۆنانێکدا، کە بە "سینتاگمیم" ناودەبرێت، هاوتای ئەو زاراوەیە، کە لەلای "دی سۆسیر" بەکارهاتووە (Syntagm)ە، کە بە واتای کۆکردنەوەیەکە، پشت بە ڕیزبوونێکی هێلی دەبەستێ، کە هەمووکات لە هاتنی دوو یان زیاتر لە دوو یەکە ی بە دواییەکداهاتوو پێکهاتووە(Carnie: 2008:36).


"لۆنگاکر" بەمجۆرە پێناسەی "زنجیرەی تاگمیم یان "پێکهاتە دەکات: (بریتییە لە زنجیرەیەکی ئەگەری لەو چێوانەی، کە تیایدا پێگە ئەرکییەکان بە دەرکەوتنی یەك لەدوای یەکی مۆرفیمەکان لەو پێگانە پڕدەکرێنەوە)(Longakre: 1970:48) ، ئەو پێناسەیە چەند تایبەتمەندییەك لەخۆ دەگرێ، وەك:

**1- زنجیرەی پێکهاتەکان:**

لێکۆڵەران لە شیکردنەوەی ڕێزمانی پێکهاتەکانی ڕستەیەك دوو جۆر لە ڕێگای شیکردنەوە بەکاردێنن: شێوازی شیکاری پێکهاتەی زنجیرەیی و شێوازی پێکهێنە ڕاستەوخۆکان، لە جۆری یەکەم تێکڕای پێکهاتەکە بەش بەش دەکرێت بۆ بەشە پێکهێنە ئەرکییەکانی پێکهاتەکە لەیەك کاتدا، لەو جۆرەی شیکارکردندا زمانەوان پەنا دەبەنە بەر ئەو زانیارییانەی دەربارەی پێگەی ئەرکی پێکهێنەکان لە ڕۆنانی گشتی پیکهاتەکەدا هەیانە، بەڵام لە جۆری دووەم، کە بریتییە لە شیکردنەوە لە ڕێگەی دیاریکردنی پێکهێنە ڕاستەوخۆکان، ئەوە هەر لەسەرەتای شیکردنەوە تا کۆتایی پێکهاتەکە دابەشی سەر دوو بەشی سەرەکی دەکرێت، تەنیا لەهەندێك حاڵەتی ناوازە نەبێت و لەم جۆرەی شیکردنەوە زمانەوان بەشێوەیەکی ڕێژەیی پشت بە ئەرك دەبەستن و لەسەرەتا تا کۆتایی شیکردنەوەکە پشت بە دابەشکردنی دوویی دەبەستێت (Gleason:1975:132) ، بۆنمونە ئەگەر شیکردنەوە بۆ ئەم ڕستەیەی خوارەوە بکەین بە هەریەك لەو دوو ڕێگایەی شیکردنەوە بەم جۆرە دەبێت:

- ئەمڕۆ فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی گەشتیارانی ئاگادارکردەوە، کە گەشتەکانی فڕۆکەخانەکە بەردەوامە.

ڕێگای پێکهێنە ڕاستەوخۆکان:





**2-2 شیکاری ڕستەیی لە ڕوانگەی دابەشکردنی دوانەی لقدار**


شیکردنەوە بەڕێگای پێکهاتەی زنجیرەیی (لە ڕوانگەی تیۆری چێوەڕێژەکاندا):

-حکومەتی هەرێم بە گوژمەی 160ملیۆن دینار، قشڵەی ئاکرێی نۆژەنکردەوە.

Sent= +Base:tCl -Into:ICF

tCl= +S/U:Np+P:tV ±Loc:Pp+O:Np






**وێنەی 2-3 شیکردنەوەی ڕستە بە هێلکاری درەختی لە ڕوانگەی "تیۆری چێوەڕێژکردن"ەوە**

**2-زنجیرەی ئەگەری:**

ژمارەی ئەوپێکهێنانە چەندە، کە پێویستە لە زنجیرەیەکدا بوونیان هەبێت؟ ئەوەی باوە هەر پێکهاتەیەك بەلایەنی کەمەوە دوو یەکە یان دوو پێکهێنی پێویستە بۆ ئەوەی زنجیرەیەك پێکبهێنێت، وەك ئەوەی لای "سۆسێر" باوە، هەر پێکهاتەیەك دوو یەکەی بەدواییەکداهاتووی هەیە، لە ڕوانگەی تیۆری چێوەڕێژەکانەوە مەرج نییە دوو پێکهێنی بەخورتی بوونیان هەبێت، بۆیە دەکرێت زنجیرەیەك لە پێکهێنێکی بەخورتی و پێکهێنێکی بژاردەیی پێکبێت، ئەگەر بەلایەنی کەمەوە جارێك فراوانکرابێت لەچوارچێوەی لیستێکی دیاریکراوی پڕکەرەوەکان ئەوا ئەو کاتە ئەو زنجیرەیە بە پێکهاتە ناودەبرێت(Carnie:2008:85).

لە تیۆری چێوەڕێژەکاندا مەرج نییە پێکهاتە ئاڵۆزبێت، بەڵام پێویستە زنجیرەیەکی گریمانەیی بێت، بۆنمونە ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە باس لە(فرێز) بکەین، " پایك" وای دەبینێت، کە هەر فرێزێك لە دوو وشە یان زیاتر پێکهاتووە، یان لە یەك وشە پێکهاتووە و توانای فراوانبوونی بژاردەیی هەیە لە هەمان پێگەدا، بۆ ئەوەی ببێت بە بەدواییەکداهاتنی دوو وشەیی یان زیاتر، "پایك" بەمجۆرە یاسای بۆ دارشتووە:

phrase=(+word+word)+(+word±word), but not +(+word)

بنەمای زنجیرەی گریمانەیی، ڕێگایەکە بۆ کورتکردنەوەی داڕشتە چێوەییەکان، لە فرێز و وشە تاکەکان، کورتکراوەی[17](S:N)واتای ئەوە دەگەیەنێ، کە چاڵی بکەر بە فرێزێکی ناوی پڕکراوەتەوە، زاراوەی (فرێزی ناوی) هەریەك لەناو و ناوێکی فراوانکراو بە دیارخەر لەخۆ دەگرێت، هەرچی کورتکراوەی(S:N/n)ئاماژەیە بۆ ئەوەی چاڵی بکەر تەنیا بە ناوێك پڕکراوەتەوە، بەبێ دیارخەر واتە ناوێکی تاك، نەك ناوێك بە دیارخەر فراوانکرابێ (Longakre:1970:81).

### 10-1-2.یەکەی ناوەکی و یەکەی دەرەکی پێکهاتەکان:

یەکەی دەرەکی هەر پێکهاتەیەك بەوە دیاریدەکرێت، کە لە ئاستیکی بەرزتری پێگەی ئەرکیدا بوونی هەیە. پشت بەستن بە بوونی یەکە لە ئاستێکی بەرزتر لەهەر پێکهاتەیەکدا یارمەتیدەر دەبێت بۆ دروستبوونی ژمارەیەکی بێ کۆتا لە پێکهاتە لە ئاستی بەرزتردا، بەجۆرێك، کە پێگەی بەرزتر بوونی نەبێت بۆ لەخۆگرتنی ئەو پێکهاتەیە، لە لایەنی جێبەجێکردنیشەوە، زمانەوان لە شیکردنەوەی ڕستە لەچوارچێوەی زانستی ڕێزمانی ڕستەدا، هەر ڕستەیەك بەگوێرەی ئاوازەکەی دەنوێنرێت بەجۆرێك، کە لە ئاستی بەرزتر لەخۆیان دەرنەکەون.[18]

سەرەڕای ئەوەی یەکەی دەرەکی بەسودە بۆ ئاستی نزمی پێکهاتەکان، لەگەڵ ئەوەش هەر پێکهاتەیەك یەکەی ناوەکی هەیە، ئەو یەکە ناوەکییەش پشت بەو پەیوەندییە دەبەستێ، کە لەنێوان یەکەی چێوە و ئەو پێکهاتەیەدا هەیە، کە چێوەکەی تێدا دەردەکەوێ. ئەرکەکانی چێوەیەك بەگوێرەی ئەو زاراوانە دیاری دەکرێت، کە چێوەکەی تێدا دێت، بۆنمونە، بکەر بێ واتا دەردەکەوێ، ئەگەر پەیوەندیی ئەو چێوەیەی بکەر دەنوێنێ لەگەڵ چێوەکانیتری هەمان زنجیرەدا پشت گوێ بخرێت وەك، بەرکار و کردار.

هەر بۆیە "چێوە" وەك چۆن "پایك" ئاماژەی پێدەدات، تەنیا یەکە نییە، بەڵکو گوزارشت لەو پەیوەندییە ڕێزمانییانە دەکات، کە لە چوارچێوەی پێکهاتەیەکدا هەیە، هیچ پێکهاتەیەکیش بەبێ بوونی"

[17] "پایك"لە شیکردنەوەکانیدا بۆ فرێزی ناوی هێمای(NP)بەکاردێنێت، بۆ ناویش وەك بەشە ئاخاوتن هێمای(N/n)ی بەکارهێناوە، ئەگەر ناوەکە سەرەی فرێزێك بێت و دیارخەری هەبێت، ئەوە لە کۆتایی شیکردنەوەکە، کە دەگاتە ئاستی وشە(n)ی بۆ بەکارهێناوە، بەڵام ئەگەر ناوەکە لە ئاستی فرێز بە تەنیا و بە بێ دیارخەر ڕۆڵی بینێبێت و پێگەیەکی ئەرکی لە ئاستی فرێز پڕکردبێتەوە، ئەوا لە ئاستی یەکەمی شیکردنەوە (N)ی بۆ بەکارهێناوە و لە کۆتا ئاستی شیکردنەوەکە، وەك بەشە ئاخاوتن (n)ی بۆ بەکارهێناوە، بەڵام هەریەك لە "کووك" و "لۆنگاکر" بۆ فرێز بە پیتی گەورە ئاماژەیان کردووە، و بۆ وشە و بەشە ئاخاوتنەکان بە پیتی بچووك، بۆنمونە فرێزی ناوی(N)ی بۆ بەکارهاتووە، و ناو وەك بەشە ئاخاوتن یان پڕکەرەوەە لە ئاستی وشە (n)ی بۆ بەکارهاتووە.

[18] -لە ڕوانگەی هەریەك لە "لۆنگاکر" و "کووك" بەرزترین یەکەی هەڕەمی ڕێزمانی ڕستەیە بەجۆرێك، کە ڕستە بە گەورەتریت یەکەی شیکردنەوەی ڕێزمانی دادەنێن، بەڵام "پایك" شیکردنەوەی بۆ یەکەی گەورەتر لە ڕستە کردووە لە هەڕەمی ڕێزمانی یەکە زمانییەکاندا، وەك: (پەرەگراف، زنجیرەی ڕستە، مۆنۆلۆگ، گفتوگۆ).

چێوە" پێکهێنەکانی بوونی نابی، بەهەمان شێوە "چێوە"ش بەبێ گەڕانەوە بۆ پێکهاتەیەك، کە چێوەکەی تێدا دەربکەوێت بوونی نابێت، ئەوەی یەکگرتوویی ناوەکی بە پێکهاتەیەك دەدات بوونی پێکهێنە ناوەکییەکان و پەیوەندیی نێوان ئەو پێکهێنانەیە، ئەو تایبەتمەندییە ناوەکییەش دابڕاوە لەوەی ئەو پێکهاتەیە لە پێگەیەکی بەرزتردا دێت یان نا (Pike:1958:34).

### 11-1-2..جۆرەکانی ڕۆنانە چێوەییەکان:

هەر ڕۆنانێکی چێوەیی یان هەر پێکهاتەیەك، زنجیرەیەکی ئەگەرییە لە چێوە. هەموو ئەو زنجیرە چێوەییانە وەك یەك نین، لە هەموو ئاستەکانی شیکردنەوەی ڕێزمانیدا، جۆرە جیاوازەکانی زنجیرەیی چێوەیی بریتین لە:

#### 1- ئێگزۆسێنتریک و ئیندۆسێنتریک[19]:

هەردوو زاراوەی سەرەی دەرەکیExocentric وسەرەی ناوەکی[20] Endocentricدوو چەمکن لە زمانەوانیدا بۆ فرێز و وشەی لێکدراو بەکاردێن، لەوانەیە پێکهاتە یان سەرەی دەرەکی یان سەرەی ناوەکی بێت، مەبەست لە سەرەی ناوەکی یەکێک لەو ڕێگایانەی پۆلێنکردنە، کە تیایدا ئەو پێکهێنانەی پێکهاتەکە پێکدەهێنن هەمان پێکهێنە سەرەکییەکەن، بەڵام سەرەی دەرەکی ئەو پۆلێنکردنەیە کە تێیدا ئەو پێکهێنانەی پێکهاتەکە پێکدەهێنن جیاوازن لە پێکهێنە سەرەکییەکە(Fraser: 1993:165).

هەر پێکهاتەیەکی سەرەی ناوەکی سەرەیەك یان زیاتری هەیە، لەکاتێکدا پێکهاتەی سەرەی دەرەکی بەسەنتەر ناکرێت. لە پێکهاتەی سەرەی ناوەکیدا دەشێ هەموو پێکهاتەکە بە شێوەیەك بگۆڕدرێتەوە، کە هاوشێوەی سەرەی پێکهاتەکە بێت، لە سەرەی دەرەکیدا بەهۆی ئەوەی پێکهاتەکە

---

[19] - "بلۆمفیلْد" یەکەم کەس بوو، کە لە کتێبەکەی "Languageلە ساڵی 1933دا، ئاماژەی بۆ ئەو دوو زاراوەیە کرد، کە لە زاراوەی بەکارهاتوو لە لایەن "پانینی" و "پاتانجالی" لە ڕێزمانی سانسکرستی وەرگرتووە، دواتر دوای ئەو لەلایەن زۆر لە زمانەوانان لە تیۆرەکانی دوای "بلۆمفیلْد" ئەو زاراوەیە بۆ پێکهاتە سەرە ناوەکییەکان و پێکهاتەی سەرەی دەرەکی بەکارهات، "پایك" یەکێك بوو لەو زمانەوانانەی لە شیکردنەوەکاندا، بۆ جیاکردنەوەی سەرەی پێکهاتەکان پیتی(H) گەورەی بەکاردەهێنا، بە هەمان شێوەی "پایك" هەریەك لە زانایان "کووك" و "لۆنگاکر"یش گرنگییان بە جیاکردنەوەی هەردوو جۆری پێکهاتەی سەرەی ناوەکی و سەرەی دەرەکی داوە لە شیکردنەوەکانیاندا. (بڕوانە:Benczes:2004:56 ).

[20] -بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەو بابەتە بڕوانە: شلێر نایف امین و صباح ڕشید قادر(2015) پۆلینکرنا روناناڤ لدویڤ سەرەیێ ناوەکی و دەرەکی-(Endocentric, Exocentric، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین ژمارە(3).

هیچ سەرەیەکی نییە ئەوا پێکهاتە گشتییەکە ناتوانێت هەمان ئەو پێگەیە پڕبکاتەوە، کە یەکێك لە بەشەکانی پێکهاتەکە پڕی دەکاتەوە(Crystal:2008:73)،

هەریەك لە"Miller"و "Brown"ئەو دوو زاراوەیە بە یاسا ڕوون دەکەنەوە، باس لەوە دەکەن، کە پێکهاتەی سەرەی ناوەکی برتییە لە کەرەستەی وەك:(فرێز و وشەی لێکدراو)، کە دەشێت هەموو بەیەکەوە یەکسانبکرێت لەگەڵ کەرەستەیەکی بەخورتی، کە سەرەیە و کەرەستەکەیتر کە دیارخەرە بە بژاردەیی دادەنرێت و بەو یاسایە دەردەبڕدرێت:

X→(Y+)Z

ئەو یاسای سەرەوە پیکهاتەی سەرەی ناوەکی دەنوێنێ، "x" پێکهاتەکە لێکدراوەکەیە، "y" و"z"پێکهێنەکانی ئەو پێکهاتەیەن، لەگەڵ ئەوەشدا "x" بە تەنیا واتاکەی لە"y" یان"z" وەرنەگرتووە، بەڵکو واتای"x" لە دەرەوەی واتای "y" و"z"یە و ئەو کەوانانەی دەوری "y" ئاماژە بەوە دەکەن، کە "y" پێکهێنێکی بژاردەییە، وشەی لێکدراوی (تەختەڕەش)، پێکهاتەی سەرەی ناوەکییە، بەجۆرێك، کە واتای وشەکە لەکۆی واتای (تەختە) لەگەڵ (ڕەش)پێکهاتووە و وشەی (تەختە) سەرەی پێکهاتەکەیە و دەکرێ لە بری هەموو پێکهاتەکە بەکاربێت و وشەی(ڕەش) دیارخەری وشەی (تەختە)یە.

هەرچی کەرەستەی سەرەی دەرەکییە، وەك یەك گروپن و دابەشدەبن لەگەڵ کەرەستەی پۆلی خۆیان و بەو یاسایە دەردەبڕێن:(Brown:1980:255).

X→Y+Z

بۆنمونە وشەی لێکدراوی(قوڵبڕ)، پێکهاتەی سەرەی دەرەکی هەیە، بە جۆرێك، کە واتای ئەو وشەیە بریتی نییە لە کۆی واتای (قوڵ) لەگەڵ(بڕ)، بەڵکو بەواتای کەسێك دێت، کە فێڵ لە خەڵك بکات و پارەیان ببات، لەهەمان کاتدا نە بە تەنیا(قوڵ) و نە بە تەنیا(بڕ)ناتوانن لەبری وشەی(قوڵبڕ) بەکاربێن.

ئەو یاسای سەرەوە پێکهاتەی سەرەی دەرەکی دەنوێنێ، "x" پێکهاتەکە لێکدراوەکەیە، "y" و"z"پێکهێنەکانی ئەو پێکهاتەیەن.

لە شیکردنەوەی زنجیرەی چێوەییدا، پێکهاتە سەرە ناوەکییەکان پێکهاتەی فرە سەرەیی لەخۆ دەگرن وەك: فرێزی بەیەکەوەبەستراو و فرێزی پاڵپشت، کە بەهەمان شێوەی ئەو فرێزانەن یەك سەرەیان هەیە وەك: ناو، کردار، ئاوەڵناو و ئاوەڵکردارەکان و دیارخەرەکانیان ئەم حاڵەتەش تایبەتە بە ئاستی فرێز (Hartman and Stork:1976:231)

پێکهاتەی سەرەی دەرەکی وەك: فرێزی بەند، کە بە تەنیا لە(ئامرازی بەند-سەرە)پێکدێت، بەڵام زۆربەی ئەو پێکهاتانە دەگرێتەوە، کە لە ئاستی کلۆزن، بەجۆرێك، کە تێکڕای پێکهاتەکە لەدەوری چێوەیەکی دیاریکراو نابێت.

**2 -پێکهاتەی کۆتایی کراوەو کۆتایی داخراو:**

هەندێك لە پێکهاتەکان کۆتایی کراوەیان هەیە، لەکاتێکدا هەندێك پێکهاتەیتر کۆتاییان داخراوە، لە ڕووی توانای فراوانبوونەوە، کاتێك وشەکان لە فرێزدا بەیەکەوە دەبەسترێنەوە، یان فرێزەکان لە کلۆز، ئەوە لەتوانای ئەو کۆمەڵانەدا هەیە، بەشێوەیەکی بێ کۆتایی و بەبێ سنووردارکردنی پرۆسەکە ڕێکبخرێن.

پێکهاتە بەیەکەوەبەستراوەکان لەهەموو ئاستەکاندا کۆتایی کراوەن، جگە لە ئاستی وشە، کاتێك مۆرفیمەکان لەسنووری وشەدا کۆدەبنەوە(Carnie:2008:79).، بۆنمونە لە ئاستی فرێزدا:

-کەژاڵ چیرۆك، ڕۆژنامە، ڕۆمان و پەخشان... دەخوێنێتەوە.

لەو ڕستەی سەرەوەدا پێگەی بەرکار بە فرێزێکی ناوی کۆتایی کراوە پڕکراوەتەوە و سنووردار نەکراوە، کە دەکرێ بە وشەیتر فراوان بکرێ، ئامرازی بەیەکەوە بەستنەوە لە پێش کۆتا وشەی پێکهاتەی فرێزەکە دادەنرێت، ئەو فرێزە ناوییەی سەرەوە دەکرێ بەمشێوەیە یاسای بۆ دابڕێژرێ:

**Nco = +H1:n ±H2:n ±H3:n... +C:c +Hn:n**

فرێزی بەیەکەوەبەستراوی ناوی: +پێگەی سەرە(1):ناو±پێگەی سەرە(2):ناو±پێگەی سەرە(3):ناو... +پێگەی بەستنەوە:ئامرازی بەستنەوە+پێگەی سەرە(ن): ناو. ئاماژەی بەشە لادراوەکەی پێکهاتەکە بە سێ خاڵ(...)دەبێت، گوزارشتی کۆتاش ئاماژەکردنە بە چۆنییەتی داخستنی پێکهاتەکە.(محمد جواد نوری2020:131).

دەکرێ پێکهاتەکە کۆتاییەکەی کراوەبێ، بەجۆریك، کە بتوانرێت پێکهێنیتری بۆ زیادبکرێت، ئەگەر ئەو پێکهێنانەش بگۆڕین بۆ فرێزی ئاوەڵناوی ئەوا پێکهاتەیەکی لەو شێوەیەمان دەبێت:

**-ئێمە قوتابی زیرەك، بەتوانا، چاڵاك و وریامان...، دەوێت.**

دەکرێ بەهەمان شێوازی فرێزەکەی پێشوو یاسای داڕشتن بۆ ئەم فرێزەش بنوسرێتەوە:

**Ajco = +H1:aj +H2:aj +H3:aj...**

فرێزی ئاوەڵناوی بەیەکەوەبەستراو:+پێگەی سەرە(1):ئاوەڵناو+پێگەی سەرە(2):ئاوەڵناو+پێگەی سەرە(3):ئاوەڵناو...

ئەو پێکهاتەیە دەکرێ بەهەمان شێوەی فرێزەکەی پێشووتر دابخرێ، هەرچەندە ئەو جۆرە فرێزانە لە ڕووی داڕشتنەوە بە فرێزی کۆتایی کراوە دادەنرێن، بەڵام لە بەکارهێناندا لە درێژییەکی دیاریکراو دەوەستن.(Muqit:2012:7)

**3- پێکهاتە دووبارەبووەکان و دووبارە نەبووەکان.**

وەك چۆن "چۆمسکی" ئاماژەی پێداوە سیستەمی ڕێزمانی دەبێت پرۆگرامی هەبێت، بۆ ئەوەی پێکهاتە دووبارەبووەکان چارەسەر بکات، زانستی چێوەڕێژی بە پشت بەستن بە شێوازی هێلی چارەسەری ئەو دووبارەبوونەوەیە دەکات، بەجۆرێك ناکرێت هەموو حاڵەتەکانی هێلی بە دووبارەبوونەوە دابنرێ، دووبارەبوونەوەی (هێلی) دەبێت پێویستی بەیاسایەکی لەو جۆرەیە:

$X \longrightarrow X+Y$

لەو یاسایەدا هەمان هێما لە هەردوو لای تیشکەکە دووبارەبۆتەوە، ئەو جۆرە یاسایە لە تیۆری چێوەڕێژەکاندا بەوە جێبەجێ دەبێت، کە پێکهاتەی دیاریکراو پێگە لە ئاستی کلۆز پڕبکاتەوە لەو حاڵەتانەی هەمان هێما لە ئاستی پێکهاتەکە بێت ، ئەو جۆرە ڕۆنانە بە دووبارەبوو دادەنرێت، وەك:

**tCl= +S:N+P:TV+O:tCl/Pn**

**وەزیری دارایی گوتی: (هەرکاتێك پارە لە بەغداوە بێت موچە دابەش دەکەین).**

لەو ڕستەیەی سەرەوەدا لە هەردوو لای هاوکێشەکە کلۆزی تێپەڕ بوونی هەیە، کە ئەمەش نمونەی دووبارەبوونەوەی پێکهاتەیە لە ڕۆنانێکدا.(Cook:1967:25)

**12-1-2.جۆرەکانی چێوە:**

چێوە گوزارشتێکە دەربارەی پەیوەستبوونی شێوە و ئەرك بۆ ڕۆنانە زمانییەکان، وەك ئەوەی لە بابەتی پێگەی ئەرکی ئاماژەی پێدرا، چێوە تەنیا پێگەیەکی ئەرکی و پڕکەرەوەیەك نییە، بەڵکو پەیوەستبوونی نێوان هەریەك لە پێگەو دەستەی پڕکەرەوەکانە، هەرچەندە شێوە جێگیربێ لە زمان

دەكرێ ڕۆنانێكی نوێی زمانی دروست بكرێت لە ڕێگەی گۆڕینی ئەركی شێوەكان، ئەگەر ئەركەكانیش جێگیر بن ئەوا دەكرێ هەر چێوەیەك بەگوێرەی ئەو ڕۆنانەی چێوەكەی تێدا دێت بۆ ئەم جۆرانەی خوارەوە دابەش بكرێ:

1-چێوەپابەندییەكان/بەخورتییەكان و چێوە سەرپشكییەكان/بژاردەییەكان.

2-چێوە سەرەكییەكان/كرۆكییەكان یان چێوە پەراوێزییەكان.

3-چێوە شوێن جێگیرەكان، یان جوڵاو و گوازراوەكان.

### 2-1-11-1.چێوە پابەندییەكان/بەخورتییەكان و چێوە سەرپشكییەكان:

چێوە لەنێو ڕۆنانە زمانییەكاندا چێوەیەكی بەخورتی یان سەرپشكی دەبێت:

**یەكەم: چێوە بەخورتییەكان:** گوزارشتێكن دەربارەی چێوەیەك، كە لەهەموو حاڵەتەكانی دەركەوتنی ڕۆنانێكی زمانیی دیاریكراودا بوونی هەیە و هێمای(+)ی بۆ دادەنرێت، كە ئاماژەیە بۆ پێویستی بوونی لەو پێكهاتەیەدا.

**دووەم: چێوەی بژاردەیی/سەرپشكیی:** ئەو چێوەیە لەهەندێك لە حاڵەتەكانی دەركەوتنی ڕۆنانە زمانییەكەدا بوونی هەیە، نەوەك لەهەموو دەركەوتنەكان، هێمای**(±)**بۆ دادەنرێت، بۆ ئاماژەكردن بە گریمانەیی بوونی لەو پێكهاتەیەدا، تەنانەت گەر گرنگیش نەبێت، جۆرێكیتریش لەچێوە هەیە، كە**"** پایك**"** بە چێوەی پابەندی لە بارودۆخی تایبەتدا ناوی دەبات و هێمای**(/±)**ی بۆ دادەنرێت.

هەموو چێوەكانی زنجیرەی ڕۆنانەكان تەنانەت چێوەی یەكەمیش(چێوەی بەخورتی) دەبێ دیاری بكرێت، كە ئایا بەخورتییە یان بژاردەییە.(محمد جواد نوری135:2020)، بۆ نمونە لە ڕستەیەكی وەك:

**-لانە چیرۆكەكەی نووسی.**

ئەو ڕستەیەی سەرەوە لە سێ چێوەی پابەندیی پێكدێت، كە ئەوانیش چێوەی(بكەر و بەركار و كردار)ن، بەڵام ڕستەی:

**-لانە بە پەلە ڕایكرد.**

لە دوو چێوەی پابەندیی پێکدێت، چێوەی(بکەر-لانە) و چێوەی (کردار-ڕایکرد) و چێوەیەکی بژاردەیی، کە چێوەی هاوەڵکرداری چۆنییەتی(بەپەلە)یە، ئەو چێوەیە بە بژاردەیی دادەنرێت، چونکە لە ڕستەکەدا دەکرێ دەستبەرداری بین، بەڵام هەمان هاوەڵکردار لە ڕستەیەکیتر، کە بەشێك بێت لە گفتوگۆیەك یان وەڵامی ڕستەیەکی پرس بێت، ئەو چێوەیەی پڕی دەکاتەوە چێوەیەکی پابەندی دەبێت و ناکرێت دەستبەرداری بین، وەك:

**پرسیار: لانە چۆن رایکرد؟**

**وەڵام: بەپەلە**

ئەو چێوەیەی لە ڕستە ناتەواوەکەی وەڵامی ڕستە پرسەکەدا هاتووە، کە بە هاوەڵگوزارەی چۆنییەتی(بەپەلە) پڕکراوەتەوە، چێوەیەکی پابەندییە، کەواتە ئەوەی ڕۆڵی هەیە لە دیاریکردنی چێوەیەك بە پابەندی یان بژاردەیی ئەو دەوروبەرە زمانییەیە، کە چێوەکەی تێدا دەردەکەوێت، لە بابەتی (دیاریکردنی یەکە زمانییەکان لە ڕوانگەی دەوروبەرەوە)ەوە بە درێژی باسی لێوە کراوە.

جۆرێکیتر لە چێوە، کە بە چێوەی ئامادەنەبووی پابەندی ناودەبرێت، ئەو جۆرەیان زیاتر لە شێوازی (فەرماندان)یان (لابردنی)کەرەستەیەکی سەرەکی ڕستە لە ڕۆنانی سەرەوەدا ڕوودەدات، وەك:

**-پۆستەکان بگەیەنە.**

ئەو ڕستەیەی سەرەوە لەسێ چێوەی سەرەکی پێکهاتووە چێوەی (بکەر و بەرکار و کردار)، ئەوەی لە ڕۆنانی سەرەوە دەرنەکەوتووە چێوەی بکەرە، کە بە جێناوی کەسی دووەمی تاك(تۆ) پڕدەکرێتەوە(تۆ پۆستەکان بگەیەنە)، بەهەمان شێوە لەو رستانەی کەرەستەیەکی سەرەکی ڕستەکە لە ڕۆنانی سەرەوە دەرناکەوێت ئەوەی دەرنەکەوتووە چێوەیەکی پابەندی ئامادەنەبووە، وەك:

**پۆستەکانم گەیاند.        ڕستە بنجییەکە(من پۆستەکانم گەیاند.)**

چێوە پابەندییە ئامادەنەبووەکە چێوەی(بکەر)ە، جێناوی سەربەخۆی(من) بۆ کەسی یەکەمی تاك پڕی دەکاتەوە، کەواتە بە شێوەیەکی گشتی لە بابەتی چێوەی پابەندی و چێوەی بژاردەیی چوار جۆر چێوەمان دەبێت:

1-چێوەی پابەندی

2-چێوەی بژاردەیی

3-چێوەی پابەندی لە بارودۆخی دیاریکراودا.

4-چێوەی پابەندی ئامادەنەبوو.

جۆرێکیتر لە چێوە، کە (بە چێوەی(Suprasegmentals)ناودەبرێت و دەکرێ بە هێمای(-)ئاماژەی پێ بکرێت، ئەو هێمایە ئاماژەیە بۆ چێوەیەکی بەخورتی، بەڵام لە هێڵی دەرکەوتن بوونی نییە، وەك جۆرە جیاوازەکانی ئاوازەی ڕستە، دەکرێ فراوان بکرێ بەجۆرێك، کە هەموو جۆرە جیاوازەکانی هێز خستنە سەر وشە و دەستەواژەکانی ناو ڕستە و گوتنەکان بگرێتەوە وەك:( هێز، ئاوازە، تۆن) (Cook:1969:17).

ئەو هێمایانەی گوزارشت لە چێوەی (بەخورتی) و چێوەی(بژاردەیی)دەکەن، هەر هەمان ئەو هێمایانەن، کە ڕۆڵی گەیاندن دەبینن لە زنجیرەی تاگمیمەکان لەهەر ڕۆنانێکدا،(بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی پەیوەندی ئەو هێمایانەی گوزارشت لە دەرکەوتنی چێوەی بەخورتی و چێوەی بژاردەیی دەکەن بڕوانە: Pike and Pike1982:40-79)، وەك:

A+ و B+ هەردووکیان بەخورتین

“[+A] [+B]”

-نازدار هات.(هەردوو پێکهاتەکە بە خورتین) :

"نازدار [A+] هات[B+]. "

A+بەخورتییە و B ±سەرپشکییە

"[+A [-B]]"

-نازدار بە پەلە هات.

لەو ڕستەیەی سەرەوەدا(هات) (A+) بەخورتییە بۆ (نازدار) بەڵام (بەپەلە) (B±)سەرپشکییە.

یان B± یانA± دەردەکەوێت

"[±A /±B]"

دانا یان وێنەدەکێشێت (A±) یان چیرۆك دەنوسێت(B±).

+ (+A ±B) بۆ ئەو کۆمەڵەیە A, AB (Bپێویستی بەA)یە

"[+ (+A ±B)]"

-گوڵاڵە وێنەی سروشت دەکێشێ بە بەکارهێنانی ڕەنگی زەیتی (A+) و فلچەی تایبەت(B+)، کە پێویستە بۆ بەکارهێنانی ڕەنگی زەیتی.

(B requires A) (B± A+) ± بۆ ئەو کۆمەڵەیە⊖ ,A, AB (Bپێویستی بە A)یە

"± (+A ±B)"

-کاوە ڕێگای پیادەی جیاوازی درێژ لە قەد چیاکان دەدۆزێتەوە ,(A+)، هەندێکجار کامیرەکەی لەگەڵ خۆی دەبات(B±)، هەندێکجاریش تەنیا چێژ لە سەیرکردنی سروشت وەردەگرێت، بەبێ بەکارهێنانی هیچ ئامێرێکی تایبەت.

1- لەو دەقەی سەرەوەدا (±) نیشانەی (بەخورتی) بوونی یان(بژاردەیی) ئەو پێکهاتەیەی ناو دوو کەوانەکە دەدات، کە لەدوای دێت، ڕێگە بە هەڵبژاردنی نێوان چەند بژاردەیەکی جیاواز دەدات.

2- زانیاری ناو دوو کەوانەکە:(B± A+) ئاماژە بە دوو گریمانە دەکات:

- A+ ئاماژە بە بوونی پێکهاتەی(A)دەکات.
- B± ئاماژە بە ئەگەری بوونی یان نەبوونی پێکهاتەی(B) دەکات لەو ڕۆنانەدا، ئەگەر(B) بوونی هەبێت، پێویست بە هەبوونی(A) ناکات.
- بوونی هەریەك لە(A) و(B) بەیەکەوە لەو ڕۆنانەدا، ئەو چێوەیە ئەو هەڵوێستانە دەنوێنێ، کە تیایدا (A) یەکەیەکی بەخورتییە(A+)، یان هەردوکیان بە یەکەوەن یان (B± A+) هیچ کامیان بوونیان نییە (±)، ئەگەر(B)بوونی هەبێت، ئەوا پێویستی بە بوونی A نابێت((B پێویستی بە A)).

A, B, AB بۆ ئەو کۆمەڵەیە(B± A±) +

-لە کاتی پێشانگای هونەریدا، ئامادەبووان پێویستە نرخی پەیکەرە جوانەکان (A±)، تابلۆ ئاڵۆزەکان (B±)، یان هەردووکی بزانن، لەکاتێکدا هەر هونەرمەندێک داهێنانە ناوازەکانی خۆی پیشان دەدات."بەشداربووانی وۆرک شۆپەکە بژاردەی ئەوەیان هەیە کە بەشداری تاقیکردنەوە کارەکییەکان بکەن(A±)، ئامادەی وتارە بەسوودەکان بن(B±)، یان بەشداریکردن لە هەردوو چالاکییەکەدا بۆ بەدەستهێنانی ئەزموونێکی فێرکاری گشتگیر.

یاسای نووسینەوەی پێکهاتەی(A,B, AB)بۆ ئەو دەقەی سەرەوە بەوجۆرە دەبێت:

"+(±A ±B)"

ئەم یاسایەی سەرەوە ئەو خاڵانە لەخۆ دەگرێت:

1- +: ئاماژە بە بوونی لایەنی کەم یەکێك لەو پێکهاتانەی ناو دوو کەوانەکە دەکات.

2- (+/-A +/-B)ئەوەی ناو دوو کەوانەکە دوو گریمانە لەخۆ دەگرێت:

- **±A: ئاماژە بە بوونی Aدەکات.**
- **±B: ئاماژە بە بوونی Bدەکات.**

بە هاتنی هەردوکیان بەیەکەوە، ڕۆنانی ئەو تاگمیمەی سەرەوە ئەو هەڵوێستە پیشان دەدات، بە لایەنی کەمەوە یەکێك لە AیانBئامادەبوونیان دەبێت، یان هەردووکیان بەیەکەوە(AB).

**± (±A ±B)**

-لە کۆنفرانسەکە بەشداربوان دەتوانن بەشداری لە گفتوگۆکان بکەن(A+)، ئەنجامی توێژینەوەکانیان پێشکەش بکەن(B+)، یان ئامادەبن بەبێ بەشداریکردن لە چالاکییەکان⊖ ، ڕێگە بە هەموو جۆرە بەشداربوونێك دەدرێت.

ڕۆنانی تاگمیمی بۆ کۆمەڵەی (A، B، AB،⊖) لەو دەقەی سەرەوە ، بەو جۆرە شیکردنەوەی بۆ دەکرێت:

±: ئاماژە بە بوونی تاکە ڕەگەزێك لەوانەی نێو دوو کەوانەکە دەکات، یان ئامادەنەبوونی هیچ کام لەو ڕەگەزانەی نێو دوو کەوانەکە، بە کۆکردنەوەی هەردوو هەڵوێست، ئەو ڕۆنانە ئەوە دەگەیەنێت، کە هەڵوێستەکانی (A) بەتەنیا بریتییە لە(A±)، یان ئەو ئەوانەی(B) تیایدا ئامادە دەبێت بریتییە لە (B±) یان هیچ کام لەوانە ڕوونادات⊖.

زانیاری ناو دوو کەوانەکە(B± A±) سێ گریمانە لەخۆ دەگرێت:

A±: ئاماژە بە ئامادەبوونی A دەکات.

B±: ئاماژە بە ئامادەبوونی Bدەکات.

⊖: ئاماژە بە ئامادەنەبوونی هەریەك لە A وBدەکات.

کەواتە ڕۆنانەکە بە گشتی ڕێگە بە ئامادەبوونی Aدەدات بە تەنیا یان ئامادەبوونیB بە تەنیا یان ئامادەنەبوونی ⊖هەردووکیان.

**2-11-1-2.چێوە کرۆکییەکان و چێوە پەراوێزییەکان:**

تیۆری چێوەڕێژەکان لە دیاریکردنی جۆری چێوەی کرۆکی و چێوەی پەراوێزی پشت بە دوو بنەما دەبەستێت، لە سنووری ڕستە و دانەی بچووکتر لەڕستە لە هەرەمی ڕێزمانیدا پێگەی ئەرکی و سەرەی فرێزەکان دەکاتە پێوەر بۆ دیاریکردن و جیاکردنەوەی چێوەی کرۆکی لە چێوەی پەراوێزی، بەڵام لە پەرەگراف و دانەی گەورەتر لە رستە، واتا و بیرۆکەی سەرەکی ڕۆڵ دەبینن لە دیاریکردنی چێوەی کرۆکیدا بە پشت بەستن بە بیرۆکەی شەپۆڵ(لەبەشی سێیەم بەنمونە رونکراوەتەوە).

هەندێکجار وادەردەکەوێت هەموو چێوەیەکی بەخورتی چێوەیەکی کرۆکی بێت و چێوە بژاردەییەکان چێوەیەکی پەراوێزی بن، بەڵام لە راستیدا ئەو ڕۆنانە ڕۆڵ دەبینیت، کە یەکەکەی تێدا دەردەکەوێت، (مەبەست لەیەکەی کرۆکی ئەو یەکەیەیە کە لە ڕێگەیەوە بیرۆکەی سەرەکی پێشکەش دەکرێت و ناتوانرێت لە ڕۆنانە ڕێزمانییەکەدا دەستبەرداری بین، کەواتە مەبەست لێی کرۆکی بوونی یەکە زمانییەکانە لە هەر ڕۆنانێك، کە ئەو یەکەیەی تێدا دەردەکەوێت) (سمیر شریف190:2008) (بە تێکەڵکردنی هەر یەك لە چێوەی کرۆکی و چێوەی بەخورتی دوو حاڵەتی دەرکەوتنمان دەبێت: یان کرۆکییە و دەرکەوتنەکەی بەخورتییە(پابەندییە) وەك ڕستەی هەواڵگەیاندن، کە پێکهاتووە لە نیهاد و گوزارە، یان کرۆکییە و دەرکەوتنی بژاردەییە، وەك لابردنی نیهاد یان گوزارە، کاتێك یەکەیەك هەبێت ئاماژە بە بوونی ئەو پێکهاتەیە بکات، وەك:

**-نەسرین هەواڵەکەی لە ڕۆژنامەکەدا بڵاوکردەوە.**

**(+نەسرین): چێوەیەکی کرۆکی بەخورتییە.**

بە لابردنی(نەسرین) ڕستەکە دەبێتە(هەواڵەکەی لە ڕۆژنامەکەدا بڵاوکردەوە، (±نەسرین ) لەو ڕۆنانەدا چێوەیەکی( کرۆکی بژاردەییە)، واتە هەرچەندە نەسرین چێوەیەکی سەرەکییە و ناتوانین لە ڕۆنانەکەدا دەستبەرداری بین لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێ لە ڕۆنانی سەرەوەدا لاببرێ و یەکەیەکیتر لە ڕۆنانەکەدا ئاماژە بە بکەری ڕستەکە بکات، کە جێناوی لکاوی(ی)یە بۆ کەسی سێیەمی تاك، ڕێککەوتنی هەیە لە کەس و ژمارە لەگەڵ بکەری ڕستەکە.

چێوەی کرۆکی زۆرجار بە چێوەی سەرەکیش[21] ناودەبرێت، ئەو چێوەیەیە، بەشێوەیەکی سەرەکی لە ڕۆنانە زمانییەکەدا دەردەکەوێت یان دەرکەوتنی چێوە بە شێوەی ناسەرەکی دەبێت و بە چێوەی ناوەندیی ناودەبرێت، ئەو جیاوازییەی نیوان چێوەی سەرەکی و چێوەی ناوەندی جێبەجێ نابێت لەسەر جیاکردنەوەی چێوەی بەخورتی/پابەندی و چێوەی بژاردەیی، چێوەی سەرەکی ئەو چێوەیەیە

21-چێوەی سەرەکی/چێوەی ناسەرەکی-ناوەندی، هەمان ئاماژەیان هەیە لەگەڵ زاراوەی چێوەی کرۆکی و چێوەی پەراوێزی، کە بەرانبەر وشەی (Marginal) و (Nucleus)ی زمانی ئینگلیزی بەکاردێت.

تایبەتمەندیی بە پێکهاتەکە دەبەخشێت یان بەخورتی دەبێت یان بژاردەیی، ئەو چێوەیە ئەو ڕۆنانەی پێ جیادەکرێتەوە، کە تیایدا دێت، وەك ئەو چێوانەی لەم پێکهاتەیەدا هاتوون.(محمد جواد 132:2020): (کچەکە هاوسەرگیری لەگەڵ دەسگیرانەکەی کرد). بەڵام چێوەی ناوەندی(ناسەرەکی/ لایەنگر)، ئەو چێوەیە تایبەتمەندیی بە پێکهاتە زمانییەکە نابەخشێت و هەموو کات چێوەیەکی بژاردەییە و ڕۆڵی سەرەکی نابینێت لەو ڕۆنانەی تیایدا دەردەکەوێت، وەك چێوەی هاوەڵکاری(دوێنێ) لەو ڕستەیەدا(کچەکە دوێنی هاوسەرگیری لەگەڵ دەسگیرانەکەی کرد).

بە چێوە پەراوێزییەکان دەگوترێت چێوە ناسەرەکییەکان یان چێوە ناوەندییەکان ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێ هەموو چێوە بەخورتییەکان چێوەی سەرەکین بەڵام هەموو چێوە سەرەکییەکان(کرۆکییەکان) بەخورتی نین، لەبەرانبەردا، هەموو چێوە بژاردەییەکان چێوەی (ناسەرەکی/پەراوێزی)ن، لەکاتێکدا هەموو چێوە (ناسەرەکیی/ پەراوێزییەکان)ەکان چێوەی بژاردەیی نین، بەپێی ئەو بنەمایە دەکرێ پۆلینکردنێکی سێیی بۆ چێوەکان بخەینە روو:

**1-چێوە کرۆکییە بەخورتییەکان.**

**2-چیوە کرۆکییە بژاردەییەکان.**

**3-چیوە ناوەندی و بژاردەییەکان.**

بۆ رونکردنەوەی ئەمە دەڵێین: چێوە سەرەکییەکان لە پێکهاتەی کلۆزەکاندا ئەو چێوانەن، کە یارمەتیمان دەدەن بۆ جیاکردنەوەی پێکهاتەی کلۆزەکان، ئەمەش بکەر و کردار و بەرکار، دەگرێتەوە، بۆنمونە:

-کچەکە سێویکی خوارد.

ئەو چێوانەی لەو ڕۆنانەدا بوونیان هەیە، هەندێکیان چێوەی بژاردەیین و هەندیکیتریان بەخورتین، چێوەی بکەر چێوەیەکی بژاردەییە دەکرێ بگوترێت:

**-سێوەکەی خوارد.**

بەهەمان شێوە چێوەی بەرکاریش دەکرێ بڵێین:

**- کچەکە خواردی.**

ئەو دوو چێوەیە دوو چێوەی سەرەکین تایبەتمەندیی ڕۆنانە ڕێزمانییەکە دیاری دەکەن بە هەموو جۆرە جیاوازەکانییەوە، بەو شێوەیە دەکرێ چێوەکان لەهەمان کاتدا سەرەکی و بژاردەیی بن،

کەواتە هەموو چێوە سەرەکییەکان(بەخورتی)نین، هەندێکیان بژاردەیین، وەك چێوەی (بەرکار) لە ڕستەی(کچەکە هاوسەرگیری لەگەڵ دەسگیرانەکەی کرد)، کە دەکرێ دەستبەرداری بین لەو پێکهاتەیەدا، وەك(کچەکە هاوسەرگیری کرد)، بەڵام چێوە ناسەرەکییەکان هەموو کات بژاردەیین، لەسەر ئەو بنەمایە سێ پۆلێنکردنمان دەبێت بۆ دووجۆری چێوە:

1-چێوەی سەرەکی بەخورتی.

2-چێوەی سەرەکی بژاردەیی.

3- چێوەی ناوەندی بژاردەیی.

**3-11-1-2.چێوە شوێن جێگیرەکان و چێوە جوڵاو و شوێنگۆڕەکان:**

ئەوەی لەم بابەتە باسی لێوە دەکرێت بریتییە لە جوڵە و جێگیری چێوە ڕێزمانییەکان مەبەست لە جوڵە و جێگرییان ئەوەیە کە ئایا ئەو چێوە ڕێزمانییە وەك چێوەیەکی سەربەخۆ توانای جیگۆرکێی هەیە یان جێگیرە و شوێنەکەی ناگۆڕێت، چێوەی جێگیر، ئەو چێوەیەیە، کە شوێنی لەچاو ئەوانیتر جێگیر دەکات لە پێکهاتەکەدا، بەپێچەوانەی ئەوە چێوەی جوڵاو جێگیر نابێت لە شوێنێکی دیاریکراو بەبەراورد بە پێکهاتەکانیتر لەهەمان ڕۆناندا(رمضان عبدالتواب1997:87)، بێگومان کە باس لە گۆڕینی چێوەکان دەکەین هەموو ئەندامە پرکەرەوەکانی ئەو چێوەیە هەمان حاڵەتیان بەردەکەوێ لە چەسپاوی و جێگیری.

چێوە بەشێویەکی گشتی لە شوێنێك دێت، کە تیایدا لەوێنەی نمونەیی جێگیردا دەنوێنرێن، بە شێوەیەکی گشتی پێویستە هەر چێوەیەك لەو پێگەیەدا دەربکەوێت، کە لەسەر هێلێکی یەك لەدوای یەکی جێگیر دەنوێنرێت، لە چوارچێوەی ڕۆنانی گشتی هەر پێکهاتەیەکی زمانیدا، بەڵام لەو زمانانەی کە وشەکان خاوەن پێرەوێکی ڕیزبوونی جوڵاون، ئەوا کامە ڕیزکردن زۆرترین دەرکەوتنی هەبێت، دەبێت بە یاسا بۆ بەدواییەکداهاتنی پێکهاتەکان لە ڕۆنانەکەدا، جگە لەوەی پێویستە ئاماژە بە توانای جوڵەی چێوەکان بدرێت لە هەر ڕۆنانێکدا(Cook:1978:18) بۆنمونە، زمانی عەرەبی تاڕاددەیەك تایبەتمەندیی چێوەی ناجێگیر لە پێکهاتە زمانییەکانیدا بوونی هەیە.

ئەگەر چێویەك تەنیا دوو جۆر دەرکەوتنی هەبێت لە ڕووی جوڵە و جێگیری لە ڕیزبوونی گشتی زنجیرەکەدا، (ئەوا دەکرێ نواندنی هەردوو پێگە لە بریتییەکە بەو شێوەیە(یان/ یان(either/or) یان بەو شێوەیە(±A..........±A) لەهەر پێگەیەك بنوسرێت و ئەگەر چێوەکە ئازاد بوو لە جێگۆڕکێ لەنێوان زیاتر لە پێگەیەك لە چوارچێوەی ڕۆنانەکەدا، ئەوا یەکێك لە ڕێگا پێشنیارکراوەکان بریتییە

له نووسینی نیشانەی(          )لەسەر چێوەکە، ئەگەر چێوەکە هەمان حاڵەتی جوڵە و جێگیری هەبێت(ئازاد بێت لە جوڵەی لە ڕۆنانەکەدا)، بەمەرجێك نەچێتە نێوان چێوە کرۆکییەکانی ڕۆنانەکە یان(SPO) دەکرێ چێوە کرۆکییەکان لەنێو دوو کەوانەدا بنوسرێن بۆ سنووردارکردنی توانای جوڵەی چێوەکان وەك:

tCl=(+S:N+P:tV+O:N) ±L:los ±T:tem


ئەو دارشتنەی سەرەوە، ڕیزبەندی چەند پێکهاتەیەك لەخۆ دەگرێت لە ڕۆنانێکدا وەك: (SPO, SPOL, SPOLT, SPOT)، بەڵام (L) یان (T) لەوانەیە لەو ڕۆنانە بێن یان هەردووکیان لە پێش چێوە کرۆکییەکان بێن یان ڕیزبەندیTLڕێگە پێدراوە لە دوای چێوە کرۆکییەکان بێت.

## 12-1-2. بەشداربوونی (بەشی، گوێزانەوەیی و بەرانبەری) لە پێکهاتەی هەرەمیدا- transformational, and oppositional subdivisions of hierarchy) :(Segmental,

لە بەشی یەکەمی ئەم تێزەدا لە بابەتی چەمکی (ئامراز، شەپۆڵ و بوار) لە ڕوانگەی "تیۆری چێوەرێژەکان"ەوە) باس لە یەکەکانی زمان کرا لە ڕوانگەی (ئامراز، شەپۆڵ و بوار)دا بە بەستنەوەیان بە تایبەتمەندییی سێ لایەنەی یەکەکانی زمان لە ڕووی(دەرکەوتن، دابەشبوون و بەرانبەری)دا، لە ژێر ڕۆشنایی بیرۆکەی "چێوەرێژکردن"دا، بە سودوەرگرتن لە شیکردنەوەکانی هەریەك لە "پایك"، " کووك" و "لۆنگاکر"، کە تیایدا ئەوە ڕونکرایەوە ئەو سێ ڕوانگەیەی "پایك" بۆ یەکەکانی زمان بەرانبەر یەکتر ناوەستن، بەڵکو تایبەتمەندیی تەواوکەرییان هەیە، هەر یەکەیەکی زمانیش ئاماژەیە بۆ کۆبوونەوەی هەرسێ ڕوانگە لە یەك پێکهاتەدا، هیچ یەکەیەکیش بۆ سێ بەش دابەش نابێت، بەڵکو هەر یەکەیەك بەهۆی ئەو سێ تایبەتمەندییەوە یەکەیەکی تایبەت و بەشێك دەبێت لە کۆمەڵەیەکی بەرانبەری لە چوارچێوەی پۆلێنکردن یان بوارێکدا.

لە ناو ئەو بونیادە سێ لایەنییەی زماندا، ئەوە خرایە ڕوو، کە هەریەك لە تایبەتمەندیی ئامراز و شەپۆل زیاتر بەیەکەوە بەستراون وەك لەوانیتر، ئەمەش دووبارە خستنەڕووی گرنگی پەیوەندیی (شێوە/ئیتیکەکان و پێگەی ئەرکی)نیشان دەدات لەشیکردنەوە ڕێزمانییەکانی زماندا :Poythress) 1982:131)، لەبەشی سێیەمی ئەم تێزەشدا باس لە بابەتی(ڕەنگدانەوەی یەکە زمانییەکان لە هەرەمی

ڕێزمانی زماندا، باس لە ڕەنگدانەوەی هەر یەك لە تایبەتمەندیی (دەرکەوتن و جیاوازی دەرکەوتن و دابەشبوون)ی یەکە زمانییەکان دەکرێت، لە نێو زنجیرە هەڕەمییەکاندا، لەم بابەتەدا باس لە (بەشداربوونی بەشیی، حاڵەتی گوێزانەوە و حاڵەتی بەرانبەری)، لە هەڕەمی زمانییدا دەکرێت، لە ڕوانگەی ڕەنگدانەوەی یەکە زمانییەکان لەپێکهاتەی هەڕەمیدا. بۆ ڕونکردنەوەی ئەو پەیوەندییە پەنا بەرینە بەر وێنەیەکی شیکاری، کە تیایدا (y)یەکەی گەورەیە بۆنمونە ئەگەر وادابنێین هەریەك لە (x)، (y) و (z)بریتین لە یەکە لە زنجیرەی هەڕەمیدا، ئەگەر وادابنێین (z) بەشێك بێت لە (x) و (x)یش بە تەواوی بەشێك بی لە (y)، (بڕوانە وێنەی 1-2).




**1-2 بەشداربوونی (بەشی، گوێزانەوەیی و بەرانبەری) لە پێکهاتەی هەڕەمیدا .**

(Poythress, 1982:133).

دەكرێ پەیوەندیی هەڕەمی (X)لە سێ لایەنەوە شیبكرێتەوە:

یەكەم: (X) بەشدارییەكی بەشەكی "سیگمێنتاڵی" لەو پلەبەندییەدا دەكات، مەبەست لە بەشداریكردنی بەشیی ئەو بەشداریكردنە ئیمیكییەیە، كە(X) لە(Y)دا دەیكات، ئەو لایەنەی بەشداریكردن بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە، كاتێك هەریەك لە (شێوە و ئەرك)ی ناو(X) و (Y)بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یەكێكیان ڕێگە بە گۆڕینەوە لە نێوان پڕكەرەوە جیاوازەكان دەدات.

دووەم: (X)بەشداریكردنێكی گوێزانەوەیی دەبێت لە زنجیرەی هەڕەمیدا، پەیوەست بەو پەیوەندییە گوێزانەوەییانەی ئەو پێكهاتەیە لەگەڵ پێكهاتەكانیتری هەمان ڕۆناندا هەیەتی، كە لە ڕووی ڕۆنانی گشتییەوە جیاوازیان دەبێت، بەڵام لێكچوون لە ڕووی بەشە پێكهاتە بچووكەكانیانەوە هەیە، ئەو بەشداریكردنەی (X)بە جێگیری دەمێنێتەوە، كاتێك (پڕكەرەوە و ئەرك) بە پێی پێویست بەشێوەیەكی سەرەكی بە نەگۆڕی دەمێننەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یەكیان بە تایبەت ڕێگە بە گۆڕینی شێوەكەی دەدات، ئەگەر سەیری وێنەی (2-1ب) بكەین، دەبینین هەریەك لە بەشداربوونی بەشیی و گوێزانەوەیی جیاوازییەكی زۆر وردیان لەنێواندا هەیە، بۆیە پێویستی بە ڕونكردنەوەی زیاتر هەیە لە چوارچێوەی تیۆری چێوەرێژەكانەوە بە سودوەرگرتن لە بیرۆكەی ڕۆنانی سەرەوە و ڕۆنانی ژێرەوە لە تیۆری گوێزانەوەدا، ئەو لایەنەی پەیوەستە بە بەشداربوونی بەشی لەزنجیرەی هەڕەمیدا ڕۆنانی سەرەوەی سینتاكسی لە بونیادی قوڵ دەنوێنێت لە تیۆری گوێزانەوەدا، لایەنی گوێزانەوەش لە بیرۆكەی هەڕەمیدا ڕۆنانی قوڵ دەنوێنێت، بۆ ڕونكردنەوەی پەیوەندیی ئەو دوو تیۆرە و گرنگی بەیەكەوە بەستنیان لە شیكردنەوە ڕێزمانییەكاندا، ئەم نمونەیەی خوارەوە دەخەینەڕوو:

- **دادگای فیدڕاڵ بڕیاری لەسەر موچەی فەرمانبەراندا.**
- **موچەی فەرمانبەران لەلایەن دادگای فیدڕاڵییەوە بڕیاری لەسەردرا.**
- **موچەی فەرمانبەران بڕیاری لە سەردرا.**

هەریەك لە ڕستەی یەكەم و دووەم و سێیەم لە ڕێگەی ڕێزمانی گوێزانەوە بەیەكەوە بەستراونەتەوە، بێگومان ناتوانین ڕستەی سێیەم بگەڕێنینەوە بۆ ڕستەی یەكەم و دووەم، لەبەرئەوەی زانیارییەكانی پەیوەست بە (بكەر)ی ڕستەكە ون بوون(نەوەك تەنیا بووبێتە زانیاری ناوەكی گوتنەكە)، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر وادابنێین ئەو سێ ڕستەیە لێكچوون و بە كردەی گوێزانەوە لە ڕۆنانی ژێرەوە بۆ ڕۆنانی سەرەوە ئەو جیاوازی دەركەوتنە ڕوویداوە، ئاساییە (دادگای فیدڕال)لە ڕستەی یەكەمدا گرنگی زیاتری هەبێت وەك بكەری ڕستەكە و لە ڕستەی دووەم ئەو گرنگییە بەر (موچەی فەرمانبەران) بكەوێت، كە بەركاری ڕستەكەیە، لە كاتێكدا(دادگای فیدڕال)دەكەوێتە دواوە، لە ڕستەی سێیەمدا(دادگای فیدڕال) زیاتر دەكەوێتە دواوە و ئامادەبوونێكی ناوەكی دەبێت، هەرچەندە لە هەر دوو

ڕستەی یەکەمدا هەمان پێکهاتەی سەرەکی بوونییان هەیە. لە ڕستەی سێیەمیش بەشێوەیەکی ناوەکی ئامادەبوونی هەیە، ئەوەی ڕوویداوە گۆڕانکارییە لە (دەرکەوتن) هەرچەندە هەمان (پڕکەرەوە) هەیە لە ڕستەکاندا.

لە ڕوانگەی ڕێزمانییەوە، ئەرکی گوێزانەوەیی نەگۆڕ بۆ(دادگای فیدڕال)ئەرکێکی هاوبەشە لەنێوان هەرسێ ڕستەدا، کە ئەرکی(بکەر/کارا)ی ڕستەکەی بینیوە، بە پێچەوانەی ئەوە ئەرکی دەرکەوتن(ڕۆنانی سەرەوە) بۆ(دادگای فیدڕال) لە هەر سێ ڕستەکەدا گۆڕاوە، لە ڕستەی یەکەم(بکەر)ە، لە ڕستەی دووەم(بەرکار)ێکی ناڕاستەوخۆیە بەهۆی ئامرازی بەندەوە، لە ڕستەی سێیەم(<:Ø)دەرنەکەوتووە.

دەکرێ(دادگای فیدڕاڵ) لە ڕوانگەی (پڕکەرەوە)کانەوە شیبکرێتەوە، لە ڕوانگەی (بەشداربوونی بەشی/سیگمێنتالی)، (دادگای فیدڕالی) فرێزێکی ناوییە وەك هەر فرێزێکی ناویتر (حکومەتی عێراق) (هەرێمی کوردستان)، لە ڕوانگەی (گوێزانەوە)دا، (دادگای فیدڕالی) لێکچووی (ئەو دادگایەی لەلایەن حکومەتی فیدراڵ)ەوە بەڕێوەدەچێت، سەرەڕای هەریەك لە لایەنی (بەشداربوونی بەشی) و (گویزانە)، لایەنێکیترێش هەیە، کە بە (لایەنی بەرانبەری) ناودەبرێت. لە بابەتی (تیۆری چێوەرێژەکان و مۆدەلی گوێزانەوە")نمونەی زیاتر بۆ رونکردنەوەی ئەو بیرۆکەیە لە شیکردنەوەی ڕستە و دەق لە زمانی کوردیدا دەخرێنەڕوو

## بەندی دووەم:

## (ڕونکردنەوەی پەیوەندیی تیۆری چێوەڕێژەکان بە تیۆرەکانیتری زمانەوانی سەردەمی خۆی لەڕووی شیکردنەوە ڕێزمانییەکاندا)

## 1-2-2.پەیوەندیی تیۆری چێوەڕێژەکان بە تیۆرە نوێیەکانی زمانەوانی سەردەمی خۆی:

لە بەشی یەکەمی ئەو تیزەدا ئاماژە بەو تیۆرانە کرا، کە لە دوای سەردەمی"بلۆمفیڵد"ەوە سەریانهەڵدا و تیۆری "چێوەڕێژەکانیش" وەك یەکێك لەو تیۆرانە ناسێندرا، بێگومان ئەو تیۆرە زمانەوانیانە هەریەکەیان خاوەن بنەما و پرەنسیپی تایبەت بەخۆیانن، و هەریەکەیان بەپێی ئەو ڕێبازەی لە شیکردنەوە ڕێزمانییەکانی یەکە زمانییەکان گرتوویەتە بەر جیاواز دەبێت لە تیۆرێکیتری هەمان سەردەم، ئەوەی گرنگە لێکۆڵەری زمان ئاگاداری ئەو پەیوەندییانە بێت، کە لە نێوان ئەو تیۆرانەدا بوونی هەیە:

## 1-1-2-2.کاریگەری "بلومفیڵد" لەسەر تیۆری چێوەڕێژەکان:

ئەوەی جێگەی باسە بیروڕاکانی "بلۆمفیڵد"، لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا کاریگەری بەرچاوی هەبوو لەسەر لێکۆڵینەوە زماوانییەکان بە گشتی و ڕێزمان بە تایبەتی، بەجۆرێك ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی باڵی بەسەر زمانەوانی ئەوروپا و جیهان بە گشتی داکێشابوو، ئەمە جگە لە کاریگەری و ناوبانگی لە ئەمەریکادا، کە بە دامەزرێنەری قوتابخانەی ڕۆنانکاری ئەمەریکی ناسراوە.

وەك لە بابەتەکانی پێشووتر لە بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیەدا ئاماژەی پێدرا، لە شیکردنەوەی چێوەڕێژەکاندا، یەکە زمانییەکان لە زنجیرەیەك لە پێگەی ئەرکی یان ئەرکی ڕێزمانی ڕێکدەخرێن، کە پڕکەرەوەکان پڕیان دەکەنەوە و پڕکەرەوە زمانییەکان لەم سیستەمەدا بریتین لە پۆلە وشەکان، وەك بەشەئاخاوتنەکان بەگشتی (ناو، جێناو، ئاوەڵناو، کار و ئامرازەکان...، تاد)، کە دەشێ لەخانەیەکی دیاریکراودا جێگۆڕکێیان پێ بکرێ.

شیکردنەوە لە چوارچێوەی تیۆری چێوەڕێژەکاندا، کار لەسەر زنجیرەی ئاستەکان دەکات لە هەڕەمی ڕێزمانیدا، کە ئەمەش (وەك لەبەشی یەکەم لە هەڕەمی ڕێزمانیدا ئاماژەی پێکرا)، هەریەك لە ئاستی ڕستە و دەستەواژە و فرێز و وشە و مۆرفیم دەگرێتەوە، هەر پێکهاتەیەکیش لەیەکێك لەو پێنج ئاستە پێکدیت، لە شیکردنەوەی پێکهێنە ڕاستەوخۆکاندا هەر تاکە ئاستێك لەو ئاستانە دەکەوێتە ژێر ئاستێك لە شیکردنەوەی پێکهێنەکاندا کە بریتین لە : پێکهێنی ڕاستەوخۆ و پێکهێنی ناوەند و پێکهێنی کۆتایی، پێکهێنی ڕاستەوخۆ ئەنجامی یەکەم دابەشکردنە، مۆرفیمەکان پێکهێنی کۆتایی دەنوێنن و پێکهێنە ناوەندییەکانیش ئەنجامی هەموو دابەشکردنێکی دوانەیی نێوان دوو پێکهێنن) (Cook:1978:28).

ڕاسته "کینیس پایك" تیۆرەکەی لەسەر بنەمای تیۆری "بلۆمفیلد" لە شیکردنەوەی یەکە زمانییەکان بۆ پێکهاتە ڕاستەوخۆکان(شیکردنەوەی زمانی بەگوێرەی یاسا پێکهێنە ڕاستەوخۆکان)بنیاتناوە، کە بە (IC)[22]ناودەبرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەش لە چەند لایەنێکەوە لە تیۆرەکەی "بلۆمفێلد" لایداوە وەك:

1- بیرۆکەی شیکردنەوە لای "بلومفیلد" بریتیبوو لە شیکردنەوە لەسەر بنەمای وەسفکردنی شێوەی یەکە زمانییەکان لە پێکهاتەکاندا بەبێ گرنگیدان بە ئەرکی ئەو یەکە زمانییانە لە پێکهاتەکەدا، کەچی لە تیۆری چێوەڕێژەکاندا یەکە زمانییەکان لەسەر بنەمای ئەرکی ڕێزمانی ڕێکدەخرێن، بۆنمونە لە ڕستەیەکی، وەك:

- ئەو نازداری بینی.

ئەو ڕستەیەی سەرەوە لە سێ تاگمیم پێکدێت، کە بەمشێوەیەی خوارەوە شیکردنەوەی بۆ دەکرێت:

---

22-ئەو هێمایە لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان کورتکراوەی(Immediate Constituents)ە، زۆربەی سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن، کە بۆیەکەمجار لەلایەن زمانەوانی ئەمەریکی "لیۆنارد بلۆمفیلد"ەوە لەساڵی (1993)ەوە ناسێنرا، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو شێوازی شیکردنەوەیە بۆ یەکەمجار لە لایەن "ڤان ڤالین" لە تیۆری "ڕێزمانی ڕۆڵ و ئاماژە"دا بەکارهاتووە(بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
-ئاڤان سەعید مستەفا(2015)، ڕێزمانی ڕۆڵ و ئاماژە لە زمانی کوردیدا لەبەر ڕۆشنایی بۆچوونەکانی "ڤان ڤالین"دا، نامەی ماستەر، کۆلیژی .مان، زانکۆی سەلاحەددین.
ئەو پێڕەوەی شیکردنەوە، کە برتییە لە سیستەمێکی باوی شیکاری ڕێزمانی، کە ڕستە بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەش دەکات بە شێوەیەکی بەدواییەکداهاتوو-Successive Layers بەجۆرێك کە کۆتا بەشی شیکردنەوەکە بریتی دەبێت لە (وشەیەك یان مۆرفیمیك) کە بە پێکهاتە ناودەبرێت، لەم سیستەمەی شیکردنەوەدا پێکهاتە، بریتییە لەو پێکهێنەی بەشدارە لە پێکهاتەیەکی گەورەتر لە ڕۆنانێکدا، بۆنمونە لە ڕستەیەکی وەك: (منداڵە بچووکەکە رایکرد)، پێکهاتەی راستەوخۆی ئەو ڕستەیە بریتییە لە (منداڵە بچووکەکە) و( رایکرد )، دواتر(مندالە بچووکەکە) شیدەکریتەوە بۆ(منداڵ) و (بچووك)...بەم شێوەیە تاوەکو ڕۆنانەکە بۆ بچووکترین یەکەی شیکاری ڕێزمانی شیدەکرێتە، کە مۆرفیمەکانن.

## خشتەی2-2 وەسفکردنی هەریەك لە شێوە و ئەرکی ڕێزمانی بەیەکەوە بۆهەر یەکەیەك لە پێکهاتە زمانییەکان

| | تاگمیمی ١ | تاگمیمی ٢ | تاگمیمی٣ |
|---|---|---|---|
| شوێن/پێگە- Slot | بکەر-subject | بەرکار-object | کار-verb |
| پڕکەرەوەکان- Fillers | ئەو(جێناو-pronoun) | نازدار(ناو-noun) | بینی( کار-transitive verb) |
| ئەوپڕکەرەوانەی، دەشێ شوێنگۆڕکێیان پێ بکرێت لەگەڵ یەکە زمانییەکانی ئەو پێکهاتە زمانییە | هەر ناوێکیتر، کە لەرووی ڕێزمانی و لۆجیکییەوە گونجاوبێت بۆ ئەو شوێنە و بتوانرێ هەمان کرداری ئەو ڕستەیەی بدرێتە پاڵ وەک(نەسرین، ئازاد، منداڵەکە.....) | هەر ناوێکیتر یان جێناوێک، کە لەرووی کەس و ژمارەوە گونجاوبێت بۆ ئەوەی کردەی ئەم ڕستەیەی بەسەردا رووبدات وەک:(ئەو، پەری، ئاڵی،کچەکە.....) | هەر کردارێکیتر کە وەک تاگمیمێکی ڕێزمانی لەگەڵ پێکهاتە سەرەکییەکانیتری ئەم ڕستەیە بگونجێت وەک:(چاوی پێکەوت، بە دیداری شادبوو) |

لەم شیکردنەوەیەی سەرەوەدا گشتگیری تیۆری چێوەڕێژەکان ڕوون دەبێتەوە، لە وەسفکردنی هەریەك لە شێوە و ئەرکی ڕێزمانی بەیەکەوە بۆهەر یەکەیەك لە پێکهاتە زمانییەکان، وەسفکردنی لەڕووی ئەوەی(جێناو+ناو+کردار)، بریتییە لە وەسفێکی پۆلێنی بۆ پێکهاتە جۆراوجۆرەکان لەم ڕۆنانەدا، هەرچی وەسفکردنی ئەو یەکەیە لەڕووی (بکەر+بەرکار+کردار)ئەوە وەسفێکی ئەرکییە بۆ ئەو پێگە ئەرکییانەی، کە یەکە زمانییەکان(پڕکەرەوەکان) پڕیان دەکەنەوە لەو ڕۆنانەدا.

هەرچی وەسفی تاگمیمیکیشە بۆ ئەو یەکانە بریتییە لە شێوە و ئەرك بەیەکەوە(بکەر:جێناو+ بەرکار:ناو+ گوزارە:کردارێکی تێپەڕ).

ئەگەر سەرنج بدەینە هەریەك لەو پڕکەرەوانەی، کە وەك جێگرەوەیەك بۆ هەر یەك لە یەکە ڕێزمانییەکانی ئەم پێکهاتەیەی سەرەوە پێشنیار دەکرێت و تاڕاددەیەك دەکرێ لە هەمان پێگەی ئەرکیدا ئاڵوگۆڕیان پێ بکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ یەك لەو پڕکەرەوانە لەهەموو هەڵوێستە زمانییەکاندا گونجاو نابن بۆ ئەوەی لە شوێنی یەکتر دەربکەون، چونکە وەك "پایك" لە بابەتی واتای فەرهەنگی و واتای ئینسایکلۆپیدی ئاماژەی پێدەکات (ئەو یەکانە کۆمەڵێك زانیاری پەیوەست بەو دەوروبەرە زمانی

و پراگماتیکییانه لەخۆ دەگرن، کە وادەکات ئەو یەکە زمانییانە هەمووکات پراوپڕ وەك پڕکەرەوەی لە بریتی بەکارنەیەن بۆ ئەو پێگە ئەرکییە، بۆنمونە کاتێك کاری (چاوپێکەوتن) لەشوێنی (بینین) دادەنرێت ئەوا ئەو ئاماژەیەی ئەو یەکە زمانییە دەیدات پەیوەست دەبێ بەو ڕووداوە راستەقینەیەی ڕوویداوە، کە ئەویش پەیوەستە بە چەند گریمانەیەکی چۆنییەتی ڕووداوەکە و پێوەرە لۆجیکییەکان بۆ پەسەندکردنی ئەو (پڕکەرەوەیە) بۆ ئەو (شوێنە ئەرکییە) بۆ بەرهەمهێنانی گوزارشتیکی زمانی گونجاو بۆ ئەو ڕووداوە لە دەوروبەردا، کە ئەمەش راستەوخۆ بەستراوەتەوە بە سیما سیمانتیکییەکانی یەکە زمانییەکە:

کردەی(بینی)، کە لە چاوگی(بینین)ەوە هاتووە تایبەتمەندیی ئەوە لەخۆدەگرێت، کە دەشێ ئەو کردەیە یەك لایەنە بێت واتە تەنیا لایەنێك ئەوەیتری ببینێت و لایەنەکەیتر بێ ئاگابێت یان ئاگاربێت لە ڕوودانی ئەو ڕووداوە، بەڵام کردەی (چاوی پێکەوت)، کە لە چاوگی (چاوپێکەوتن)ەوە هاتووە مەرجی ئەوەی هەیە دوو لایەن لەم کردەیە بەشداربن واتە هەریەك لە (بکەر) و (بەرکار)ی ڕووداوەکە بەشداربن لە کردەی (بینین)ەکە.

2- دوانەی لقدار بەجۆرێکە، کە هەموو پێکهاتەکان دابەشدەبن بۆ دوو بەشی سەرەکی و ئەوانیش دابەش دەبن بۆ بەشیتری ناسەرەکی، بەڵام شیکردنەوەی تاگمیمی لە "تیۆری چێوەرێژەکان"دا ڕێگە دەدات ڕۆنانە ڕێزمانییەکان بۆ چەند لقێك دابەش ببن بە گوێرەی ئاڵۆزی پێکهاتەکە و ئەو پارچە پێکهێنەرانەی لە ڕۆنانەکە بەشدارن، بەجۆرێك بۆ هەموو پێکهاتەیەکی زمانی گونجاوە چەندە ئاڵۆز و درێژ بێت(صفوت صالح40:2013).
3- هەنگاوی یەکەمی شیکردنەوەی ڕستەی سادە لەهەریەك لە شیکردنەوەی چێوەرێژەکان و شیکردنەوەی پێکهاتە ڕاستەوخۆکاندا، جیاکردنەوەی ئاوازە لە ڕستە بنجەکەدا دەنوێنێت، بەجۆرێك لە تیۆری چێوەرێژەکاندا ئاوازە ڕۆنانێکە لە ئاستی ڕستەدا، بەڵام لە شیکردنەوەی پێکهاتە ڕاستەوخۆدا ئەوە رستە بنجەکە و ئاوازەکەی پێکهێنی ڕاستەوخۆنە لە ڕۆنانەکەدا.
4- کۆتا ئاست لە تیۆری چێوەرێژەکاندا، بریتییە لە کۆتا ئاستی پێکهاتە، کە مۆرفیمەکانن. ئاستی ڕۆنانی چێوەیی دەستەواژەکان، فرێزەکان وشەکان، ئاستی ناوەندن لە ڕێزمانی پێکهاتە ڕاستەوخۆکاندا ، ئاستی چێوەیی زۆر بە وردی ئەو یەکانەی پێناسەکردووە، لەکاتێکدا پێکهاتە ناوەندییەکان لە ڕێزمانی پێکهاتە ڕاستەوخۆکاندا ، ئەو پێکهاتانەن، کە تایبەت بۆ ئەو مەبەستە دروستکراون و جیاوازدەبن بە جیاوازی ئەو ڕستەیەی شیکردنەوەی بۆ دەکرێت. Blansitt) :1967:43)

## 2-2-1-2.چێوەڕێژکردن و مۆدەڵی گوێزانەوە Tagmemic –Transformational Model:

دوای ئەوەی ڕێزمانی گوێزانەوە لەناو زمانەوانی ئەمریکادا سەریهەڵدا پەیڕەوکەرانی تیۆری چێوەڕێژکردن هەوڵیاندا سوود لە چەند بیرۆکەیەکی ئەو قوتابخانە زمانەوانییە وەربگرن، ("کووك" لە کتێبەکەی بە ناوی(On tagmemes and transforms 1964)لایەنی لێکچوون و جیاوازی ئەو دوو مۆدێلەی ڕێزمانی زمان دەخاتەڕوو، ئاماژەی بەو بیرۆکانە کردووە، کە دەکرێ تیۆری چێوەڕێژەکان لە ڕێزمانی گوێزانەوەدا سوودیان لێ ببینێت و پێشنیاری مۆدەڵێکی کرد، بە ناوی (Tagmemics Transformational Model) – (Waterhouse:1974:77). هەریەك لە "بیلاسکۆ-Belasco" و "لۆنگاکر-Longakre" بەهەمان شێوەی "کووك-Cook"، ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لەو بوارەدا، "بیلاسکۆ" ڕێڕەوێکی جیاوازی گرتەبەر، کە بریتیبوو لە بەکارهێنانی بیرۆکەی تاگمیمیك لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا، ئەو پێشنیاری بوونی یاسایەکی تاگمیمی پتەویکرد، بەتایبەت لە بەکارهێنانی بیرۆکەی پۆلکردندا، بەر لە هەوڵی دانانی یاساکانی گوێزانەوە، هەرچی "ڕۆلێتە-Roulet"ە، بەجیا لەبارەی هەریەك لە تیۆری "چێوەڕێژەکان" و تیۆری " بەرهەمهێنان و گوێزانەوەدا دواوە و هەردوو تیۆری لە شیکردنەوەی ڕستە لە زمانی فەرەنسی بەکارهێناوە.(Haughan:1970:241)

"لۆنگاکر" "یش وەك یەکێك لە پەیڕەوکەرانی تیۆری چێوەڕێژەکان ئەو مۆدێلە دوولایەنییەی نێوان تیۆری چێوەڕێژەکان و تیۆری بەرهەمهێنان و گوێزانەوەی بەسەر ڕستە و فرێز لە زمانی مەکسیکیدا پەیڕەو کرد،

وەك لە بەشی یەکەم لە بابەتی "ئەلۆتاگما " ئاماژەی پێدرا " تاگمیم" وەك یەکەیەکی جەوهەری یەکەیەکی سەرەکییە لە ڕێزماندا، کە دەکرێ بە یەك تاگما یان زیاتر دەربکەوێت، ڕەگەزی هاوبەش لە "تاگمیم" دا بریتییە لە و واتا ڕێزمانییەی پەیوەستە بە "پێگە ئەرکی"یەکەوە، وەك چۆن ڕەگەزی یەکگرتوو لە مۆرفیم بریتییە لەو واتا و ئەرکەی پەیوەستە بە شێوەیەك یان چەند شێوەیەکی جیاواز، دەکرێ هەر چێوەیەك بەچەند جۆرێك دەربکەوێ:


1- جۆراوجۆری لە شێوە لە جۆراوجۆری دەستەی پڕکەرەوە جیاوازەکان پێکدێت.
2- جۆراوجۆری لە پێگە، ئەمەش کاتێك دەبێت، کە "تاگمیم"ەکە شوێن گۆڕبێت بەبێ گۆڕانکاری لە واتادا.
3- جۆراوجۆری لە واتای ڕۆنانیدا، ئەمەش کاتێك ڕێگەپێدراو دەبێت، ئەگەر شێوە و دابەشبوون جێگیر بێت. (بڕوانە Michail:1974:68).

کۆکراوەی ئەو جۆراوجۆرییەی "چێوە"یەك بریتییە لە واتای "پێگە"، کە بریتییە لە لێکدانەوە و شیکاری واتای "تاگمیم" لای ئاخێوەرانی ڕەسەنی زمان، زۆرجار وا ڕوودەدات واتای "تاگمیم"ێك لەگەڵ پێشبینییە سەرەتاییەکانی زمانەوانان یەکناگرێتەوە، لە دیاریکردنی "تاگمیم" لە ڕێگەی سەرنجدان لە شێوەی دەرەوەی تاگمیم "تاگما"، بەر لە پرۆسەی کۆکردنەوەی تایبەتمەندیی جۆراوجۆری تاگمیمێك ..(Zuhri:2008:62)

بۆ خستنەڕوی مۆدەلی "Tagmemic Transformation" ڕستەیەك لەو ئاخاوتنەی خوارەوە بە بەکارهێنانی ئەو مۆدەڵەی ڕێزمان لە شیکردنەوەی دەقە ئاخاوتەییەکان دەخەینەڕوو:


(دەقی ئاخاوتنی نێوان پەیامنێر و مامۆستایەکی ئاینی)

(دوای ئەوەی پەیامنێر لە مامۆستایەکی ئاینی پرسی دەربارەی کاری بەخشین و ئەو گوتی: بە چی؟ دەتوانین کاری بەخشین بەراورد بکەین، یان چ نمونەیەك باس بکەین بۆ بەخشین؟" کاری بەخشین وەك تووێك وایە، کە بڕوێت و حەوت گوڵ بگرێت، لەهەر گوڵێکدا سەد دانەی تێدابێت، ئەوە پاداشتی خودایە بۆ هەر کەسێك، لە ڕۆژی دوایی خوای گەورە پاداشتی بەخشەر دەداتەوە، چونکە هەر کەسێك بە گوێرەی نیەت و جێگیری خێرەکەی پاداشت وەردەگرێت).




**2-5 شیکاری ڕێزمانی کلۆز لەحاڵەتی بەشداربوونی بەش**

**Segmental Gramatical analysis of Clause**




**6-2 شیکاری ڕێزمانی کلۆز لە حاڵەتی گوێزانەوەدا**

**Transformational grammatical analysis of a clau**

## 2-2-2.توانست و چالاکی زمانی لە ڕوانگەی تیۆری چێوەڕێژەکانەوە:

بەشێوەیەکی گشتی بیروڕاکانی ئەم تیۆرە زیاتر لەو لایەنەوە لەگەڵ بۆچوونەکانی چۆمسکی یەکدەگرێتەوە، کە دوو لایەن لەزماندا بوونیان هەیە ئەویش: لایەنی توانست و لایەنی چالاکییە، کەواتە هەموو یەکەکانی ئەو تیۆرە دەبێت لەو دوو لایەنەوە سەیر بکرین و لێکدانەوەیان بۆ بکرێت، چونکە (ئامانجی سەرەکی ڕێزمان ئاشکراکردنی پێکهاتەی زمان و پەسندکردنییەتی بەشێوەیەکی زانستییانە، بەڵام هەموو کات ئەوەی گرفت لەبەردەم زمانەوانان دروست دەکات کێشەی چۆنییەتی ئیشکردنی مێشکی مرۆڤ و میکانیکیەتە سەختەکانییەتی، کە بە بەرپرسیاری سەرەکی دادەنرێن لە دەربڕاوە زمانییەکان بە شێوەیەکی پەیڕەودار و پرۆگرامکراو.

بەبۆچوونی ئەم قوتابخانەیە(تیۆری چێوەڕێژەکان) ئەرکی سەرەکی ڕێزمان، بریتییە لە پێدانی نمونەیەك یان گواستنەوەی وێنەیەك لە توانستی زمانی، کە ئەمەش لایەنێکی بێ ئاگاییانەیە لە زۆربەی کاتەکان، وەك بەکارهێنانی بێئاگاییانەی خەڵکە بۆ زمان بە پشت بەستن بەو کاریگەرییانەی لەلایەنی چالاکی دەردەکەوێت، کە ئاسان تێبینی دەکرێت و بەرجەستە دەبێت (رمضان عبدالتواب137:1997)، واتە ئەوەی زیاتر جەختی لەسەر دەکرێتەوە بوونی دوو لایەنە لە زمان نەك تاکە لایەنێك وەك ئەوەی لە لای ڕەوشتکارەکان بە گشتی گرنگی پێدەدرا، کە ئەویش لایەنی چالاکی بوو لە زماندا بەوەی زمان ڕەوشتێکە لە ڕەوشتەکانی تاك.

ڕەوشتکارەکان لە لێکۆڵینەوەکانیاندا بایەخیان بە توانستی زمانی نەدەدا، بەڵکو تەنیا گرنگییان بە لایەنی چالاکی دەدا، لە ڕێگەی تێگەیشتن لە پەیوەندیی ئاڵوگۆڕ لەنێوان وروژێنەر و وەڵامدانەوە ئەو قوتابخانەیە لە ڕێگەی گرنگیدان بە لایەنی چالاکی زمانییەوە هەوڵی گەیشتن بە توانستی زمانی دەدات، کە ئامانج لەوەش دروستکردنی نمونەیەکە توانستی زمانی بنوێنێت، ئەمەش نمونەیەکە توانست دەنوێنێت و مەرج نییە خودی توانست خۆی بێت.(محمد جواد28:2020)، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێ "تیۆری چێوەڕێژەکان" تیۆرێکە تیایدا واتای فرمیی دەردەکەوێ، واتای فرمییش لە توانستی زمانییدا، (بریتییە لە پەیوەندیی توانستی زمانی بە تەواوی توانستە جۆراوجۆرەکانیتری زەینی(الذهنية)، کە لە کۆمەڵە چێوەیەکی کارلێککردوو پێکهاتووە لە کاتی ئاخاوتندا لە نێویانیش چێوەی ڕێزمانی بوونی هەیە و بریتین لەم چێوانەی خوارەوە:

1- چێوەی ڕێزمانی: ئەو چێوەیەیە، کە لەشێوەی ئامێرێك دایە و ڕستەکان بەرهەمدەهێنێت.
2- چێوەی وێناکردنەکان و بیروباوەڕەکان: ئەمەش بریتییە لەو چەمکە گشتییانەی، کە هەر تاکێك دەربارەی جیهان بەگشتی وەریگرتووە و لە مێشکیدا گەنجینەی کردووە.

3- چێوەی پراگماتیکی: ئەو چێوەیەیە، کە لە چوارچێوەی قسەکەر و گوێگرەوە لێکدانەوە بۆ ئاخاوتنەکان دەکات. ( ایدي رولي2013:117).

# بەشی سێیەم-بەندی یەکەم:

# (چەند بابەتیك دەربارەی تیۆری چێوەڕێژەكان پەیوەست بە سیما تایبەتەكانی شیكردنەوەی دەق بە گشتی و دەقی ڕۆژنامەوانی بەتایبەتی)

### 3-1-1. سەرەتا:

سەرەتای ئەم بەشە بە پرسیارێك دەست پێدەكەین(بۆچی تیۆری چێوەڕێژەكان زیاتر بە تیۆری شیكاری دەق دادەنرێت وەك لە ڕستە؟)، وەك لەبەشی یەكەمی ئەم تێزە ئاماژەی پێدرا، ئامانجی سەرەكی ئەم تیۆرە بریتییە لە لیكۆڵینەوە لە دەق[23] زیاتر لەوەی لێكۆڵینەوە لە ڕستە بێت، بەجۆرێك كە گرنگی بە چێوەڕێژی دەق دەدات و بەوەی پێداگری لە یەكە زمانییە گەورەكان دەكات، ئەو یەكانەی ئاستی ڕستە تێدەپەڕێنن، هەرچەندە ڕستە ڕەگەزی سەرەكییە لە زمان و ڕێزماندا، لەگەڵ ئەوەشدا واتای ڕستە لە چوارچێوەی ئاخاوتن و دەقدا دركی پێدەكرێت و واتاكەی بە تەواوی دەگات، لەم بەشەدا هەوڵ دەدرێت باس لە بونیادی دەق بكرێت لەچوارچێوەی چەند بابەتێكی دیاریكراوی پەیوەست بە دەق لە ژێر ڕۆشنایی بیرۆكەی "چێوەڕێژكردن" لەزمانی كوردیدا، وەك: (ڕۆنانی دەق بەگشتی و دەقی ڕۆژنامەوانی بەتایبەتی، پەیوەندییە لۆجیكییەكان یان ئەو ڕۆڵانەی ڕستەكان لە پێگە ئەركییەكانیان لەنێو دەقدا دەیبینن، پەیوەندییەكانی نێو دەق و دەقبەستی) ئەو بەشە چەند گریمانەیەك لەخۆ دەگرێ، كە هەندێكیان پەیوەستن بە چوارچێوەی كاری "چێوەڕێژكردن" لە ڕوانگەی یەكەی "تاگمیمی"دا، وەك لە دوو بەشەكەی پێشووتری ئەم تێزەدا ئاماژەی پێدرا، ڕێزمان بەشێوەی هەرەمی ڕۆدەنرێ لە مۆرفیمەوە بۆ دەق و ئاخاوتن، لەگەڵ ئاستە نێوەندەكانی وەك: (وشە، فرێز، كلۆز و ڕستە).

لەخوارەوە ئاماژە بە هەندێك هۆكار دەكەین، كە تیۆری چێوەڕێژەكان بە تیۆری شیكردنەوەی دەق دادەنرێت:

#### 1-دەقبەستی:

تیۆری چێوەڕێژەكان بەدوای چۆنییەتی بەیەكەوە بەستن و ڕێكخستنی ڕستەكان و یەكە زمانییەكان دەگەڕێ لە ناو دەقدا بۆ دروستكردنی یەكەیەكی بەیەكەوەبەستراو و باس لە پەیوەندیی نێوان ڕستە و بڕگەكان و یەكە زمانییەكانیتر دەكات بۆ تێگەیشتن لە چۆنییەتی بەشداریكردنیان لە واتای گشتی دەقدا(Poytheren:1998A:30)(لە بابەتی دەقبەستی بەدرێژی باسی لێوەدەكرێت).

---

23 وەك ئەوەی "فێركلف"Fairclough ئاماژەی پێكردووە مەبەست لە بەكارهێنانی وشەی(دەق) چەمكە فراوانەكەی دەقە، كە هەریەك لە دەق و گوتار دەگرێتەوە. (Fairclough:1989:210)
بەپێی تیروانینی "هالیدای" دەق تەنیا یەكەیەكی سیمانتیكییە زمان لە گەیاندن دەینوێنێ، كە وشەیەك، یان ڕستەیەك یان كۆمەڵە ڕستەیەك، یان گێڕانەوەیەكە.
"هالیدای"دەق بە پرۆسەی كارلێككردن لە واقیعی كۆمەڵایەتی دادەنێ، كە لە ڕێگەیەوە واتاكان ئاڵوگۆڕ دەكرێ و جۆرێكە لە گفتوگۆ لەنێوان ئاخێوەرانی زمانێك، كە ئەمەش گرنگی بەستنەوەی دەق بە سیاق لە لایەن "هالیدای" دەردەخات(نعمان بوقرة2008:17).

**2-چێوە و دەوروبەر:**

تیۆری چێوەڕێژەکان بایەخێکی زۆر بە چێوە و سیاق دەدات لە شیکردنەوە ڕێزمانییەکاندا، ئەو سیاقە فراوانە لەبەر چاو دەگرێت، کە دەوری دەق دەدات لەهەر یەك لە هۆکاری کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و کەلتوری و ئەو بارودۆخەی دەوری دەق دەدات و کاردەکاتە سەر شیکردنەوەی دەق، تیۆری چێوەڕێژەکان دان بەوە دادەنێت، کە واتای دەق لە ڕێگەی ئەو سیاقەوە دروست دەبێت کە دەق تیایدا بەرهەم دێت و وەردەگیرێت(Pike:1982:40)(لە بابەتی سیاق و چێوە بەدرێژی باس لە گرنگی دەوروبەر لە تیۆری چێوەڕێژەکان دەکرێت).

**3-پەیوەندیی ناوەوەی دەق:**

تیۆری چێوەڕێژەکان لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییەکانی نێو دەق دەکات، ئەوە دەردەخات، کە هیچ دەقێك بە دابڕاوی لەوانیتر ڕۆنانرێت و کاریگەر دەبێت بە دەقەکانیتر لە ڕۆنانی گشتیدا و هەر دەقێك ئاماژەیەکە بۆ دەقی دوای خۆی(Shehdeh:1988: 65)(لە بابەتی دەقبەستی بە درێژی باس لە پەیوەندییەکانی نێو دەق دەکرێت)، پەیوەندییەکانی ناوەوەی دەق یارمەتی ئاشکراکردنی دیوەکانی واتای مەبەستدار و چۆنییەتی بەیەکەوەبەستنی دەقەکانی ڕۆنانێکی گەورە دەدات.

**4-مەبەستە پراگماتیکییەکان و پەیڕەوی گەیاندن:**

تیۆری چێوەڕێژەکان لایەنە پراگماتیکییەکان لە بەکارهێنانی زماندا ئاشکرا دەکات، وەك مەبەست و ئامانج و هۆکارەکانی گەیاندن لە مێتا دەقدا، تیۆری چێوەڕێژەکان بە دوای چۆنییەتی بەشداریکردنی پێکهاتەکانی دەقێك دەگەڕێ بۆ بەدەستهێنانی پەیوەندییکردنێکی کاریگەر بەجۆرێك، کە مەبەستە پراگماتیکییەکان بپێکێ(حازم كمال الدين76:1973).

تیۆری چێوەڕێژەکان لە ڕێگەی تەرکیزکردنە سەر ئەو لایەنانەی سەرەوە لە شیکردنەوەی یەکە زمانییەکاندا، چوارچێوەیەکی پراکتیکی بۆ شیکردنەوەی دەق و رونکردنەوەی تەواوی دەق دەستەبەر دەکات، ڕستەی تاك تێدەپەڕێنێ بۆگەیشتن بە واتایەکی فراوان و ئەرکی گەیاندن لە دەقدا.

**2-1-3.گرنگی دەوروبەر لە تیۆری چێوەڕێژەکاندا:**

دەوروبەری زمانی ئەو هۆکارە ڕێزمانییانە دەگرێتەوە، کە دەوری یەکە زمانییەکە دەدەن وەك پێکهاتەی یەکە زمانییەکان و ڕۆنانی ڕستەو یاسا ڕێزمانییەکان، لەگەڵ ئەوەشدا دەوروبەری واتایی

به بەشێکی گرنگ دادەنرێت لە دیاریکردنی واتادا، تێگەیشتن لە مەبەستی دەق و زانیاری پێشینە دەربارەی بابەت و پێشبینییە کەلتورییەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە ئاماژەکردن بە گرنگی دەوروبەر بە گشتی لە دیاریکردنی هەرەمی واتایی و لێکدانەوەی دروستی زمانی بۆ ئەو یەکەیە.

دەوروبەر لە تیۆری چێوەرێژەکاندا ئاماژە بە گرنگی ڕەگەزی دەوروبەر دەکات لە تێگەیشتن لە واتای دەق و شیکردنەوەی ڕێزمانی بۆ ڕستە و دەق لەچوارچێوەی ئەو تیۆرەدا، تێگەیشتن لە پەیوەندییە واتاییەکان و دیاریکردنی واتا جیاوازەکان پەیوەستە بەو دەوروبەرەی ڕستەو دەق تیایدا دەردەکەوێت (Longakre:1976:45)، بۆنمونە ڕستەیەکی وەك( دەست بەسەر مۆزەخانەیەکدا گیرا) لێکدانەوەی جیای بۆ دەکرێت بە بەراورد بە دەرکەوتنی هەمان ڕستە لە دەقێکی وەك:( دەسەڵاتی میسر، دەستی بەسەر مۆزەخانەیەکی گەورە لەناو ماڵێکدا گرت، کە تیایدا زیاتر لە هەزار شوێنەواری هەمەجۆر هەن. شوێنەوارەکانی مۆزەخانەکە لەلایەن فەرمانبەرێك کۆکراونەتەوە، و ئێستەش ڕێوشوێنی یاسایی لە دژی ئەو فەرمانبەرە گیراوەتەبەر).

بابەتی دەوروبەر بابەتێکی فراوانە، و هەموو ئەو هۆکارە دەرەکی و ناوەکییانە دەگرێتەوە، کە دەوری دەق دەدەن، هەر لە چوارچێوەی بابەتی دەوروبەر کارکردنی چوار بنەماکەی چێوە لە شیکردنەوەی ڕێزمانی یەکە زمانییەکان زیاتر ڕوندەبێتەوە، بڕوانە: وێنەی(3-1).

### 3-1-3.چوار بنەماکەی  چێوە لە دەوروبەردا:

وەك لە بەشی یەکەم لە بابەتی (یەکە بنەڕەتییەکانی چێوەیەك ئاماژەی پێدرا)، هەر چوار تایبەتمەندییەکەی تاگمیم تاڕاددەیەك سەربەخۆن لە خودی خۆیاندا بەڵام لە پێناسەکردنیان و پێکهاتنیاندا بەیەکەوە بەستراون و پێناسەی هەر بنەمایەك لەو بنەمایانەی تاگمیم پەیوەست دەبێت بەوانیترەوە و هەر چوار بنەما بەیەکەوە بیرۆکەی تاگمیم تەواو دەکەن.

بە شێوەیەکی گشتی ئەم چوار بنەمایەی تاگمیم یارمەتیدەرن بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەی لای هەموان ئاشنایە، لەکوێ(لە چ پێگەیەك) لە پێکهاتەی ڕاستەوخۆدا هەندێك لە یەکە زمانییەکان دێن؟ چ کۆمەڵێك(پۆلێك) لەو یەکانە دەبن بە بەشێك لەو ڕۆنانە گەورەیەی یەکە زمانییەکە پێکدەهێنن، لەهەمان پێگە لەو یەکەیەدا؟ بۆچی ئەو چالاکییە ئەنجامدراوە ڕۆڵی ئەو ڕەگەزە چییە؟ لەبەرچی هەر یەکەیەك لەو ئەندامانەی ئەو پۆلە پەیوەندیی واتایی دەبێت لەگەڵ ئەندامانی پۆلێکیتری هەمان ڕۆنانی زمانیدا، تا چ ڕاددەیەك چوارچێوەی گشتی ئەو پێکهاتەیە کاریگەری دەبێت لەسەر ئەو ئاستە یان ئاستەکانیتری هەرەمی ڕێزمانیدا و یەکگرتوویی دەدات بە یەکەکانی هەمان پێکهاتە.

| | |
|---|---|
| **١)شوێن-Slot**<br>لە چ پێگەیەک؟ Where (the Position)<br>شوێنێکی تایبەتی بەش لە گشت<br>Specific place of part in whole<br>چەمکی شەپۆل، لەگەڵ پەیوەندی چەق یان پەراوێزی<br>Wave characteristic, with nuclear or marginal relation<br>پەیوەندی ڕۆنانی(ئاسۆیی)پێکهێنەکان<br>Syntagmatic Relations | **٢) پۆل–Class**<br>چ یەکەیەک؟ What the Items<br>پۆلێکی گشتی لە یەکە  توانایان هەیە بەشێوەیەکی گونجاو لە بری یەکتر بێن لە پێگەیەکدا.<br>general set of items substitutable appropriately in the slot<br>چەمکی ئامراز Particle Characteristic<br>پەیوەندی ستوونی Paradigmatic relation |
| **٣)ڕۆل –Role**<br>بۆچی(پەیوەندییەکەی)–the relevance<br>ئەرکی تایبەتی کۆمەڵەیەک بۆ کۆمەڵەکانی تر لە کۆی گشتیدا<br>specific function of the set to other sets in the including whole<br>واتای ڕەفتار Behavioral Meaning<br>پەیوەندی پراگماتیکی Pragmatic Relations | **٤)دەقبەستی–Cohesion**<br>چۆن بەیەکەکانیتر دەبەسترێتەوە–<br>how tied to other units?<br>باکگراوندی گشتی لە هەر ئاستێکی هەرەمی ڕێزمانیدا، کە لە ڕێگەی دیدگای ئاخێوەرەوە کۆنترۆڵ کراوە یان دەکرێت.<br>general background materials from any level of the hierarchy which are controlled by or controlling the item in view.<br>تایبەتمەندی بوار، ڕۆنانی سیستەماتیکی<br>field characteristic, systemic structure. |

**1-3** رونکردنەوەی  چوار بنەماکەی چێوە لە دەوروبەردا(Pike, 1982:75)

ئەگەر سەیری وێنەی(3-1)بکەین بۆمان دەردەکەوێت هەر یەکەیەك(تاگمیمێك)، لە دەوروبەر تایبەتمەندیی بەیەکداچووی هەیە لەگەڵ یەکەکانیتردا، هەرچەندە وا دەردەکەوێت تایبەتمەندییەکانی (تاگمیم) سەربەخۆن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەریەك لەو تایبەتمەندییانە پشت بەوانیتر دەبەستێت لە چێوەکەدا. لێرەدا یەکەی مەبەستدار یەکەیەکی فەرهەنگی دابڕاو نییە، بەڵکو بریتییە لە کۆمەڵێك لە ڕەگەز و تایبەتمەندیی پەیوەست بە یەکەکانیتر، هەر لەمەوە زاراوەی (یەکە-لە-دەوروبەر) هاتووە.

### 3-1-4.گرنگی چێوەی سەرچاوەیی بەرانبەر بە ڕۆنانی ڕێزمانی لە دەقدا:

گرنگە هەریەك لە دروستی ڕستەی ڕێزمانی و ڕاستی واقیعی  پەیوەست بە چێوەی سەرچاوەیی تێکەڵ بەیەکتر نەکرێن، لەوانەیە دەستەواژەیەك هەرچەندە بە هەڵە بگوترێت، بەڵام لە ڕوانگەی واقیعییەوە ڕاست بێت، یان ڕاستی بێت، تەنانەت ئەگەر بە شێوەیەکی خراپیش بگوترێت، بۆنمونە لەوانەیە کەسێکی فێڵباز درۆیەك بە جوانی بکات بۆ هەڵخەڵەتاندنی بەرانبەرەکەی، یان لە نمونەیەکی وەك(ئەفلاتون ژەهری خواردەوە)نمونەیەکە لە ڕووی ڕێزمانەوە تەواوە، وەك ئەوەیە بڵێی

(سوقرات ژەهری خواردەوە)، بەڵام لە ڕووی تێگەیشتن و زانیاری مێژووییمانەوە هەڵەیە و لەگەڵ زانیاری مێژوویی ئێمە ناگونجێ، بۆیە ناکرێ قوتابییەکی سەرەتایی بەوە تاوانبار بکەین، کە ڕێزمانەکەی هەڵەیە، ئەگەر زانیاری سەرچاوەیی هەڵە بوو(هەمان سەرچاوەی پێشوو:84).

لە گوێگرتندا گرنگە هەوڵ بۆ تێگەیشتن لە مەبەست و چێوەی گشتی دەق بدرێت، بۆنمونە نووسەرانی دەقی شیکاری بەدوای چێوەی ناوکیدا دەگەڕێن لە هەرەمی سەرچاوەیی دەقدا، زۆرجار ئەوەی نووسەری دەقێکی شیکاری وەك دەرکەوتەیەکی ڕێزمانی ئاماژەی پێدەدەن لە ڕاستیدا دەرکەوتە سەرچاوەییەکەیە، کە وەك چێوەیەکی ناوکی چەقی ئەو یەکە زمانییە پێکدەهێنێت و چێوەکانیتری لە دەوری کۆدەبێتەوە.(Poythress:1988B:42)

لەوانەیە تێگەیشتن ڕوونەدات لەلایەن گوێگرەوە، کاتێك چێوەی وەرگر، کە بریتییە لە تێگەیشتنی گشتی هەریەك لە قسەکەر و گوێگر جیاوازبێت، بەڵام لەوانەیە ئەو جیاوازییە ببێتە هۆی نوکتەیەکی هاوبەش، کاتێك هەریەك لە قسەکەر و گوێگر بەوە دەزانن، کە ناتەباییەکی بەمەست لە چێوەی سەرچاوەییدا هەیە، وەك:

أ-مانگ زۆر لە ڕۆژ گرنگترە، مانگ ڕوناکیمان لە شەودا پێدەدات، کە زۆر پێویستە، ڕۆژ لە ڕۆژدا روناکیمان پێدەدات، کە خۆی ڕۆژ هەر ڕوناکە.

ب-سەرخۆشەکە سێ جار بە دەوری دارەکە سوڕایەوە: من لە دارستانێك ون بووم دەرچوونی نییە.

ج-دکتۆری دەروونی: پێم بڵێ بەڕێز، بۆچی لەسەر یەك پێ وەستاوی؟ نەخۆش: ئەگەر پێیەکەیتریشم بەرزکەمەوە دەکەوم.

د-پیاوێك بۆ سەرتاش، کاتێك ڕیشی بە موس تاشی: تکایە، پەرداخە ئاوێکم بدێ.

(ز)سەرتاش: بۆچی؟

پیاوەکە: دەمەوێ بزانم چەناگەم دزە دەکات.

ئەگەر چێوەی سەرچاوەیی هاوبەش و یەکگرتوو نەبێت، ئەوا تێگەیشتن ڕوونادات، لێکتێنەگەیشتن یان نوکتە یان بە هەڵە تێگەیشتن دێتە ئاراوە:

لە (أ)دا کەمی زانیاریی ئاماژەپێکراو لە لایەن ئاخێوەرەوە هەیە، کە گوێگر وەک هەڵەیەکی گاڵتەجاڕانە تێدەگات.

له(ب)دا  تێنەگەیشتن بەهۆی خراپی باری جەستەیی ئاخێوەرەوەیە، بەهۆی کاریگەری مەی لەسەری.

له(ج)دا، گریمانەی ئەوە دەکرێت، ئاخێوەر دووربێت لە پەیوەندیی لەگەڵ واقیعدا، کە ئەمەش بۆ هۆکاری نالەباری باری دەروونی ئاخێوەر دەگەڕێتەوە.

له(د)دا گریمانەی ئەوە دەکرێت سەرتاشەکە گوتەی ئاخێوەرەکە وەك نوکتەیەکی گاڵتەجاڕانە وەرگرێ، کە بە مەبەست ئاراستەی کراوە، و بریتییە لە ئاماژەدانێکی ناوەکی لە سەرچاوەیەکی ناسراوەوە، و زانیاری هاوبەش لەخۆ دەگرێ.

له (ز) دا وردبینی زیاتر هەیە- گوێگر وا خۆی نیشاندەدات کە تێدەگات، بەهاوسۆزی خۆی دەردەخات بۆ تێگەیشتن لە هەڵویستی ئاخێوەرەکە، بەڵام لە ڕاستیدا بە هێرشێکی خراپەکاری ناڕاستەوخۆ وەڵامی دەداتەوە.(Pike:1982:103)

### 5-1-3.ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندیی یەکە زمانییەکان لە پێکهاتەی هەرەمیدا:

لە بەشی یەکەمی ئەو توێژینەوەیەدا باس لە هەریەك لە (هەرەمی فۆنۆلۆجی و هەرەمی ڕێزمانی و هەرەمی سەرچاوەیی)کرا، لە ژێر ڕۆشنایی بیرۆکەی (ئامراز، شەپۆڵ و کێڵگە)دا، لەم بابەتەدا باس لە ڕەنگدانەوەی هەریەك لە(پڕکەرەوەکان، دەرکەوتن و ئەرك) لە نێو زنجیرە هەرەمییەکاندا دەکرێت، بەرانبەر بە هەریەك لە (بەرانبەری و جیاوازی دەرکەوتن و دابەشبوون)، لە هەریەك لە پێکهاتەی هەرەمی دەنگی و سەرچاوەیی و ڕێزمانیدا، کە لە لایەن "پایك"ەوە ئاماژەیان پێدراوە بڕوانە: (Pike:1967:56)، لەم بابەتە باس لە پەیوەندیی و پەیوەستبوونی هەموو ئەو تایبەتمەندییانە و دەرکەوتنی یەکە زمانییەکان دەکرێت لە دەوروبەردا،

(پڕکەرەوەکان، دەرکەوتن، و ئەرك) لە تیۆری چێوەڕێژەکاندا، بەرانبەر بە هەریەك لە (دەرکەوتن- و جیاوازی دەرکەوتن و دابەشبوون) دەوەستن، لە هەریەك لە پێکهاتەی هەرەمی دەنگی، هەرەمی سەرچاوەیی و هەرەمی ڕێزمانیدا، کە لە لایەن "پایك"ەوە ئاماژەیان پێدراوە. بە واتایەکیتر هەریەك لە (دەرکەوتن و جیاوازی دەرکەوتن و دابەشبوون) ڕەنگدانەوەیان دەبێت لەنێو زنجیرە هەرەمییەکاندا، بڕوانە: وێنەی(A2-3)، بۆ نمونە ئەگەر یەکەی بچووك، کە(x)ە، بەشێك بێت لە یەکەیەکی گەورەتر، کە(y)ە، وەك لە وێنەی (a) دەردەکەوێت، زۆربەیجار(y) یەکەیەکە لە ئاستێکی بەرزترە لە زنجیرەی هەرەمەکەدا و (x) یەکەیەکە لە ئاستێکی نزمتر لەو هەرەمەدا. پڕکردنەوەی پەیوەندیی نێوان هەریەك لە(x) و(y) بە پۆلی پڕکەرەوەکان دەبێت لە ئاستی ئیمیکیدا، کە خاوەنی هەمان ڕۆنانی ناوەوە(x)ن،


واتە دەستەیەکن لەنێو ئەندامەکانیاندا لە ڕۆنانی ناوەوەیاندا لێکچوون هەیە، (بڕوانە: وێنەی3-b2)، گرنگی پەیوەندیی نێوان (x) و (y)لە سروشتی پەیوەندیی و پلەی بەشداربوونی(x)ە لە (y)دا.

دەرکەوتنی (x) لە(y) بە دوو جۆر دەبێت، یان (کرۆکییە)یە یان(پەراوێزی)یە، بۆنمونە (x)بە یەکەی (کرۆکی)دادەنرێت یان دەرکەوتوترین یەکە دەبێت لە ڕۆنانی(y)دا ئەگەرگەورەترین بەشداربوونی واتایی لەو ڕۆنانەدا هەبێت، بەشێوەیەکی گشتی:

1- یەکەی(کرۆك) یەکەیەکی(بەخورتییە) لابردن یان سڕینەوەی یەکەی(کرۆکی) لە ڕۆناندا پێچەوانەی پاراستنی پێکهاتەی ڕۆنانەکەیە.

2- زۆربەیجار پێکهاتەی یەکەی(کرۆك) ئالۆزترە لە پێکهاتە(پەراوێزی)یەکان لە ڕۆنانی ناوەکیدا.

2- یەکەی (کرۆك)، کە بە(x)دەنوێنرێت دەکرێ بە ژمارەیەکی زۆر لەیەکەیتری هەمان پۆل ئاڵوگۆڕی پێ بکرێت لە ڕۆنانی(y)دا، (بڕوانە وێنەی 3-c2)، ئەرك لە پەیوەندیی نێوان(x)بریتییە لەو چاڵەی(x) لە ڕۆنانی (y)پڕی دەکاتەوە یان ئەو ڕۆڵەی (x)لە (y)دا دەیبینێت، کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە ڕۆنانی ئەو چێوەیە هەیە، کە بەشەکانی(y) لەخۆدەگرێت و بریتییە لەو چاڵەی بە بەتاڵی لە (وێنەی3-d2)ی ئاماژەی بۆ کراوە، کە لەوانەیە بە(x) یان بە هەر پڕکەرەوەیەکیتر پڕبکرێتەوە(Poythress:1978A:13). (یەکەی کرۆك و یەکەی پەراوێز لە بەشی دووەم لە بابەتی جۆرەکانی چێوە بە درێژی باسی لێوە کراوە).





**2-3 أ دەرکەوتنی یەکە زمانییەکان لە زنجیرەی هەرەمی ڕێزمانیدا**

ئەگەر هەریەك لە تایبەتمەندیی (پرکەرەوە، دەرکەوتن و ئەرك) لەگەڵ هەریەك لە هەرەمی (ڕێزمانی، فۆنۆلۆجی و سەرچاوەیی)دا لە خشتەیەك کۆبکەینەوە، ئەوا نۆ خانەمان دەبێت بۆ شیکردنەوەی لایەنە جیاوازەکانی هەر گوتنێك. (بڕوانە وێنەی:3-2ب)(هەمان سەرچاوەی پێشوو:14).

**خشتەی 1-3 پێڕەوی نۆ خانەیی لە شیکردنەوەی هەرەمیدا**

| | ئەرک<br>Function | دەرکەوتن<br>Prominence | پرکەرەوە<br>Filler |
|---|---|---|---|
| هەرەمی سەرچاوەیی<br>Referential Hierarchy | ١ | ٢ | ٣ |
| هەرەمی ڕێزمانی<br>Grammatical Hierarchy | ٤ | ٥ | ٦ |
| هەرەمی فۆنۆلۆجی<br>Phonological Hierarchy | ٧ | ٨ | ٩ |

هەریەك لە خانەکانی(3،2،1) ئەرك و دەرکەوتن و پرکەرەوە لە هەرەمی ڕێزمانی دەنوێنن، خانەکانی(6،5،4) ئەرك و دەرکەوتن و پرکەرەوە لە هەرەمی فۆنۆلۆجی دەنوێنن، خانەکانی(9،8،7) ئەرك و دەرکەوتن و پرکەرەوە لە هەرەمی سەرچاوەیی دەنوێنن، ئەو خشتەیە وێنەیەك لە پەیوەندیی و تایبەتمەندیی ئەو یەکانەیە لە هەرسێ هەرەمدا، مەرج نییە لە هەموو ڕۆنانێك هەمان خشتە بێت ژمارەی خانەکان و دابەشبوونییان بەسەر هەرەمەکاندا پەیوەستە بە پێکهاتی گشتی هەرەمەکە و ئەو یەکانەی بەشدارن لەڕۆنانیدا .




**2-3ب:** هەر یەکەیەکی زمانی بە هەرسێ تایبەتمەندیی(دەرکەوتن، دابەشبوون و جیاوازی دەرکەوتن)ەوە، لە دەوروبەری(فۆنۆلۆجی، ڕێزمانی و سەرچاوەیی)دا، بەشدار دەبن لە هەرەمی زمانی لەژێر کاریگەری پرۆسەی( بەشداربوونی بەشیی/سیگمێنتال، بەرانبەری و گوێزانەوەیی)دا.

(Longakre:1986:45)

### 3-1-6.پێوەرەکانی تایبەت بە دەق:

چەمکی دەقبەستی لای "پایك" چەمکێکی فراوانەو بە بنەمایەکی سەرەکی دادەنرێت لە تێگەیشتن لە چۆنییەتی ڕێکخستنی ڕەگەزەکانی ئاخاوتن و بەیەکەوەبەستنی یەکەکانی زمان بەمەبەستی پەیوەندییکردنێکی ئامانجدار، "پایك" لە شیکردنەوە ڕێزمانییەکانی تیۆری چێوەڕێژەکاندا، بەجۆرێك مامەڵە لەگەڵ دەقبەستی دەکات، کە ڕەگەزێکە لە هەموو ئاستە جیاوازەکانی ڕۆنانە زمانییەکاندا بوونی هەیە، و بەتەنیا پەیوەندییەکانی سنووری ڕستە(پەیوەندیی بکەر بە بەرکار و کردار)ناگرێتەوە، بەڵکو بریتییە لە هەموو پەیوەندیی و پەیوەستبوونێکی یەکە پێکێنەرەکانی دەقێك و ئەو بنەمایانەی دەقبەستی بۆ دەقێك دەستەبەر دەکەن و دەبن بە پێوەر بۆ جیاکردنەوەی دەق لە نادەق.

له بەشی یەكەمی ئەم توێژینەوەیە لە بابەتی (بنەماكانی چێوە) باس لە دەقبەستی كرا وەك یەكێك لە چوار بنەماكەی چێوە، و ئەوە خرایەڕوو، كە بە شێوەیەكی گشتی دەقبەستی لە تیۆری چێوەڕێژەكاندا لەچوارچێوەی دوو بنەماوە باسی لێوە كراوە : كە ئەوانیش هەریەك لە (بنەمای پێكهاتەی ڕاستەوخۆ و چەمكی هەڕەمی ڕێزمانی)بوون، لە بنەمای پێكهاتەی ڕاستەوخۆدا باس لە چۆنییەتی یەكگرتن و بەیەكەوەهاتنی یەكە بچووكەكان لە چوارچێوەی ڕستە و دەقدا بۆ پێكهینانی یەكەی گەورەتر، كرا، بۆ ئاماژەكردن بە پەیوەندیی ئەو پێكهاتانە، و چۆنییەتی یەكگرتنیان لە پێكهاتەی گەورەتردا، لە بابەتی هەڕەمی ڕێزمانیشدا تیشك خرایە سەر ئەوەی، هەر یەكەیەكی زمانی دەكرێ واتا و دەقبەستی تایبەت بەخۆی هەبێت و لەهەمان كاتدا بەشێكیش بێت لە پێكهاتەی گشتی یەكەی گەورەتر بەبێ لە دەستدانی واتا سەربەخۆكەی لە دەرەوەی ئەو پێكهاتەیەدا.

لەو بەشەدا باس لە پێوەرەكانی دەق دەكەین ئەو پێوەرانەی دەق لە نادەق جیادەكاتەوە، "دی بۆگراند" پێوەرەكانی دەق بە وردی دیاری دەكات، بەجۆرێك، كە لەگەڵ هەموو پێناسەكانی دەق بە جیاوازییەكانیانەوە بگونجێ، دەق بە یەكەیەكی ڕۆنانی پێناسە دەكات، بەجۆرێك كە دەقبەستی و پەیوەندیی دیاریكراو لەنێوان یەكەكانیدا هەیە، هەر ئەمەشە وادەكات دەق یەكەیەكی بەیەكەوەبەستراو و یەكگرتوو بێت، هەر دەقێك ئەم پێوەرانەی تیدا بەدی نەكرێت بە دەق دانانرێ.(دی بوجراند1998:103). وەك:

### لكاندنی ڕۆنانی-Cohesion:

دەق وەك هەر یەكەیەكیتری زمانی، پێكهاتەیەكە خاوەنی ڕۆنانی تایبەت بەخۆیەتی، مەبەست لە ڕۆنانیش ئەو پەیوەندییە جۆراوجۆرانەیە، كە لەنێوان یەكە پێكهێنە جۆربەجۆرەكانی دەق هەیە، كە لە ڕێگەی دەقبەستییەوە گوزارشتیان لێدەكرێت، ئەو جۆرەی پەیوەندیی دەق ڕوكەشە و لە جۆری پەیوەندیی ڕێزمانی كلۆز و ڕستە و فرێزدایە، و لەناو هەر دەقێك ئامرازی جۆراوجۆر هەن بە ئامرازەكانی بەستنەوەی دەق ناسراون، كە تۆڕێك لە پەیوەندیی ڕێزمانی لە پێكهاتەی دەق دەنوێنن و یەكبەستی و پەیوەندیی ناوەوەی دەق دروست دەكەن، كە بریتین لە هەریەك لە ئامرازەكانی (دووبارەكردنەوە، بریتیخستن، كرتاندن، بەستنەوە ئاماژەیی و كاتییەكان...)، و ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنی دەق یەكەیەكی یەكگرتووە بە هەموو پێكهاتەكانییەوە.

### لکاندنی واتایی-Coherence:

بەر لە هەموو شتێك دەق یەکەیەکی واتاییە، ڕستەش تەنیا هۆکارێکە بۆ بەدیهێنانی ئەو یەکەیە، و هەر دەقێك بەمەبەستی گەیاندنی بیرۆکەیەك یان خستنەڕووی چەمکێکە، تێڕوانینی "ڤان دایك" بۆ دەق بەجۆرێکە، کە کۆمەڵە ڕستەیەك ناتوانن ببن بە دەق ئەگەر دەربارەی بیرۆکەیەکی دیاریکراو نەبن و پەیوەندیی بەستنەوە لەنێوانیاندا نەبێت، هەر بۆیە پێویستە هەر بابەتێکی یەکگرتوو دژیەکی و بازدان لە بیرۆکەیەك بۆ یەکێکیتری بەبێ هۆکار و بەڵگەی گونجاو تێدانەبێت.

### مەبەستداری-Intentionality:

مەبەستداری یەکێك لە خاڵە بەهێزەکانی دەقە، بەوەی هەر دەقێك ئامانجێکی لەپشتە و دەیەوێ بیگەیەنێ، یان مەرامێکە و نێرەری دەق دەیەوێ پێی بگات. هەر ئاخاوتنێك، هیچ دەقێك واتادار نابێت، ئەگەر نێرەری دەقەکە مەبەستێکی نەبێت، بەڵام "دی بوگراند" بەجۆرێك باس لە مەبەستدارێتی لە دەق دەکات، بەوەی وێنەیەکە لە وێنەکانی زمان، و مەبەست لێی دروستکردنی دەقێکە دەقبەستی لەخۆ بگرێ، و ئەو جۆرەی دەقیش هۆکارێکی بەدواییەکداهاتنە بەجۆرێك، کە نێرەری دەق بە مەبەستێکی دیاریکراو دەگەیەنێ(دی بو جراند1988:104)، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێ، کە مەبەستدارێتی لە دەق کاریگەری لەسەر بونیادی دەق و شێوازەکەی هەیە، بەجۆرێك نێرەری دەق بونیادێکی دیاریکراو بۆ دەقەکەی دادەنێ، بەجۆرێك ئامرازی زمانی گونجاو هەڵدەبژێری بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی.( میخایل بختین،1985:40).

### پەسەندێتی-Acceptability:

لەپاڵ پەیوەندییە ناوەکییەکانی دەق پەیوەندییتری دەق هەن، کە پەیوەستن بەو دەوروبەرە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیەی دەقەکەی تێدا دەردەکەوێت، لایەنی قبوڵکردنی دەق لەلایەن وەرگرەوە یەکێکە لە پێوەرە گرنگەکانی بڕیاردان لەسەر ئەوەی پەیامێك بە دەق دابنرێت، کە ئەمەش پەیوەستە بە ڕاددەی گونجانی لەو سیاقەی دەقەکەی تێدا بەکاردێت. (سعیدبحیری2013: 78)

**بارودۆخ و هەڵوێست-Situationality:**

زۆربەی زمانەوانان لەسەر ئەوە کۆکن لایەنی پراگماتیکی دەق لەبەر چاو بگیرێ، ئەمەش لەو ڕوانگەیەی، کە هەموو دەقێك نامەیەکی دیاریکراوی هەیە، نێرەر دەیەوێ بیگەیەنێتە وەرگر، ئەمەش لە بارودۆخی دیاریکراو ڕوودەدات.(محمد خطابي 13:1988)، ئەو بارودۆخەش یان ڕاستەوخۆیە وەك ئەو ئاخاوتنانەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و لە هەڵوێستێکی دیاریکراودا ڕوودەدەن، یان لە هەڵوێستێکی ناوەکییە لە دەقێکی نووسراودا، لەبەرچاوگرتنی هەڵوێستی ئاخاوتن هەموو کات بەلایەنی کەمەوە ئاماژە بە ڕۆڵی هەردوو هاوبەشەکەی پەیوەندییکردن(نێرە و وەرگر) دەکات.(دی بو گراند:104:1988).

**دەقئاوێزان-Intertextuality:**

زاراوەی دەقئاوێزان وشەیەکی رەخنەیی نوێیە و لە لێکۆڵینەوەکانی زمانی عەرەبی وشەی (تناص)، (التناصية)، (النصوصية)، (تفاعل النصي), (تداخل النصوص) ی بۆ بەکاردێت, بەڵام لە هەندێ لە لێکۆڵینەوەکان لە بەکارهێناندا لەگەڵ وشەی (Trans textuality) ی تێکەڵ دەبێت کە وشەی (تعاليات النص)ی بۆ بەکاردێت .

هەرچەندە هەردوو زاراوەی (Trans textuality) و (Intertextuality) لە ڕووی واتاو بەکارهێنانەوە تێکەڵ دەکرێن بەوەی هەردووکیان ئاماژەن بۆ کارلێکی دەق و پەیوەندی دەق, بەڵام پێشگری (Trans)لەزاراوەی (Trans textuality)کە لەلایەن "گینیت" بەکارهاتووە فراوانترە لە پێشگری (Inter) لە زاراوەی (Intertextuality) کە لەلایەن "جولیا کریستیڤا" بۆ گوزارشتکردن لە پەیوەندییەکانی دەق بەکارهاتووە.

بەیەکداچوون و پەیوەندی دەقێکە بە دەقیترەوە لە ڕێگەی چەند یاسایەکی ناوەکی، کە لە شێوەی وەرگرتن و گفتوگۆ و بەیەکداچوونی دەق و ڕونکردنەوە و جۆرەکانیتری کارلێکی دەق دەبینردرێ، "گینیت" لەبارەی ئەمجۆرەی پەیوەندی دەق دەڵێ: ( یەکەم کەس ناوی هێناوە "جولیاکریستیفا" بووە، کە چەندساڵێك ماوەتەوە و ناوی ناوە (Intertextuality)ئەم ناولێنانەش شێوگی زاراوەییمان پێدەخشێ و بەشێوەیەکی تەسك پێناسەی دەکەم کە "پەیوەندی ئامادەبوونی هاوبەشە لەنێوان دوو دەق

یان چەند دەقێك بەرێگەی ئامادەبوون "استحضارية", كە زۆرجار ئامادەبوونێكی كارەكییە بۆ دەقێك لە دەقێكیتر. (محمدخیر البقاعی1998:125).

"گیرارگینیت" لەم بارەیەوە دەڵێ: (كارلێكی دەق بە واتای هەرشتێك دێت, كە وابكات دەق لە پەیوەندییەكی شاراوە, یان ئاشكرابێت لەگەڵ دەقێكی تر, بە بەرزبوونەوەی دەق ناودەبرێت و چوونە ناویەكی دەق (التداخل النصي)یش دەگرێتەخۆ، كە لە كۆن (كلاسیك) لەلایەن "جولیا كریستیڤا" بەكارهاتووە مەبەستیش لە چوونە ناویەكی دەق: بوونی دەقێكە لە دەقێكیتر، جا بەشێوەیەكی تەواو بێ، یا ڕێژەیی (جیرارجینیت 1995:90).

لێرەدا جیاوازی ئەو دوو زاراوەیەمان بۆ دەردەكەوێ كە زاراوەی پێكداچوونی دەق (Transtextuality)بەواتای پەیوەندی نێوان دەقێك و دەقێكیتر, یا زیاتر دێت كە مەرج نییە تەنیا لەسنووری یەك دەق بێت لە كاتێكدا زاراوەی) (Intertextuality) ئاماژەیە بۆ پەیوەندی دەقێك بە دەقێكیترەوە لە سنووری یەك دەق. (جان ایف تادییە1993:314).


**3-1-7.هاوبەشیكردنی زانیاری وەك مەرجی پێشوەختەی گۆڕانكاری لەژێر ڕۆشنایی بیرۆكەی(ئامراز، شەپۆڵ و بوار)دا:**

"پایك" زمان بە جیهانێكی پڕ لە شەپۆڵ دەچوێنێ و دەڵێت(ئێمە لە جیهانێك دەژین وەك دەریایەك وایە، كە پڕیەتی لە شەپۆڵ و بەیەكداچوونی بەردەوام، وێناكردنە لۆجیكییەكان پێویستە بۆ تێگەیشتن لە دەنگ و ڕێزمان و واتا لەم جیهانەدا)(Pike:1982:118)، بە بڕوای "پایك" هاوبەشیكردنی زانیاری و پەیوەندییكردن دەبێت لە ڕوانگەی هەریەك لە (ئامراز، شەپۆڵ و بوار)دا لێكدانەوەی بۆ بكرێت، هەرەمی سەرچاوەیی یەكە زمانییەكان ڕاستەوخۆ دەكەوێتە ژێر كاریگەری هاوبەشیكردنی زانیاری، و كاردانەوە، و گۆڕانكاری لە هەڵسوكەوتی ئاخێوەرانیش ئەنجامی ئەو هاوبەشیكردنەیە:

**3-1-7-1.هاوبەشیكردن لە ژێر ڕۆشنایی بیرۆكەی ئامرازدا:**

ئەوەی یارمەتی ئاخێوەر دەدات لە تێگەیشتن لە یەکگرتنی دوو بڕگە لە ئاخاوتندا، کاتێك وەك دوو شەپۆلی بەدواییەکداهاتوو سەیر دەکرێن، و ئاخاوتنی خێرا وادەکات  سنووری نێوانیان تێکەڵ بەیەکتر بێت، و وەك یەك بڕگە گۆبکرێن، زانیاری لۆجیکی ئاخێوەرە لەو جیهانەدا، ئەمە سەرەڕای تێگەیشتنی ئاخێوەر لەو گۆڕانانەی بەسەر واتای دانە فەرهەنگییەکاندا دێن، ئەو گۆڕانە خێرایانە بە دووبارەبوونەوەیان دەبن بە دیاردە لەو زمانەدا(Pike:1980:32).

بۆنمونە، لە زمانی ئینگلیزی کاتێك هەریەك لە (Cat+will)لە ئاخاوتندا وەك یەك وشە گۆدەکرێت(Cat'll)، ئەگەر لە دەوروبەر دایببڕین تێکەڵاوییەك دروست دەبێت لەگەڵ وشەی(Cattle)لەو زمانەدا، کە بە واتای (مانگا) دێت، بەجۆرێك کە هەمان شێوەی گۆکردنیان هەیە، وەك لەم دوو ڕستەیەی خوارەوەدا:



Catt'll = cattle

'Why is a mouse like a pile of hay?'
'The cat'll eat it.' or 'The cattle eat it.'

### 3-3 هاوبەشیکردنی زانیاری لە ژێر ڕۆشنایی بیرۆکەی ئامرازدا

why is a mouse like a pile of hay?

The Cat'll eat it. ' or 'the Cattle eat it '

لە زمانی کوردیش زۆرجار بەهۆی کرتاندن و لابردنی وشە و دەنگ تەمومژی لە دەربڕینەکاندا ڕوودەدات،وەك: لە ڕستەی(پێم دەخورێ) دوو ئاماژەی سەرچاوەیی لەخۆ دەگرێت، ئەوانیش (خواردنەکە بە من دەخورێ) و (پێی من (قاچی من) دەخورێ)، کە ئەمەش لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە مۆرفۆسینتاکسییانەی بەسەر هەردوو ڕستەدا هاتووە لە ئاخاوتندا وەك یەك ڕستە

گۆدەکرێن، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە هیچ کات ئاخێوەر بە هەڵە لە مانای ئەو ڕستەیە تێناگات، یان تێکەڵاوی دروست نابێت لە واتای سەرچاوەیی هەردوو ڕستەدا.

لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە(بۆچی گۆڕانکاری لە واتا ڕوونادات؟)، لەم حاڵەتانەدا نە گۆڕانکاری لە واتا ڕوودەدات، نە هیچ گوێزانەوەیەکی چاوەڕواننەکراو لە گرنگیپێدانی گوێگر ڕوودەدات، ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی ڕوودەدات بە بەردەوامبوون دەبنە گۆڕانکاری هەمیشەیی لەشێوەی گۆکردندا، (Shehdeh: .1988:112).

### 2-7-1-3هاوبەشیکردن لە ژێر ڕۆشنایی بیرۆکەی شەپۆڵدا:

کاتێك دەقێك بەش بەش دەکرێت بۆ پارچە پێکهێنەرەکانی لەگەڵ پەرەسەندنێکی ئاشکرا لە بیرۆکە یان ڕووداو لە یەکێکەوە بۆ یەکێکیتر یان لەگەڵ هاوتابوون لە نێوانیاندا، ئەوا ئەنجامی ئاوتلاینی دەقەکە ڕەنگدانەوەی ڕۆنانی ئامرازی دەقەکە دەبێت(Pike:1980:45).

لە ڕوانگەیەکیترەوە دەکرێ وەك هاوبەشیکردنی شەپۆڵی بڕوانینە وێنەکەی پێشووتر، کە دەکرێ دەنگ و بڕگەی دەنگی وەك شەپۆڵ سەیربکرێ، بۆیە بۆ جۆرێکیتری جیاواز لە شەپۆڵ دەچین ئەویش شەپۆڵی واتاییە بۆ یەکە لێکسیکییەکان، وەك لەبیرۆکەی شەپۆڵدا باسی لێوەکرا بەوەی، کە واتای فەرهەنگی توانای گۆڕانی هەیە، بە واتایەکی فەرهەنگی ناوکی لەگەڵ واتایەك یان زیاتری پەراوێزی. لەگەڵ ئەوەش لەو بابەتەدا گرنگی واتا لە ژێر کاریگەری دەوروبەرەوە دەخرێتەڕوو.


زۆربەیجار واتای ناوکی ئەو واتایەیە لەکاتێکی زووتری ژیان فێری دەبین، بە شێوەیەکی دووبارەش بەکاردێتەوە، و زیاتر فیزیکییە لە سەرچاوەکەی، وەك بنجێك وایە بۆ شیکردنەوە، کاتێك زمانەوانان بەدوای ڕیزبەندی پەسنیدا دەگەڕێن، دەبێتە کلیلێك بۆ هەڵێنجانی واتا لە نێو واتا جیا جیاکانی یەکەیەکدا، کە هەریەکەیان بە سیاقێکەوە پەیوەستە. (حازم کمال الدین 31:2020).

ئەو بڕیارانە لە ڕێگەی پشت بەستن بە لێکدانەوەکانی کەسی شیکارکەر یان ئاخێوەری ڕەسەنەوە ئەنجامدەدرێن، کە بڕیارەکان بەگوێرەی هێنانەوەی نمونەی زیاتر بۆ لێکدانەوە گۆڕانیان بەسەردا دێت.

وەك لە پێشوتر ئاماژەی پێدرا واتای ناوکی زوتر فێری دەبین، بەکارهێنانی زیاتر و بڵاوترە، و لە ڕووی بەکارهێنانەوە فیزیکییە و کەمتر لە دەوروبەرەوە گۆڕانی بەسەردا دێت، هەرچی واتای پەراوێزییە ئەوا بە زیادکردنی یەکەیتر واتاکەی کاری لێدەکرێت، واتایەکی مێتافۆرییە، دەکەوێتە ژێر کاریگەری بارودۆخی تایبەتی ئاخاوتن و دەوروبەرەوە.

دەکرێ هەریەك لە واتای ناوکی و واتای پەراوێزی بۆ یەکەیەکی فەرهەنگی لە ڕێگەی شێوەیەکی شیکاری بخرێتەڕوو، کە تیایدا کاریگەری دەوروبەر لەسەر بەکارهێنانی دانە فەرهەنگییەکان زیاتر ڕوون دەبێتەوە، لەهەمان کاتدا ئەو یەکەیەش کاردەکاتە سەر یەکەکانیتری هەمان ڕۆنان، وەك لە وشەی (تۆڕ) واتا ناوکییەکەی ئەو وشەیە ئامرازێکە کە بۆ چەند مەبەستێکی جیاجیا بەکاردێت لە ژیانی ڕۆژانەدا وەك ئەو تۆڕەی ماسی پێدەگیرێت، لەگەڵ ئەو واتا ڕەسەنەی وشەی (تۆڕ)، واتاکەی فراوان بووە و لە زۆر بواردا لەگەڵ وشەیتر واتای جیاواز لەخۆ دەگرێت وەك: (تۆڕی چاو، تۆڕی میدیایی، تۆڕی کۆمەڵایەتی، تۆڕی ئینتەرنێت، تۆڕی پەیوەندییکردن، ...).

ئەو گۆڕانکارییەی وەك شەپۆڵێك سەیر دەکرێ، ناوەڕۆکە هاوبەشەکەی دەیسەپێنێ، جا چ لایەنی (جەستەیی، ئاوەزی، کۆمەڵایەتی یان زمانی) بێت.




### 4-3 کاریگەری هاوبەشیکردنی زانیاری لە ژێر ڕۆشنایی بیرۆکەی شەپۆڵدا

زۆرجار هەڵبژاردنی پێوەری ئاخێوەری ڕەسەن پشت بە مێژووی ئەزموونی تایبەتی تاك دەبەستێ، یان لە ڕێگەی ئەزموونی ڕابردوو و بەکارهێنانی کۆمەڵایەتییەوە دەبێت، کە لە مێتافۆرێکی

مردوودا لەنگەری گرتووە، و لەگەڵ لەدەستدانی هاندەری ژینگەیی ڕەسەنی قسەکەردا ون دەبێت، ئەمەش بەهۆی لەدەستدانی پاڵنەری ژینگەیی سەرەکی ئاخێوەر بۆ واتا کۆنەکە(Fred:2009:24)
.




أ)ئامۆژگاری دایکێک بۆ منداڵێکی شار.




ب)گوتەی منداڵەکە، دوای ئەوەی لە دەوروبەری شار بەرازی بینی.

**5-3 پاشخانی(فیزیکی، ئاوەزی، کۆمەڵایەتی و زمانی)، کە لە ڕێگەیەوە زمان فێر دەبین، گۆڕانکاری لە واتای ناوکییدا دەسەپێنێت، کە بریتییە لە گۆڕینی واتای ناوکی بۆ واتایەکی پەراوێزی کەسی.**

دەوروبەرەکە برتییە لە ڕاهێنانی منداڵەکە لە شار لەبری لادێ، (ئەوە لەو حاڵەتەدا بە پێوەری کۆمەڵایەتی دادەنرێت)، واتای پەراوێزی سەرەکی لەو حاڵەتەدا دەبێتە چەق بۆ واتا ناوکییەکە لای منداڵ، وشەی (بەراز) وەك ئاژەڵ بووە هێمای شێوازی نانخواردن بە شێوەیەکی ناشرین، ئەزموونی منداڵی شار پەیوەستبوو بە هەریەك لە هەڵوێستی ئاخاوتنەکە و بیستنی زاراوەکە، کە دایکەکە تیایدا دژی شێوازێکی نانخواردن گرتییە بەر. دواتر منداڵەکە لێکدانەوەی تایبەتی خۆی بەکاردێنێ بۆ لێکدانەوەی واتای وشەی (بەراز) دوای ئەوەی هەست بە تایبەتمەندیی فیزیکی هاوبەشی نێوان (بەراز) و هەڵسوکەوتی خودی خۆی دەکات.

کاتێك هەر شەپۆلێك لە زنجیرەیەك لە دەقی پەراوێزی پێکدیت، لەگەڵ خاڵێکی کرۆکی ناسراو، ئەو خاڵە(بە بوونی سەرچاوەیەکی زانراو لە سەرەتاوە بەردەوام لە گەشەسەندنە تاوەکو کۆتایی)،


بەوجۆرە ڕۆنانێکی ناوەکی بەیەکداچووی بۆ پێشبینی دەکرێت، (لەوانەیە چیرۆکێکی پۆلیسی باش، هەر لەسەرەتاوە زانیاری وا بدات، کە ئاماژەی شاراوەبێت بۆ کۆتایی، بەڵام بەرێگایەکی وا نەبێت، کە خوێنەر بە ئاسانی بتوانێت بگات بەو زانیارییانە، ئەو بابەتەش لە گرنگی و پەرەسەندنی بەردەوام دەبێت تا کۆتایی، بەڵام ئەو زانیارییە دیاریکراوانە ئەو زانیارییانە نین، کە تیشکییان دەخرێنە سەر(Pike:1980:78).

ئەگەر دووبارە سەیری هەردوو وێنەی(3-4) و وێنەی (3-5) بکەین، ئەوە بۆمان دەردەکەوێت، لە نمونە شیکارییەکەی (3-5)، دەکرێ هاوبەشیکردنی یەکەیەکی سەرچاوەیی لە شێوازی نانخواردن بۆ وەرگرتن بگەڕێتەوە، یان واتایەکی پەراوێزی کۆمەڵایەتی بۆ شەپۆلێك لە واتا. لەوانەیە گۆڕانکارییەکە دوورتر بڕوات، وەك لە وێنەی شیکاری(3-5)دا دەبینرێ، کە هەر یەك لە وشەی(تۆڕ) و گۆڕانکاری ئەو زاراوەیە هەردووکیان میتافۆڕی بن، کە تۆڕی کۆمەڵایەتی هیچ پەیوەندییەکی بە واتای تۆڕ نییە وەك ئامرازێ، بەڵکو ئاماژەیە بۆ پەیوەندیی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێك خەڵك لەنێو چوارچێوەی شێوازێکی پەیوەندیکردنی تایبەتدا.

### 3-5-3-1.هاوبەشیکردن لە ژێر ڕۆشنایی بیرۆکەی کێڵگە/بواردا:

هاوبەشیکردنی زانیاری لەژێر ڕۆشنایی بیرۆکەی کێڵگەدا، ئاماژە بە گرنگی تایبەتمەندیی هاوبەشی نێوان یەکە زمانییەکان دەکات لە دابەشکردن و پۆلێنی یەکە زمانییەکاندا، مەبەست لە چەمکی کێڵگەش وەك لە بەشی یەکەمی ئەو تێزەدا ئاماژەی پێدرا، بریتییە لەوەی هەر یەکەیەکی زمانی چەند تایبەتمەندییەك لەخۆ دەگرێت و لە گەڵ یەکەکانیتری هەمان پۆل بەشداردەبێت لە ڕۆنانە زمانییە جۆراوجۆرەکاندا، کاتێك گوتار یان دەق بابەتەکانی بەیەکداچوونیان لەنێواندا دەبێت، و ڕیزبەندی کات و شوێن و پەرەسەندنی لۆجیکییان تیادا بەدی ناکرێت، بەڵام چەند پێکهاتەیەکی سەربەخۆ لەخۆ دەگرێت و بەردەوام کار لەیەکتر دەکەن، یاخود بەجۆرێك دابڕاون لەیەکتر و بەیەکداچوونیان تێدا بەدی ناکرێت تەنیا لە خاڵێکی یەکلاکەرەوەدا نەبێت، ئەوا ڕۆنانەکە ڕۆنانێکی کێڵگەیی دەبێت، نەوەك ڕۆنانێکی ئامرازی(Poythress:1988A:23).

کاریگەری و پەیوەندی یەکە زمانییەکانی ڕۆنانێك ئەوە ئاشکرا دەکات، کە هەرچەندە پۆلێنکردن لە ڕێی تایبەتمەندی یەکە زمانییەکانەوە(بیرۆکەی ئامراز) ڕێگایەکی گرنگە لە پۆلێنکردنی یەکە زمانییەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ ئاگاداری ئەو ڕاستییە بین، کە پشتبەستن بەیەك پۆلێن و یەك دابەشکردن لە دیاریکردنی تایبەتمەندییەکان، وادەکات کۆمەڵێك لە تایبەتمەندیی لە چوارچێوەی زانیارییە مەعریفییەکان لەناوبچن، بڕوانە وێنەی(3-6):




**6-3 نەبوونی تاکە تایبەتمەندییەك یان جیانەکردنەوەی ئەو تایبەتمەندییە کاتێك لە دوو لقدا هاوبەش دەبێت.**

(Pike:1982:176)

ئەگەر سەیری وێنەی (6-3)بکەین کورتەیەك دەربارەی بەکارهێنانی ئەو جۆرە هێلکارییە پێشکەش دەکات، بوونی تایبەتمەندیی هاوبەش لەنێوان دوو لقی درەختەکەدا ئاستەنگی لە بەکارهێنانی ئەو جۆرە هێلکارییانە دروست دەکات، کاتێك ئەو دوو لقە لەیەکتر جیادەبنەوە، بە واتایەکیتر ئەوجۆرە هێلکارییە سادانە بەپێی پێویست نین بۆ نواندنی هەندێ ڕەفتاری ئاڵۆز لە زماندا، ئەوە پێمان دەڵێت، کە"خشتەی ماتریکس" لەوانەیە وردتر لە هێلکاری درەختی ئەو تایبەتمەندییانە بخاتەڕوو بەتایبەت لەنێوان دوو پۆلی لەبریتیدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مێشکی مرۆڤ ئەوەندە ئاڵۆزە، کە وایلێدەکات چێژ لە نوکتەیەکی نەبیستراو ببینێ، هەر بۆیە ئەوە ئاساییە، کە مرۆڤ بە خشتەیەکی پۆلێنکردن ڕازی نەبێت، بەرانبەر بەو توانستە مێشکییەی هەیەتی، بڕوانە وێنەی(3-7):



مشکەکە لە کونی دیوارەکەدا دەڵێت: "لە دەرەوە پشیلەیەک هەیە. گەمژە نیم، چاوەڕێی دەکەم تاوەکو دەڕوات. پێش ئەوەی لەم کونە دەربچم.



لەناکاو مشکەکە گوێی هەڵدەخات لە هۆڵەکە دەنگی(گریو میاو)دەبیستێت، و دەڵێت: ئۆو ئەوە سەگەکەیە هات، با من دەرچم، لەکاتێکدا پشیلەکە سەرقاڵی شەڕکردنە لەگەڵی.



پشیلەکە مشکەکە دەگرێت و بەرزی دەکاتەوە، و بە سەرکەوتنەوە دەڵێت: "باوکم چەند راست فێری کردم، کە ئەگەر بتەوێت باش بژیت دەبێت جووت زمان بیت"

**7-3 هەر کاتێك چاودێریکەر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەو دەوروبەرە ئامادە نەبێت ئەوا دەبێتە هۆی تێگەیشتنی کوێرانە بۆ هەر ئامرازێك لەدەوروبەردا.**

ئەو وێنەیەی سەرەوە گوزارشت لە مێشکی مرۆڤ دەکات بەرانبەر بە متمانەکردنی تەواو بە پۆلێنکردنێك کە تایبەتمەندی جووت زمان بە پشیلەیەك بدات، ئەمەش لە ڕێگەی متمانەکردن بەو پۆلکردنەی کە بۆ تایبەتمەندی پشیلە دەکرێت، بەوەی ئەو دەنگەی سەگ دەریدەبڕێت پشیلە ناتوانێت دەریببڕێت، لە جیهانی پۆلکردندا پشیلە ناحەپی بەڵکو دەمیاوێنی، بەڵام ئەگەر کەسێك وای پیشاندا، کە پشیلە جووت زمانە ئەوە لەوانەیە وەك نوکتەیەك دابنرێت، لە وێنەی(3-7)یەك لە تایبەتمەندییەکان دەرنەکەوتووە، ئەمەش گرنگییەکی زۆری هەیە لە دیاریکردن و تێگەیشتن لە سروشتی یەکەکان، ئەو تیۆرە پشتی بەیەك پۆلێن و یەك دابەشکردن بەست لە دیاریکردنی تایبەتمەندییەکان، کە ئەمەش وادەکات کۆمەڵێك لە تایبەتمەندیی لە چوارچێوەی زانیارییە مەعریفییەکان لەناوبچن.

## بەندی دووەم:

## (پراکتیککردنی بنەماکانی شیکردنەوەی ڕێزمانی تیۆری چێوەڕێژەکان بەسەر چەند نمونەیەك لە دەقە ڕۆژنامەوانییەکانی زمانی کوردیدا)

### 1-2-3.ڕێزمانی دەق:

بۆ چەند سەدەیەك زمانەوانان شیکردنەوەکانیان لە ڕۆنانی ڕستە و پێکهاتەکانی خوار ئاستی ڕستە وەك کلۆز و فریز چڕکردبۆوە، بەڵام لەو چەند سەدەیەی دوایی گرنگیدان بە ڕێزمانی دەق پەرەیسەندووە، و بەتایبەت لە بواری ڕۆنانی گوتار بەگشتی و دەقی ئەدەبی بە تایبەتی، ئەم پەرەسەندنەی شیکردنەوەی دەق زمانەوانان و لێکۆڵەرانی ئەدەب لەیەکتر نزیك دەکاتەوە، گۆڕانی ئاراستەی گرنگپێدانی زمانەوانان لە ڕستەوە بۆ دەق، بۆ"هاریس" دەگەڕێتەوە لە کتێبەکەی بەناوی "شیکردنەوەی گوتار-1952"(انور المرتجى1987:80).

ئەو بەرهەمەی "هاریس" ئاراستەی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی بەرەو دەق برد بە پێشکەشکردنی یەکەم تیۆری شیکردنەوەی دەق، " هاریس" لەو بەرهەمەیدا بەمەبەستی گەیشتن بە ڕۆنانی دەق زۆر لە میکانیزمەکانی زمانەوانی وەسفی بەکارهێنا، لێکۆڵینەوەکەی بەستنەوەی نێوان زمان و هەڵوێستی کۆمەڵایەتی بوو، لێکۆڵینەوەکانی لەسەر دوو بنەما داڕشتووە:

1)پەیوەندیی دابەشبوون لە نێوان ڕستەکاندا.

2)بەستنەوەی زمان بە هەڵوێستی کۆمەڵایەتی.

شیکردنەوەکانی "هاریس" بۆ دەق پەیوەستە بە زمانەوانی دابەشکاری، کە لای زمانەوانە ئەمریکییەکان ناوبانگی زۆری هەبوو و لە ڕابەرانی ئەو قوتابخانەیەش "بلۆمفیلد" بوو، بەجۆرێك لە ڕستەی دەروانی، کە لە (نیهاد و گوزارە) پێکهاتووە، هەر ئەوەش وایکردبوو بواری شیکردنەوە لای"هاریس" لە چوارچێوەی ئەو بیرۆکە و میکانیزمانە دەرنەچێت، کە بە گشتی لەچوارچێوەی دوو بنەماوە شیکردنەوەکانی بۆ دەق ئەنجامدەدا:

1)فراوانکردنی شیکردنەوەی زمانی بۆ سنووری دەرەوەی ڕستە.

2)لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیی نێوان زمان و کەلتور و کۆمەڵگا.(سعید یقطین1977:17).

ئەو شیکردنەوانەی دەربارەی ڕستە لە ئارادابوون چەند بنەمایەکی گرنگیان لە بواری پەیوەندیی نێوان یەکە پێکهێنەکان و بەدوایەکداهاتنی پێکهێنەکان و مەرجی بەیەکەوە هاتن لە دەوروبەری واتایی تایبەتدا پێشکەشکرد، بەڵام ئەوەی پەیوەست بوو لە پەیوەندییە واتاییە قوڵەکانی نێوان بەدواییەکداهاتنەکانی ڕستە و ئەو شیکردنەوانەی لە چوارچێوەی ڕستەدابوون لێکدانەوەی پێویست نەبوون بۆ پشت بەستن بە بنەماکانیان لە شیکردنەوە ئەو یەکانەی ئاستی ڕستەیان تێپەڕاندبوو، بۆیە بە پێویست زانرا ئاراستەی شیکردنەوە بۆ یەکەیەکی گەورەتر لە ڕستە بچێت ئەویش دەقە.

"هالیدای" یەکێك بوو لەو زمانەوانانەی لە لێکۆڵینەوەکانیدا ئەو ڕێچکەیەی گرتە بەر، بە بۆچوونی "هالیدای" زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، و جیاوازی دەبڕاوە زمانییەکان و واتا جۆراوجۆرەکان ڕەنگدانەوەی کەلتورە جیاوازەکانن و لیکۆڵینەوەکانی لەچوارچێوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە جۆربەجۆرەکان ڕۆنا، بەوجۆرە تێگەیشتنی ڕاست بۆ زمان وەك پێرەوێکی تێگەیشتن پەیوەست بوو بە تێگەیشتن لە دەق، بەمەش ئاراستەی لێکۆڵینەوە لە زمان لە ڕستەوە بۆ دەق چوو.(بشیر ابریر86:2005).

"پایك" یەکێکە لەو زمانەوانانەی لەچوارچێوەی "تیۆری چێوەڕێژەکان"ەوە ئاماژە بە گرنگی لێکۆڵینەوە لە دەق دەدات و لێکۆڵینەوەکانی لە خزمەت شیکردنەوەی دەق لەچوارچێوەی دیدگای "چێوەڕێژکردن"ەوە بە پێرەوێکی تایبەت لە شیکردنەوەی دەق بە گشتی و ڕێزمانی دەق بە تایبەتی خستۆتەڕوو.

**2-2-3. ڕۆنانی ڕێزمانی یەکە زمانییەکان لەچوارچێوەی "تیۆری چێوەڕێژەکان"ەوە :**

لە بەشی یەکەمی ئەم تێزەدا، لە بابەتی هەرەمی ڕێزمانیدا باس لەو یەکانە کرا، کە "پایك" وەك یەکەی ڕێزمانی زمان شیکردنەوەیان لەبارەوە دەکات و لە خشتەیەك کۆکراونەتەوە و چەند تایبەتمەندییەك بۆ هەر یەکەیەك لەو یەکانەی هەرەمی ڕێزمانی دیاریکرا، و لە بەشی دووەمیش لە سنووری ڕۆنانە جیاجیاکانی ڕستەی زمانی کوردیدا باس لە هەریەك لە یەکەکانی(ئاستی ڕستە و ئاستەکانیتری خوار ڕستە)کرا، نمونە بۆ هەر یەکەیەك لەو پێکهاتانە هێنرایەوە، لەو بەشەدا باس لە ڕۆنانی ڕێزمانی هەریەك لە (پەرەگراف/زنجیرەی ڕستە، مۆنۆلۆگ، دیالۆگ، گفتوگۆ) دەکرێت، و بە گوێرەی تایبەتمەندییەکانی هەرەمی سەرچاوەیی بە نمونەوە ڕوندەکرێنەوە.

**3-2-3.هەنگاوەکانی شیکردنەوەی هەرەمی سەرچاوەیی لە دەقدا لە ڕوانگەی "تیۆری چێوەڕێژەکان"ەوە:**

گرنگترین هەنگاو لە شیکردنەوەی ڕۆنانی ڕێزمانی بۆ دەق بریتییە لە دیاریکردنی هەڕەمی سەرچاوەیی، ئەم دیاریکردنەش لە ڕیزکردنی چەمك و بیرۆکە و ڕووداوەکان لە دەقێکی دیاریکراودا دەبێت، بە جۆرێك، کە یارمەتیدەربێت لە بنیاتنانی واتای گشتی دەق و ئاراستەکردنی تێگەیشتنەکانی گوێگر، هەروەك لە بەشی یەکەم لە چێوەی سەرچاوەیی ئاماژەی پێدرا، شیکردنەوەی هەڕەمی سەرچاوەیی دەق یەکێکە لە شێوازە بەکارهاتووەکان لە شیکردنەوەی دەق و باشتر تێگەیشتن لە مەبەستی دەق. شیکردنەوەی هەر یەکەیەکی واتاییش بۆ چێوە پێکهێنەکانی لە تیۆری چێوەڕێژەکاندا ئەم هەنگاوانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت(بڕوانە: Shehdeh:1988:221).

## 1-دیاریکردنی بیرۆکەی سەرەکی:

لە شیکردنەوەی هەر دەقێك بۆ گەیشتن بە پێکهاتەی چێوەیی لە هەڕەمی واتایی ئەو دەقەدا سەرەتا پێویستە بیرۆکەی سەرەکی و واتای گشتی دەقەکە دیاری بکرێت، ئەو بیرۆکە سەرەکییەی هەڕەمە سەرچاوەییەکە لە سەرەتاوە تاوەکو کۆتایی ئاراستە دەکات. کە ئەمەش بریتییە لە دیاریکردنی کۆی گشتی ئەو یەکە واتاییانەی بەشدارن لەو دەقەدا، لە خزمەت گەیاندنی واتای سەرەکی دەقەکە، لە ڕووی ناساندنی یەکە زمانییەکە لەڕێگەی دەرکەوتە فیزیکییەکەیەوە، دەقی هونەری، دەقی ئاخاوتن، دەقی گفتوگۆ، ...)، ئەم دیاریکردنە دەچێتە خانەی (پۆل) لە شیکردنەوەی "تاگمیمیك"دا و ژمار(1)ی بۆ دادەنرێت.

## 2-شیکردنەوەی زنجیرەی ڕووداوەکان:

شیکردنەوەی کات لە دەقدا بریتییە لە شیکردنەوەی ڕیزبەندی ڕووداوەکان و چەمکە گشتییەکانی دەق پەیوەست بە بەدوایەکداهاتنەکانیان لە دەقدا، بۆنمونە ئەو وشە و دەستەواژانەی ئاماژە بە کات دەکەن وەك(یەکەمجار، دواتر، دوای ئەوە، لەکۆتاییدا، ...)، کە ئەمەش بریتییە لە ڕووداوە سەرەکی و لاوەکییەکانی نێو دەقەکە. (مەبەست لە ڕووداو ئەو بیرۆکەیە، کە لای ئاخێوەر یان نووسەر هەیە و دەیەوێ بیگەیەنێتە بەرانبەر)، ئەم دیاریکردنەش دەچێتە خانەی دەقبەستی و ژمارە(4)ی بۆ دادەنرێت لە شیکردنەوەی "تاگمیمیك"دا.

## 3-خستنەڕوو و بەراوردکردن:

خستنەڕووی جۆراوجۆری بابەتەکان لە دەقدا لە ڕێگەی جیاکردنەوەی چەمك و بابەتە جیاوازەکانی دەقەکە و شیکردنەوەی پەیوەندیی نێوان چەمکەکان و دڵنیابوونەوە لەوەی ئەو زنجیرەیە ڕەنگدانەوەی بیرۆکەیەکی جیاکارییە یان بەراوردییە لەو دەقەدا، ئەمەش دوای ئەوەی هەموو بیرۆکە و دەربڕاوەکانی نێو دەق لە ڕووی شوێنیان لە پێکهاتە گشتییەکەی دەقەکە دیاری دەکرێن، ئەم دیاریکردنەی شوێن لە دەقدا، دەچێتە خانەی (پێگە/شوێن) و ژمارە(2)ی بۆ دادەنرێت.

**4- پەیوەندییە هۆکارییەکان:**

بریتییە لە بوونی پەیوەندیی هۆکاری لەنێوان چەمکە گشتییەکانی دەق و ڕووداوەکاندا، پێویستە ئەو پەیوەندییانە شیبکرینەوە و هۆکار و ئەنجامەکانیان دیاری بکرێت ئەمەش لە ڕێگەی ئاماژەکردن بەو هێزە ناوەکییەی هەوێنی دەربڕینی دەقەکەیە، کە هەندێکجار بە دووبارەکردنەوەی چەند چەمك و دەستەواژەیەکی دیاریکراو دەبێت لە دەقەکەدا، کە ئەمەش ئاماژەیە بە واتای ناوەکی دەق یاخود ئەو واتا شاراوەیەی هەوێنی دروستبوونی دەقەکەیە، ئەم دیاریکردنەش لە تیۆری تاگمیمیکدا بە(ڕۆڵ) ناودەبرێت و لە شیکردنەوەدا ژمارە(3)ی بۆ دانراوە.

ئەم هەنگاوانەی شیکردنەوە لە تیۆری تاگمیمیکدا بە گوێرەی تایبەتمەندیی یەکە واتاییەکە لە پێکهاتەی هەڕەمی ڕێزمانی گۆڕانی بەسەردا دێت.

**4-2-3.ڕۆنانی ڕووداو بەرانبەر بە ڕۆنانی ئەو گوتارەی دەربارەی ڕووداو دەگوترێ :**

لە بەشی دووەم باس لە هەریەك لە ڕۆنانی ڕێزمانی و پێڕەوی گێڕانەوە لە ڕستەدا کرا، لەو بەشە باس لە گرنگی ڕۆنانی سەرچاوەیی بەرانبەر بە ڕۆنانی ڕێزمانی دەکرێت لە شیکردنەوەی دەقدا.

"پایك" ئاماژە بە گرنگی "چەمکی سەرچاوەیی" دەدات لە شیکردنەوە و لێکدانەوەی دەقدا، و دەڵێت: (ئەو زمانەوانەی هۆکاری چالاکی لەبەر دەست نەبێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ "چەمکی سەرچاوەیی"دا ئەوا تووشی بەربەست دەبێ لە لێکۆڵینەوەکانیدا، زۆربەی زمانەوانان یان ئەو چەمکەیان پشتگوێ خستووە یان وەك بەشێك لە ڕێزمانیان داناوە یان وەك چەمکێکی دابڕاو مامەڵەیان لەگەڵ کردووە، ئەوەی گرنگە بزانرێت پێویستە تیۆری زمانی هەریەك لە هەڕەمی ڕێزمانی و هەڕەمی سەرچاوەیی لە شیکردنەوەکانیدا جیابکەنەوە(Pike:1882:120) .

"پایك" لەچوارچێوەی ڕۆنانی ڕێزمانی و ڕۆنانی سەرچاوەییدا باس لە هەریەك لە ڕۆنانی ڕووداو و ڕۆنانی ئەو گوتنانە دەکات، کە دەربارەی ئەو ڕووداوە گوزارشیان لێوەدەکرێت.

زۆرجار زمانەوانان کاتێك لێکۆڵینەوە لە زمانێك دەکەن، جیا لەو زمانەی ئاخاوتنی پێ ئەنجامدەدەن توشی بەربەست دەبن لە جیاکردنەوەی بونیادی ڕووداو لە بونیادی ئاخاوتن دەربارەی ڕووداو، لە ڕوانگەی چێوەڕێژکردندا هەریەك لەو دوو چەمکە جیاوازیان هەیە، بۆنمونە زۆرجار کۆمەڵێك ڕووداو لەیەك کاتدا ڕوودەدەن، بەڵام ناتوانرێت لەیەك کاتدا باس لە هەرهەموویان بکرێت.

**خشتەی 3-1**:[24] بریتییە لە خشتەی ماتریکس بۆ نیشاندانی بونیادی سێ ڕووداو لە لایەن سێ کەسی جیاوازەوە، کە چەند خانەیەکی ئاسۆیی و ستونی و چەند پیت و ژمارەیەك لە خۆ دەگرێت، بۆ نواندنی ئەو ڕووداوەی خوارەوە، کە تیایدا پۆلەکان بریتییە لە چالاکی چەند کەسێکی جیاواز و خانە ستونییەکانیش ئەو هاوکێشانە لەخۆ دەگرێ کە دەکرێ کاتییان تێدا دیاری بکرێت.

| | 1 | 2 | 3 | 4 |
|---|---|---|---|---|
| A: | A1 | A2 | A3 | A4 |
| B: | B1 | B2 | B3 | B4 |
| C: | C1 | C2 | C3 | C4 |

(A1): پەری چوو بۆ زانکۆ بۆ بەشداریکردن لە کۆڕی زانستی ساڵانەی ڕۆژی زمانی دایك.

(A2): پەری هۆزانی بینی.

(A3): پەری و هۆزان دوای تەواوبوونی کۆڕە زانستییەکە بەیەکەوە لە کافتریای زانکۆ نانی نیوەڕۆیان خوارد.

(A4a): دواتر سەیران هات بۆ کافتریا. (A4b)پەری داوایلێکرد لەگەڵیان دانیشێت، (A4c) وتی ببورن ناتوانم من ماندووم دەبێ بڕۆم.

(B1): لەوکاتەدا، هۆزان شوێنی کارەکەی خۆی جێهێشت بۆ زانکۆ چوو، بۆ بەشداریکردن لە کۆڕی زانستی ساڵانەی ڕۆژی جیهانی زمانی دایك.

(B2): هۆزان پەری لە کافتریای زانکۆ بینی.

(B3): هەردووکیان بەیەکەوە نانی نیوەڕۆیان خوارد.

(B4a): کاتیك نانیان دەخوارد، سەیران هات بۆ کافتریا (B4b)، و داوایانلێکرد نانیان لەگەڵ بخوات، (B4c)بەڵام سەیران داواکەیانی ڕەتکردەوە.

---

24 - بۆ داڕشتنی ئەم بابەتە سوود لەو سەرچاوانە وەرگیراوە:

**POYTHRESS, V, S.** (1982), A Framework for Discourse Analysis: The Component of a Discourse, from a Tagmemic viewpoint, Semantics (38), Mouton

**PIKE, K, L.(1981),**Tagmemics, Discourse and Verbal Art, Michigan Studies in the Humanities.

(C1): سەيرانيش وەك هۆزان و پەری چوو بۆ زانكۆ.


(C2): بۆ بەشداريكردن لە كۆڕی زانستی ساڵانەی ڕۆژی جيهانی زمانی دايك.

(C3): بۆ چەند كاتێك.

(C4a): لە كافتريا چاوی بە هاوڕێكەی(پەری)كەوت، كە لەگەڵ هۆزانی هاوڕێی(ئەو هاوڕێيەی پەری خۆشی ناوێت) دانيشتبوو، و نانی دەخوارد، (C4b)داوايانلێكرد لەگەڵيان دابنيشێت و نان بخوات، (C4c)بەڵام ئەو گۆتی ناتوانم ماندووم، لە كاتێكدا نايەوێ لەگەڵ هۆزان دانيشێت.


ڕيزبەندی گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانە لە وێنەی (3-8)ڕوونكراوەتەوە.

سەرەتا لە خانەی سەرەوەی ماتريكسەكە دەست پێدەكرێ، چيرۆكەكە لە چەپەوە بۆ ڕاست، بۆ هەريەك لە بەشداربوان بە جيا لەناو هەر خانەيەك بە ئاسۆيی خراوەتە ڕوو، بەڵام كاتەكان بەيەكداچوونی تێدا دەبێت لە خانەيەكەوە بۆ يەكێكيتر، لەگەڵ ئەوەی ڕووداوە لاوەكييەكان A1و B1 وC1، بەنزيكی لەهەمان كاتدا ڕوياندەوە، لەگەڵ ئەوەش بە ڕيزبەندی باسيان لێوەكراوە، بۆ هەريەك لە بەشداربوويەك ڕيزبەندييەك پێشكەشكراوە بەجيا(بەڵام هاوكات كراوە)، لەگەڵ ئەوانيتر، بە ڕيزبەندی كات-ڕووداوی لاوەكی يەكەم (لە ستوونی1) بەر لە ڕووداوی لاوەكی دووەم (لە ستوونی2) ڕوويداوە، كە ئەميش بەر لە ڕووداوی لاوەكی سێيەم (لە ستوونی3) ڕوويداوە.




**8-3** بريتييە لە سەرەتای گێڕانەوەی چيرۆكەكە، كە ڕووداوە لاوەكييەكان بۆ هەر بەشداربوويەك بە تايبەت مامەڵەيان لەگەڵ كراوە.

هەروەك لە بابەتی (فلاش باك) دا، ئاماژەی پێدرا گێڕانەوەی ئەو چيرۆكە دەكرێ لە خاڵی جياوازە دەست پێبكرێت، بۆنمونە دەتوانرێ بە ڕێگايەكی ئاڵۆزتر بۆ هەموو ڕووداوەكان لە ستوونە(4)ەكانی ڕووداوەكان دەست بە گێڕانەوە بكرێ، دواتر بەشێوەيەكی دابڕاو و بە ڕيزبەندی بگەڕێينەوە بۆ هەريەك لە خانە ئاسۆييەكانی A وB وC، ئەم جۆرە گێڕانەوەيەش بە "فلاش باك" ناودەبرێ، ئەو گێڕانەوەيە لە وێنەی (3-9)دەخرێتەڕوو، و دواتر دووبارە چيرۆكەكە دەگێڕدرێتەوە بەو ڕيزبەندييە:




**9-3** لە بەشی کۆتایی چیرۆکەکە دەست بە گێڕانەوەی چیرۆکەکە کراوە، لە ستوونی(4)ەوە بۆ هەموو ڕووداوەکان دەستپێکراوە، دواتر لە خانەکانی A بۆ B بۆC، چووە.

(A4, B4, C4)، ئەوە ڕێککەوتێکی سەیر بوو!

(C4a) سەیران سەیری ناو کافتریای کرد.

(A4a، B4a، C4a) لە کاتێکدا لەناو کافتریای زانکۆ دەڕۆیشت.

(A4b, C4b) لەسەر یەکێك لە مێزەکانی کافتریاکە بینی (پەری) هاوڕێی لەگەڵ(هۆزانی بێزارکەر)دانیشتووە نانی نیوەڕۆ دەخوات.

(A4b) دەکرێ چی بکەن؟ پەری داوەتیکرد بۆ نانخواردن لەگەڵیان.

(B4b) (لەوانەیە هۆزان رازی بووبێ بەو داوەتەی (پەری) هەرچەندە ئەوە ڕوون نییە لە چیرۆکەکەدا).

(C4c) دەکرێ چی بکات؟ درۆیەکی سپی کرد، بەوەی ماندووە و ناتوانێت بمێنێتەوە، و رۆیشت

(A1) کێشەکە لەو کاتەوە دەستیپێکرد کە (پەری) چوو بۆ زانکۆ بۆ بەشداریکردن لە کۆڕی زانستی ڕۆژی جیهانی زمانی دایك.

(A2)هۆزانی بینی،

(A3)لەگەڵ هۆزان دانیشت بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆ

(E1) ئەگەری یەکتر بینینیان هەبوو لە کافتریاکە بەوەی هۆزانیش چوو بۆ ئامادەبوون لە هەمان کۆڕ.

(B2)لە زانکۆ لەو شوێنەی کۆڕەکەی تێدا بەڕێوەدەچوو.

(B3) بۆیە بەیەکەوە دانیشتن، تاوەکو نانی نیوەڕۆ بخۆن.

(C1) بێ ئەوەی ئاگاداری ئەوە بێت، کە سەیران دێت بۆ هەمان ئەو کۆڕەی ئەو بۆی دەچێت.

(C2) بۆ بەشداریکردن لە کۆڕی زانستی ڕۆژی جیهانی زمانی دایك.

(C3) بۆچەند ساتێك.

(C4) دواتر بەلای مێزەکەی ئەوان داهات.

(A4، B4، C4)یەکتریان بینی.

ئەو ڕیزبەندییە تەواو جیاوازە لە ڕیزبەندی ڕووداوەکە، ئەگەر ئامانج لەو جۆرە گێڕانەوەیە پاراستنی واتای سەرەکی چیرۆکەکە بێت(واتە ئەگەر مەبەست لێی گێڕانەوەی هەمان چیرۆك بێت)، ئەوە لە ڕووی ڕێزمانییەوە پێویستە چەند ئاماژەیەك بۆ ئاراستەکردنی گوێگر زیادبکرێت، بە تایبەت لەو جۆرەی دووبارە گێڕانەوەدا، نمونەی ئەو جۆرە ئاماژانە وەك: "کێشەی یەکەم سەریهەڵدا" (A1)، ئاماژەیە بۆئەوەی گێڕەرەوە دەگەڕێتەوە بۆ کاتێکی پێشووتر، " ئەگەری یەکتر بینینیان هەبوو لە کافتریاکە بەوەی هۆزانیش چوو بۆ ئامادەبوون لە هەمان کۆڕ"


ئەوەی دەربارەی ڕووداو دەگوترێ ئەوەیە، کە هێلکاری ڕونکردنەوەکە کار بە کۆتایی ستوونەکان دەکات، وەك لەوەی کار بە خانە ئاسۆییەکان بکات، ئەمەش خستنەڕووی هاوکاتی ڕوودانی (A1) پەری، (B1) هۆزان، و(C1) سەیران هەموویان چوون بۆ کۆڕەکە.

(A2، B2، C2) پەری و هۆزان یەکتریان بینی، لە کاتێکدا سەیران لەناو کافتریاکە دەسوڕایەوە.

(C3، A3، B3) کاتێك پەری و هۆزان نانیان دەخوارد، سەیران بە لایاندا تێپەری.

(A4، B4، C4) هەرچەندە سەیران داوەتکرا لەگەڵیان دانیشێت، بەڵام ئەو داواکەی ڕەتکردەوە.

ڕووداوە لاوەکییەکانە، بڕوانە وێنەی(3-10).





**3-10** هەوڵدراوە بە بەکارهێنانی نمونەی ڕێزمانی هاوکاتی لە ڕووداوەکان پیشانبدرێت، کە دەکرێ لە ڕێگەیەوە پێکهاتەی ڕووداوە لاوەکییەکان بە شێوەیەکی گونجاو کۆبکرێنەوە.

وێنەی(3-10) بەستنەوەی ڕووداوەکانی خانەی A و ڕیزبەندی و دووبارەبوونەوەی بەشەکی بۆ یەك ڕەگەز لەخۆ دەگرێت، وەك پێشەکییەك بۆ ڕەگەزی دواتر:

(A1) پەری چوو بۆ زانکۆ، دوای ئەوەی چوو بۆ زانکۆ

(A2) هۆزانی بینی.

(A3) هەردووکیان بەیەکەوە نانیانخوارد.




**11-3** ڕیزبەندی و دووبارەبوونەوەی بەشەکی بۆ بەشداربوویەك، وەك پێشەکییەك بۆ ڕەگەزی دواتر.

دووبارەبوونەوەی گێڕانەوە واتای ئەوە نییە ئەو ڕووداوە دووجار ڕوویداوە، ئەمەش بەڵگەیەکی بەهێزە بەوەی بونیادی ڕووداو و ڕۆنانی ئەو گوتارەی دەربارەی ڕووداو دەگوترێ هەمان شت نییە(Longakre:1968: 67) .

وێنەی(3-11) بریتییە لەو هێلکارییەی ڕیزبەندییەکی ڕوون پێشکەش دەکات، کە بە یەك بەش دەست پێدەکات و بەشیتر بۆ گوزارشتە سەرەکییەکە زیاد دەکات.


(A1)پەری ڕۆیشت.

(A1-2) چوو بۆ زانکۆ.

(A1-2-3-4)پەری چوو بۆ زانکۆ، و هۆزانی بینی و بەیەکەوە نانی نیوەڕۆیان خوارد.

لەبری ئەوە دەکرێ خاڵە جیاوازەکان بخرێنە ڕوو، بە بێ دووبارەکردنەوەی هەموو ڕووداوەکان لە کۆکراوەی ڕووداودا.

(A1)پەری چوو بۆ زانکۆ، بۆ بەشداریکردن لە کۆڕی زانستی ڕۆژی جیهانی زمانی دایك.




**12-3** پەرەسەندنی حاڵەت لە ڕێگەی زیادکردنی یەك لە دوابیەکی ڕووداوەکان.

زۆرجار گێڕەرەوە بەشێوەیەکی گشتی جەخت لەسەر ڕێککەوت دەکاتەوە لە گێڕانەوەدا، کە مەرج نییە هەموو ڕووداوەکان بە ڕێککەوت ڕوویاندابێ، (Becker:1965:26)، دەکرێ دووبارە ڕووداوەکانی ئەم چیرۆکە ریزبکرێنەوە، و هەمان مەبەستیش بگەیەنێ:

(A4, B4, C4)یەکتریان بینی! شتێکی چەندە بێزارکەرە.

(C4c) سەیران چەند هەفتەیەک بوو هەوڵی دەدا خۆی لە هۆزان بەدوور بگرێت.

(A1)بەڵام پەری چوو بۆ زانکۆ، و


(El)هۆزانیش بەهەمان شێوە.

(A2, B2)ئەو دووانە یەکتریان بینی، و

(A3, B3)پێکەوە نانیان خوارد.

(C4a, A3, B3, B4a)سەیران "بە ڕێککەوت" بەلایاندا تێپەڕی، کاتێک نانیان دەخوارد.

(A4, B4, C4)ئایا دەکرێ بە ڕێککەوت بووبێت؟ یان بە جۆرێک "ئەگەری ئەوە هەیە بە مەبەست بووبێت"؟ ئەو داوەتەکەی ڕەتکردەوە.




13-3 لەم هێلکارییەدا تیشك دەخرێتە سەر بەیەکتربینینیان - بە ڕێککەوت لە(ستوونی 4)دا.

نووسەرانی گێڕانەوە زۆرجار هەوڵدەدەن بابەتەکانیان لە جۆرێک لە پێشکەوتنی کاتدا بخەنەڕوو. بەڵام وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێکراوە، هاوکاتییە یەك بەدواییەکەکانی ڕووداوەکان بەرەنگاری پێشکەوتنە سادەکان دەبنەوە و دەبێت تەکنیکەکانیتری گێڕانەوە بەکاربهێنرێن، بۆ ئەوەی هەمان مەبەست بە ڕۆنانی جیاواز بگات بە گوێگر. بەگشتی گێڕەرەوە یان سەرەتا ڕووداوێکی لاوەکی تەواو دەگێڕێتەوە وەك لە (وێنەی3-13)، یان بەشێک لە هاوشێوەی هەر ڕووداوێکی لاوەکی لە یەک ستراتیژیدا دەخاتەڕوو.

هەندێک جار ڕیزبەندی گێڕانەوەی ڕووداوێک بۆ خوێنەر وا دەردەکەوێت کە تەواو هەڕەمەکییە، بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ڕێزبەندییەکە بە وردی پلانی بۆ دانراوە، بۆ ئەوەی ئەنجامێکی جوانیناسی تایبەت بدات. لەگەڵ ئاماژەیەکی ڕێزمانی گونجاو، ڕێزبەندی گێڕانەوەی هەڕەمەکی لە زمانی کوردیدا بەکاردێت، بە تایبەت لەو دەقانەی گێڕانەوە، کە پەیوەندییەکی ئاڵۆزی ناوەوەی دەق لەخۆدەگرێت، وێنەی (3-13) ئەو بیرۆکەیە دەخاتەڕوو، ڕیزبەندییەکە هەڕەمەکییە بەبێ هیچ پلانێکی سیمانتیکی ڕێکخراو بۆ نیشاندنی ڕووداوەکان:

(C4c) سەیران بیانوویەکی لاوازی دروستکرد.

(B2-A2) وادیارە، کە پەری و هۆزان یەکتریان بینیوە،

(C1-2-3) و سەیران، بۆماوەیەك چووە بۆ زانکۆ بۆ بەشداریکردن لە کۆڕی زانستی ڕۆژی جیهانی زمانی دایك،

(C4a,B4a,A4a)بە لایاندا تێدەپەڕی ڕێککەوتێکی ناخۆشە ئەو ڕقی لە هۆزانە.

(A3-B3) هەردوو هاوڕێ (پەری و هۆزان) بەیەکەوە نانی نیوەڕۆیان دەخوارد.

(A1)(لەو کاتەی پەری لە زانکۆ بوو بۆ بەشداریکردن لە کۆڕەکە)

(A4b, B4b, C4b) پەری داوای لە سەیران کرد لەگەڵیان دابنیشێت.


(B1)هۆزان، شوێنی کارەکەی جێهێشت،

(B2-3) و پەری بینی و داوای لێکرد بەیەکەوە نانی نیوەڕۆ بخۆن،

(A4c, B4c, C4c)هۆزان ئەو کەسە بوو، کە سەیران نەیدەویست نانی لەگەڵ بخوات، بۆیە داواکەی پەری ڕەتکردەوە.

(C4a)لەوکاتەی سەیران بەناو کافتریاکەدا دەڕۆیشت.

(A3-B3) کە پەری و هۆزانی لێبوو.




**(14-3)** چۆنییەتی بەکارهێنانی هەریەك لە خانەکانی "ماتریکس"مکە لە ڕیزبەندی ئەو چیرۆکەدا پیشان دەدات، لەبەرئەوەی هیچ یەك لە زانیارییەکان دوورنەخراونەتەوە، و هەموو بەڵگەیەکی ڕێزمانی گونجاو پێشکەشکرا. ئەوا خوێنەر دەتوانێ دووبارە پەیوەندییە سەرچاوەییەکان بەتەواوی دابڕێژێتەوە، زۆربەی بابەتەکانی ئەو چیرۆکە پەیوەستە بەو ڕووداوە ڕاستەقینەی، کە لە ڕیزبەندی ڕووداوە سەرەکییەکەدا پێشکەش دەکرین.

ئەو زانیارییە زیادانەیتری ناو کەوانەکان، کە پەیوەستن بە بارودۆخ و تایبەتمەندیی کەسەکان، زۆربەیجار وەك وشەی بزرن لە پاشکۆدا و لە ناوەڕاستی ڕووداوەکە دەردەکەون، هەربۆیە ئەو زانیارییانە زۆربەیجار لەنێوان دوو کەوانەدا دادەنرێن، بۆنمونە وەك ئەو زانیارییە زیادەی(کە سەیران ڕقی لێی بوو).

ئەگەر هێلکاری ڕیزبەندی ڕووداوەکان بە وردی وێنەی بۆ کێشرابێ هاوکار دەبێ لە ئاشکراکردنی ڕۆنانی سەرەکی دەق، ئەوەی لەو بڕگەیەدا بە پێویست و گرنگ دەزانرێ بۆ ئاماژەکردن، دیدگای چاودێریکەرە(لە بەشی یەکەمی ئەو توێژینەوەیە ئاماژە بەوە کرا، کە "پایك" لە شوێنی وشەی ئاخێوەر چاودێریکەر-Observer، بەکاردێنێت)، ئەو کەسە جیاوازانەی چیرۆکێك دەگێڕنەوە[25]، هەستی جیاوازیان هەیە بەرانبەر بە ڕووداوەکانی ئەو چیرۆکە، کە ئەمەش وا دەکات

---

[25] - بێگومان دەقەکانی گێرانەوە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەندییکردن پێك دێنن، مەبەست لە دەقی گێرانەوە هەموو جۆرێکی گێرانەوە دەگرێتەوە وەك ئەو گێرانەوە سادانەی کە هەریەکێك لە ئێمە دەربارەی بەسەرهات و ڕووداوەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆی و کەسانی دەوروبەری دەیگێڕێتەوە، ئەم جۆرەی گێرانەوە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دەوروبەرەی گێرانەوەکەی تیادا ڕودەدات، چیرۆکی سادە و سروشتین و لە شێوەی زارەکی لەنێوان خەڵکی ئاسایی ڕوودەدات.

جۆرێکیتری گێرانەوە بریتییە لەگێرانەوەی (نوکتە، چیرۆکی میللی، ئەفسانە، چیرۆکە خەیاڵییەکان، بەسەرهاتی کۆن و ڕووداوی مێژوویی)، کەبەشێوەی زارەکی باس دەکرێن، بەڵام هەرچی گێرانەوەی ئەدەبییە، ئەوا لە شێوەی دەقی نووسراودایە، پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی هەیە، بە شێوازێکی هونەریانە و لەلایەن کەسانی بە توانا و لێهاتوو لەم بوارە دەنووسرێ، وەك: (کورتە چیرۆك، گەشتنامە، ڕۆمان، ژیاننامە و جۆرەکانیتری گێرانەوە.(بێری یاسین 73:2012).

شێوازی گێڕانەوەیان جیاواز بێت لە یەکتر، ئەو جیاوازیەش لە چوارچێوەی ڕۆنانی سەرچاوەییدا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، وێنەی(3-14) چاودێریکەر دەخاتە دەرەوەی چیرۆکەکە، دەکرێ گێڕەرەوە کاردانەوەی بۆ ئەو چیرۆکە هەبێ، کە دەیبیستێ و دووبارە، بە باوەڕەوە، بە توڕەییەوە، بە بێزارییەوە، بە نوکتە و گاڵتەوە، یان دوور لە واقیعیەت و ڕاستیبوونی چیرۆکەکە دایبڕێژێتەوە، لێرەدا، قسەکەر دڵخۆش دەبێت بە قسەکردن لەسەر بەدبەختی کەسێکی دیکە.

ئەو زانیارییانەی چاودێریکەر بۆ بابەتەکە زیادی دەکات دەخرێنە نێو دوو کەوانە:

(0) [ئایا هەرگیز باوەڕت پێی دەبێت! من خۆم تازە بیستوومە.]

(C2-3 و AB4) سەیران ماوەیەك بوو لە کافتریاکەبوو، (لەوانەیە بە مەبەست بەلایاندا تێپەڕ بووبێت.)

(C4c) هۆزان (ئەو کوڕەی پەیوەندیی لەگەڵ زیاتر لە کچێك هەیە).

(C4a) بینی پەری لەگەڵ هاوڕێکەی (کوڕە قۆزەکە)نان دەخوات.

(C4a) ئۆی پەری هاوڕێی هۆزانە! (باوەڕ بکەن یان نەیکەن--ئەی ئەوە! چ دۆخێکە).

(ABC4c) بەهەر حاڵ، سەیران تەنانەت ڕەتیکردەوە لەگەڵیان لەسەر مێزەکە دابنیشێت (وا خۆی نیشاندا کە نەخۆشە!).

(C4c)پەری داوای لێکرد کە...

(ABC4b) و هۆزان [بە ڕەوشتەوە گوتی "ئای بەڵێ، بەشداریمان بکە!""]


(AB2-3)بێگومان تۆ تێدەگەیت کە هەریەك لە پەری و هۆزان یەکتریان ناسیوە و (بە شێوەیەکی سروشتی).- (C4a) وەک هاوڕێ، دەستیان کرد بە نانخواردنی نیوەڕۆ پێکەوە، (بەخەیاڵیان نەدەهات سەیران ببینن).

(0)(کەواتە چیرۆکێکی جوان هەیە!).

(ABC1-3) هەریەکەیان بۆ بەشداریکردن لە کۆڕی زانستی ڕۆژی جیهانی زمانی دایك ئامادەبوون و هیچ بیریان لەوە نەکردبۆوە، کە دەکرێ دوو کەسەکەیتر لەوێ ببینن.

(0)(بەڕاستی ژیان ڕێککەوتە پێکەنیناوییەکانی خۆی هەیە. کوڕێک کچێک دەناسێت'-ئۆ بەڵێ؟ چۆن!)

ئەو جۆرە ئاماژەکردنانەی گێڕەرەوە بیسەر بە ئاراستەی مەبەستی خۆیدا ڕادەکێشێت لە گێڕانەوەدا.




**15-3** چاودێریکەرێکی دیاریکراو/گێڕەرەوە(0)، چیرۆکێك دەگێڕێتەوە لە دیدگایەکی دیاریکراو و هەڵوێستێکی دیاریکراودا، هەر ڕووداوێکی لاوەکی بە پێوەری خۆی، پێڕەوی بیروباوەڕ و شارەزایی خودیی و ئامانج لە گەیاندنی ئەو چیرۆکە، هەڵسەنگاندنی بۆ دەکات، هەر گۆڕانکارییەك لە گوێگر یان ئاخێوەر هەبێت، دەبێتە هۆی گۆڕان لە ڕۆنانی سەرچاوەیی دەقەکە.

## 5-2-3.ڕۆنانی مۆنۆلۆگ[26]Structure of the Monolog:

ئەو پێناسانەی بۆ زاراوەی "مۆنۆلۆگ" کراون زۆرن و هەر پێناسەیەك لەو پێناسانە دەربڕی بۆچوونی ئەو کەسەن، کە دەربارەی "مۆنۆلۆگ" هەیەتی و پەیوەستن بە جۆرە جیاوازەکانی "مۆنۆلۆگ" لە بوارەکانی ئەدەب و زمانەوانیدا، ئەوەی ئەو تێزە گرنگی پێدەدات دەربارەی "مۆنۆلۆگ"، پێناسەی "مۆنۆلۆگ"ە لە لایەن "پایك"ەوە، وەك لە بەشی یەکەمی ئەو تێزەدا لە بابەتی(یەکەکانی هەرەمی ڕێزمانی) ئاماژەی پێدرا، "پایك" مۆنۆلۆگ بەو جۆرە پێناسەدەکات:

---

[26] بڕوانە:

**PIKE, K, L.** and Pike Evelyn. G. (1982) Grammatical Analysis, the Summer Institute of Linguistic

**BECKER, A, L.** (1965), A Tagmemic Approach to Paragraph analysis.

**FEBRIANE, I,** (2018), Tagmemics Analysis of Using Language Linguistic Data of Banyuwangi, Advances in Social Science, Education and Humanities Research, volume 222, 2nd Social Sciences, Humanities, and Education Conference (SoSHEC 2018).

(بریتییە لە پەرەپێدانی بابەتێك یان چەند بابەتێك لەلایەن تاکەکەسێکەوە)، هەر لەو ڕوانگەیەوە هەوڵدەدرێت ئەو بنەمایانە بخرێنەڕوو، کە پێویستە لێکۆڵەر زانیاری دەربارەیان هەبێت لە شیکردنەوەی ڕۆنانی بۆ ئەو یەکەیە، کە بریتین لە:

### 1-5-2-3.پەراوێز لە مۆنۆلۆگ-Monolog Margins:

پەراوێزی دەرەکی لە مۆنۆلۆگ هەڵدەستێت بە کردنەوە و داخستنی گوتار و دیاریکردنی بەشداربوان و پەیوەندیی قسەکەر بە وەرگرەوە، هەندێك لەوانە سڵاوکردن و ناونیشانی ڕاستەوخۆ و وەڵامدانەوەکان دەگرێتەوە (سڵاو، بەڵی، پلانم وایە، بەڕێزان، هیوام وایە...)، پەراوێزی ناوەکی کات و شوێن دیاری دەکات(ئەمە لە 9/3ڕویدا، لە بەرەبەیانی، کاتێك، ...)، هەندێکجار دەکرێ پەراوێزی دەرەکی لە ناوەڕاستی مۆنۆلۆگ یان تەنانەت ڕستەش زیادبکرێ(وەك دەزانیت، بڕیارمداوە، ...).

### 2-5-2-3.کرۆکی مۆنۆلۆگ -Monolog Nucleus:

پێویستە هەر مۆنۆلۆگێك کرۆکێکی هەبێت وەك ئەوەی لە ڕستەو دەستەواژەدا بوونی هەیە، لەو بەشەدا پێویستە (بابەت بخرێتە ڕوو یان پێشنیار بکرێت یان هۆکار و خاڵی سەرەکی لە بابەت ڕونکردنەوەی لەبارەوە بدرێت)، لە شێوەی پەرەگرافێکی تەواو بخرێتەڕوو و ئەو پەرەگرافە لە ڕستەیەك یان چەند ڕستەیەك پێکهاتبێت، کە لە مۆنۆلۆگ نیشانەی تایبەت بەخۆی دەبێت.

لە مۆنۆلۆگی گوازراوەدا، گوتارە گوازراوەکە دەکرێ خۆی وەك بەشێکی کرۆکی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و ئەو گوتنانەی دوای دەستەواژەکانی(وەك ئەوەی ئەو گوتی، وەك چۆن ئەو ئاماژەی پێدا، ...)، هەموو ئەو دەستەواژانەی ئاماژە بە گوتنی دوای خۆیان دەکەن، وەك بەشێکی پەراوێزی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.

### 3-5-2-3.ئاوتلاینOutline:

لە ئاوتلایندا، چەند جۆرێکی جیاواز لە بەدوابیەکداهاتنی پێگەیی لە گێڕانەوەکەدا[27] بوونی هەیە، کە زۆربەیجار باکگراوندی هەریەك لە ڕەگەزەکانی کات و شوێن و زنجیرەی ڕووداوەکان دەبن بە پەراوێزی دەقە گێردراوەکە، زۆربەی ئەوانەی هەوڵی دۆزینەوەی ڕۆنانی دەق دەدەن،

[27] - "پایك" مۆنۆلۆگ و گێڕانەوە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، کاتێك باس لە "مۆنۆلۆگ" دەکات نمونە بە دەقی گێڕانەوە دەهێنێتەوە.

وادادەنێن گوتنی باش ئاوتلاینی باش و خاڵی ڕونکردنەوەی باش لەخۆدەگرێت، لەگەڵ پێشەکییەك، کە بە شێوەی ڕیزبەندی بێت.

### 4-5-2-3.فلاش باك Flashback:

لە "فلاشباك"دا ڕووداوێکی دواتر لە ڕیزبەندی گێڕانەوەکەدا بەر لە ڕووداوێك پێشکەش دەکرێ ، کە زووتر ڕوویداوە لە ڕیزبەندی ڕووداوەکان. کاتێك دەگەن بە کۆتا سنووری گێڕانەوە، بۆنمونە زمانێکی وەك ئینگلیزی ڕێگە بە گێڕانەوەی پێچەوانەیی دەدات بەمەرجێك پێشەکی و کۆتاییەکی گونجاوی بۆ دابنرێ و نیشانەی گونجاو زیادبکرێ بەجۆرێك، کە ڕێگە بە گوێگر یان خوێنەر بدات هەمان ڕاستی دەربارەی ڕووداوەکان کۆبکاتەوە، ئەو پیشاندانە پێچەوانەییەی نێوان زنجیرەی ڕووداوەکان و زنجیرەی گێڕانەوەکە ئاماژەی سەرچاوەیی جیاواز و کاریگەر لە خۆ دەگرن، ( لە بابەتی سیستەمی ڕووداو و سیستەمی گێڕانەوە لە دەقدا) بەدرێژی باسیان لێوەکرا.

### 5-5-2-3.بەسەریەکەوەیی/تێکرا(سوڕی گێڕانەوە) (Overlay Cycle):

"پایك" لە گێڕانەوەدا بەراوردی هەریەك لە زمانی "پاپا گینوای نوێ" و "زمانی ئینگلیزی" دەکات، لە زمانی "پاپا گینوا"دا ڕۆنانی هێلی بریتییە لە سەراپا، کە ئەمەش بریتییە لەوەی بەشێکی بچووکی چیرۆك یان بابەتی گێڕانەوەکە پێشکەش دەکرێت لەگەڵ چوار خاڵی جەوهەری لە دەقەکە، دواتر کات بازدانێك دەدات بەرەو سەرەتا و جارێکیتر بە هەمان زەمینەدا دەڕوات، ئەوجارە ڕونکردنەوە دەربارەی هەرچوار خاڵە جەوهەرییە سەرەکییەکە دەدات، لە زمانی ئینگلیزیش کورتەی توێژینەوە یان کورتەی هەر دەقێك لە ڕاپۆرت یان بابەتێکیتری ڕۆژنامەوانی هەمان کاریگەری بەسەر یەکەوەیی هەیە، بەهەمان شێوە لەزمانی کوردیش پوختە و پێشەکی هەر نووسینێك جا بابەتی ئەدەبی یان زانستی، یان هەر نوسینێکیتر بەگشتی ڕۆڵی بەسەریەکەوەیی لە پێشکەشکردنی زانیاری تەواو دەربارەی دەقەکە دەبینێ.

### 6-2-3.گفتوگۆ -Conversation:

گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕەکان[28] لایەنی بنەڕەتی کارلێکی مرۆڤن، خزمەت بە ئامانجە جۆراوجۆرەکان دەکەن وەک هاوبەشیکردنی زانیاری، دەربڕینی هەستەکان، دروستکردنی پەیوەندی و دانوستان لەسەر ڕێککەوتنەکان و ئاڵوگۆڕی بیروڕا لە ڕێگەی زیاتر لە یەك چالاکی و کارلێکی کۆمەڵایەتی و وەڵامدانەوەدا. لە بەشی یەکەم لە بابەتی یەکەکانی هەڕەمی ڕێزمانی پێناسەی گفتوگۆکرا، بەوەی (بریتییە لە یەکە کارلێکە ئاخاوتەییەکانی نێوان دوو یان زیاتر لە دوو ئاخێوەر، کە لە ڕووی درێژی ماوە و ژمارەی یەکە گۆڕکێیەکان(ئاڵوگۆڕ/حوار)ەکانی سنووردارنەکراوە)، لەم بەشەدا باس لە بونیادی گفتوگۆ دەکەین، "پایك" ئاماژە بەوە دەکات، کە (کاتێك باس لە گفتوگۆ دەکەین، گفتوگۆ ئاخاوتنە لە نێوان دوو کەس، کە مەبەست لێی ئاڵۆگۆڕە بەتایبەتی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموو دیالۆگێکی نێوان دوو کەس یان زیاتریش گفتوگۆیە)(Pike and Pike:1982:249).

بەر لەوەی باس لە بونیادی گفتوگۆ بکەین، چەند تایبەتمەندییەکی گفتوگۆ دەخەینە ڕوو:

گفتوگۆ دەبێت چەند تایبەتمەندییەك لەخۆ بگرێت وەك:

**1-پەیوەندییکردن:**

وەك ئاماژەی پێدرا گفتوگۆ بریتییە لە ئاڵوگۆڕی زانیاری، بیرۆکە، یان هەست لە نێوان دوو کەس یان زیاتر. پەیوەندی کاریگەر لە گفتوگۆدا پێویستی بە هەردوو شارەزایی قسەکردن و گوێگرتن هەیە بۆ دڵنیابوون لەوەی، کە پەیامەکان بە تەواوی دەگات.

**2-پەیوەندی زارەکی و نازارەکی:**

مەبەست لە پەیوەندییکردن هەردوو جۆری پەیوەندییکردنی زارەکی و نازارەکییە، زۆرجار ئاماژە نازارەکییەکان ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن لە گەیاندنی هەست و هەڵوێستەکان لە کاتی گفتوگۆکاندا.

**3-گوێگرتنی چالاک:**

گوێگرتنی چالاک بۆ گفتوگۆی مانادار زۆر گرنگە. بریتییە لە تەرکیزکردنی تەواو لەسەر ئەوەی دەوترێت، تێگەیشتن لە پەیامەکە و پێدانی وەڵامی گونجاو. وەك ئەو ئاماژانەی لەکاتی گفتوگۆکردندا

---

[28] "پایك" لە باسکردنی ئاڵوگۆڕ-Exchange دەڵێت: مەرجی تێگەیشتن لە یەکەکانیتری هەڕەمی ڕێزمانی بوونی "ئاڵوگۆڕ"ێکە لەنێوان نێرەر و وەرگردا وەک گوتن و وەڵام. ئەمەش ئەو دۆخە کۆمەڵایەتییە دادەنێت کە زمان لە چوارچێوەیدا کاردەکات، و چوارچێوەیەک بۆ جیاکردنەوەی سەرەتایی چینە جیاوازەکانی پرکەرەوەی وەک ڕستە و وشە دابین دەکات.

بەکاردێت، کە هەریەك لە(جولآندنی سەر بە ئاراستەی خوارەوە بۆ ڕازیبوون، پاراستنی بەرکەوتنی چاو و وەرگێڕانی قسەکردن بۆ پشتڕاستکردنەوەی تێگەیشتن) لەخۆدەگرێت.

**4-ئاڵۆگۆڕی دید و بۆچوونەکان:**

گفتوگۆکان دەرفەتێک بۆ تاکەکان دەڕەخسێنن بۆ ئەوەی بیروبۆچوون و دیدگاکانی خۆیان لەسەر بابەتگەلی جیاجیا باس بکەن. ئەم ئاڵوگۆڕە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و داهێنان و تێگەیشتن لە دیدگا جیاوازەکان بەرهەمدەهێنێت.

**5-دروستکردنی پەیوەندی:**

بەشداریکردن لە گفتوگۆکاندا ڕێگە بە ئاخێوەران دەدات لەسەر ئاستی کەسی پەیوەندی بکەن و پەیوەندییەکان بەهێزتر بکەن و متمانە دروست بکەن. ئەزموونە هاوبەشەکان، گوێگرتنی هاوسۆزی و ڕێزگرتن لە یەکتر بەشدارن لە پەرەپێدانی پەیوەندییە کاریگەرەکان.

**6-چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان:**

گفتوگۆکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان. تەکنیکە کاریگەرەکانی پەیوەندیکردن وەک گوێگرتنی چالاک، هاوسۆزی و سازشکردن یارمەتی لایەنەکان دەدەن لە دیدگای یەکتر تێبگەن و چارەسەری پەسەندکراوی یەکتر بدۆزنەوە.

**7-دانوستان و بڕیاردان:**

زۆرجار گفتوگۆکان لە پرۆسەکانی دانوستاندا بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن یان بڕیاردان بەکاردەهێنرێن. کارامەییەکانی دانوستاندن وەکوو ڕازیکردن، سازشکردن و چارەسەرکردنی کێشەکان زۆر گرنگن بۆ بەدەستهێنانی دەرئەنجامە لەبارەکان.

**8-ڕەچاوکردنی کەلتوری:**

جیاوازییە کولتوورییەکان دەتوانن کاریگەرییان هەبێت لەسەر شێواز و نۆرمەکانی پەیوەندیکردن. تێگەیشتن و ڕێزگرتن لە جیاوازییە کولتوورییەکان زۆر گرنگە بۆ پەیوەندییەکی کاریگەر لە نێوان کولتوورەکاندا و دوورکەوتنەوە لە تێنەگەیشتنەکان.

**9-پەیوەندی دیجیتاڵی:**

لەگەڵ هاتنی تەکنەلۆجیا، گفتوگۆکان زیاتر لە ڕێگەی کەناڵە دیجیتاڵییەکانەوە ڕوودەدەن وەک ئیمەیڵ و نامە ناردنی خێرا و پەیوەندی ڤیدیۆیی. لە کاتێکدا کە پەیوەندی دیجیتاڵی گونجاوە، پێویستی بە هۆشیاری هەیە لە ئەتەکێت و ئەگەری لێکدانەوەی هەڵە بەهۆی نەبوونی ئاماژەی نازارەکی.

**10-فێربوون و باشتربوونی بەردەوام:**

بەشداریکردن لە گفتوگۆکاندا دەرفەت بۆ گەشەکردن و گەشەکردنی کەسی دەڕەخسێنێت. بیرکردنەوە لە کارلێکەکانی ڕابردوو، داوای فیدباک و پراکتیزەکردنی کارامەییەکانی پەیوەندی کاریگەر بەشدارن لە باشتربوونی بەردەوام.(بڕوانە:Sundari:2014:7 )

### 7-2-3.ڕۆنانی گفتوگۆ:

ڕۆنانی هەر گفتوگۆیەك بەشێوەیەکی گشتی چەند ڕەگەز و هەنگاوی جیاواز لەخۆ دەگرێت، لەگەڵ ئەوەی گفتوگۆکان بەشێوەیەکی دینامیکی و تایبەتمەندن، بەڵام بە گشتی گفتوگۆ پابەند دەبێت بە پێکهاتەیەکی گشتی:

**1-دەستپێکردن -Initiation:**

ئەمە قۆناغی کردنەوەیە کە بەشداربوویەک دەستپێشخەری کردنەوەی گفتوگۆکە دەکات. دەستپێکی گفتوگۆ دەتوانرێت سڵاوێک بێت، پرسیارێک، لێدوانێک، یان هەر جۆرە پەیوەندییەکی زارەکی یان نازارەکی کە ئاماژە بێت بۆ دەستپێکردنی کارلێك لەنێوان بەشداربوانی گفتوگۆکە.

**2-وەڵامدانەوە -Response:**

دوای ئەوەی بەشداربوویەکی گفتوگۆکە دەست دەکات بە گفتوگۆکردن، بەشداربوو(ەکان)یتر وەڵامی دەستپێکردنەکە دەدەنەوە، دانیپێدادەنێن و کاردانەوەیان بۆی دەبێت، لە ڕێگەی وەڵامەوە بەردەوامی بە گفتوگۆکە دەدەن، ئەم وەڵامە ئاوازەیەك دەبێت بۆ بەردەوامی کارلێکەکە. (ئەمەش لە ڕێگەی ئەو هێزە ناوەکییەیە، کە بە "هێزی ناوەکی ئاراستەکەر Dynamic Vectors of Experience"ناسراوە لە بەشی یەکەم لە بابەتی(چالاکی ئاخاوتن بیرۆکەی وروژاندن - وەڵامدانەوە)باسی لێوەکراوە.

**3- ئاڵوگۆڕی زانیاری یان بیرۆکە-Exchange of Information or Ideas:**

بەشداربووان بەشداری لە بەشی سەرەکی گفتوگۆکەدا دەکەن، کە تیایدا زانیاری و بیرۆکە ئاڵوگۆڕ دەکەن، بۆچوونەکان دەردەبڕن، پرسیار دەکەن، وەڵام دەدەنەوە. ئەم قۆناغە زۆرجار پەیوەندی نۆرەبەندی تێدایە چونکە بەشداربووان بە نۆرە قسە دەکەن و گوێ دەگرن.

**4-ڕوونکردنەوە و درێژەدان بە بابەت-Clarification and Elaboration:**

بە درێژایی گفتوگۆکە، بەشداربووان دەتوانن بەدوای ڕوونکردنەوە یان درێژەی بابەت بگەڕێن لەسەر هەندێک خاڵ بۆ دڵنیابوون لە لێکتێگەیشتنی زیاتر. ئەمەش دەکرێ پرسیاری بەدواداچوون، پێشکەشکردنی نمونە، یان دووبارەداڕشتنەوە بۆ پشتڕاستکردنەوەی تێگەیشتن لەخۆبگرێت(Headland:1990:35).

**3-2-8.دیالۆگ Exchange/ Dialog:**

لە بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیەدا لە بابەتی(هەرەمی ڕێزمانی یەکە زمانییەکاندا)ئەم یەکە زمانییانە خرانەڕوو، کە "پایك" باسی لێوەکردبوون و پێناسەی دیۆلۆگ لەلایەن "پایك"ەوە لەم هەرەمەدا بەم جۆرە خراوەتەڕوو: (بەکارهێنانی بچووکترین یەکە لە ئاخاوتنی کارلێکە کۆمەڵایەتییە زارەکییەکان(بەرکەوتە ئاخاوتەییەکان)، بریتی دەبێت لەیەك ئاخاوتن لەکەسێکەوە لەپاڵ دووبارەبوونەوەی بەرکەوتەکان لەلایەن کەسێکیترەوە).

بۆ ڕونکردنەوەی زیاتری هەرەمی ڕێزمانی و هەرەمی سەرچاوەیی لە تیۆری چێوەڕێژەکاندا لەخوارەوە شیکردنەوەی ڕێزمانی بۆ چەند نمونەیەك بە هێلکاری درەختی و یاساکانی نووسینەوە دەخرێنەڕوو:

**3-2-9.نمونەی یەکەم:**

**(بەشێك لە گفتوگۆی نێوان پەیامنێر و هاووڵاتییەکی شاری غەززە):**


**پەیامنێر: شەوی ڕابردوو چی ڕوویدا؟**

**هاووڵاتی: ئێمە لەخەودابووین، کاتێك هێزەکانی ئیسرایل بەچڕی نەخۆشخانەکەیان بۆردومان کرد و ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی لە نەخۆشخانەکەدا بوون بوون بە قوربانی.**

هەر قالبێکی واتایی، کە مەبەست لێی هەرەمی سەرچاوەیی پێکهاتە زمانییەکانە، وەك لە بەشی یەکەم لە بابەتی (هەرەمی سەرچاوەیی) باسی لێوەکرا، لە ڕووداوێکی سەرەکی(کرۆکی) پێکدێت و

چەند ڕووداوێکیتری لاوەکی لە خۆ دەگرێت، ڕووداوی سەرەکی لەم ئاخاوتنەی سەرەوە بریتییە لە(کوژرانی ژمارەکی زۆر لە هاووڵاتییانی شاری غەززە لە لایەن هێزەکانی ئیسرایل)ەوە، ئەم ڕووداوەش لە چەند روداوێکیتری بچووک(لاوەکی پێکهاتووە، وەك (هاووڵاتییان لە خەودابوون، هێزەکانی ئیسرایل نەخۆشخانەکەیان بۆردومانکرد، ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتییان لە نەخۆشخانەکەدابوون، لە ئەنجامی هێرشەکە ئەو ژمارە زۆرەی هاووڵاتیان کوژراون)، لەخوارەوە لەچوارچێوەی بیرۆکەی چێوەڕێژی دەق هێلکاری درەختی شیکردنەوەی هەڕەمی واتایی بۆ ئەو دەقە کراوە بڕوانە وێنەی(3-2):

**(3-2)** بریتییە لە هێلکاری شیکردنەوەی ڕۆنانی هەڕەمی سەرچاوەیی و ڕێزمانی یەك گفتوگۆ، کە بە ڕێگایەکی کلاسیکی ڕونکراوەتەوە و بریتییە لە هێلکاری درەختی لەگەڵ ئەو بەشانەی لە ڕێگەی چوار تایبەتمەندییەکەی تیۆری چێوەڕێژەکان ناونراون.


Context not stated
1)Conversation(A-D)
3) Social background controlling personal reference
1)Margin
3)Respons
1)Nucleus
3)Initiati
2)Interrogative sentence(A)
4)control of time and personal reference
4)Tense and personal Reference controlled
1)Margin
3)Result
1)Margin
1)Nucleus
3)Topic
Complex sentence (B)
2)Intransitive Clause and sentence(D)
2)Dependent Clause (Bb)
4) Tense Controlled
1)Margin
1)Pre-Margin
3)Time
3)Statemen
1) Nucle
2)Conjunction
4) ---
2)Active Transitive Clause root(Bbii – iv)
4)Tense and Person controlled
2)Conjunction Bbi
4)Tense Controlled
2)Transitive Clause (Ba)
4)Tense Controlled
1)Subject
3)Actor
2) Count Noun phrase
4)controls number
1)Predicate
3)Stateme
3)Undergo
1)Object
3)Undergoer
Adjunct
2)Active transitive verb phrase
4)tense and person controlled
2)Count Noun phrase
4)Controls number
2) Prepositional phrase
4) Indirect Object
(D) ژمارەکی زۆر لەو کەسانەی، کە لە نەخۆشخانەکەدا بوون بوون بە قوربانی
(C) و
Bbiv بۆردومان کرد
Bbiiii نەخۆشخانەکەیان
بە چڕی Bbiii
Bbii هێزەکانی ئیسرایل
Bbi کاتێک
Ba ئێمە لەخەودا بووین
A شەوی رابردوو چی روویدا؟

ئەو هێلکارییە درەختییەی سەرەوە، کە بە پێڕەوی چێوەرێژی نەخشەکێشراوە و بەشەکانی ناونراون، پلەبەندی هەرەمی پیشان دەدات بە لەخۆگرتنی ڕۆنانە ڕێزمانییەکان وەك پێکهاتەیەکی راستەوخۆ لە ڕۆنانیکی گەورەتردا، ژمارە(1) بۆ چاڵی(پێگە) دانراوە، لە باڵاترین یەکەی لقەکانی درەختەکەدا بۆ ئاماژەکردن بەوەی کامە یەکە کرۆکییە و کامە یەکە پەراوێزییە، ئەمەش تایبەتمەندیی شەپۆلی ئەو یەکانەیە لە ڕۆنانە گشتییەکەدا، لەژێر هەمان لقدا ژمارە (3) ئاماژەیە بۆ ڕۆڵی ئەو یەکەیە بە پەیوەندیی لەگەڵ یەکەکانیتری هەمان ڕۆنان، کە بە ئەرکی ڕێزمانیش ناسراوە، لە خاڵی بەیەکگەیشتنی لقەکان(نۆدەکان)، پۆل و دەقبەستی ئاماژەیان پێدراوە پۆل ژمارە (2)ی بۆ دانراوە، کە بریتییە لە ناونانی ئەو یەکانەی چاڵە ئەرکییەکە پڕدەکەنەوە، لەگەڵ دەقبەستی کە ژمارە(4)ی لەهەمان خاڵی بەیەکگەیشتندا بۆ دانراوە و بریتییە لە و ئاماژەکردنانەی هەندێکجار لە نێو کەوانەکاندا لەشێوەی پێشنیارێک دەدرێت سەبارەت بە تایبەتمەندی کۆنترۆڵکردن یان کۆنترۆڵکراو لە پەیوەندی لەگەڵ یەکەکانیتری هەمان ڕۆنان یان لەئاستی جیاوازی هەرەمی ڕێزمانی لەهەمان پێڕەودا.


بەهۆی سنووردداربوونی شوێن لەم هێلکارییەدا، تەنها شیکردنەوە بۆ پێکهاتە راستەوخۆکانی ئەو ڕۆنانە ئاماژەییان پێدراوە و شیکردنەوەی ڕستەکان و پێکهاتەی فرێزەکان لە سنووری هەرەمی ڕێزمانیدا لە لاپەڕەکانی دواتر بە هێلکاری جیاواز نوێندراون، بڕوانە هەریەك لە وێنەکانی(3-17 ) و (3-18) و (3-19) .

لە سەرەتای هێلکارییەکەدا ڕیزبەندی گفتوگۆکە بۆ پێکهاتە راستەوخۆ و یەك لەدوای یەکەکان دابەشکراوە، سەرەتا لە لای چەپی سەرووی هێلکارییەکەدا هێڵێکی خاڵدار هەیە ئاماژە بەوە دەکات ئەو گفتوگۆیە بەشێکە لە هەڵوێستێکی(دەقێکی) گەورەتر لە گفتوگۆکە خۆی، لە بەشی خوارەوەی دێری یەکەم لە لای راستدا لە (A-D) گفتوگۆ سەرەکییەکە پێشکەش کراوە، کە دابەش بووە بۆ دوو لقی سەرەکی لەلای راست ڕستە پرسەکە هێمای (A)ی بۆ دانراوە و وەڵامەکە هێمای (B-D)ی بۆ دانراوە، لەگەڵ ناونانی بەشەکان بۆ ئاماژەکردن بە هەموو پێکهاتەکانی ئەو گفتوگۆیە، بەدرێژایی هەر هێڵێك لە سەرووی هێڵەکان ژمارە (1) بۆ ئاماژەکردن بە "پێگە" و ژمارە(3) لەخوارەوەی هێڵەکە بۆ ئاماژەکردن بە ڕۆڵی پیکهاتەکان دانراوە، بۆنمونە لە سەرەوەی دێری یەکەم لە هەنگاوی دووەمی شیکردنەوەکەدا لەلای راست ڕستە پرسەکە بە(کرۆك) دانراوە و ڕستەی وەڵام بە (پەراوێز)ی گفتوگۆکە دانراوە، لە کۆتایی هێڵەکە لەبەشی خوارەوەی لێك جیابوونەوەی لقەکان، هەر نۆدێك هەریەك لە "پۆل" بۆ ناونانی پێکهاتەکان و "دەقبەستی" بۆ ئاماژەکردن بە بابەتی سەرەکی لە پێڕەوی کۆمەڵایەتی زمانیدا بوونی هەیە، دواتر وەڵام(مۆنۆلۆگ)ەکە سێ لقیتری لێبۆتەوە، هێماکانی (B)و(C)و(D)یان بۆ دانراوە، ڕستە ئاڵۆزەکە(ئێمە لەخەودابووین، کاتێك هێزەکانی ئیسرایل بە چڕی

نەخۆشخانەکەیان بۆردومانکرد) بەشی"کرۆکی" گفتوگۆکە دەنوێنێ و هەریەك لە ئامرازی لێکدەری(و) و ئەنجامی کردەوەکە(ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی لە نەخۆشخانەکەدابوون بوون بە قوربانی) بەشی "پەراوێز"ی گفتوگۆکە دەنوێنن، دواتر هەر بە هەمان پێڕەوی شیکردنەوە ڕستە ئاڵۆزەکە بۆ چەند ڕستە و پاڕستە و پێکهاتەی فرێزە جۆراوجۆرەکان شیکراوەتەوە، کە هێمای(Bb)بۆ شاڕستەکە دانراوە و بە بەشی کرۆکی ڕستەکە ئاماژەی پێ کراوە، هێمای(Ba)ی بۆ بەشی پاڕستەکە دانراوە و بە پەراوێزی ڕستەکە ئاماژەی بۆ کراوە، بە پشت بەستن بە بیرۆکەی شەپۆڵەکان لە "تیۆری چێوەڕێژەکان"[29]دا، دیاریکردنی ڕۆڵی ڕێزمانی و دەقبەستی بۆ ئاماژەکردن بە ڕێککەوتنی کەس و ژمارە و ڕیزبەندی و کاتی ڕووداوەکان لە نێو دوو کەوانەدا، دابەشی چەند لقێك( ,Bbi, Bbii, Bbiii Bbiiii,Bbiv)ی کراون، بە گوێرەی ئەرکی ڕێزمانی هەریەك لە پێکهاتەکان لە پێگە ئەرکیە جۆراوجۆرەکانی ڕستەکەدا.


3- بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی دیاریکردنی چەقی شەپۆڵ و بەشی (کرۆك) و (پەراوێز)ی لە پێکهاتە زمانییەکان بە گشتی و ڕستە و دەق بە تایبەتی بڕوانە بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە، بابەتی (چەمکی ئامراز و شەپۆڵ لە ڕوانگەی تیۆری چێوەڕێژەکاندا)، و بابەتی (هەڕەمی سەرچاوەیی لە ژێر ڕۆشنایی بیرۆکەی شەپۆڵ) لە بەندی یەکەمی ئەم بەشە.


هێزەکانی ئیسرایل نەخۆشخانەکەیان بۆردومانکرد.





(3-3) شیکاری کلۆزێکی سادە بە ڕێگەی هێلکاری درەختی لە چوارچێوەی تیۆری چێوەڕێژەکاندا.


شەوی رابردوو چی روویدا؟






(4-3) شیکاری کلۆزێکی پرسیاری به ڕێگەی هێلکاری درەختی لە چوارچێوەی تیۆری چێوەڕێژەکاندا.





Marginal
Complement
Predicate
Nucleus
CM Loc
CNN
Article
قوربانی
به
Passive V
بوون
cl-stat
Verb
بوون
Loc
NP
suff
که
N
خانه
نەخۆش
Article
لە...
Conjuction
که
Marginal
Article
Marginal
Loc
Article
ی
AV
Propositional Phrase
NP
suffex
ان
Count N
کەس
article
ئەو ...ە
Article
لە
Speci
CNP
PW
Modi
زۆر
Articl
ی
CNP
ێك
ژمارە

(5-3) شیکاری کلۆزێکی ئاڵۆز بە ڕێگەی هێلکاری درەختی لە چوارچێوەی تیۆری چێوەڕێژەکاندا.

**11-2-3.نمونەی دووەم:**

**(چاوپێکەوتنی کچە پەیامنێرێك لەگەڵ ئافرەتێکی خاوەن خواردنگە)(1)**

لە ئێوارەیەکی ساردی زستاندا ئافرەتێك لەنێو خواردنگەکەی خەریکی خواردن دروستکردنە (2)، لەو کاتەدا پەیامنێری یەکێك لە کەناڵە کوردییەکان دێت بۆ ناو خواردنگەکە، و دەپرسێت(3): سڵاو خاتوون ئەوە خەریکی چیت؟(4)) (ئافرەتەکە وەڵامی دایەوە): (من خاوەنی ئەم خواردنگەیەم خەریکی دروستکردنی خواردنێکی کوردەواریم(5)، دروستکردنی ئەو خواردنانە لە دایکمەوە فێربووم(6)، ئەو خواردنە ناوی کەلانەیە(7)، خواردنێکیتریش دروست دەکەم ئەویش ئەستورك بە ئاردە ساوارە(8)، پێشتر ئەو خواردنانەت خواردووە؟ (ئافرەتەکە لە پەیامنێرەکەی پرسی)(9)، خەڵکی زۆر کەم دەربارەی ئەو خواردنە دەزانن(10)، (کچە پەیامنێرەکە گوتی): نەخێر پێشتر نەمخواردوون(11)، کچە پەیامنێرەکە پارچەیەك لە کەلانەکەی هەڵگرت و خواردی(12)، پەیامنێرەکە خواردنەکەی زۆر بەدڵ بوو(13)، ئافرەتەکە کە دیتی کچە پەیامنێرەکە خواردنەکەی بەدڵە فەرمووی لێکرد ئەستورکەکەش تاقیبکاتەوە(14)، کچە پەیامنێرەکە دوای ئەوەی خواردنەکانی خوارد، داوای لە ئافرەتەکە کرد شێوازی دروستکردن و پێکهاتەکانی ئەو خواردنەی بۆ باس بکات(15)، ئافرەتەکە بە وردی باسی پێکهاتە و شێوازی دروستکردنی هەردوو جۆر خواردنی بۆ کچە پەیامنێرەکە کرد(16)، کچەکە دەستخۆشی لە ئافرەتەکە کردوو و هیوای بەردەوامی و سەرکەوتنی بۆ خواست(17)، ئافرەتەکە خۆشحاڵی خۆی بە هاتنیان دەربڕی و دوای ماڵئاوایکردن لە یەکتر کچە پەیامنێرەکە خواردنگەکەی جێهێشت(18).


PostMar
Narration
PreMar
BICIRt
Closure
Nucleus
Title
NP
Interaction
story
Nuc
Cluster
Interac
PreMar
Nuc
Mar
Intrac
Loc
BICIRt
ResE
Nuc
Cmnt
Ini
ResEX
Nuc
Social Space/Problem
PreMar
Mar
Mar
Ini
Conver
Res
Nuc
Nuc
Alternate Sent
Res
P
Clstr
Clstr
Interac
Interac
ResEX
ResEX
Mar
Nuc
Ans
Quest
Nuc
Action
Sent
clstr
Nuc
Initation
Monolog
Reprt
Split
Mono
Reprt
Mono
SpCIR
t
Marg
Cmnt
Decl
Sent
Marg
Response
CIRT

**(6-3)** هێلکاری شیکردنەوەی ڕۆنانی هەرەمی واتایی و ڕێزمانی دەقێکی گێڕانەوە، کە بە ڕێگایەکی کلاسیکی ڕونکراوەتەوە و بریتییە لە هێلکاری درەختی لەگەڵ ئەو بەشانەی لە ڕێگەی چوار بنەماکەی تیۆری چێوەڕێژەکان ناونراون.

هەر چێوەیەکی سەرچاوەیی، کە مەبەست لێی هەرەمی سەرچاوەیی پێکهاتە زمانییەکانە، وەك لەمونەی یەکەم ئاماژەی پێدرا، لە ڕووداوێکی سەرەکی(کرۆکی) پێکدیت و چەند ڕووداوێکیتری لاوەکی لە خۆ دەگرێت، ڕووداوی سەرەکی لەم گێڕانەوەیەی سەرەوە بریتییە لە (دەرخستنی توانای ئافرەتان لە جێبەجیکردنی ئەرکی سەرشانیان و بەشداریکردنیان لە ڕاپەڕاندنی ئەرکە جیاجیاکان لە کۆمەڵگا)ەوە، ئەم ڕووداوەش لە چەند روداوێکیتری بچووك(لاوەکی پێکهاتووە، وەك (گفتوگۆی نێوان پەیامنێر و ئافرەتەکە)، لەخوارەوە لەچوارچێوەی بیرۆکەی چێوەڕێژی دەق هێلکاری درەختی شیکردنەوەی هەرەمی واتایی بۆ ئەو دەقە کراوە بڕوانە وێنەی(6-3).

وەك لە هێلکارییەکە دەردەکەوێت، سەرەتای گیرانەوەکە بە ناونیشانی دەقەکە دەست پێدەکات، کە چێوەیەکی لاوەکییە بە چێوەی لاوەکی سەرەتا ناسراوە(1)چاوپێکەوتنی کچە پەیامنێرێك..." کۆتایی گیرانەوەکەش بە چێوەیەکی لاوەکی کۆتا ناسراوە(18)ئافرەتەکە خۆشحاڵی خۆی...، لەو نێوەندەدا چێوە سەرەکییەکە هەیە، کە بریتییە لە کارلێکی سەرەکی نێوان هەردوو بەشداربووی ڕووداوەکە، کە چیرۆکە سەرەکییەکە لەخۆ دەگریَ، کە بەهەمان شێوەی دەقە سەرەکییەکە لە دەستپێکی چیرۆکەکە و کۆتایی چیرۆکەکە پێکهاتووە، دەستپێکی چیرۆکەکە بریتییە لە دوو چێوەی لاوەکی، کە وەك دەروازەیەك بۆ چوونە ناو گیرانەوەی چیرۆکە سەرەکییەکەن، چێوەی سەرەکیش لەو پێکهاتەیەدا، کە لە دوو چێوەیتر پێکهاتووە دابەشی سەر دوو هێل بووە لە درەختەکەدا و چێوەیەکی لاوەکی وەك کۆتاییهێنان بە چیرۆکەکە و چێوەیەکی سەرەکی کە بریتییە لە دوو گفتوگۆی نێوان هەردوو بەشداربوو لەخۆ دەگریَ، گفتوگۆی یەکەم بە پرسیرێك دەست پێدەکات لە لایەن کچە پەیامنێرەکە(4)خاتوون ئەوە خەریکی چیت؟ لایەن خاوەنی خواردنگەکە بە مۆنۆلۆگێك وەڵامی دەدرێتەوە(5، 6، 7 و 8) لەخۆ دەگرێت، دواتر گفتوگۆی دووەم بە پرسیارێك لەلایەن ئافرەتی خاوەنی خواردنگەکەوە بە پرسیارێك و ڕونکردنەوەیەکی زیاتر دەربارەی پرسیارەکەی یەك لە دوای یەك دەست پێدەکات(9)ئەو خواردنەت خواردووە؟ (10)خەڵکی زۆرکەم دەربارەی ئەو جۆرە خواردنانە دەزانن. لە نۆدی سەرەکی چێوەی چیرۆکەکە لەلای چەپەوە دوو چێوەیتری لاوەکی هەن، کە وێناکردنی ڕووداوەکانی چیرۆکەکە لە خۆ دەگرن و کارلێکی نێوان هەردوو بەشداربوو دەخاتە ڕوو، کە "پایك" وەك بەشێکی گرنگی هەر ڕۆنانێکی گێڕانەوە بە (Exchange)ناوی دەبات، و ئەو ئاڵوگۆڕانە بە ئاڵوگۆڕی کۆتایی ناسراون(Clouster/Cluser)، کە لە شیکردنەوەکاندا کورتکراوەی (Clstr)ی بۆ بەکارهێناوە و دەڵێت: ( ئەو جۆرەی کۆتاییهێنان بە داخستن بریتییە لە داخستنی ڕەفتاری، ئێستا دەمانەوێت بپرسین

بۆچی کەمترین مۆنۆلۆگی دەستپێکردن و کەمترین مۆنۆلۆگی وەڵامدانەوە(کۆتاییپێهێنان) دەبێ بەیەکەوە لێکبدرێن؟، هەرچەندە بە شێوەیەکی جیاکەرەوەن لە پۆلی ڕۆنانەکەوە. هۆکارەکە، پێمان وایە، ئەوەیە کە هەردووکیان پێکهاتەیەکی تەواوکردن یان داخستنی "مەبەست" یان تێدایە، کە دەبێت بە شێوەیەکی ئاماژەیی پێناسە بکرێت)(Pike and Pike:1982:150).

قسەکەر، لە ڕستە دابڕاوەکەدا، هەم ئامانجی ڕەفتاری خۆی دەستپێکردووە و هەم تەواو کردووە کە هەوڵدەدات یان هەندێک زانیاری بدات کە پەیوەندی بە بەشداربووانەوە هەیە (واتە لێدوانێک)، یان پرسیارێک بکات، یان فەرمانێک بدات، یان وەڵامێک لەگەڵ بدات سەرنج، زانیاری، یان پابەندبوونی زارەکی (یان نازارەکی).

## 13-2-3.پارافرێز لە "تیۆری چێوەڕێژەکان"دا:

وەك لەبەشی یەکەم لە بابەتی(ڕۆنانی ڕێزمانی و سیستەمی گێڕانەوە)دا، ئاماژەی پێدرا، تیۆری چێوەڕێژەکان جەخت دەکاتە سەر تێگەیشتن و شیکردنەوەی زمان لە چوارچێوەی پەیڕەوی گەیاندن و گرنگیدان بە پێکهاتەی زمان و پەیوەندیی بە واتاوە لەگەڵ تەرکیزکردنە سەر کارلێکی نێوان فۆڕم و ئەرك، "پایك" ئەم جیاوازییەی نێوان (فۆڕم و واتا) دەبەستێتەوە بە(فۆڕم و واتای ڕێزمانی و فۆڕم و واتای سەرچاوەیی هەرچی پارافرەیزە لە ڕوانگەیەکیترەوە (بریتییە لە چەمکێکی زمانەوانی، کە دووبارە داڕشتنەوەی رستە و دەق لەخۆدەگرێت لەگەڵ پاراستنی واتای سەرەکی هەر یەکەیەك)، لە خوارەوە پەیوەندیی تۆری چێوەڕێژەکان بەدووبارە داڕشتنەوە لەچەند خاڵێك کورت دەکەینەوە(Betti:2022:3):

<u>**شیکردنەوەی ڕۆنانی:**</u>

لە تیۆری چێوەڕێژەکاندا، پێکهاتەی زمانی بۆ چەند ئاستێکی ڕۆنانی شیدەکرێتەوە، وەك دەنگەکان، مۆرفیمەکان و پێکهاتەی ڕستەکان، کە هەموویان بەیەکەوە بەشداردەبن لە گەیاندنی واتای گشتی ڕۆنانەکە، دەکرێ دووبارە داڕشتنەوە بە جۆرێك لە شیکردنەوەی ڕۆنانی دابنرێت، لەبەرئەوەی بریتییە لە پارچەکردنی ڕستە و دەق بۆ یەکە پێکهاتەکان و دواتر دووبارە داڕشتنەوەیان بە ڕێگەی جیاواز بەبێ گۆڕانی واتا.

<u>**گرنگی ئەرك لە شیکردنەوەی زمانیدا:**</u>

تیۆری چێوەڕێژەکان جەخت دەکاتە سەر پەیوەندیی شێوە و ئەرك یان واتا و مەبەست لە بەکارهێنان لە پەیوەندییکردندا، دووبارە داڕشتنەوەش بەهەمان شێوە واتای سەرەکی ڕستەکە دەپارێزێ

لەگەڵ گۆڕینی شێوەکەی، ئەوەش پەیوەستە بە پەیوەندیی شێوە و واتا یان ئەرك، كە چەمكی سەرەكی تیۆری چێوەڕێژەکانە.

**پراگماتیك:**

تیۆری چێوەڕێژەکان بنەماکانی پراگماتیکی لەخۆگرتووە، بەوەی مامەڵە لەگەڵ چۆنییەتی کاریگەری سیاق و فاکتەرە نازمانییەکان دەکات لەسەر شیکردنەوەی زمان، بەهەمان شێوە پارافرەیز لە ژێر کاریگەری پراگماتیکدایە، لە هەڵبژاردنی وشە و ڕێگای دووبارە دارشتنەوەی دەربڕینەکان، پشت بەو سیاقە دەبەستیت، کە تیایدا بەکاردێت، ئەمەش لایەنی پراکتیکی بەکارهێنانی زمان دەردەخات.

**چێوەی جۆراوجۆر:**

تیۆری چێوەڕێژەکان دان بە بوونی چێوە و ئاستی جۆراوجۆر دادەنێت لە شیکردنەوەی زمانیدا، دووبارە دارشتنەوەش دەکرێ گواستنەوە لەنێوان ئەو ئاستە جیاوازانە لەخۆ بگرێت، بۆنمونە لەوانەیە گۆڕانی ڕۆنانی ڕستەیەك یان دووبارە ریزکردن یان گۆڕین لەنیوان هاوواتاکان لەخۆ بگرێت، ئەو لایەنانە بەگشتی لەگەڵ تیۆری چێوەڕێژەکان یەکدەگرنەوە لە شیکردنەوەی ڕۆنانە زمانییە جیاجیاکاندا.

**پەیوەندییکردن و تێگەیشتن:**

هەریەك لە تیۆری چێوەڕێژەکان و دوبارە داڕشتنەوە بە شێوەیەکی سەرەکی گرنگی بە گەیاندن و تێگەیشتن دەدەن، تیۆری چێوەڕێژەکان گرنگی بە چۆنییەتی شیکردنەوەی ڕۆنانی زمانی دەدات بۆ گواستنەوەی واتا، لە کاتیکدا دوبارە داڕشتنەوە ئامراز و ڕێگایەکە بۆئاسانکردن و تێگەیشتنی باشتر بەکاردێ لە ڕێگەی دووبارە داڕشتنەوەی ناوەڕۆك بەشێوازێك، کە ئاسانترین و باوترین بێت بۆ وەرگر.

بەکورتی بەیەکداچوونێك هەیە لەنێوان تیۆری چێوەڕێژەکان و دووبارە داڕشتەوەدا لە ڕێگەی تەرکیزکردنی هاوبەش لەنێوان ڕۆنانی زمان و ئەرك و واتادا، تیۆری چێوەڕێژەکان چوارچێوەیەکی تیۆری دابیندەکات بۆ تێگەیشتن لەنێوان شێوە و ئەرك بۆ زمان، دووبارە داڕشتنەوەش ڕێگایەکی زمانی زانستیە دەکرێ بۆ شیکردنەوەی زمان بۆ ئاستی ڕۆنانی جیاواز بەکاربێت لەگەڵ پاراستنی واتا و مەبەستی سەرەکی ڕۆنانەکە و هەردوو چەمکەکەش یارمەتیدەرن بۆ تێگەیشتنی قوڵتر لە چۆنییتی ئیشکردنی زمان لە پەیوەندییکردندا (Becker:1965:176).

# ئەنجام و پێشنیاز

## ئەنجام و پێشنیاز:

1- تیۆری چێوەڕێژەکان بریتییە لە پێرەوێکی شیکردنەوە، لەچاو تیۆرەکانیتری ڕەفتارگەرایی گەشەی پێدراوە، بۆ ئەوەی تەنیا زمان شینەکاتەوە، بەڵکو هەموو ڕەفتارەکانیتری مرۆڤ شیبکاتەوە، بەواتای ئەوەی مامەڵە لەگەڵ زمان دەکات وەکو بەشێك لەگشت، و ناکرێ لە سیاقی ڕۆشنبیری ئەو نەتەوەیە داماڵێنرێ.

2- ئەوەی ئەو تێزە لە شیکردنەوەی بونیادی دەق لە "تیۆری چێوەڕێژەکان"ەوە پێی گەیشتووە ئەوەیە، کە یەکەی "چێوە" بەدوای "چاڵ و ئەرك"دا، دەگەڕێت، "تیۆری چێوەڕێژەکان" گریمانەی ئەوە دەکات، کە چەند جۆرێکی دیاریکراو لە دەق و ئاخاوتن هەن، تەنانەت لە دەقێکدا چەندەها گوتار و ئاخاوتنی جیاواز بوونیان هەیە، ئەوەی "تیۆری چێوەڕێژەکان" دانی پێدادەنێت بوونی دیاردەی دووبارەبوونەوەی پێکهاتە لەناو پێکهاتەیە لە ئاستی دەق و گوتاردا، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێ، کە لەناو دەقێکی شیکاریدا گێڕانەوە بوونی هەبێت یان لە دەقێکی گێڕانەوەدا جۆرێك لە شیکارکردن بوونی هەبێت، لە دیالۆگدا ئاخاوتن و لە گێڕانەوەدا دیالۆگی جۆراوجۆر، گفتوگۆ و مۆنۆلۆگی تایبەت بوونی هەیە.

3- دیاریکردنی چەقی شەپۆڵ لە تیۆری چێوەڕێژەکان، بۆ چێوەی فۆنۆلۆجی دەست نادات بە تایبەت ئەگەر لە یەك دەنگ پێکهاتبێت، بۆنمونە لەوانەیە سەرەوای شیعرێك، تاکە دەنگێك بێت و لەهەمان کاتدا تاگمیمێك بنوێنێت و ئەرکێکی ڕێزمانی ببینێت لە چوارچێوەی دەقە شیعرییەکەدا.

4- ئەوەی شایەنی باسە "پایك" لە دیاریکردنی چەقی شەپۆڵ لە زنجیرەی واتاییدا ئاماژەی بە ڕێبازی مێژوویی و ڕێبازی ئێستایی نەکردووە، هەرچەندە کە ئەمە تاکە ڕێگایە بۆ ناسینەوەی واتای فەرهەنگی لە واتای دەوروبەر لە زۆر لە وشەکاندا، بەهەمان شێوە بیرۆکەی چێوە بۆ وشە فرەواتاکانیش جێبەجێ نابێت بەبێ پشت بەستن بە ڕێبازی ئیتیمۆلۆجی و وەسفی شیکاری لە بڕیاردان بۆ دیاریکردنی چەقی شەپۆڵەکە، بەڵام بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە دیاریکردنی واتای کرۆکی و واتای پەراوێزیدا ئاماژە بەوە دەکات، ك واتای کرۆکی لە تەمەنێکی زوتر فێری دەبین، و بەکارهێنانەکانی زیاترە وەك لە واتای پەراوێزی هەروەها واتای پەراوێزی دوای واتای کرۆکی دێت.

5- "پایك" لە دیاریکردنی چەقی شەپۆڵ و پەراوێزی بەرایی و پەراوێزی کۆتایی لە ڕستەدا پشت بە زانیاری هاوبەشی نێوان ئاخێوەران دەبەستێ نەك یاسای ڕیزبوونی ئەندازەیی ڕستە لەو زمانەدا، کەواتە کامە کەرەستە گرنگترە بەگوێرەی زانیاری ئاخێوەران و مەبەستی ئاخاوتنەکە

ئەو دەبێتە چەقی شەپۆڵەکە، ئەمە جگە لەو دەوروبەرەی دەوری ئاخاوتنەکە دەدات، ئەم بۆچوونەش زیاتر لەتیۆر و بۆچوونەکەی (ڤان ڤالین) بەناوی ڕێزمانی ڕۆڵ و ئاماژە، وەرگیراوە و گەشەپێدراوە،

6- "پایك" دیاریکردنی چەقی شەپۆڵ و پەراوێز لە ڕستەی لێکدراو ڕوون ناکاتەوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە، "پایك" لە دیاریکردنی یەکەکانی هەرەمی ڕێزمانیدا، چەمکی ڕستە تەنیا بۆ ڕستەی سادە بەکاردەهێنێت و لە شیکردنەوە ڕێزمانییەکانی تیۆری چێوەڕێژەکاندا ڕستە ئالۆزەکان وەك دەق لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت، هەروەها دیاریکردنی چەقی شەپۆڵ و پەراوێز، لە ڕستە و دانەی گەورەتر لە ڕستەدا پەیوەستە بە (سیاق)ەوە.

7- " پایك" لە دیاریکردنی یەکە زمانییەکاندا گرنگییەکی زۆر بە یەکەی(ئاڵوگۆڕ)دەدات، کە ئەمەش لای زمانەوانە دێرینەکان ئەو گرنگییەی پێنەدراوە، بۆیە ئەو رستانەی جۆرێکن لە وەڵامی ڕستەی پێش خۆیان، کە بە ڕستەی کرتێندراوی یەك لایەنە ناسێنراون، پایك" ئەو جۆرەی ڕستە بە وەڵامی ڕستەی پێش خۆی دادەنێت و وەك بەشێك لە ئاڵوگۆڕی نێوان دوو هاوبەشی ئاخاوتنیان دادەنێت.

8- "پایك" زۆر بە کورتی ئاماژەی بە واتای "ئیدیۆم" کردووە و لە دیاریکردنی چێوەی کرۆکی و چێوە پەراوێزییەکان ئەو نمونانەی شیکردنەوەی بۆ کردوون نمونەی "ئیدیۆم"ی تێدا نییە، و بەوجۆرە پێناسەیان دەکات، (ئەو گوزارشتانەن واتا گشتییەکەیان بریتینییە لە کۆی واتای پارچە پێکهێنەکانیان).

9- لە بابەتی هاوبەشیکردنی سەرچاوەییدا " پایك" لە ڕێگەی کارلێکی نێوان یەکە دەنگییەکان لە سنووری ڕستەدا دووبارە جەخت لە بوونی سێ لایەنەی (فۆنۆلۆجی، ڕێزمان، واتا)دەکاتەوە.

10-"پایك" لەچوارچێوەی گرنگیدان بە چێوەی سەرچاوەیی لە شیکردنەوەی دەقدا ئاماژە بە گرنگی مەبەستە پراگماتیکییەکان لە بەکارهێنانی زمان لە پەیڕەوی گەیاندندا دەکات.

**پێشنیاز:**

پرۆگرامی (پێرل/perl)، کە کورتکراوەی ( Practical Extraction and Reporting Language)ە، برتییە لە زمانێکی پرۆگرامسازی ئاست بەرز، کە سەرەتا بەمەبەستی شیکردنەوە و پرۆسێسکردنی دەق دامەزراوە، بەڵام ئێستا بۆ زۆر مەبەستی فراوان وەك: (پەرەپێدانی وێب، بەڕێوەبردنی پێڕەو و پرۆگرامی تۆڕ)بەکاردێت، دەکرێ سوود لە هەندێك لە

بنەما و بۆچوونەكانی تیۆری چێوەڕێژەكان وەربگیرێت لە شیكردنەوەی دەق لە چوارچێوەی ئەو پرۆگرامە بە تایبەتی بیرۆكەی ڕیزبوونی هەرەمی بۆ یەكە زمانییەكان و پەیوەندی نێوانیان و تایبەتمەندیی یەكە زمانییەكان لە جێبەجێكردنی كردارەكانی تایبەت بە پۆلێنكردن و شیكردنەوەی تایبەتمەندیی زمانی بۆ دەق.

# سەرچاوەکان

**سەرچاوە بە زمانی کوردیی:**

- ئاڤان سەعید مستەفا(2015)، ڕێزمانی ڕۆڵ و ئاماژە لە زمانی کوردیدا لەبەر ڕۆشنایی بۆچوونەکانی "ڤان ڤالین"دا، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەڵاحەددین.

-بێری یاسین حسین(2012)، هەندێ لایەنی پراگماتیکی فراوان"ماکرۆ پراگماتیك" لەزمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلیژی پەروەردە، زانکۆی سەڵاحەددین.

-رەحمان ئیسماعیل(1998)، پەیڕەوی فۆنیمە ناکەرتییەکان لە کوردیدا، نامەی دکتورا، کۆلیژی پەروەردە-ئیبن روشد-زانکۆی بەغدا..

-شلێر نایف امین و صباح ڕشید قادر(2015) پۆلینکرنا روناناڤ لدویڤ سەرەیێ ناوەکی و دەرەکی-(Endocentric, Exocentric)، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین ژمارە(3).

-صباح رشید قادر(2016)، تیۆری چێوەڕێژەکان، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژ(7).

-مەلاعەبدولکەریمی مودەڕڕیس و موحەممەدی مەلا کەریم، دیوانی مەحوی (2018)، چاپی نۆیەم، بڵاوکراوەی کوردستان، سنە.

**سەرچاوە بە زمانی عەرەبیی:**

- ايدي رولي (2013)،تعليم الكفاية التواصلية، الترجمة: احمد عزوز، مجلة المعالم، العدد(6)، الجزائر.

- بشير ابرير(2005)، من لسانيات النص الى لسانيات الجملة، اتحاد الكتاب العرب، المجلد(34), العدد(401)، سوريا.

-تون ا. فان دايك(2001)، علم النص(مدخل متداخل الاختصاصات)، ترجمة: سعيد حسن البحيري، طبعة الاولى، قاهرة.

-جان ايف تاديه(1993)، النقد الادبي في القرن العشرين، ترجمة: قاسم مقداد، منشورات وزارة الثقافة، دمشق.

-جيراجينيت(1995)، مدخل لجامع النص، الترجمة: عبدالرحمان ايوب، دار الشؤن الثقافية، بغداد.

-حازم كمال الدين(1973)، نظرية القوالب من النظريات علم اللغة الحديثة, قاهرة.

-حسين رفعت حسين عواد(2019)، قضايا الاتجاه التوزيعي في الدرس العربي المعاصر دراسة مقارنة، مجلة الكلية دار العلوم, المجلد 36, العدد119, فبراير, الصفحة(703-752).

-حسني خالد(2020)، مدخل الى الليسانيات المعاصرة، مطبعة انفو، قادسية.

- ر.ه.روبنز، ترجمة:احمد عوض(1997)، موجز تاريخ علم اللغة (في الغرب)، ، عالم المعرفة، الكويت.

- رمضان عبدالتواب(1997)، المدخل الى علم اللغة ومناهج البحث اللغوي، ، الطبعة الثالثة، القاهرة.

- زتسيسلاف واورزنيال: الترجمة: سعيد حسن بحيري(2003)، مدخل الى علم النص: مشكلات بناء النص، قاهرة.

-سعيد يقطين(1989)، انفتاح النص الروائي، الطبعة الاولى، المركز الثقافي العربي، بيروت.

-سعيد البحيري(2013)، علم لغة النص، القاهرة .

- سمير شريف استينية(2008)، الليسانيات(المجال،والوظيفة والمنهج)، ، الطبعة الثانية عالم الكتب الحديث, عمان-الاردن.

-صافية زفنكي(2022)، معجم مصطلحات الليسانيات النظرية والتطبيقية)، ، المانيا، برلين.

-صفوت صالح(2013)، حديثة في تحليل اللغوي، قاهرة, ".

- عبدالرحمن ايوب(1966)، محاضرات في اللغة، ، مطبعة المعارف-بغداد.

- علي القاسمي(1975)، علم اللغة وصناعة المعجم، مطبوعات جامعة الرياض.

-حسين رفعت حسين عواد، (2019)، قضايا الاتجاه التوزيعي، مجلة كلية دار العلوم، المجلد(36)، العدد(119)، قاهرة.

- فايز صبحي عبدالسلام(2014)، الترابط النصي في شعر خليفة التليسي، مجلة الدراسات اللغوية، م(13)، العدد(3)، المملكة العربية السعودية.

- كينيث بايك(2019)، الترجمة:محمد صالح، الكلام والفكر والشيء نحو طريقة نظامية الى المعرفة اللاواعية.

- محمد خير البقاعي(1998)، دراسات في النص والتناصية, طبعة الاولى، مركز الانماء الحضاري، حلب.

- محمد جواد نوري(2020)، لسانيات النص و تحليل الخطاب، بيروت، لبنان.

-محمد خطابي(2020)، لسانيات النص و تحليل الخطاب، دار الكتب العلمية-بيروت.

-منى محمود طعمة و اخرون(2019)، علوم اللغة الليسانيات، دمشق.

- محمود عكاشة(2014)، تحليل الخطاب: في ضوء نظرية احداث اللغة، دار النشر للجامعات، قاهرة.

- نايف خرما(1978)، أضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة، عالم المعرفة، سبتمبر الكويت.

-نعمان بوقرة(2015)، المصطلحات الاساسية في لسانيات النص و تحليل الخطاب(دراسة معجمية)، جدارا للكتاب العالمي.

- نهاد الموسى(1987)، نظرية النحو العربي في ضوء مناهج النظر اللغوي الحديث.

-والتر كوك الترجمة: محمد جواد النوري(2020)، مدخل الى علم التحليل القالبي، دار الكتب العلمية-بيروت.

**سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزیی:**

- **AKMAJIAN, A.** (1979) Aspects of the grammar of Focus, aspects of the grammar of Focus in English. New York: Garland.

- **BECKER, A, L.** (1965), A Tagmemic Approach to Paragraph analysis.

- **BENCZES, R.** (2004) Are exocentric compounds really exocentric? Eötvös Loránd University in Budapest, Hungary

- **BETTI, M, J.** (2022), Paraphrase in Linguistics, Department of English, College of Education for Humanities, University of Thi-Qar.

- **BLOOMFIELD, L.** Language1938, New York: Holt.

- **BLANSITT, E, L.** (1967), Monograph Series on Languages and Linguistics, No (20), Georgetown University.

-**BOLINGER, D.** (1989), Intonation and Its Uses: Melody in Grammar and Discourse, Stanford university Press.

- **CARNIE, A. (2008),** Constituent Structure, Oxford University Press, New York.

- **CHOMSKY, N.** (1967), Aspects of the theory of Syntax, Cambridge.

- **COOK, Walter A.** (1969). Introduction to tagmemic analysis. Volume 3 in Transatlantic Series in Linguistics. New York: Holt, Rinehart and Winston.

- **CRYSTAL, D.** (2003), The Dictionary of Phonetic and Linguistics, Blackwell Publishing.

- **CRYSTAL, D.** (1969) Prosodic systems and intonation in English. Cambridge, Cambridge University Press.

- **DURANTI, A. 2001,** Key Terms in Language and Culture, Blackwell Publishing, USA.

- **ELSON, B and PICKET, V,** (1964), An Introduction to Morphology and Syntax, Santa ana, Summer Institute of Linguistics.

- **FEBRIANE, I,** (2018), Tagmemics Analysis of Using Language Linguistic Data of Banyuwangi, Advances in Social Science, Education and Humanities Research, volume 222, 2nd Social Sciences, Humanities, and Education Conference (SoSHEC 2018).

- **FRED, M.** (2009), Representing Contextual Factors in Language Change: between Frames and Constructions.

- **GLEASON H, A.** (1975), An Introduction to Descriptive Linguistics, Winston, Newyork.

- **GRABER, P, L.** (2001), Context in Text: A Systemic Functional Analysis of the Parable of the Sower, A dissertation submitted to the Faculty of the Graduate School of Emory University in partial fulfillment of the requirement for the degree of Doctor of Philosophy, Department of New Testament.

- **HAUGHAN, L, M,** 1970, Transformational and Tagmemic Grammatical Models, Texas.

- **HARRIS, M.** (1990), On the Emic and Etics of Pike and Harris, Frontiers of Anthropology, Volume 7, Sage Publications, London.

- **HARTMAN, R, R, K, and Sytork, F, C.** (1976), A dictionary of Language and Linguistics, London.

- **HEADLAND, T.** (1990), Emics and Etics the Insider/Outsider Debate, Frontiers of Anthropology, Volume 7, Sage Publications, London.

- **HIBBS, P, T,** (2016), Closing the Gaps: Perichoresis and the Nature of Language, WTJ 78 (2016): 299–322.

- **HOCKET, CH, F.** (1958), A Course of Modern Linguistics, Newyork.

- **HUBERT, M.** (1978), English Linguistic Theory as an Aid to Invention.

- **KENNY, J.** (1978), Tagmemic Rhetoric: a Reconsideration College Composition and Communication, Vol (29), NO (2, P:141-145).

- **LONGAKRE, R, E.** (1985), tagmemics, summer institute, Volume 36, number2 (August 1985).

- **LONGAKRE, R, E.** (1970). Hierarchy in language. In Method and Theory in Linguistics, Paul Garvin (ed.), 173-195. The Hague: Mouton.

- **LANGACRE, R, W,** (1967), Language and it"s Structure: Some Fundamental Linguistic Concepts, University of California.

- **LONGAKRE, R.E.** (1964) Grammar discovery procedures: A field manual. The hague: Wilton.

- **LONGAKRE, R.E**(1965) "Some fundamental insights of tagmemics". In Language 41, pp. 65–76.

- **MICHAIL, L, O,** 1974, Tagmemic and Transformational Analysis, Simon Fraser University.

- **MUHARTOYO,** (2012), The Functional Slots of Finite Verb Tagmas, Vol.3, No1 April, BINUS University.

- **MUQIT, A.** (2012), Tagmemics: (An Introduction to Tagmemics Concepts), OKARA, Vol. I, Tahun 7, Mei 2012 3.

- **NAGHAM A, H.** (2017), Tagmemic Analysis of English and Arabic Praise Poetry: A Contrastive Study, 2017, Baghdad University, Baghdad.

- **NIDA, A, E.** (1973), Paris. A Synopsis of English Syntax, Mouton, Paris.

- **FAIRCLOUGH, N.** (1989), Language and Power, London, Longman.

- **OLSON, M, L,** (1974), Tagmemic and Transformational Analysis, Simon Fraser University, Masters of Arts.

- **PIKE, K, L. (**1967). Language in Relation to a Unified Theory of the Structure of Human Behavior, University of Michigan, Second, Revised Edition, Mouton & CO. the Hague · Paris, Vol32.

- **PIKE, E, G.** (1974), Coordination and Its Implications for Roots and Stems of Sentence and Clause, Netherlands, Belgium.

- **PIKE, K, L,** (1965), Grammatical Prerequisites to Phonemic Analysis, ISSN: 0043-7956 (Print) 2373-5112 (Online) Journal homepage: https://www.tandfonline.com/loi/rwrd20.

- **PIKE, K, L,** (1964a), "A Linguistic Contribution to Composition", College Composition and Communication, May and October. tINational Council of Teachers of English.

- **PIKE, K, L,** (1964b), Beyond the Sentence, College Composition and Communication, May and October. tINational Council of Teachers of English.

- **PIKE, K, L.** (1976). Toward the development of tagmemic postulates. In Tagmemics, Volume 2: Theoretical Discussion, Ruth M. Brend and Kenneth L. Pike (eds.), 91-127. The Hague: Mouton.

- **PIKE, K.L.** (1982) Linguistic concepts: An introduction to tagmemics. Lincoln, Nebraska: University of Nebraska Press.

- **PIKE, K, L.** and Pike Evelyn. G. (1982) Grammatical Analysis, the Summer Institute of Linguistic

- **PIKE, K, L.** (1981), Tagmemics, Discourse and Verbal Art, Michigan Studies in the Humanities.

- **PIKE, K, L,** (1967), Tagmemics it's Sources Presuppositions and Procedures Wave.

- **PIKE, K.L.** (1976). Toward the development of tagmemic postulates. In Tagmemics, Volume 2: Theoretical Discussion, Ruth M. Brend and Kenneth L. Pike (eds.), 91-127. The Hague: Mouton.

- **PIKE, K, L.** "A Syntactic Paradigm" Language 39:216-230.

- **PIKE, K, L.** (1962) "Dimensions of Grammatical Structure" Language 38:221-244.

-**PIKE, K, L,** (1963), "a Syntactic paradigm" Language 39:216-230.

- **POLTRIDGE, B.** (2012), Discourse Analysis, 2nd Edition.Poythress, V, S. (1978), Thirteen-Box Tagmemic Theory as a Method for Displaying Semi-Independent Language Variables, Semiotica, Philadelphia, Amsterdam Vol (3), N-(40), Amsterdam.

- **POYTHRESS, V, S.** (1982), A Framework for Discourse Analysis: The Component of a Discourse, from a Tagmemic viewpoint, Semantics (38), Mouton

- **POYTHRESS, V, S.** (1978), Thirteen-Box Tagmemic Theory as a Method for Displaying Semi-Independent Language Variables, Semiotica, Philadelphia, Amsterdam Vol (3), N-(40), Amsterdam.

- **ROBINS R, H.** (1976a), A short History of Linguistics, London.

- **ROBINS, R, H.** (1976b), General Linguistics, London, Longmans.

- **SUNDARI, T**.(2014), A Study of Conversational Structure, University of Surabaya.

- **ZUHRI, F.** (2008), Transformational-Generative Grammar verus Tagmemic grammar, Jornal Penabastra, Vol(1), No(1).

# پاشکۆ

# JUG

Date: 14th February, 2024 Serial No: 024-1101-18ET

Author:
بێری یاسین حسین
صباح رشید قادر
عاتف عبدالله فرهادی

Article Title: رۆنانی رێزمانی زمان لە تیۆری چێوەڕێژەکاندا

This is to inform that your research paper has been accepted by the editorial board for publication in Journal of University of Garmian in, (Volume11 Issue1), Thank you very much for your submission to our journal.

**Warm regards,**

**Ass. Prof. Dr. Diyar F. Majeed**
**Director in-Chief**

acadj@garmian.edu.krd
www.jgu.edu.krd
University of Garmian, Kalar ,Sulaimanyah, Iraq

هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی ڕاپەڕین
یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا
گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین

اقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
رئاسة جامعة رابرين
مساعد رئيس الجامعة الشؤون العلمية والدراسات العليا
مجلة جامعة رابرين

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research
Presidency of University of Raparin
Vice- President for Scientific Affairs and Higher Education
Journal of University of Raparin


ژمـــارە: ٣٨٢

ڕێکەوت: ٢٢/ ٠٥/ ٢٠٢٤ زایینی
٠١/ جۆزەردان / ٢٧٢٤ کوردی

## پـەسـەنـدکـردن بـۆ بـڵاوکـردنـەوە

**بۆ توێژەرانی بەڕێز:**


**م. ی. بێری یاسین حسین[1] - پ. د. صباح رشید قادر[2] - پ. د. عاتف عبدالله فرهادی[3]**

[1] بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
[2+3] بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.


**ناونیشانی توێژینەوە: تیۆری چێوەڕێژەکان .**

به خۆشحاڵییەوە بە بەڕێزتان ڕادەگەیەنین، کە دەستەی نوسەرانی گۆڤار بڕیاریاندا بە پەسەندکردنی ئەو توێژینەوەی سەرەوە بۆ بڵاوکردنەوە لەگۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، دوای ڕەچاوکردنی سەرجەم مەرجەکانی بڵاوکردنەوە و ئەنجامدانی سەرجەم ڕێکارەکان، لە وەشانی **(Vol.12 – No.5)** لە ڕێکەوتی **(٢٩-١٠- ٢٠٢٥)** بڵاودەکرێتەوە.

**لەگەڵ ڕێزدا..**

**پ.ی.د. شیروان حسین حمد**
**بەڕێوبەری نوسین**

گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین
Journal of Raparin University

**وێنەیەک بۆ:**
✓ دەرکردە

Halgurd

**Abstract**

This dissertation which entitled (Tagmemic Theory in Kurdish Language a cording to Kenneth Pike՚s opinion) derives it's information from the basics of the theory proposed by American linguist (Kenneth Pike), which is called Tagmemic theory, the theory bases its analyzes on a frame units called the "Tagmeme" and this template unit is a conceptual mental framework, that can be filled with spoken linguistic elements, called "fillers". There are four template units included in theory's working mechanisms: slot, role, class and cohesion. These four units are separated by two lines intersect horizentally and vertically. These four units are manifested in the manner of their concerns sobriety in appearance. They either appear as a basic, or a marginal unit, binding or nonbinding unit, or in terms of non stability and stability units, within the framework of sentences and texts, we tried with a descriptive analytical approach to show obstacles that related in terms of its applications thr grammar of Kurdish language. The dissertation is divided into three chapters, first chapter proposed to formulate a theoretical framework for the concepts and opinions contained in the basic idea of the theory referred to previously, and to explain and define the most important terms contained in the theory, the second chapter focuses on analysing the grammar of Kurdish language under the light of Tagmemic theory,the third chapter analyses some texts in Kurdish language in the light of the principles and merits of the theory, ordering of references and  abstracts in Arabic and English language includes the dissertation.

زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# Tagmemic Theory in Kurdish Language a cording to Kenneth Pike's opinion

A Dissertation
Submitted to the Council of College of Languages
Salahaddin University -Erbil in Partial Fulfillment of
The Requirements of Achieving Language Doctorate in
Kurdish Language

By
**Beri Yaseen Hussein**
B.A. in Kurdish Language - Salahaddin University - Erbil-2007
M.A in Kurdish Language - Salahaddin University - Erbil-2012

Supervised By
**Prof. Dr. Sabah Rashid Qadir**
**Prof. Dr. Atif Abdulla Farhadi**

Erbil - Kurdistan
August 2024